# پیگماڵیەن

سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی جیهانی

**دانا ڕەئووف**

جۆرج بێرناردشـۆ

# پیگماڵیەن

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

عەلی عوسمان یاقووب

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

جۆرج بێرناردشۆ
پیگماڵیەن
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەلی عوسمان یاقووب
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢١٠
چاپی یەکەم - ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٤١٢-٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد

# بێرناردشۆ و ئەفسانەی پیگماڵیەن

عەلی عوسمان یاقووب

"جۆرج بێرناردشۆ" (١٨٥٦-١٩٥٠) نووسیارێکی ئێرلەندایییە و لە شاری "دەبلن" لەدایک بووە. باوکی، "جۆرج کار شۆ"، بازرگانی دانەوێڵە بووە، بەڵام لە کارەکەیدا سەرکەوتوو نابێت، بەر لەوەش فەرمانبەرێکی میری بووە. دایکیشی "لوسیندا ئەلیزابێث شۆ"، کە گۆرانیبێژێکی لێهاتوو بووە، کچی کابرایەکی خاوەن زەویوزار بووە. سەردەمی منداڵیی "بێرناردشۆ" سەردەمێکی پڕ کێشە بووە. باوکی کەسێکی بەردەوام سەرخۆش بووە. بۆیە کوڕەکەی هەرگیز مەیی نەدەخواردەوە. "بێرناردشۆ" هەر لە "دەبلن" خوێندوویەتی ئەگەرچی خوێندنەکەی زۆر ڕێکوپێک نەبووە. لە تەمەنی پازدە ساڵیدا، وەکو نووسیاری فەرمانگە کاری کردووە. لە ساڵی ١٨٧٦ لە لەندەن نیشتەجێ بووە لەلای دایک و خوشکەکەی. هەتا سی ساڵ نەگەڕاوەتەوە بۆ "دەبلن". ژیانی هاوسەریی لەگەڵ "چارلۆت پاین تاونشێد" پێک هێناوە، کە هاوڕێیەکی خۆی بووە لە کۆمەڵەی فابییەکان و هەتا مردن لەیەک جیا نەبوونەتەوە. سەرەتای ژیانی ئەدەبیی بە نووسین لەبارەی مۆسیقا و ڕەخنەی شانۆیی و هەروەها ڕۆماننووسینەوە دەست پێ کردووە. لە ساڵی ١٨٨٥ چووەتە ریزی کۆمەڵەی فابییەکان، کە کۆمەڵەیەکی سۆشیالیستی چینی ناوەڕاست بووە. ژمارەیەک نامیلکەی لەبارەی بیروباوەڕی سۆشیالیستی ئەم

کۆمەڵەیە بڵاو کردووەتەوە.

"بێرناردشۆ" لە ساڵی ١٨٩٥، وەکو رەخنەگرێکی درامی، لە هەفتەنامەی " Saturday Review" کاری کردووە، کە هەفتەنامەیەک بوو لەبارەی ئەدەب و هونەر و سیاسەت و زانستەوە. پاشان سەرجەم گوتارە رەخنەییەکانی کۆ کردەوە و لەژێر ناوی "شانۆکانمان لە نەوەدەکان" لە ساڵی ١٩٣٢ بە چاپی گەیاندن. بێجگە لەمەش، چەندان گوتاری لەبارەی مۆسیقا و هونەر و رەخنەی شانۆییەوە لە The Pall Mal- "Our Corner (1885-86)", "Dramatic Review (1885-86), The Star (1888-90) " , The World (1886-94)" , "Gazette (1885-88)" بڵاو کردەوە.

"بێرناردشۆ" لایەنگرێکی بە تینی شانۆی نوێی "ئیبسن" بووە وەکو لەو نووسینەیدا دەردەکەوێت، کە لە ساڵی ١٨٩١دا بە ناوی "ناوەرۆکی ئیبسینیزم" بڵاوی کردەوە و تێیدا لێکۆڵینەوەیەکی وردی لەبارەی ناوەرۆکی شانۆنامەکانی "ئیبسن"ەوە خستە روو. بێجگە لەمەش، لە روانگەی بیرۆکەکانی "ئیبسن"ەوە کەموکورتییەکانی کۆمەڵگەی ئینگلیزی دەست نیشان کرد. بەهرەی سەرەکیی ئەم کەڵەنووسیارە لە بواری درامـا بووە ئەگەرچی رۆمان و ژمارەیەک چیرۆکی کورتیشی نووسیوە. لە ژیانیدا شەست و سێ شانۆنامەی نووسیون. یەکەم شانۆنامەی بە ناوی "ماڵی بێوەپیاوەکان" بوو، تێیدا هێرشێکی توندی کردە سەر موڵکدار و خاوەن خانووە کەلاوەئاساکان. دیارە ئەوانە لە بەکرێدانی خانووە پەڕپووتەکانیان پارەیەکی زۆریان لە خەڵکی ڕەشوڕووت وەردەگرت. ئەگەرچی "بێرناردشۆ" دواتر ئەم بەرهەمەی خۆی بە خراپترین بەرهەم دانا، بەڵام ئەو "هۆ"یەی دۆزییەوە، کە

بیـروڕاکانی پێ دەربڕێت. بەهەرحاڵ، سـەرکـەوتنی یەکـەمی لە بواری شانۆدا ئەو کاتە بەدەست هێنا، کە شـانۆنامەی "شـاگردی شـەیتان" لە ئەمـــەریکا نمایش کــرا. جـێگەی ئامـــاژەیە، کـە شــانۆنامـــەکـانی "بێـرناردشـۆ" بەر لـەوەی لە بەریتـانیـا سـەرکـەوتن بەدەست بێن، لە ئەڵمــانیـا و ئەمــەریکا بەدەسـتـیـان دەهێنا. لەگـەڵ ئـەوەشـدا، دواتر، زۆربەی شانۆنامەکانی لە بەریتانیا نمایش کران و ئێستایش بەردەوام نمایش دەکـرێن، بە تایبـەتی شـانۆنامـەکـانی "Arms and the Man"، "Candida"، "Mrs. Warrens Profession"، "You never can tell" هـەروەها "Pygmalion" و... هتد.

شــانۆنامــەکــانی "بێــرناردشــۆ"، وەکــو هـی "ئۆسکار وایەڵد"، قۆشـمـەچێتی لەخۆ دەگرن، بەڵام ئەو بە پێچـەوانەی شـانۆنامـەکانی سـەردەمی ڤـیکتـۆری، کـە شـانۆ بووبوو بە شـوێنێک بۆ نمایشـی شـتی ســەیر و گــاڵتــەئامــێـزی بێ نرخ، تـەخـتــەی شــانـۆی، لە ڕێگەی قۆشمەچێتییەوە، کرد بە سەکۆیەک بۆ مەسـەلە ئابووری و سیاسی و ڕێ و ڕەوشـتـە بەرزەکان. دیارە لەم ڕووەوە خۆی بە قـەرزاری "ئیبسن" دەزانێت، چونکە "ئیبسن" درامای لەبارەی کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە کرد بە پانتاییەک بۆ هۆشیارکردنەوەی مرۆڤ. "بێرناردشۆ" لە ساڵی ١٩٢٥ خـەڵاتی نۆبڵی پێ بەخشـرا و لە سـاڵی ١٩٣٨، "پیگمـاڵیـەن" بوو بە فـیلـمـێکی سـینـەمـایی بە هـەمـان نـاونیـشــان و خـەڵاتی ئۆسکاری وەرگرت.

***

بەپێی میتۆلۆجیای گریکی، وەکو شاعیری ڕۆمانی "ئۆڤید" (١٧پ. ز – ١٧/ ١٨ پ. ز) لە چیـرۆکـە شـیـعـرییـەکـەدا "شـێـوەگـۆڕین -Meta

morphoses" باسی لێوە دەکات، "پیگماڵیەن" پەیکەرتاشێکی ئەفسانەییی قوبرسی بووە. پەیکەری ئافرەتێکی لە سەدەف داتاشیوە و دوای ئەوەی ژیانی وەبەردا هاتووە عاشقی بووە. پێشتر ئەم پەیکەرتاشە خولیای ئافرەت نەبووە، بە تایبەتیش دوای ئەوەی ژنە خواوەندی خۆشەویستی و جوانیی "ڤینۆس"، کچەکانی "پرۆپۆتەس" لە شاری "ئەماسۆس"ی سەر بە دوورگەی قوبرس، دەکات بە سۆزانی بۆ سووککردنیان سەبارەت بەوەی حاشا لە خوایەتیی ئەم ژنە خواوەندە دەکەن. پەیکەری "گالێتێ"، ئەو ئافرەتەی کە "پیگماڵیەن"ی پەیکەرتاش دای دەتاشێت، بە رادەیەک راستەقینە و جوان دەبێت، کە "پیگماڵیەن"ی پەیکەرتاش عاشقی دەبێت. بۆیە، کاتێک فیستیڤاڵی ڤینۆس دێت، خۆزگە دەخوازێت پەیکەرە سەدەفەکەی ببێت بە ئافرەتێکی راستەقینە. کە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، پەیکەرەکە ماچ دەکات و هەست دەکات لێوەکانی گەرمن. ئینجا دووبارە ماچی دەکاتەوە و دەست بە سنگیدا دێنێت، هەست دەکات وەکو جاران رەق نییە. بەم شێوەیە "ڤینۆس" خۆزگەکەی "پیگماڵیەن" جێبەجێ دەکات. بەپێی میتۆلۆجیا گریکییەکە، دوای ئەوەی پەیکەرە سەدەفەکە دەبێت بە ژنێکی راستەقینە، لەگەڵ "پیگماڵیەن" دەبن بە ژن و مێرد و دوو منداڵیان دەبێت.

ئەفسانەی "پیگماڵیەن" بە درێژاییی سەدەکانی ڕابردوو، لە ئەدەب و هونەردا بە شێوازی جیاجیا ئامادەبوونێکی بەرچاوی هەبووە و لە سەرتاسەری دنیادا بووەتە سەرچاوەی زۆر لە شیعر، رۆمان، شانۆنامە، سەمای بالێ، مۆسیقا، ئۆپێراو... هتد[١].

---

(١) بۆ نموونە: ئەم ئەفسانەیە بووەتە بابەتی شیعری شاعیری ئینگلیزی "جۆن درایدن" (١٦٩٧- ١٧٧٠) لە قەسیدەی "پیگماڵیەن و پەیکەر"، "رۆبەرت=

ئەفسانەکە لە سەدەکانی ناوەڕاست وەکو نموونەیەکی بتپەرستی لە ئەندازەبەدەر دەخرایە روو. "جان جاک رۆسۆ" لە سەدەی هەژدەمدا ئەفسانەکەی لە میلۆدرامایەکی جوان و رێکدا، وەکو چیرۆکێکی دڵداری بەرز و بەپێی روانینێکی تازە پێشان دا. لە سەدەی نۆزدەمدا چیرۆکەکە وا کەوتەوە، کە ئافرەتەکە "پیگماڵیەن" رەت دەکاتەوە. لە دیمەنی کۆتاییی شانۆنامەی "حەکایەتی زستان"دا (١٦١١)، کە "شەکسپیر" نووسیویەتی، پەیکەرەبەردی "هێرۆماین"ی شاژنی "سیسیلیا"، کە مێردەکەی بە ناپاکی تاوانباری دەکات و ئەویش لە داخا دەمرێت، دواجار دەبێتەوە بە "هێرۆماین"ی راستەقینە و شانۆنامەکە بە ئاشتبوونەوە کۆتاییی پێ دێت.

"بێرناردشۆ" (١٨٥٦- ١٩٥٠) بە شێوازێکی تازە سوود لە ئەفسانەکە وەردەگرێت. لە "پیگماڵیەن"ی "بێرناردشۆ"دا، کچەکە لەلایەن دوو پیاوەوە لە شێوازی قسەکردنەکەیدا ئاگەدار دەکرێتەوە و بە هۆش دەهێنرێتەوە. مەبەستی سەرەکیی ئەم دوو پیاوە ئەوەیە، کە کچەکە شوو بکات و ببێت بە شاژن. نووسیار لە گەڕانەوە بۆ چیرۆکە

---

= براونینگ" (١٨٤٢) لە قەسیدەی"دوا شازادەکەم"، شاعیری ئەڵمانیایی "فریدریک شیلەر" (١٧٥٩-١٨٠٥) لە قەسیدەی "ئایدیالەکان" و لە ئەمەریکاش لە شیعری شاعیرانی وەکو "سارا لیپینکۆت" (١٨٥١) و "هاری مۆریس" (١٩٥٩) و "جۆزێف برۆدسکی" (١٩٨٣) و چەندان شاعیری تر. لە بواری چیرۆک و رۆماندا، وەکو بابەت لە چیرۆکە کورتەکانی "نیشانەی لەدایکبوون"ی "ناثیەناڵ هۆثۆرن" و "پیگماڵیەن"ی "جۆن ئوپدایک" و "پیاوە خۆڵەکە"ی "هۆفمان" و هەروەها لە رۆمانەکانی "فرانکنشتاین"ی "ماری شێللی" و "پۆترەیتی خانمێک"ی "هنری جیمز" و رۆمانی "وێنەی دۆریان گرای"ی "ئۆسکار وایەڵد" و هەروەها لە شانۆنامەی "پیگماڵیەن"ی (١٩٤٢) نووسیاری میسری "تەوفیق حەکیم" بووەتە بابەت.

بنچینەیییەکە، بەدەر لە بیرۆکەکانی تر، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە بیروباوەڕی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو لە مافدا دەکات.

دیارە سەرەتای شانۆنامەکە لە "کۆڤێنت گاردن"ەوە دەست پێ دەکات. "کۆڤێنت گاردن" دەکەوێتە سنووری رۆهەڵاتی "وێست ئێند" لە لەندەن. خەڵک بەملا و بەولادا رادەکەن بە مەبەستی ئەوەی پەنایاک بدۆزنەوە لەو بارانە داڵدەیان بدات، کە بە لێزمە دەبارێت. کچێکی گوڵفرۆش بەناوی "ئەلایزا" لەنێو خەڵکەکەدایە. "هیگینز"، ئەو پیاوەی خولیای لێکۆڵینەوەیە لە دیالێکتەکانی لەندەن، پشتی لە خەڵکەکە کردووە و "بە تەواوی سەرقاڵی نووسینە لە دەفتەری تێبینییەکانیدا" بەو هیوایەی نموونەی زیاتر لەسەر دیالێکتەکان کۆ بکاتەوە. کاتێ خەڵکەکەی دەوروبەی بە کەسێکی خۆتێهەڵقورتێنەر یا بە پۆلیسی نهێنیی دەزانن، ئەو کاتە باسی توانای خۆی دەکات لە دەستنیشانکردنی شوێنی ژیانی هەر کەسێک لە رێگەی ئاخاوتنەکانی. کچە گوڵفرۆشەکە لێی دەپرسێت ئاخۆ شێوازی ئاخاوتنەکەی ئەمی وەکو خۆی لە دەفتەرەکەیدا تۆمار کردووە یان نا، "هیگینز" شێوازی ئاخاوتنەکەی "ئەلایزا" وەکو خۆی دەردەبڕێت. دوای ئەوەی دەردەکەوێت، کە یەکێک لەوانەی لەوێوە وەستاون کۆڵۆنێل "پیکەرینگ"ە، ئەو پسپۆڕەی لە بواری فۆنەتیک شارەزایە و "هیگینز" پێشتر نیازی وا بووە بچێت بۆ هیندستان تا چاوی پێ بکەوێت، "هیگینز" دەستبەجێ بانگهێشتنی ماڵەوەی دەکات. بەر لەوەی بڕۆن، هەندێک پارە دەخاتە ناو سەبەتەکەی گوڵفرۆشەکە. دیارە لە مشتومڕی نێوان کارەکتەرەکانی ئەم دیمەنەوە، دەردەکەوێت، کە "هیگینز" لە مامەڵەکردندا لەگەڵ خەڵکەکە، بە تایبەتیش گوڵفرۆشەکە، گوتەی سووک و ناشیرین بەکار دێنێت، وەکو: "گوێ بگرە کچێ: فنگەفنگی

ئەم گریانە قۆڕەت بوەستێنە، ئەگەرنا برۆ بۆ خۆت پەناگەیەکی تر بدۆزەرەوە ڕێز و خۆشەویستیی تێدا بێت"

یان کە دەڵێت: "... تۆ ئابڕووت نییە. تۆ لە بەرانبەر هونەری نایابی تەلارسازیی ئەم دینگانەدا مایەی شەرمەزاریت. تۆ نموونەیەکی زیندووی ریسواکردنی زمانی ئینگلیزیت... "

لەمانەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم پیاوە لە بواری فۆنەتیکدا شارەزا و لێهاتووە، بەڵام لە باری کۆمەڵایەتیدا زۆر نەزان و بێ نەزاکەتە.

"بێرناردشۆ" لە "پیگماڵیەن" چ وەکو شانۆنامە و چ وەکو چیرۆکێک، کە لە ساڵی ١٩٣٨ بۆ سینەما ئامادە کرا و خەڵاتی "ئۆسکار"ی وەرگرت، بەم شێوەیە وەسفی کارەکتەری "هیگینز" دەکات: "کەسێکە لە باری زانستییەوە چالاک و هۆشیارە. پڕ بەدڵ و تەنانەت بەوپەڕی گوڕ و تینیەوە خولیای هەر شتێکی دەوروبەریەتی، کە بتوانرێت وەکو بابەتێکی زانستی لێی بکۆڵرێتەوە، بەڵام بەرامبەر بە خۆی زۆر کەمتەرخەمە و هیچ سەنگێک بۆ خەڵکی دەوروبەر دانانێت و بە هیچ شێوەیەک گوێ بە هەست و شعوریان نادات. ئەگەر لەبەر تەمەن و زل و زەبەلاحییەکەی نەبا، دەتگوت منداڵێکی هەڵەشەیە، بە پەرۆشەوە و بە دەنگێکی بەرزەوە تێبینییەکانی دەنووسێتەوە. پێویستیشی بەوە هەیە، کە بە وریاییەوە چاودێریی دەوروبەرەکە بکات بۆ ئەوەی لە هەر گۆبەندێکی چاوەڕواننەکراو خۆی دوور بخاتەوە. ئەو کاتەی دڵی خۆشە هەڕەشەکەی نەرمە، کاتێ کەموکوڕییەکیش دەبینێت، زوو هەڵدەچێت و تووڕە دەبێت، بەڵام زۆر قسە لە ڕووە و رق و کینەی نییە."

"بێرناردشۆ" لە نامەیەکیدا بۆ "شیگفراید تریبیخ"، وەرگێڕە ئەڵمانیاییەکەی ئەم شانۆنامەیە، دەنووسێت: "هیگینز بە تەواوی لە

رەفتار و هەڵسوکەوتی خۆی بێ ئاگایە، بە رادەیەک بەردەوام گلەیی و بۆڵەبۆڵیەتی و بۆ هێرشکردن لە ئامادەسازیدایە، چونکە خەڵک لەبارەی ئەوەوە بیرورای سەیریان هەیە"[2]

بۆ ئەوەی کارەکتەری "هیگینز" روونتر بخەینە بەرچاو، دەتوانین چەندان نموونە بێنینەوە بۆ سەلماندنی قسەکانی "بێرناردشۆ" لەبارەی ئەوەوە. دوای ئەوەی "ئەلایزا" دەچێتە لای "هیگینز" بە مەبەستی ئەوەی فێری شێوازی ئاخاوتنی راست و دروستی بکات، لە مامەڵەکردنی "هیگینز" لەگەڵ "ئەلایزا"دا، بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم پیاوە بەڕاستی لە هەڵسوکەوتی خۆی ناگات و هیچ هاوسۆزییەک لەگەڵ خەڵکی تر پێشان نادات. دوای ئەو دیمەنەی، کە هەڕەشە لە "ئەلایزا" دەکات، هەندێ شتی تر لەبارەی ئەوەوە دەڵێت، وەکو " ئەو کچە زۆر زۆر نزم و ناکەس بەچەیە، زۆر پیس و پۆخڵە"، "هەموو جلەکانی داکەنە و بیانسووتێنە... هەتا جلەکانیشی دێن، بە کاغەزی قاوەیی دای پۆشە"، " لەناو زبڵدانەکە دای بنێ"، کاتێکیش داوای لێ دەکرێت ژیر بێت و بیر بکاتەوە، چونکە "[ناتوانێت] هەموو کەسێک ئاوا سەرکوت [بکات]"، دەڵێت: "من هەموو کەسێک سەرکوت دەکەم!... ئەگەر من بۆچوونەکەی خۆمم بە روونی دەرنەبڕیبێت، دیارە لەبەر ئەوە بووە، کە نەمویستووە هەستی ئەو یان هی ئێوە بریندار بکەم".

کە "پیکەرینگ" لێی دەپرسێت: " هیگینز. تۆ قەت بیرت لەوە کردووەتەوە، کە ئەم کچە هەست و سۆزی هەیە؟"

"هیگینز" لە وەلامدا دەڵێت:

---

(٢) بڕوانە:

Bernard Shaws Letters to Siegfried Trebitsch, Samuel A Weiss, ed(Stanford: Stanford University Press, 1986.

"نانا، من پێم وانییە. هەست و سۆزی لەو جۆرەی نییە، کە مایەی نیگەرانی بێت بۆ ئێمە... وا نییە، ئەلایزا؟".

کاتێ ژنە خزمەتکارەکەی ماڵەوەش، "خاتوو پیرس" لێی دەپرسێت:

"من دەمەوێ بزانم ئەم کچە... بە چی دەگات دوای ئەوەی تۆ لە وانەگوتنەوەکە تەواو دەبیت؟" ئەم لە وەلامدا دەڵێت:

"ئێ، دوای ئەوەی من کەڵکی لێ وەردەگرم، دەتوانین تووڕی هەڵدەینەوە بۆ باری ڕەشوڕووتی و پیس و پۆخڵیی جاران. ئەو کاتە کەیفی خۆیەتی. ئیتر تەواو".

لێرەدا "ئەلایزا" بە شێوەیەک وەلامی دەداتەوە، کە سەرسامیی پێوە دیارە، کاتێ دەڵێت:

" تۆ هیچ سۆزت لە دڵدا نییە. لە خۆت بترازێت، گوێ بە هیچ شتێکی تر نادەیت... تۆ پێویستە شەرم لە خۆت بکەیت. دەبێ شەرم لە خۆت بکەیت".

"خاتوو پیرس" مەسەلەکە روونتر دەخاتە ڕوو:

"کاتێک ئەوەت دەست دەکەوێت، کە ناوی دەنێیت "خولیابوون لە شێوەی ئاخاوتنی خەڵک"، ئیتر گوێ بەوە نادەیت چی بەسەر ئەو خەڵکەوە یان بەسەر خۆتەوە دێت"

"خاتوو پیرس" هەوڵ دەدات ڕێنوێنیی "هیگینز" بکات لەبارەی شێوازی هەڵسوکەتی لە بەردەم "ئەلایزا"وە. بۆیە پێی دەڵێت: "دەتوانیت لە قسەکردندا لەگەڵ ئەو کچە زۆر وریا و تایبەت بیت؟"

بەلام "هیگینز" بێ ئەوەی تۆسقاڵێک ئاگای لە هەڵسوکەوتی خۆی بووبێت، لە وەلامدا دەڵێت:

"من هەردەم لە قسەکردندا وریام. بۆ وا دەڵێیت؟"

خاتوو پیرس بێ ئەوەی لە شوێنی خۆی بجووڵێت، وەڵامی دەداتەوە:
"نا گەورەم، تۆ هیچ وریا نیت کاتێ بە هەڵە شتەکان لە شوێنی خۆیان دادەنێیتەوە یان نەختێک بێ ئارام دەبیت. ئێستا بۆ من گرینگ نییە، چونکە من راهاتووم. بەڵام بەڕاستی لە بەردەم ئەو کچەدا نابێت سوێند بخۆیت.

ئەو کاتە "هیگینز" بە تووڕەییەوە بەرپەرچی دەداتەوە:

"من هەرگیز سوێند ناخۆم. من رقم لەم رەوشتەیە. باشە، دەک بەقوڕ گیرێت، پێم ناڵێیت تۆ مەبەستت چییە؟

"خاتوو پیرس" بە ساردییەوە پێی دەڵێت:

"مەبەستم ئەمەیە... ئاخر وشەیەکی دیاریکراو هەیە، پێویستە داوات لێ بکەم، کە بەکاری نەهێنیت..."

دیارە "هیگینز" ئەو تۆمەتە رەت دەکاتەوە تەنیا ئەو کاتە نەبێت، کە "هەڵچوونێکی رەوا لە ئەندازەبەدەر [دای دەگرێت]"، بەڵام "خاتوو پیرس" یەکسەر بیری دێنێتەوە، کە " تەنیا ئەو بەیانییە... بۆ [پووتەکانی]، بۆ کەرە، بۆ نانەڕەشەکە [بەکاری] هێنا"."خاتوو پیرس" رێنوێنی دەداتە "هیگینز" لەبارەی شێواز و دەستووری نانخواردن و تەنانەت لەبارەی ئەو جلوبەرگەیەوە، کە پێویستە لەبەری بکات لە کاتی نانخواردندا. ئێمە لە سەروبەندی هەموو ئەمانەوە دەگەینە ئەو ئەنجامە، کە "هیگینز" دەستوور و رێسای شتەکان دەزانێت، بەڵام بەسەر خۆیدا جێبەجێی ناکات. ئەوەتا هەر لە سەرەتاوە "ئەلایزا" ئاگەدار دەکاتەوە لە جیاوازیی نێوان دەسەسڕەکە و سەرقۆڵەکەی بۆ ئەوەی یەکێکیان بە ئەوەی تر نەزانێت.

لە سەرێکی ترەوە، "هیگینز خانم"، واتە دایکی "هیگینز" حەز ناکات

کـوڕەکـەی سـەردانی بکات، چونکە "هەمـوو [هاوڕێکانی] لێ زوێر [دەکـات]. ئـەوان کـاتێ دەزانن... چاویان بە [ئـەو] دەکـەوێت، ئـیـتـر نایەن..."، کەچی "هیگینز" لە وەڵامدا دەڵێت:

"قسـەی پڕوپووچ! من دەزانم هیچ قسـەی بێ مانا ناکەم، بەڵام خەڵک بە دڵیان نییە"

کـەچی"هیگینز خـانم" بـە تووڕەییـیـەوە پێی دەڵێت: "چی! قـسـەی پڕوپووچ نین! با، بەڕاستی قسـەی پڕوپووچن! ئەی قسـە زل زلەکانت؟ قوربان، بە راستی نابێ لێرە بمێنیتەوە".

"هیگینز" لەم کاتەدا، "لە پڕ هەڵدەستێتە سەرپێ و بەناو ژوورەکەدا دێت و دەچێت. دەستەکانی لەناو گیرفانەکانیەتی و شـەقەشـەق لە کلیل و پارە وردەکەی نـاو گیرفـانیەوە دێنێت". بۆیە دایکی داوای لێ دەکات، کە ئـەم جرت و فـرتەی بوەسـتـێنێت و دەسـتـەکـانی لە گیـرفـانەکـانی دەربێنێت. لە راسـتـیـدا، نووسـیـار، هەر لە سـەرەتاوە تا کـۆتاییی شـانۆنـامـەکـە، زیاتر "هیگینز" بە "تووڕە"، "ڕووگـرژ"، رووترش"، "نائاسـوودە"، "بەفیز" و "بەهەڕەشـە" وەسف دەکات و، کە دادەنیشێت، وەکو خەڵکی ئاسـایی نییە، بگرە خۆی بۆ ناو کورسی یا سـەر قەنەفە هـەڵدەدات. بۆیـە دایکی بە بەردەوامی، بـەڵام بـە نەرمـیـیـەوە، لە هەڵسوکەوتە هەڵەکانی ئاگەداری دەکاتەوە: "دانیشە، ئازیزەکەم، گوێم لێ بگرە... ئەگەر بەڵێنم پێ بدەیت، بە جوانی هەڵسوکەوت بکەیت... بەڵێنەکەت بیر نەچێت، هنری"

"هنری، گیانەکەم، ئەم رەفتارەی تۆ جوان نییە... من هەر ویستم تۆ قسە بکەیت... چونکە تۆ ناتوانیت لە یەک کاتدا فیکە بکێشیت و قسە بکەیت"

"زۆر بە لێزانییەوە دات ڕشتووە، هنری. هیچ ئافرەتێک لە بەرامبەر داوای لەم جۆرە خۆی بۆ ناگیرێت... بەڵێ، گیانەکەم، بەڵام پێویستە دانیشیت، وانییە؟"

"هنری، تکات لێ دەکەم ددانەکانت چیڕ مەکەرەوە"

ئەو کاتەی خەڵکەکە خەریکن بەرەو کڵێسا بچن بۆ ئەوەی لە ئاهەنگی هاوسەرکارییەکەی باوکی "ئەلایزا" ئامادەبن، داوا لە "هیگینز" دەکەن ئاخۆ نیازی وایە بێت یان نا. "هیگینز خانم"ی دایکی وەڵام دەداتەوە:

"هەڵبەت نایەت. ئاخر ناتوانێت رەوشتی جوان لە کڵێسا بنوێنێت. ئەو راهاتووە هەردەم سەرنج و تێبینییەکانی خۆی لەبارەی شێوازی دەربڕینی دەنگی وشەکانی قەشەوە، بە دەنگی بەرز دەردەبڕێت"

لە کۆتایی شانۆنامەدا، "هیگینز" لەسەر تەختەی شانۆ بە تەنیایە هیچ بەوە نیگەران نییە، کە لەلایەن "گالاتێ"کەی و "هیگینز خانم"ی دایکی فت کراوە. بۆیە "لە قاقای پێکەنین دەدات"

"بێرناردشۆ" سوور بوو لەسەر ئەوەی، کە "هیگینز" پیاوێکی رۆمانتیکی نییە، کە حەز بە دڵداری بکات. بۆیە، هەر پێوەندییەکی رۆمانسیی لەگەڵ "ئەلایزا دوولیتڵ" بخرێتە پاڵ، شتێکی بێ مانەیە. لە نامەیەکیدا، لە ساڵی ١٩٤٨ بۆ "سالی لۆڤەر"ی نووسیوە، "بێرناردشۆ" سەبارەت بە "هیگینز" دەڵێت، "پیاوێکی کامڵی تۆقێنەری بەهەڕەشەیە"، کە "بایەخ بە ئافرەتە گەنجەکان نادات بەو پێیەی لای دایکی دەبن بە نەیارێکی بەهێزی ئەو"[٣]. "هیگینز"ەکەی "بێرناردشۆ" نەک هەر پیاوێکی نە گەنج و نە پیرە و هەروەها شەرفرۆش و بە گەفوگوڕە، بگرە پیاوێکی بە تەمەن مامناوەندیی هەرزەکارە، کە

هەڵسوکەوتی خراپ پێشان دەدات. لەسەر تەختەی شانۆدا لەتر دەدات و زرنگە بە پارە ئاسنەکەی ناو گیرفانەکانی دێنێت، جینگزە و جۆرێک لە شێتگیریی پێوە دیارە، هەروەها، منداڵئاسا، هۆگری دایکی و ژنە کارەکەرەی ماڵەوەیەتی. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێژیسۆرەکان هەر لە یەکەم نمایشی ئەم شانۆنامەیەدا، نەیانویستووە "هیگینز"ەکەی "بێرناردشۆ" پەسند بکەن و ویستوویانە وەکو مرۆڤێکی ڕۆمانسی پێشانی بدەن. "بێرناردشۆ" پێی وایە، کە "گالاتێ" لە ئەفسانەکەدا هەرگیز "پیگماڵیەن"ی خۆش نەویستووە. پێوەندیی "پیگماڵیەن" بە "گالاتێ" بە رادەیەک پیرۆز بووە، کە وەکو پێوەندییەکی خۆشەویستی جێگەی پەسندکردن نییە. هەر بۆیەش ئەو بۆچوونەی لە شانۆنامەکەدا بەرجەستە دەبێت و "گالاتێ"یەکەی "بێرناردشۆ"، واتە "ئەلایزا دوولیتڵ" هەرگیز "هیگینز"ی خۆش ناوێت.

کارەکتەری "هنری هیگینز" لەم شانۆنامەیەدا کێشەی بۆ ڕێژیسۆر و تەنانەت بینەرانیش دروست کردووە. ئەو لە شانۆنامەکەدا، وەکو پرۆفیسۆرێک لە بواری فۆنەتیک، گرەو لەسەر ئەوە دەکات، کە دەتوانێت "ئەلایزا"، ئەو کچە گوڵفرۆشە هیچ نەزان و سادە و کۆکنییە – واتە خەڵکی ڕۆئاوای لەندەن، کە بە شێوەزارێکی خراپ قسەیان دەکرد – لە ماوەی سێ مانگدا بکات بە خانمێک، دواجار بتوانێت ببێت بە شازادە. "ئەلایزا" بە پێچەوانەی کەسێکی لە بەرد داتاشراو، کچێکی بەهێز و سەربەخۆیە و لە شەقامەکاندا لە ڕێگەی کاری گوڵفرۆشییەوە بژێویی خۆی پەیدا دەکات و لە رووی داراییەوە پشت

٣. بڕوانە:
Letter to Sally Luther, 23 February, 1948, Bernard Shaw Collected Letters (1926-1950) London , Max Reinhardt, 1988.

به کەس نابەستێت. بێجگە لەمەش، ئاکار و ڕەوشتێکی بەرزی هەیە و ڕێزی خۆی دەگرێت. کاتێ بە ڕێککەوت گوێی لە "هیگینز" دەبێت، کە ناونیشانی خۆی بە هاوڕێکەی دەڵێت بە مەبەستی بانگهێشتنکردنی، "ئەلایزا" یەکسەر ناونیشانەکە ئەزبەر دەکات. دواتر بە دڵسافییەوە بەرەو ناونیشانەکە دەچێت بەمەبەستی ئەوەی "هیگینز" بەکرێ بگرێت تا فێری ئاخاوتنی ڕاست و دروستی بکات، بەو هیوایەی بتوانێت لە دوکانێکی گوڵفرۆشیدا کار بکات. "هیگینز" بەوپەڕی خێراییەوە نەک هەر ئامادە دەبێت فێری ئینگلیزییەکی ڕاست و ڕەوانی بکات، بگرە دەیباتە ماڵەکەی خۆی و لەوێ مەشقی پێ دەکات تا وەکو ئەرستۆکراتێک لە ئاهەنگێک لە کۆشکی باڵیۆزدا بە سەرکەوتوویی پێشانی خەڵکەکەی بدات. هەرچەندە "هیگینز" لە ڕێزمان و دەربڕینی دەنگەکانی زمان تا ئەوپەڕی لێهاتووە، بەڵام ئەو زمانەی لە بەرامبەر "ئەلایزا"دا بەکاری دێنێت زمانێکی توندوتیژ و زبرە و لەگەڵ کارەکەیدا ناگونجێت. "ئەلایزا" بە یارمەتیی کۆلۆنێل "پیکەرینگ" فێری ڕێ و ڕەوشت و نەریتە کۆمەلایەتییەکانی دەبێت، کە بۆ هەر خانمێک پێویستە و دواجار دەتوانێت لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بێت. دوای ئەوەی لە ئاهەنگەکەدا بە شازادەیەکی هەنگاری دادەنرێت، لە "هیگینز" دەپرسن، ئاخۆ ڕای ئەو بەرامبەر بەو ئافرەتە چییە. "هیگینز" لە وەلامدا دەڵێت: "من دەڵێم کچێکی ئاساییی لەندەنی ژێر باری بێدەرامەتی و ڕەشوڕووتییە، لەلایەن پسپۆڕێکەوە فێری قسەکردن کراوە. بە مەزەندەی من خەڵکی "درووری لەین"ە".

بەلام کەس بڕوای پێ ناکات. کە دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە، دوو پیاوەکە لە بریی ئەوەی پیرۆزبایی لە "ئەلایزا" بکەن سەبارەت بەو سەرکەوتنەی

بەدەستی هێنا، پیرۆزبایی لە خۆیان دەکەن و ئەو پشتگوێ دەخەن. بۆیە دەزگاکەی ئەوان بەجێ دێڵێت و بڕیار دەدات ڕێبازێکی سەربەخۆ بۆ خۆی دەستەبەر بکات. "هیگینز" هانی دەدات بگەڕێتەوە بۆ لایان، بەڵام "ئەلایزا" داواکەی ڕەت دەکاتەوە. دوای ئەوەی هەریەک لە دایکی "هیگینز" و "ئەلایزا" لەگەڵ "هیگینز" ڕێک ناکەون و ڕەتی دەکەنەوە، ئەو، لە کۆتاییی شانۆنامەکەدا دەیداتە تریق و هۆڕی پێکەنین. ئەو تریق و هۆڕی پێکەنینە نابێت بە وەڵامێکی گونجاو بۆ ڕەتکردنەوەکەی ئەوان، بگرە کاردانەوەیەکی گونجاوی سەرکەوتنی ئەزموونەکەیەتی.

"بێرناردشۆ" دەڵێت: "ئەگەر شتێک سەیر بێت، بەدوای ڕاستییەکی شاراوەدا لێی ورد بەرەوە". بۆیە ئەم نووسیارە بە درێژاییی ژیانی، وەکو شانۆنووس، ڕەخنەگر، وەکو کەسێکی دەستباڵا لە گوتاری مشتومڕئامێز، وەکو چالاکوانێکی سیاسی لە پاڵ توانا گەورەکەی لە پێشاندانی دیوە ڕاستەقینەکانی ژیان لە ڕێگەی قۆشمەچێتی، توانی لە زمانی ئینگلیزیدا ببێت بە یەکێک لە نووسیارە نموونەییەکان. لەساڵی ١٨٩٢دا دەڵێت: "هەموو بەرهەمێکی فیکریی ڕاستەقینە قۆشمە و سەیرە". لە ساڵی ١٨٩٦ دا دەڵێت، "گاڵتەی ڕاستەقینە ئەوەیە، کە من گاڵتە ناکەم و بە ڕاستمە"، هەروەها لە چاوپێکەوتنێکدا ساڵی ١٩٤٦، دەڵێت "هەندێک جار، ڕاستی سەیرترین گاڵتەیە لە دنیا تا ئەو کاتەی بە تەواوی دەدۆزرێتەوە". ئەمە ئەو ئاراستەیەیە، کە نەک هەر لەم شانۆنامەیەدا، بگرە لە تەواوی بەرهەمەکانیدا گرتوویەتییە بەر.

لە شانۆنامەی "پیگماڵیەن"، نووسیار لە پێگە و پایە کۆمەڵایەتییە بەرز و نزمەکان دەکۆڵێتەوە، کە بنچینەی سیستەمی چینایەتین، هەروەها ڕوونیشی دەکاتەوە چۆن شێوازی هەڵسوکەوتە ڕێکوپێکە

کۆمەڵایەتییەکان، کە مرۆڤ لەخۆوە، بەبێ بیرکردنەوە دەیانکات، بەردەوامی بە جیاوازیی چینایەتی دەدات. شانۆنامەکە جیاوازی لە ئاخاوتن دەخاتە روو وەکو نیشانە جیاکەرەوەکانی چینە جیاوازەکان. پرۆفیسۆری فۆنەتیک دەست بە تاقیکردنەوەیەک دەکات بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت، کە دەتوانێت کچێکی هەژاری پەرپووت بکات بە خانمێکی پایەبەرز لە رێگەی گۆڕینی شێوازی ئاخاوتنەکەیەوە، بەڵام بە پێچەوانەی تیۆرەکە، ئەم پلانەی پرۆفیسۆر دەگاتە بەرزترین ئاستی کۆمیدیایی کاتێ "ئەلایزا" بە جلێکی ناسک و جوان و ڕوویێکی قەشەنگ و نایابەوە لە ژووری میوانەکەی هیگینز خانم دەڵێت "قسەی قۆڕ!". دیوێکی تری ئەم ئاستە کۆمیدیاییە لە شانۆنامەکەدا، کە لەگەڵ ئاستی یەکەمدا هاوتەریب دەبێت، ئەو کاتە روو دەدات، کە پلە و پایە کۆمەڵایەتییەکەی باوکی "ئەلایزا" بەرز دەبێتەوە بەهۆی ئەو پارەیەی، کە بە میرات لە کەسێکی دەوڵەمەندەوە بۆی دەمێنێتەوە. نووسیار لەم نەخشەکارییە دەچێتە دەرەوە کاتێ ململانێی "ئەلایزا" قووڵ دەکاتەوە لە پێناوی خۆئازادکردن لە توندوتیژییە بێباکانەکەی پرۆفیسۆر، کە سوورە لەسەر ئەوەی بەسەریدا زاڵ بێت.

ڕۆماننووسی ئینگلیزی "جۆرج گیسینگ" (١٨٥٧- ١٩٠٣) لە ڕۆمانی "شەقامی "گرەب"ی نوێ (New Grub Street” 1891)، کە لە شێوەی یاداشتی رۆژانەیە، دەڵێت: "کچە رەنجدەرێکی لەندەن بە دەگمەن دەتوانێت خۆی بەرز بکاتەوە یان بەرز بکرێتەوە بۆ پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرزتر لەو پێگەیەی، کە هەر لەدایکبوونیەوە بۆی ماوەتەوە. ئەو وەک چۆن ناتوانێت زمانی خۆی بۆ ئاخاوتنی رێکوپێک بگونجێنێت، ئاواش ناتوانێت فێر بێت چۆن هەڵسێت و دانیشێت و

بجـوولێت وەکـو ژنێک، کـە بە رەوشـتـی جـوان و رەفـتـاری ڕێکوپێک پەروەردە دەکرێت"[٤]

"جـۆرج گـیـسـینگ" جـەخت لەسـەر ئـەو بیـربـاوەڕە دەکـاتەوە، کـە گـۆڕانکاریـی کـۆمـەڵایەتی، بۆ کـەسـێکی سـەر بە چینی ڕەشـورووتی لەندەن لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەمدا، ئینجا گۆڕانکارییـەکە چالاک و خـێـرا یا سـسـت و خـاو بێت، بەرزبوونـەوە یا بەرزکـردنەوە بێت بۆ پایەیەکی بەرزتر، بـە راستی کارێکی مـەحاڵ بوو. "جۆرج بێرناردشۆ" دوای بیـست و یەک سـاڵ لەم بیـروبـاوەڕەی "گـیـسـینگ"، سـوور بوو لەسەر ئەوەی بیسەلمێنێت، کە "گیسینگ" بە هەڵەدا چووە. ئەمەیشی لە رێگەی کـارەکـتـەری "ئەلایـزا دوولیـتـڵ"ەوە سـەلـانـد، کـە کـچـێکی گوڵفرۆشی "لیسۆن گرۆڤ" بوو، ئەم هێنای بۆ ناو هەلومەرج و ژینگەی کـۆمـەڵایەتیی "ویمپـۆڵ سـتـریت" و لـە ئەنجـامـدا، لە رێگەی زانسـتی فۆنەتیک، شازادەیەکی لێ دروست کرد. لە کاتێکدا "گیسینگ" جەختی لەسـەر ئـەوە دەکـردەوە، کـە مـرۆڤ هەر بە سـروشت یا بە زگـمـاک جیـاوازیی لـە پلە و پایە کۆمـەڵایەتییـەکان بە پەسند دەزانێت، چونکە هەستێکە و رەگی لە ناخیدا داکوتاوە، بەڵام "بێرناردشۆ"، پێچەوانەی ئەو، بڕوای بەوە هەیە، کە دەکرێت سروشتی مرۆڤ رابهێنرێت لـەسەر گۆڕانی هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکان. "ئەلایزا" بەڕاستی دەیسەلمێنێت، کە ئەو لەوە بەتوانـاترە، کە "بەرز بکرێتـەوە بۆ پێگەیـەکی کۆمـەڵایەتیی بەرزتر" یا لـەسـەر رەفـتـارە کـۆمـەڵایـەتیـیـەکـان و زمـانێکی رێکوپێک پەروەردە بکرێت، چونکە تا رادەیەکی زۆر، خۆی دەتوانێت" زمـانیـخـۆی بۆ ئاخاوتنی رێکوپێک بگونجێنێت".

٤. بڕوانە لاپەڕە ١٥٤ لە:

G. Gissing, New Grub Street, published by Wordsworth Editions Ltd, 1996.

بەم شێوەیە، ئەفسانەی "پیگماڵیەن"، کە واتایەکی کۆمەڵایەتیی پێ دراوە، لەسەر دەستی "بێرناردشۆ"، نەک هەر دەبێت بە نموونەی بزاوت و جموجۆڵێکی کۆمەڵایەتی، بگرە پانتاییەکیشە بۆ ستایشکردن لە یەکسانیی مرۆڤ لە مافەکاندا سەبارەت بەو بیرۆکەیەی لە خۆیدا گرتووە و "نیکۆلاس گرێن"یش لە کتێبی "بێرناردشۆ: بۆچوونێکی رەخنەگرانە" بە روونی ئاماژەی بۆ دەکا، کاتێ دەڵێت "خانم هەر کچە گوڵفرۆشەکەیە شەش مانگ مەشقی فۆنەتیکی کردووە" هەروەها "جەنتڵمان هەر زبڵڕێژەکەیە پارەی دەست کەوتووە"[٥]

پەروەردەکردنی "ئەلایزا" بەپێی پێوەرەکانی رەوشت و رەفتاری چینە باڵاکانی ئینگلیزەکان و پەروەردەکردنی لەسەر نیشانە جیاکەرەوەکان، بەتایبەتیش نیشانە جیاکەرەوەکانی زمانەوانیی تایبەت بە پایە کۆمەڵایەتییە بەرزەکان، دواجار، نەک هەر وەکو "هۆ" بۆ دۆزینەوەی توانا شاراوەکانی تاک لە گەشەکردن بەکار دێن لە تەمەنێک، کە سەرەتای بەرزبوونەوە بێت لە کۆمەڵگە، بگرە دەبێت بە "هۆ" بۆ دۆزینەوەی بنەماکانی یەکسانیبوون و یەکسانینەبوون، هەروەها تێگەیشتن لە پایە و بەها کۆمەڵایەتییەکان و بڕیاردان لەسەر بەهاکان.

سروشت و بایەخی یەکسانیی کۆمەڵایەتی، کە زاڵن بەسەر بەرهەمەکانی "بێرناردشۆ"، بەپێی بۆچوونی "لیندا ماگڵستۆن"[٦]، پرۆفیسۆر لە بواری مێژووی زمانی ئینگلیزی، لە زۆر لاوە دەدرێتە پاڵ

٥. بڕوانە لاپەڕە ١٠٨ لە:

N. Grene, Bernard Shaw: A Critical View (London, 1984).

٦. بڕوانە:

The Review of English Studies, New Series, Vol. 44.No. 175 (Aug., 1993), pp 373-385

پەروەردەکـردنی سـەردەمـی منداڵیـی خـۆیەوە. ئەو هـەر لەو قـۆنـاغـەدا هـەسـتـیـار بووە بەرامـبـەر بە مـەسـەلەی چینایەتی. دیارە شـانـۆنامـەی "پیگمالّیـەن" زادەی ئەم هۆشیارییە کۆمەڵایەتییەیە لە پاڵ هەستکردنی نووسـەیـار بە چەوسـانـەوەی هەژاران، کـە بەهـۆی خـولیـابوونی بەبزووتنەوەی فـابیـزم قـووڵتـر بووەوە. بـەهـەرحـاڵ، "بێـرنـاردشـۆ" لە مـامـەڵەکـردن لەگـەڵ بۆچوونە چەوتە کـۆمـەڵایەتیـیـەکـان و واقـیـعـە کۆمـەڵایەتییـەکە، چیرۆکێکی هەڵێنجراو لـە بیروباوەڕی سۆشـیالیستی بە رەفـتـارە کـۆمـیـدیاییـیـە کـۆمـەڵایەتیـیـەکـان دەبەسـتـێـتـەوە. ئەم بەیەکبەستنەوەیە تەنیا پشت بەوە نابەستێت، کە "بێرناردشۆ" خـۆی مـرۆڤـێکی یەکسـانیـخـوازە و بە تـەنگ هـەژارانەوەیە، بگرە پشت بە لێکۆڵینـەوە لە سـۆسـیـۆلۆجیـای زمـانەوانییـەوەیش دەبەسـتێت، واتە تا چەند زمان دەکەوێتە ژێر کاریگەرێتیی فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو مـەسـەلەی چینایەتـی و واقیـعـی توێژە کۆمـەڵایەتیـیـەکـان و کولتـوورە ناوچەییـیـەکـان. ئـەمـەیش دیوێکی زەقە لـە شـانـۆنامـەکـەدا، کـە "رۆدێل ڤـێـینتـراوب"[7] پێی وایە کێـشـەی بۆ رێژیسـۆر و تەنانەت بینـەرانیش دروست کـردووە و وای لێ کـردوون زیاتر دیوە رۆمـانسـیـیـەکـە زەق بکەنەوە و کـەمـتر بایـەخ بە مەسـەلەی سـۆسـیـۆلۆجیـای زمـانەوانییـەکە بدەن. "بێـرنـاردشـۆ" لە سـەدەیـەک ژیا، چەمکی تازەی وەکـو شـوناسـی کۆمەڵایەتی و جیاوازیی چینایەتی رێچکەی خۆیان دەگرت و لە نێوەندە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان مشتومڕیان لەسەر دەکرا. لەم روانگەیەوە، لە پێشـەکیی شـانۆنامـەی "پیگمـالّیـەن"دا دەڵێت: "مـەحـاڵە مرۆڤـێکی

---

٧. بڕوانە

Rodelle Weintraub Bernard Shaw's Henry Higgins: A Classic Aspergen. English Literature in Transition, 1880-1920 - Volume 49, Number 4, 2006, pp 388-397.

ئینگلیز زار بکاتەوە بێ ئەوەی یەکێکی تر قێزی لێ نەبێتەوە". لێرەدا نووسیار جەخت لەسەر واتا کۆمەڵایەتییەکان و زمان دەکاتەوە، وەکو یەک بابەت بە تایبەتیش زمانی ئاخاوتن. لەم چوارچێوەیەدا، گرینگە مرۆڤ بێتە سەر ئەو باوەڕە، کە واتا کۆمەڵایەتییە بە چین چینکراوەکان، کە لە ئەکسێنت (واتە شێوازی دەربڕینی وشەکان لە زمان کە لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر، لە گرووپێکی کۆمەڵایەتی بۆ گرووپێکی تر جیاوازە) رەنگ دەدەنەوە، رێک وەکو چینە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەمی سەدەی نۆزدەمن.

لە راستیدا، ئەم گۆڕانکارییانە لە بنیاتی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵێک بەهای تازەی دا بە ئەکسێنتی زمان، کە لە باری کۆمەڵایەتییەوە جیاواز بوون لە هی پێشوو. بە واتایەکی تر، ناکۆکی لە ئاماژە کۆمەڵایەتییەکانی ئەکسێنت پەرەی سەند. "بێرناردشۆ"، لەم شانۆنامەیەدا، رۆڵی ئەکسێنت وەکو بڕیاردەر نەک هەر لە پێگەی کۆمەڵایەتی، بگرە لە پەسندکردنی پێگە کۆمەڵایەتییەکەش دەکات بە "هۆ" بۆ رەخنەی کۆمەڵایەتی. بنچینەی کارەکتەری "هیگینز" لە واقیعدا "هنری سویت"ی فۆنەتیکزانە. لە راستیدا، وەکو "رۆدێل ڤێینتراوب" باسی لێوە دەکات، هەرچەندە فۆنەتیک هێشتا زانستێکی تازە بوو، بەڵام "بێرناردشۆ" و "سویت" لەوە بە ئاگا بوون، کە ئەم زانستە لەوە زیاترە، کە تەنیا تایبەت بێت بە دەربڕینی دەنگ لە زمان، چونکە دەکرێت رۆڵێکی کۆمەڵایەتیی کاریگەری هەبێت. بۆیە "سویت" لە زۆر لاوە نەک هەر دەبێت بە نموونەیەکی باش بۆ کارەکتەری "هیگینز" بگرە گوڕ و تین بە تەواوی شانۆنامەکە دەدات، چونکە لە کتێبەکەیدا "رابەرنامە Handbook" دەڵێت: "کاتێ مرۆڤ شێوازی

دەربڕینی دەنگەکـان لـە زمـانـدا کـۆنـتـرۆڵ دەکـات، ئـیـتـر شـێـوازی قسـەکردنی تایبـەت بە ناوچەیەک یاخۆ وشـە و ئاخـاوتنە بازاڕییەکان نامـێنن، هـەروەها گـرینگترین بەربەست لە نێـوان چینەکـانی کـۆمـەڵ، دواجـار، لادەبرێت"[٨]. شـانۆنامـەی "پیگمـالـیـەن"، هەڵوێسـتی "بێرناردشـۆ"ی بەرامـبـەر بەم بۆچوونەی "سـویت" تێـدا بەرجـەسـتـە دەبێت. "بێرناردشۆ" ئەم راستییە لەسەر زاری "هیگینز" دەردەبڕێت، کاتێ لە بەشی سێیەمی شانۆنامەکەدا، دەڵێت:

"چەندە خۆشـە مرۆڤێک بگریت و بیگۆڕیت بۆ مرۆڤێک، کە بە تەواوی جیاواز بێت لە پێشتر لە رێگەی دروستکردنی شێوازێکی تازە بۆ قسەکردن. ئەمە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیە، کە چینێک لە چینێکی تر و مرۆڤێک لە مرۆڤێکی تر جیا دەکاتەوە"

ئەوەی لە سـەرەتای شـانۆنامـەکەدا ئـەم بۆشـاییـە گەورەیە لە نێـوان "ئەلایزا" و "هیگینز" دروست دەکـات هـەندێک گـوتە یا زاراوەی زمـانەوانییە. فـۆنیمـەکانی "ئەلایزا" و (فـۆنیم برێتییـە لە بچووکترین دەنگ لە زمـان، کـە مـانای وشـەیەک لە وشـەیەکی تر جـیـا دەکـاتەوە) شـێـوازی ئاخـاوتنەکـەی، کـە لە بـاری رێزمـانەوە لەگـەڵ پێـوەرە زمـانەوانیـیـەکـانی ئینگلیـزییـەکی سـتـانـدەرد هـاوکـۆک نـین، دەبن بە نیـشـانەیەکی تەواو بۆ پەسندنەکـردنی لە بـاری کـۆمـەلایەتیـیـەوە. نموونـەیش بۆ ئەمـە زۆرە. دیارە لە دەقـە ئینگلیـزییـەکـە بە ئاسـانی دەردەکـەوێت و منیش بەپێی توانا لە پەراوێزەکـانی تایبـەت بە دەقی شانۆنامەکە روونم کردوونەتەوە. جێگەی ئاماژەیە، کە "ئەلایزا" لە زۆر

٨. بڕوانە:

H. Sweet, A Handbook of Phonetics (Oxford, 1877), 196

شـوێن لە ئـاخـاوتندا، پێـچـەوانـەی حـاڵەتە راسـتـەقـینـەکـە لە زمـانی ئینـگلیـزیدا، رسـتـەکـان دووجـار دەکـات بە نێگەتیڤ. ئەمـە جگە لە لابردنـی هـەندێک دەنگ یا زیـادکـردنی وەکـو لـە وشـەی pying کـە لە جـیـاتیی paying و وشـەی flahrz لە جـیـاتیی flowers. لە کـاتێکدا "هیگینز" لە بەشی یەکەمی شانۆنامەکەدا بە "ئەلایزا" دەڵێت:

"تۆ مـرۆڤیت و رۆحت هەیـە هـەروەهـا بەهرەیەکی خـواییشـت هەیە لە ئاخـاوتن، کە زمانپاراوییە"، بـەلام جیاکردنەوەی مرۆڤێک لە مرۆڤێکی تر بەهۆی شێوازی دەربڕینی دەنگ و وشەکانی زمان لە هیچ شوێنێکی شانۆنامەکە ئەوەندەی ئەو زنجیرە وشە و دەستەواژە هاوواتایانە روون و ئاشکرا نیـیـە، کـە "هیگینز" بـە زمـانێکی پاراو بۆ شـوناسی کـۆمـەلایـەتیی "ئەلایزا" بەکـاری دێنێت، وەکـو "نزم و ناکـەس بەچە" و "پیس و پۆخڵ" و "چەقـاوەسـو" و "کـچـێکی بـەڕەڵای سـەرشـەقـام لە کۆڤێنت گاردن"... هتد.

جۆرج بێرناردشـــۆ

# پیگماڵیەن

چیرۆکێکی دڵداری لە پێنج بەشدا

**Pygmalion**

**A ROMANCE IN FIVE ACTS**

Published by the Penguin Group

London, 2000

پێشەکییەک

# پرۆفیسۆری فۆنەتیک

جۆرج بێرناردشۆ

وەکو دواتر دەردەکەوێت، "پیگمالیەن" پێویستی بە پێشەکی نییە، بگرە پێویستی بە پاشکۆ هەیە، کە من لە شوێنی خۆیدا پێشکێشم کردووە.

ئینگلیزەکان رێز لە زمانی خۆیان ناگرن و منداڵەکانیان فێر ناکەن بەو زمانە قسە بکەن. ناتوانن وشەکان پیت پیت حونجە بکەنەوە، چونکە هیچیان نییە تا پێی حونجە بکەنەوە، بگرە ئەلفوبێیەکی بیانیی کۆنیان هەیە، کە تەنیا پیتە نەبزوێنەکانی ـ نەک هەموویان ـ بەهایەکی پەسندیی ئاخاوتنیان هەیە. بۆیە هیچ مرۆڤێک ناتوانێت لە رێگەی خوێندنەوە خۆی فێر بکات زمانەکە چۆنە. مەحاڵە مرۆڤێکی ئینگلیز زار بکاتەوە بێ ئەوەی یەکێکی تر قێزی لێ نەبێتەوە. ئەمرۆ فێربوون و تێگەیشتن لە زۆربەی زمانە ئەوروپاییەکان، بۆ بیانییەکان، لە رێگەی نووسینەوە جێبەجێ دەبێت: فێربوونی ئینگلیزی و فرەنسایی تەنانەت بۆ ئینگلیزەکان و فرەنساییەکانیش بەم شێوەیە نین. ئەوەی ئێمە ئەمرۆ زۆر پێویستیمان پێی هەیە، کەسێکی خەمخۆری چالاک و بەپەرۆشی فۆنەتیکە. هەر بۆیەش من کەسێکی ئاوام کردووە بە پاڵەوانی ئەم شانۆنامە جەماوەرییە.

لە رابردوودا، ساڵانێکی زۆر، پاڵەوان هەبوون لەو جۆرە پاڵەوانانەی، کە لە چۆڵەوانی هاواریان دەکرد. لە کۆتاییی ساڵی ١٨٧٠، کاتێ من

خـولیـای ئـەو بابـەتـە بووم، "ئەلەكـسـانـدەر مـاڵـڤـیل بێڵ"[٩]، داهێنەری "ئاخـاوتنی بینراو"[١٠]، بۆ كـەنەدا كـۆچی كـرد. لەوێ كـوڕەكەی تەلەفـۆنی داهێنا، بەڵام "ئـەلەكـسـانـدەر، جـەی. بـیـڵـز"[١١] هێشـتـا پـاتریارک بوو لە لەنـدەن. ســەرێكی ســەرنج ڕاكـێــشـی هـەبوو، هـەردەم بە كــڵاوێكی مـەخـمـەلی داپۆشـرابوو. بۆیە لـە كۆڕ و كـۆبـوونەوەكـاندا بـە شـێـوازێكی زۆر نـەرمـــەوە داوای لێــبــووردنـی دەكــرد. ئـەم پـیـــاوە لەگــەڵ "تـیــتــۆ پاگلیـاردینـی"، شـارەزا لـە بـواری فـۆنەتیک، دوو پیـاو بوون، کـە مـەحـاڵ بوو یەكـێک خـۆشـی نەوێن. ئەو کـاتە "هـنـری سـویت" گـەنج بوو، وەكـو ئەوان رووخـۆش نەبـوو. تا رادەیەک لـەگـەڵ "ئـیـبـسـن"[١٢] و "ســامــۆیـڵ بـەتـلـەر"[١٣] هـاوكـۆک بـوو. ئەو توانا زۆرەی، وەكو فـۆنەتیـزانێک هـەیبـوو،

٩. "ئەلەكـسـانـدەر مـاڵـڤـیل بێڵ"(١٨١٩- ١٩٠٥) مـامـۆسـتـا و لێكۆڵەر لە بواری فـەسـلـەجـەی فـۆنەتیک. خـاوەنی چەندان بەرهـەمـە لە بـواری دەنگنـاسـی و هونەری شت خوێندنەوە.

١٠. "ئاخـاوتنـی بینراو" واتە "Visible Speech" بریتـیـیـە لە سـیـسـتـەمـی نووسین و "ئەلەكساندەر مـاڵڤیل بێڵ" دای هێنا. ئەم سیستـەمـە لە چەند نیشانەیەک پێک هاتووە، کە شوێن و جوولەی قـورگ و زمـان و لێوەكـان دیـار دەكـات لە کـاتی دەربڕینی هـەر دەنگێک. ئەم سیستـەمـە جۆرێكە لە نۆتەی فۆنەتیک و یارمەتیی كەڕەكان دەدات لە فێربوونی قسەكردن.

١١. "ئەلەكـسـانـدەر جـۆن بـیـڵـز" (١٨١٤- ١٨٩٠) جگە لەوەی مـاتماتیـكزان بوو، فۆنەتیكزانێكی لێهاتووی ئینگلیزی بوو.

١٢. "هنریک ئیبسن" (١٨٢٠- ١٩٠٦) شانۆنووسی بەناوبانگی نەرویجی بوو.

١٣. "سـامـۆیڵ بەتلەر" (١٨٣٥ – ١٩٠٢) نووسـیـارێكی بەناوبانگـی ئینگلیـزی بوو. كاری لەسـەر ئاین و پەیدابوون و گـۆڕینی زیندەوەر كردووە. لە بواری ئەدەب و رۆماندا چالاک بووە. بەرهـەمەكانی "ئۆدیسە" و "ئەلیاد"ی گۆڕیوە بۆ پەخشان. یەكێک بووە لەو نووسیارانەی، كە "بێرناردشۆ" پێی سەرسام بووە.

(من پێم وایە لە گشتیان بەتواناتر بوو لەم بوارەدا) مافی ئەوەی پێ دەدا جێگەی ڕێزێکی گەورە و تایبەت بێت و برەو بەباتەکەی بدات ئەگەر لەبەر رق و کینە شەیتانییەکەی نەبووا بەرامبەر بە هەموو مرۆڤە ئەکادیمییە گەورەکان و بەگشتی ئەو مرۆڤانە، کە زیاتر بیریان لە گریکی دەکردەوە تا لە فۆنەتیک. جارێکیان، لەو رۆژگارەی، کە "پەیمانگەی ئیمپریالْ" کەوتە کار لە خوارووی "کێنسینگتن" و "جۆزێف چامبەرلەین"[١٥] پشتگیریی لێ کرد، من سەرنووسیاری رۆژنامەیەکی رەخنەییی گرینگی مانگانەم هان دا داوای ووتارێک لە "سویت" بکات لەبارەی فۆنەتیکەوە. کە وتارەکە گەیشت، هیچ شتێکی تێدا نەبوو، بگرە هێرشێکی دڕندانەی گاڵتەپێکردن بوو بە پرۆفیسۆرێکی زمان و ئەدەب، کە "سویت" پێی وابوو شایستەی پلە و پایەکەی نییە و پلە و پایەکە تەنیا شایستەی کەسێکی شارەزایە لە بواری فۆنەتیک. لەبەرئەوەی وتارەکە ناوزڕاندنی تێدا بوو، دەبوو بگەڕێتەوە و منیش دەبوو واز لەوە بێنم تووشی تەنگوچەڵەمەی بکەم لەگەڵ خەڵک. دواتر بۆ یەکەم جار دوای چەند ساڵێک چاوم پێی کەوت. سەرم سوڕما کاتێ بینیم ئەو پیاوە گەنجەی، کە دەکرا پێشکێشی خەڵک بکرێت، لە راستیدا، سەبارەت بەو رقە ئەستوورەی ناخییەوە، روویێکی تری دەنواند تا ئۆکسفۆرد هەموو پێوەندییەکی لەگەڵ پچڕاند. هەڵبەت دەبوو تا رادەیەکی زۆر بە دەست خۆی بێت سەرەڕای ئەوەی، کە ئەویان بەزۆر هێنابوو تا لەوێ وانەی فۆنەتیک بڵێتەوە. دەشێت داهاتووی فۆنەتیک لە دەستی خوێندکارەکانی ئەودا بێت، کە

١٥. "جۆزێف چامبەرلەین" (١٨٣٦– ١٩١٤) سیاسەتوان و کاربەدەستێکی بەرزی بەریتانیایی بوو.

سوێندیان بەسەری دەخوارد، بەڵام هیچ شتێک نەیتوانی خودی ئەم پیاوە بە ئاراستەی گونجاندندا بەرێت لەگەڵ ئەو زانکۆیە، کە هێشتا بەپێی مافی خوایی، رێک بە شێوەی ئۆکسفۆردییانە خۆی پێیەوە بەستبووەوە. پێم وایە نووسینەکانی، ئەگەر هیچی جێ هێشتبێت، هەندێک توانج و پلار لەخۆ دەگرن، کە دەشێت بڵاو بکرێنەوە بێ ئەوەی هیچ ئاکامێکی رووخێنەریان لێ بکەوێتەوە هەتا پەنجا ساڵی تر. بە رای من، "سویت" بە هیچ شێوەیەک مرۆڤێکی بەدسروشت نەبوو. دەتوانم بڵێم زۆر پێچەوانەی ئەمە بوو، بەڵام لە بەرامبەر ئەوانەی، کە ئەمیان لا گەمژە بوو، زۆر کەم ددانی بەخۆدا دەگرت. جگە لەمەش، پێی وابوو هەموو ئەو فۆنەتیکزانانەی، کە توندوتیژ نەبوون، گەمژەن.

ئەو کەسانەی، کە ئەمیان ناسیوە، ئەو ئاماژەیەی من دەناسنەوە، کە لە بەشی سێیەمی شانۆنامەکەدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ "کورتەنووسی تازە "Current Shorthand"[١٦]م کردووە، کە "سویت" بۆ نووسین لەسەر پۆستکارت بەکاری هێناوە. رەنگە لەو رابەرنامەیە دەست کەوێت، کە رێنوێنییەکانی لەبارەی شێوەی دروستکردن و لە

١٦. "کورتەنووسی shorthand" بریتییە لە نووسینی کورتکراوەی سەمبوڵئامێز واتە نووسینی وشە و دەستەواژەکان بە کورتی. کە بە خێرایی ئەنجام دەدرێت، بەڵام پڕ واتایە. ئەم شێوازە لە بنچینەدا گریکییە. ئەوەی "بێرناردشۆ" بە "کورتەنووسی تازە یا سەردەم Current Shorthand" ئەو شێوازەیە، کە فۆنەتیکزان و زمانەوانی ئینگلیزی "هنری سویت" دای هێنا. "سویت" ویستی شێوازی کورتنووسی لە جێگەی نووسین بە درێژی بەکار بێنێت لە زۆر لە حاڵەتەکاندا. ئەگەرچی ئەمە شێوازێکی خێرایە بۆ نووسین، بەڵام بە ئاسانی دەخوێندرێتەوە و حونجەکردنی وشەکان هێندە بە گرنیگ نازانێت، چونکە نووسینەکە پشت بە دەنگەکانی زمان دەبەستێت و بۆ هەموو زمانێک دەشێت.

چاپدانی چوار پێنسی یا شەش پێنسیی لەخۆوە گرتووە و چاپخانەی "کلارندۆن" بڵاوی کردووەتەوە. ئەو پۆستکارتانەی، کە "خاتوو هیگینز" باسیان لێوە دەکات وەک ئەوانەن، کە من لە "سویت"ەوە پێم گەیشتن. دەمویست دەنگێک تەرجەمە بکەم، کە لە دەنگی zerrی کۆکنییەک (لەندەننشینێکی کۆن) و seuی فرەنساییەک پێک هاتووە و پاشان بە جۆرێک لە جۆش و خرۆشەوە بنووسیت، کە ئەو دەنگە چی دەگەیەنێت. "سویت" بە ڕقێکی بێ سنوورەوە بەرامبەر بە دەبەنگیی منەوە، وەڵام دەداتەوە، کە ئەو وشەیە نەک هەر ماناکەی دەگەیەنێت، بگرە خۆی ماناکەیەتی، چونکە هیچ وشەیەکی تر لە هیچ زمانێکی سەر ئەم زەوینەدا، کە قسەی پێ بکرێت، نییە، کە ئەو دەنگەی هەڵگرتبێت و لە سیاقەکەیدا ئەو مانایە ببەخشێت. "سویت" لەگەڵ ئەو کەسانەی، پێویستیان بە بەڵگەی بەهێزتر بوو سەبارەت بەوەی شارەزاییان کەمتر بوو، هەڵی نەدەکرد. بۆیە، هەرچەندە مەبەستی ئەو "کورتنووسیی تازە"یە بەگشتی ئەوەیە، کە بتوانێت هەموو دەنگێک لە زماندا بە تەواوی دەرببڕێت لە بزوێن و نەبزوێن، هەروەها پێویستە هیچ هێڵێک یا نیشانەیەک نەکێشیت تەنیا ئەوانەی ئاسان و بە برەون، کە بۆ نووسینی پیتەکانی وەکو ,m, n, l, u, q بەکار دێن و لەو حاڵەتەیش دەبێ بە پەلە و بە لامسەرلایی بینووسیت لە هەر لایەک، کە ئاسان بێت، بەڵام سووربوونی بێ ئەنجامی "سویت" لەسەر ئەوەی ئەمە بکاتە شتێکی سەرنج ڕاکێش و بیکات بە نووسینێکی روون، کە بە ئاسانی بخوێندرێتەوە، وا دەکات "کورتنووسی"یەکە لە چوارچێوەی بەکارهێنانی خۆیەوە ببێت بە نووسراوێکی شیفرەدار، کە مرۆڤ سەری لێ دەرنەکات. ئامانجی راستەقینەی "سویت" ئەوە بوو، کە

نووسینێکی تەواو و ڕێکوپێک و روون ئامادە بکات بۆ زمانەکەمان، بەڵام بەدەر لەو ئامانجە، "سویت" زۆر بە سووکییەوە سەیری سیستەمی کورتنووسیی "پیتمان"ی دەکرد، کە سیستەمێکی بەناوبانگ بوو، ئەم ناوی نابوو "سیستەمی تەڵە". ئەمەیش پاڵنەرێک بوو بۆ دۆزینەوەی سیستەمێکی تر. سەرکەوتنی "پیتمان" سەرکەوتنی سیستەمێکی بازرگانی بوو. بڵاوکراوەیەکی هەفتانە هەبوو بۆ رازیکردنی خەڵک تا فێری سیستەمی "پیتمان" بن. کتێبی هەرزان و دەفتەری پڕ لە راهێنان و نووسراوەی جیاجیای ئاخاوتن هەبوون، کە بەسەریاندا دەچوویتەوە. لە خوێندنگەکانیشدا، مامۆستای پسپۆڕ و لێهاتوو فێریان دەکردیت تا دەگەیشتیتە ئاستی پێویست لە شارەزایی. "سویت" نەیتوانی بازاڕی خۆی بەم شێوەیە رێک بخات. لەگەڵ ئەوەشدا، دوور نەبوو ببێت بەو پێشبینکەرە ژیرە، کە هەموو ئەو پێشبینییانە پووچەڵ بکاتەوە، کە هیچ کەس گوێیان پێ نادەن. رابەرنامەی چوار یا شەش پێنسی، کە دەسخەتی خۆی لەسەر ئاسن لەخۆ گرتووە و هەرگیز بە شێوازی زمانی بازاڕی بڵاو نەکراوەتەوە، رەنگە لەلایەن دەزگایەکی بازرگانییەوە دەستەبەر بکرێت و بخرێتە بەرچاوی خەڵک وەک چۆن "تایمز" "ئێنسایکلۆپێدیای بریتانیکا"ی خستە بەرچاوی خەڵک. بەڵام هەڵبەت تا ئەو کاتە ئەمە بەسەر "پیتمان"دا زاڵ نابێت. من لە ژیانمدا سێ دانەم لە سیستەمەکەی "سویت" کڕیوە و دەزگاکانی بڵاوکردنەوە ئاگەداریان کردوومەتەوە، کە سیستەمەکە هێشتا دروستە و جێگەی متمانەیە. من بەڕاستی دووجار فێری ئەو سیستەمە بوومە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو شێوازە کورتنووسییەی ئەم چەند دێرەی پێ دەنووسم هی "پیتمان"ە.

هۆکارەکـەیشی ئەوەیە، کـە سکرتێـرەکـەم ناتوانێت بە هـی "سـویت" بنووسـێت سـەبارەت بەوەی بە ناچارییەوە لە خوێندنگەکانی "پیتمـان" فێر کراوە. لە ئەمەریکا، شێوازی کورتنووسـیی "گرێگ"م بەکار هێنا، کە بۆ مـەبەستی بازرگانێتییـەوە رێک خرابوو. ئەویش نیشـانەکانی بە شـێوەیەکی نـاڕاسـتـەوخـۆ لە "سـویت" وەرگرتـووە، چونکە وای کردووە پیـتـەکـانـی بنووسـرێن ("سـویت" بـە "تازە" ناوی دەبردن) لە جـیـاتیی ئەوەی، وەکو هـی "پـیتمـان"، بە شێوەیـەکی ئەندازەیی بکێشـرێن. لەگەڵ ئەوەشـدا، هـەمـوو ئـەو سیسـتـەمـانە، بە هـی "سـویت"یشـەوە، بەوە تێک چوون، کـە بۆ نووسـینـی وشـە بـە وشـە یـا دەقـاودەق بـەکـار هێنران، چونکە مەحـاڵە بتوانیت وشـەکە بە تەواوی و بە وردی حونجە بکەیت یا دابەش بکەیت. نـووسـینی دەنگ بە تەواوی و بـە وردی نە جـێـبـەجێ دەکـرێت لە رووی پراکـتـیکیـیـەوە، نە پێویسـتـیـشـە بۆ بـەکارهێنانی ئاسـایی. لـەگـەڵ ئەوەشـدا، ئەگـەر ئێمـە ئەلفـوبێکـانمان بە قـەوارەی ئەلفـوبێی رووسـی فـراوان بـکەین و حـونجـەکـردنی وشـەکـانمان، وەک زمـانی ئیسپـانیایی، لەگـەڵ دەنگەکانی وشـەکە بگونجێنین، ئەو کاتەکە پێشکەوتنەکە زۆر گەورە دەبێت.

"هیگینز"ی شانۆنامـەی "پیگماڵیەن" وێنەیەک نییـە لە "سویت". ئەگەر ئەو با، هـەرگـیـز لەگـەڵ سـەرکـێـشـیـیـەکـانی "ئەلایزا دوولیـتڵ" هەڵی نەدەکرد. لەگەڵ ئـەوەشدا، وەکو دەردەکەوێت، کاریگەرێتیی "سـویت"ی بەسـەرەوە دیارە لە شـانۆنامـەکەدا. ئەگـەر "سـویت" سروشت و بەژن و بالای "هیگینز"ی دەبوو، کارێکی دەکرد دەبوو هـەر بگێڕدرێتەوە. وەکو رووی دا، بە لێـهـاتـوویـی خـۆی توانی ناوبانگی خـۆی لە ئەوروپادا بڵاو بکـاتەوە، بە رادەیـەک کـەسـایـەتـیـە نادیار و لێـڵـەکـەی، هـەروەها

فەرامۆشکردنی نرخی ناوبانگییەکەی لەلایەن ئۆکسفۆردەوە، بوو بە مەتەڵ بۆ پسپۆڕە بیانییەکان لە بواری بابەتەکەی ئەو. من گلەیی لە ئۆکسفۆرد ناکەم، چونکە پێم وایە ئۆکسفۆرد بە هیچ شێوەیەک بەهەڵەدا نەچووە، کاتێ داوای لە هەموو ئەو کەسانە کرد، کە لەژێر چەتری ئەودا کار دەکەن، لە باری کۆمەلایەتییەوە رووخۆش و زمان شیرین بن (خوا شایەتە ناماقووڵیی نەکردووە لە داوایەکەیدا)، چونکە هەرچەندە من دەزانم، چەندە سەختە بۆ مرۆڤێکی لێهاتوو بە بابەتێکەوە، کە بەڕاستی بە کەمبایەخ بزانرێت، پێوەندییەکی ئاسوودە و خۆش لەگەڵ ئەوانەدا رابگرێت، کە بابەتەکەی بە کەم دادەنێن لە کاتێکدا باشترین پێگە بۆ بابەتی لە هی ئەو ناگرینگتر دادەنێن، کە خۆیان ددانیان بەوەدا ناوە، کە بابەتی نارەسەنن و زۆر شیاوی ئەوان نین، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر بە رق و تووڕەیی و بە سووک سەیرکردن پەرێشانیان بکات، ناتوانێت چاوەڕوان بکات رێزێکی زۆری لێ بنێن.

من کەم لەبارەی فۆنەتیکزانەکانی نەوەی داهاتووەوە دەزانم. لە ناویاندا، "رۆبێرت بریجز"ی هەڵکەوتوو، کە رەنگە "هیگینز" چاکەی ئەوی بەسەرەوە بێت لە هاوسۆزییە میلتۆنییەکەی ئەگەرچی من لێرەدا جارێکی تر پێویستە جار بۆ هیچ لەیەکچوونێک نەدەم. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر شانۆنامەکە خەڵک لەوە ئاگەدار بکاتەوە، کە کەسانێکی وەکو فۆنەتیکزانەکان هەن و لە سەردەمی ئێستادا لە هەموو خەڵکێک گرینگترن لە ئینگلتەرە، ئەوا شانۆنامەکە وەرچەرخانێک جێبەجێ دەکات.

حەز دەکەم شانازی بەوە بکەم، کە "پیگماڵیەن" لە هەموو ئەوروپا و لە ئەمەریکای باکور و هەروەها لە ولاتی خۆشمان سەرکەوتوو بووە، چ

لەسەر تەختەی شانۆ و چ لە سینەما. بەرهەمێکی هێندە چڕ و وردە بۆ فێربوون و بابەتەکەیشی بە رادەیەک سادە و بێ پێچوپەنایە، کە من بە دڵخۆشییەوە بە رووی هەموو ئەو کەسانەی دادەدەم، کە خۆیان بە زیرەک دادەنێن و وەکو تووتی هەر ئەوە دووبارە دەکەنەوە، کە هونەر بە هیچ شێوەیەک نابێت بۆ فێرکردن بێت. ئینجا هەڵوێستەکەی من لەو ململانێیە دەسەلمێنێت، کە هونەری گەورە نابێت لەوە زیاتر هیچ شتێکی تر بێت.

لە کۆتاییدا، بۆ یارمەتیدان و پشتگیریکردنی ئەو خەڵکەی بەهۆی کێشەیان لەگەڵ ئەکسێنتدا، لە هەموو کارێکی گرینگ دابڕاون، دەڵێم، ئەو گۆڕانکارییەی، کە پرۆفیسۆر "هیگینز" بەسەر کچە گوڵفرۆشەکەدا هێنای، نە مەحاڵ بوو نە نائاسایی. کچی کارگوزارێکی ئێستا، کە ئاواتە بەرزەکەی خۆی بەوە جێبەجێ دەکات، رۆڵی شاژنی ئیسپانیا ببینێت لە "رۆی بلەس"[١٧] لەسەر شانۆی ""Theatre Francais[١٨] یەکێکە لە هەزاران ئەو ژن و پیاوانانەی، کە وازیان لە دیالێکتی خۆیان هێناوە و زمانێکی تازەیان بەکار هێناوە. یاریدەری دوکانەکانی "وێست ئێند" و خزمەتکارەکانی ناو ماڵەکان دوو زمان دەزانن. بەهەرحاڵ، پێویستە کارەکە بە شێوەیەکی زانستی جێبەجێ بکرێت ئەگینا دوا پلە و پایەی ئەو کەسەی ئاواتەخوازی بەرزبوونەوەیە لە هی یەکەمی خراپتر دەبێت. دیالێکتی پوختە و سادەی گەڕەکێکی هەژاران زۆر دروستترە لە هەوڵدان بۆ لاساییکردنەوەی چینی دەوڵەمەندەکان بێ ئەوەی هیچ لە

١٧. "رۆی بلەس" درامایەکی تراجیدییە، نووسیاری فەرەنسایی ڤیکتۆر هۆگۆ نووسیویەتی.

١٨. Theatre Francais شانۆی نەتەوەییی فەرەنساییە، کە لە ساڵی ١٦٨٠ دامەزراوە.

باری فۆنەتیکەوە فێر کرابیت. کچە گوڵفرۆشە بەرزخوازەکان، کە ئەم شانۆنامەیە دەخوێننەوە پێویستە ئەوە بخەنە بەرچاوی خۆیانەوە، کە ناتوانن خۆیان وەکو خانمێکی لێهاتوو پێشان بدەن لە رێگەی لاساییکردنەوەی یەکێکەوە، کە هیچ فێر نەکراوە. پێویستە جارێکی تر ئەلفوبێکانی خۆیان لە یەکێکی شارەزا لە بواری فۆنەتیکەوە، بە شێوازێکی جیاواز، فێر بن. لاساییکردنەوە وایان لێ دەکات شایستەی گاڵتەپێکردن بن.

# پیگماڵیەن

سێ تێبینی: یەکەم: ناونیشانی شانۆنامەکە، وەکو من بینیومە، لە کۆوارە کوردییەکان بە "پچمالیۆن" ئاماژەیان بۆ کردووە، بەڵام من پشتم بە شێوەی دەربڕینی ناوەکە بەستووە لە زمانی ئینگلیزی، کە بە دوو شێوە دەردەبڕێت: "پیگمێیلیەن" یان "پیگمێلیەن". لە نێوان ئەم دوو شێوە گوتنەی ناوەکە، "پیگماڵیەن"م بەکار هێناوە، چونکە پێم وایە زیاتر لە زمانی کوردییەوە نزیکە.

دووەم: لە سەرچاوە ئینگلیزییەکەدا لیستی کارەکتەکان نەبوو، من خۆم بۆم دروست کردووە.

سێیەم: هەرچی پەراوێز هەیە لەم کتێبەدا لە ئامادەکردنی خۆمە بەپشتبەستن بە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان.

وەرگێڕ

## کارەکتەرەکان

لایزا: لە سەرەتا بە "گوڵفرۆشەکە" دەناسرێت و پاشان نووسیار بە "لایزا" ئاماژەی بۆ دەکات، بەڵام لە حەیواری نێوان کارەکتەرەکان و تێکستی ڕێنوێنییەکاندا، نووسیار بە "ئەلایزا" ناوی دەبات.

هیگینز: پرۆفیسۆری فۆنەتیکە. لە سەرەتا بە "تێبینینووسەکە" دەناسرێت.

ئاینسفۆرد هیڵ خانم: زیاتر بە "هیڵ خانم" ئاماژەی بۆ دەکرێت، بەڵام لە سەرەتا بە "دایکەکە" دەناسرێت.

کلارا: لە هەندێک شوێن بە "کچەکەی ئاینسفۆرد خانم" ئاماژەی بۆ دەکرێت بەو پێیەی کچی ئەوە. لە سەرەتا هەر بە "کچەکە" دەناسرێت، بەڵام پاشان بە "کلارا".

پیکەرینگ: لە سەرەتای شانۆنامەکەدا بە "جەنتڵمانەکە" دەناسرێت.

فرێدی: کوڕی ئاینسفۆرد هیڵ خانمە و هەندێک جار بە "فریدریک" ناوی دەبرێت.

خاتوو پیرس: خزمەتکارە لە ماڵی هیگینز.

ئەلفرێد دوولیتڵ: باوکی ئەلایزایە. هەر بە "دوولیتڵ" ئاماژەی بۆ دەکرێت.

هیگینز خانم: دایکی هیگینزە.

نیپۆمۆک: یەکەم جار بە "پیاوە ریشدارەکە" دەناسرێت.

هەروەها چەند کارەکتەرێکی تر، کە بۆ ماوەیەکی کورت دەردەکەون، وەکو: "پیاوە نەناسەکە"، "لێخوڕەکە"، "پیاوێکی گاڵتەگێڕ"، "خاتوونە ژاپۆنییەکە"، "کارەکەری ژووری میوان"، خزمەتکارەکە"، "کارەکەری یەکەم تەختاییی سەر پێپلیکانەکان"، "باڵیۆز"، "خێزانی باڵیۆز"، "پۆلیسەکە"، "پۆلیسی دووەم"، هەروەها "لێخوڕی تاکسییەکە".

## بەشی یەکەم

لەندەن. سەعات یازدە و چارەکی شەوە. لێزمەبارانێکی هاوینەیە. فیکەفیکی ئۆتۆمۆبێلەکان دێت، کە بە خێراییەوە بە هەموو لایەکدا دەڕۆن. خەڵکە پیادەکەش بە هەڵەداوان بە دوای داڵدەیەکدا بەرەو هەیوانەکەی کڵێسای "سانت پاوڵ" رادەکەن (نەک کاتەدراڵی "رێن"، بگرە کڵێسای "ئینیگۆ جۆن" لە بازاڕی سەوزەفرۆشەکانی "کۆڤێنت گاردن") دایکێک لەگەڵ کچەکەی، کە هەریەکە و دەستەجلێکی نایابی رەسمیی لەبەردایە، لەناو خەڵکەکەدان. خەڵکەکە بە دڵتەنگییەوە سەیری بارانەکە دەکەن، تەنیا پیاوێک نەبێت، کە پشتی لە خەڵکەکەوە کردووە. بە تەواوی سەرقاڵی نووسینە لە دەفتەری تێبینییەکانیدا. کاتژمێری کڵێساکە زەنگی یازدە و چارەک لێ دەدات"

**کچەکە:** "لە بۆشاییی نێوان دوو دینگەدایە و زیاتر لە دینگەی چەپەوە نزیکە"

لە سەرمانا چۆقەچۆق دەلەرزم. دەبێ فرێدی چی بەسەر هاتبێت؟ خۆ بیست دەقیقە دەبێت رۆیشتووە.

**دایکەکە:** "لەلای راستی کچەکەیەتی"

کاتێکی زۆر بەسەر نەچووە، بەڵام دەبوو تا ئێستا تاکسییەکمان هەر بۆ بێنێت.

**پیاوێکی نەناس:** هەتا سەعات یازدە و نیو هیچ تاکسییەک دەست ناکەوێت. ئەو کاتە بە دوای بینەرەکاندا دێن، کە لە هۆڵی شانۆ

دێنە دەرەوە.

**دایکەکە:** بەڵام ئێمە زۆر پێویستیمان بە تاکسییەک هەیە. ناتوانین هەتا یازدە و نیو لێرە بوەستین. زۆر ناخۆشە.

**پیاوە نەناسەکە:** خۆ خەتای من نییە، خانم.

**کچەکە:** ئەگەر فریدی نەختێک بە دەستوبرد بێت، لە بەردەم هۆڵی شانۆکە یەکێکی دەست دەکەوێت.

**دایکەکە:** ئاخر ئەو داماوە چی بکات؟

**کچەکە:** خەڵکی تر تاکسی پەیدا دەکەن. ئەو بۆ ناتوانێت؟

**فریدی:** "لەوبەری شەقامی ساوثەمتۆن لەبەر بارانەکەوە دەردەکەوێت. بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە نێوان هەردووکیان. چەترەکەی، کە ئاوی لێ دەچۆڕێتەوە، دادەخات. فریدی کوڕێکی گەنجە و تەمەنی بیست ساڵە. دەستەجلێکی جوانی لەبەردایە. قاچ و قوڵی زۆر تەڕ بووە"

**کچەکە:** ها، هیچ تاکسییەکت دەست نەکەوت؟

**فریدی:** تاکسی دەست ناکەوێت، نە بە پارە و نە بە خۆڕایی.

**دایکەکە:** ئۆه، فریدی، دەبێ تاکسییەک هەر پەیدا بکەیت. دیارە هەوڵت نەداوە.

**کچەکە:** زۆر ناخۆشە. ئێ خۆ بە تەمای ئەوە نیت، ئێمە بچین تاکسییەک پەیدا بکەین؟

**فریدی:** پێم گوتی، هەموویان گیراون. بارانەکە زۆر لە ناکاو هات. هیچ کەسێک خۆی بۆ ئامادە نەکردبوو. بۆیە، گشت خەڵکەکە پێویستیان بە تاکسی بوو. من چووم بۆ "چارلینگ کرۆس" و

نزیکەی هەتا لای "لۆدگەیت سێرکس"یش چووم. هەموو تاکسییەکان گیرابوون.

**دایکەکە:** ئەی نەچوویت بۆ "ترافالگەر سکوێر"؟

**فرێدی:** لە "ترافالگەر سکوێر" تەنانەت یەک دانەش نەبوو.

**کچەکە:** سەیرت کرد؟

**فرێدی:** من هەتا وێستگەی "چارلینگ کرۆس" سەیرم کرد. دەتەوێ بچم بۆ "هەمەرسمیث"یش؟

**کچەکە:** تۆ هیچ هەوڵت نەداوە.

**دایکەکە:** بەڕاستی هیچت لەدەست نایە، فرێدی. بڕۆ جارێکی تر هەوڵ بدە. نەگەڕێیتەوە هەتا تاکسییەک پەیدا نەکەیت.

**فرێدی:** لە هیچ و خۆڕا تەڕ دەبم.

**کچەکە:** باشە، ئەدی ئێمە چی بکەین؟ بە درێژاییی ئەم شەوە هەر لێرە، لەبەر تەوژمی ئەم "با"یە بمێنینەوە و هیچ نەکەین؟ بەچکە بەرازی خۆپەرست...

**فرێدی:** ئێ باشە، باش. وا دەچم دەچم.

"چەترەکەی دەکاتەوە. بە خێراییەوە بەرەو شەقامی "ستراند" دەچێت، بەڵام خۆی لە کچێکی گوڵفرۆش دەدات، کە بەدوای پەناگەیەکدا دەگەڕێت. سەبەتە گوڵەکەی دەست کچەکە دەکەوێتە خوارەوە. بریسکەی چەخماخەیەکی زۆر بەشەوق، کە هەورەگرمەیەکی بەدوادا دێت، دۆخەکە رێک دەخاتەوە"

**کچە گوڵفرۆشەکە:** نا، فرێدی بەڕێز. سەیرکە، بزانە بۆ کوێ دەڕۆیت.

**فرێدی:** ببوورە.

"بە پەلە تێ دەپەڕێت"

**کچە گوڵفرۆشەکە:** "گوڵە پەرش و بڵاوەکان هەڵدەگرێتەوە و دەیانخاتەوە ناو سەبەتەکە"

ئەمە رەفتار بوو لەگەڵ من کردت! چەپکە گوڵە وەنەوشەکانی منت خستە ناو قوڕەوە.

"لەژێر دینگەکە دادەنیشێت، لای راستی دایکەکە. گوڵەکان جیا دەکاتەوە"

"بە هیچ شێوەیەک لەوە ناچێت کچێکی رۆمانسی بێت. تەمەنی لە دەوروبەری هەژدە ساڵیدایە. پێ ناچێت لەمە گەورەتر بێت. کڵاوێکی بچووکی لە سەر کردووە، لە پووشی رەش دروست کراوە. ماوەیەکی زۆرە لە تۆز و دووکەڵی لەندەن پاک نەکراوەتەوە. قژی شتنێکی زۆر باشی پێویستە. رەنگە رەشە کاڵەکەی بە زەحمەت وەکو خۆی لێ دێتەوە. چاکەتێکی پەڕپووتی رەشی لەبەردایە. هەتا سەر چۆکی شۆڕ بووەتەوە و شێوەیەکی رێکوپێکی بەخشیوەتە قەد و قامەتی. تەنوورەیەکی قاوەیی و کراسێکی زبری لەبەردایە. پووتەکانی هێندە خراپن بۆ لەپێکردن دەست نادەن. هەڵبەت خۆی هەتا بڵێیت پاک و خاوێنە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ خانمەکانی تر پیس و پەڵۆخە. رەنگ و ڕووی لە هی ئەوان خراپتر نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، مرۆڤ خۆزگە بۆ بارودۆخی ئەوان دەخوازێت. ئەویش پێویستی بە خزمەتگوزاریی پزیشکی ددان هەیە"

**دایکەکە:** تکایە پێم بڵێ، تۆ چۆن دەزانیت کوڕەکەی من ناوی فرێدییە؟

**کچە گوڵفرۆشەکە:** ئەها، چما ئەوە کوڕی تۆیە؟ دەزانی، ئەگەر تۆ وەکو

دایک ئەرکی خۆتت جێبەجێ کردبا، ئەو کاتە ئەویش لەوە باشتر دەبوو، کە گوڵەکانی کچێکی کڵۆڵ تێک بدات و پاشان بێ ئەوەی پارەشم پێ بدات بۆی دەرچێت. تۆ پارەی گوڵەکانم پێ دەدەیت؟

"لێرەدا، پێویستە بەر بۆ ئەم ئاخاوتنە خراپە لە دیالێکتی کچە گوڵفرۆشە بەبێ گوێدانە ئەلفوبێی فۆنەتیک، وەکو دیالێکتێک کە کەس لە دەرەوەی لەندەن تێی ناگات، بەرەڵا بکرێت"[1]

**کچەکە:** بە قسەی ئەو شتی وا نەکەیت.

**دایکەکە:** کلارا تکات لێ دەکەم، ماوەم پێ بدە. "پێنی"[2] ترت لایە؟

**کچەکە:** نەخێر. لە شەش "پەنسی" کەمترم لا نییە.

**کچە گوڵفرۆشەکە:** "بە ئومێدەوە"

دەتوانم شەش پەنسیت بۆ بگۆڕمەوە بە پارەی وردە، خانمی میهرەبان.

**دایکەکە:** "بۆ کلارا"

بمدەرێ.

"کلارا بە نادڵییەوە پێی دەدات"

**دایکەکە:** "بۆ کچە گوڵفرۆشەکە"

هانێ ئەمە پارەی گوڵەکانت.

**کچە گوڵفرۆشەکە:** سوپاس خانمی میهرەبان.

**کچەکە:** با وردەت پێ بداتەوە. ئەم شتانە چەپکێکی بە یەک "پێنی"یە.

**دایکەکە:** کلارا، دەمت داخە.

**کچە گوڵفرۆشەکە:** ئۆه، سوپاس خانم.

**دایکەکە:** ئێستا پێم بڵێ، چۆن ناوی ئەو پیاوە دەزانیت؟

**گوڵفرۆشەکە:** نەمدەزانی.

**دایکەکە:** من گوێم لێ بوو بەناوی خۆی بانگت کرد. هەوڵ مەدە فریوم بدەیت.

**گوڵفرۆشەکە:** "بە توندییەوە"

کێ هەوڵ دەدات تۆ فریو بدات؟ من بەناوی فریدی یان چارڵی بانگم کرد، هەروەک چۆن تۆ خۆت بانگی کەسێک دەکەیت، کە نایناسیت یا دەتەوێ لە بەرامبەریدا خۆت رووخۆش دەرخەیت.

**کچەکە:** شەش پەنس بەفیڕۆ چوو! دایە خۆ دەتتوانی فریدی تووشی ئەم هەڵوێستە نەکەیت.

"بە رقەوە لە پشت دینگەکەوە دەگەڕێتەوە دواوە"

"جەنتڵمانێکی نەختێک بە تەمەن لە چەشنی شەڕوانێکی رووخۆش بە خێراییەوە خۆی دەگەیەنێتە پەناگەکە. چەترەکەی دادەخات. ئاوی لێ دەچۆڕێتەوە. لە هەمان بارە دژوارەکەی فریدیدایە. هەموو لەشی هەتا چۆکی تەڕ بووە. دەستەجلێکی رێکوپێکی لەبەردایە. پاڵتۆیەکی تەنکی لەسەر جلەکانەوە کردووەتە بەر. لە بۆشاییەکەی لای چەپ لە تەنیشت کچەکە دەوەستێت"

**جەنتڵمانەکە:** پەح!

**دایکەکە:** "بۆ جەنتڵمانەکە"

ئۆه، تۆ بڵێی ئەم بارانە نەوەستێت؟

**جەنتڵمانەکە:** دەترسم نەوەستێت. ئەوە دوو خولەکە بەخوڕتر دەبارێت.

"دەچێتە ژێر دینگەکە، لە تەنیشت گوڵفرۆشەکە شوێنێک بۆ خۆی دەکاتەوە. دەچەمێتەوە تا دەلنگی پانتۆڕەکەی هەڵگێڕێتەوە"

**دایکەکە:** ئۆه، گیانەکەم!

"بە دڵتەنگییەوە خۆی دەکشێنێتەوە و دەچێتە لای کچەکەی"

**گوڵفرۆشەکە:** "نزیکبوونەوەی جەنتڵمانە شەڕوانەکە بە هەل دەزانێت بۆ دامەزراندنی پێوەندییەکی دۆستانە"

ئەگەر بەخوڕتر ببارێت، نیشانەی ئەوەیە هێندەی نابات دەوەستێت. بۆیە دڵت خۆش بێ، کاپتن. گوڵێکیش لە کچێکی هەژار بکڕە.

**جەنتڵمانەکە:** ببوورە، پارەی وردەم لا نییە.

**گوڵفرۆشەکە:** من دەتوانم بۆت ورد بکەمەوە، کاپتن.

**جەنتڵمانەکە:** پاوەندێک؟ من لەوە کەمترم لا نییە.

**گوڵفرۆشەکە:** توخوا بیکڕە! دەی گوڵێکم لێ بکڕە، کاپتن. دەتوانم نیو کراونت پێ بدەمەوە. ئەمەیش بە دوو پەنس ببە.

**جەنتڵمانەکە:** ئێستا، کچێکی باش بە و ئەوەندە ماندووم مەکە.

"گیرفانەکانی دەپشکنێت"

بەڕاستی وردەم لا نییە. بوەستە: ئەوەتا سێ نیو پەنس، ئەگەر بە کەڵکی تۆ دێن.

"خۆی بۆ لای دینگەکەی تر دەکێشێتەوە"

**گوڵفرۆشەکە:** "بێئومێد دەبێت، بەڵام بیر لەوە دەکاتەوە، کە سێ نیو پەنسییەکە باشترە لە هیچ"

سوپاس گەورەم.

**پیاوە نەناس:** "بۆ کچە گوڵفرۆشەکە"

ئاگەدار بە، بەو پارەیە گوڵێکی پێ بدە. پیاوێک لە پشت ئێوەیە، هەر قسەیەکی خێردار دەکەیت، ئەو خێرا تۆماری دەکات.

"هەموو خەڵکەکە سەیری ئەو پیاوە دەکەن، کە تێبینی دەنووسێت"

**گوڵفرۆشەکە:** "لە ترسندا رادەچڵەکێت"

من تەنیا قسەم لەگەڵ ئەو جەنتڵمانە کردووە. هیچ شتێکی خراپم نەکردووە. مافی خۆمە گوڵ بفرۆشم ئەگەر خۆم لە لێواری شۆستەکە دوور بخەمەوە.

"بە تووڕەییەوە"

من کچێکی سەنگین و بە ئابڕووم. یارمەتیم بدە. من هەر قسەم لەگەڵ نەکردووە، ئەوە نەبێ، کە داوام لێ کرد گوڵێکم لێ بکڕێت.

"خەڵکەکە، زیاتر بۆ پیشاندانی هاوسۆزی لەگەڵ کچە گوڵفرۆشەکە، دەیکەن بە غەڵبەغەڵب، بەڵام گلەیی ئەوەش لە گوڵفرۆشەکە دەکەن، کە لە ڕادەبەدەر هەستناسکە. هاوار و ناڕەزایی لە چەشنی "مەیکەن بە قیژەقیژ. ئەوە کێ ئازارت دەدات؟ کەس توخنت ناکەوێت. بڕۆ بە ڕێگەی خۆتەوە، لەسەرەخۆ، هێواش... هتد" لە کەسێکی بەتەمەن و سەنگینەوە بەرز بووەوە، کە سەیری دیمەنەکەی دەکرد و بە ئەسپایی دەستی بەپشتی گوڵفرۆشەکەدا دەهێنا بۆ دڵدانەوەی. ئەوانەی، کە کەمتر دەتوانن ددان بە خۆیاندا بگرن، داوای لێ دەکەن

دەمی دابخات یان لێی دەپرسن ئاخۆ چییەتی. کۆمەڵە خەڵکێک، لە دوورەوە، کە نازانن مەسەلەکە چییە، دەیکەن بە قەرەباڵغی و غەڵبەغەڵبەکە زیاتر دەکەن لە ڕێگەی پرسیارکردن و وەڵامدانەوەی وەکو: "ئەو دەمەقاڵێیە چییە؟ ئەو کچە چ بەزمێکی نایەوە؟ کوا پیاوەکە؟ پۆلیسێک قسەکانی کچەکە تۆمار دەکات. چی! ئەو پیاوە؟ بەڵێ، ئەو جەنتڵمانەی ئەوێ: پارەی لە جەنتڵمانەکە سەندووە... هتد"

**گوڵفرۆشەکە:** "بەناو حەشاماتەکەدا خۆی دەگەیەنێتە لای جەنتڵمانەکە. بە کوڵ دەگری"

ئۆه، گەورەم، مەهێڵە تاوانم بخەنە پاڵ. تۆ نازانیت بۆ من چەندە قورسە. ئەوان ریسوام دەکەن و بەناو شەقامەکاندا دەمگێڕن هەر لە بەرئەوەی، کە لەگەڵ جەنتڵمانێک قسەم کردووە. ئەوان...

**تێبینینووسەکە:** "لەلای راستەوە دێت بۆ لای گوڵفرۆشەکە. خەڵکەکەی تر لە پشت ئەوەوە قەرەباڵغی دروست دەکەن"

ئەوەتا! ئەوەتا! ئەوەتا! کێ ئازارت دەدات، کچێ هەی بێ مێشک؟ تۆ من بە چی تێ دەگەیت؟

**پیاوە نەناسەکە:** ئەو جەنتڵمانە پیاوێکی ماقووڵە. سەیری پێڵاوەکانی بکە.

"بۆ تێبینینووسەکە روون دەکاتەوە"

بەڕێز، ئەم کچە وا دەزانێت، کە تۆ پۆلیسێکی سیخوڕیت.

**تێبینینووسەکە:** "زۆر بە بایەخپێدانەوە"

سیخوڕی پۆلیس چییە؟

**پیاوە نەناسەکە:** "لە پێناسەکردنەکەدا زۆر لێزان نییە"

ئا، دەتوانیت وا ناوی بنێیت، سیخوڕی پۆلیسە. ئەی چ ناوێکی تری لێ دەنێیت؟ جۆرێکە لە سیخوڕ.

**گوڵفرۆشەکە:** "هێشتا هەر هەڵچووە"

من بە ئینجیل سوێند دەخۆم، هیچ قسەیەکم نەکردووە...

**تێبینینووسەکە:** "سام دەنوێنێت، بەڵام رووخۆشە"

ئێ، دە بێدەنگ بە. بیبڕەوە. من لە پۆلیس دەچم؟

**گوڵفرۆشەکە:** "هێشتا دڵنیا نییە"

ئەی کەواتە بۆچی قسەکانی منت تۆمار کرد؟ من چۆن لەوە دڵنیا بم، کە قسەکانی منت، بەڕاستی وەک خۆی، نووسیوە؟ تەنیا پێشانم بدە بزانم چیت لەبارەی منەوە نووسیوە.

**تێبینینووسەکە:** "دەفتەرەکەی دەکاتەوە و رێک لەبەر لووتی گوڵفرۆشەکە رای دەگرێت ئەگەرچی پاڵەپەستۆی ئەو خەڵکەی، کە لە پشت ئەوەوە هەوڵ دەدەن بیخوێننەوە، مرۆڤی بێ ئارام پەست دەکەن"

**گوڵفرۆشەکە:** ئەمە چییە؟ ئەم نووسینە تەواو نییە من نازانم بیخوێنمەوە.

**تێبینینووسەکە:** من دەزانم.

"بە هەمان شێوازی دەربڕینی کچە گوڵفرۆشەکە، دەیخوێنێتەوە" دڵی خۆت خۆش کە و گوڵێک لە کچێکی هەژار بکڕە.[٣]

**گوڵفرۆشەکە:** "زۆر دڵتەنگە"

ئەوە هەر لەبەر ئەوە بوو بە کاپتن بانگم کرد. ئێ خۆ هیچ

نیازێکی خراپم نەبوو.

"بۆ جەنتڵمانەکە"

گەورەم، ماوە مەدە لەبەر وشەیەکی ئاوا تاوانبارم بکەن. تۆ...

**جەنتڵمانەکە:** تاوان! من تاوان ناخەمە پاڵ تۆ.

"بۆ تێبینینووسەکە"

بەڕاست، گەورەم، ئەگەر تۆ سیخوڕیت، پێویست ناکات بەرگری لە من بکەیت لە بەرامبەر دەستدرێژیکردنێک، کە لەلایەن ئافرەتێکی گەنجەوە بێت، تەنیا ئەگەر خۆم داوا بکەم. هەموو کەسێک دەزانێت، کە ئەم کچە هیچ نیازێکی خراپی نەبووە.

**خەڵکەکە بە گشتی:** "دژی پۆلیسە سیخوڕەکە دەوەستن"

هەڵبەت هەموو کەسێک ئەمە دەزانێت. تۆ کارت چییە؟ ئاگەداری کاری خۆت بە. دەیەوێ پلەی بۆ بەرز بکەنەوە، بۆیە وا دەکات. قسەی خەڵک تۆمار دەکات! ئەم کچە قسەیەکی پێ نەگوتووە. زیانێکی پێ گەیاندووە؟ شتێکی ناشیرینە کچێک لە کاتی باران باریندا نەتوانێت بچێتە پەناگەیەک بێئەوەی قسەی سووکی پێ بگوترێت... و... و... ئیتر.

"خەڵکەکە زیاتر هاوسۆزیی خۆیان بۆ کچەکە دەردەبڕن. ئەمەیش وا لە کچەکە دەکات بگەڕێتەوە بۆ ژێر دینگەکە و شوێنەکەی خۆی بەدەست بێنێتەوە. هەوڵ دەدات لە هەڵچوونەکەیدا ئارام بێتەوە"

**پیاوە نەناسەکە:** ئەو پیاوە سیخوڕ نییە، بەڵام زۆر دەست دەخاتە ناو کاروباری خەڵکەوە. هەر ئەوەیە و هیچی تر. بڕوام پێ بکەن. سەیری پووتەکانی بکەن!

**تێبینینووسەکە:** "بە رووخۆشییەوە بەرپەرچی دەداتەوە"

ئەی خەڵکی شارەکەی تۆ، شاری سەلسی، چۆنن؟

**پیاوە نەناسەکە:** "بە گومانەوە"

کێ بە تۆی گوتووە من خەڵکی "سەلسی"م؟

**تێبینینووسەکە:** گرینگ نییە. ئەوان وا دەکەن.

"بۆ گوڵفرۆشەکە"

باشە، چۆن بوو ئاوا بەرەو رۆهەلاّت هاتیت؟ تۆ خۆت لە "لیسۆن گرۆڤ" لەدایک بوویتە.

**گوڵفرۆشەکە:** "زۆر حەپەساوە"

بۆ، زیان بە کێ دەگەیەنم ئەگەر "لیسۆن گرۆڤ" جێ بێڵم؟ بەرازیش ناتوانێت لەوێ بژیت. دەبوو هەر هەفتەیەک چوار پاوەند و شەش سەنت بدەم.

"دەگری"

ئهوو... ئهوو... ئهوو

**تێبینینووسەکە:** لە هەر کوێ دەتەوێت، دەتوانیت بۆ خۆت لەوێ بژیت، بەلاّم ئەو غەڵبەغەڵبە مەکە.

**جەنتڵمانەکە:** "بۆ گوڵفرۆشەکە"

تکایە بەسیەتی، ئەو ناتوانێت ئازارت بدات. تۆ مافی ئەوەت هەیە، لە هەر کوێ بتەوێت، لەوێ بژیت.

**پیاوێکی گاڵتەگێڕ:** "خۆی دەخاتە نێوان تێبینینووسەکە و جەنتڵمانەکەوە"

بۆ نموونە لە پارک لەین[٤]. منیش حەز دەکەم باسی دۆزینەوەی

خانوو لەگەڵ تۆدا بکەم، بەڕاستی حەز دەکەم.

**گوڵفرۆشەکە:** "بەرەبەرە دڵتەنگییەک دای دەگرێت. لە بەردەم سەبەتە گوڵەکەیەوە بە خەمبارییەوە لەبەر خۆیەوە قسە دەکات"

من کچێکی رەوشت چاکم. کچێکی باشم.

**پیاوە گاڵتەگێڕەکە:** "ئاگای لە گوڵفرۆشەکە نییە"

دەزانیت من خەڵکی کوێم؟

**تێبینینووسەکە:** "یەکسەر وەڵام دەداتەوە"

هاکستن.

"دەیکەن بە تریق و هۆڕی پێکەنین. رەفتاری تێبینینووسەکە زیاتر سەرنجی خەڵکەکە رادەکێشێت"

**پیاوە گاڵتەگێڕەکە:** "سەرسامە"

باشە، کێ دەڵێ من خەڵکی ئەوێ نیم؟ باوەڕ بکە، تۆ هەموو شتێک لەبارەی منەوە دەزانیت. هەموو شتێک.

**گوڵفرۆشەکە:** "هێشتا هەستی بریندارە و هەوڵ دەدات خۆی ئارام بکاتەوە"

پێویست ناکات خۆت لە کاروباری من هەڵقورتێنیت. ئەو وانییە°.

**پیاوە نەناسەکە:** "بۆ گوڵفرۆشەکە"

هەڵبەت وانییە. هەڵوێستی لە بەرامبەردا وەرمەگرە.

"بۆ تێبینینووسەکە"

سەیرکە: تۆ دەتەوێت چ نهێنییەک لەبارەی ئەو خەڵکەوە بزانیت، کە دەست لە کاروباری تۆدا وەرنادەن؟

**گوڵفرۆشەکە:** وازی لێ بێنە، چی دەڵێت با بیڵێت. من نامەوێ دەست بخەمە ئیشوکاری ئەو.

**پیاوە نەناسەکە:** تۆ ئێمە بە خاک و خۆڵی ژێر پێت دەزانیت، وانییە؟ دەبینم بە ناشیرینی لەگەڵ جەنتڵمانێک رەفتار دەکەیت!

**پیاوە گاڵتەگێڕەکە:** بەڵێ، ئەگەر دەتەوێت ببیت بە فاڵچی، پێی بڵێ، خەڵکی کوێیە.

**تێبینینووسەکە:** چێڵتنهام، هاراو، کامبەریچ، هەروەها هیندستان.

**جەنتڵمانەکە:** زۆر راستە.

"تریق و هۆڕی پێکەنین. هەڵوێستی خەڵکەکە بە تەواوی بە قازانجی تێبینینووسەکە دەکەوێتەوە. خەڵکەکە سەرسامیی خۆیان بە شێوەی جیاجیا دەردەبڕن، وەک: هەموو شتێک لەبارەی ئەوەوە دەزانێت. راستی پێ گوت. گوێت لێ بوو چۆن زانی ئەرستۆکراتەکە خەڵکی کوێیە... هتد"

گەورەم دەتوانم بپرسم، ئاخۆ تۆ ئەم کارە بۆ بژێویی ژیانت لە هۆڵی مۆسیقا و شانۆدا دەکەیت؟

**تێبینینووسەکە:** بیرم لەمە کردووەتەوە. دوور نییە رۆژێ لە رۆژان وا بکەم.

"بارانەکە دەوەستێت. ئەو خەڵکەی، کە دوور لە قەرەباڵغییەکە وەستاون، بەرەبەرە شوێنەکە چۆڵ دەکەن"

**گوڵفرۆشەکە:** "بە هەڵوێستی خەڵکەکە پەستە"

ئەمە جەنتڵمان نییە. بۆی نییە کچێکی هەژار پەست بکات.

**کچەکە:** "توورەیە. بە هەموو هێزیەوە پاڵ بە خەڵکەکەوە دەنێت بۆ

پێشەوە و جەنتڵمانەکەش لە شوێنی خۆی لادەبات. ئەویش بە نەزاکەتەوە دەچێتە لاکەی تری دینگەکە"

ئاخر پێم ناڵێیت، فریدی چی دەکات؟ ئەگەر زیاتر لێرە بمێنینەوە، تووشی "نۆماونیا" دەبم[٦].

**تێبینینووسەکە:** "بە خێراییەوە وشەکە، وەک چۆن کچەکە دەری دەبڕێت، ئاوا دەینووسێتەوە"

"لەبەرخۆیەوە"

ئیرڵ سکۆت.

**کچەکە:** بێ زەحمەت، ئەو تێبینییە بێ مانایانە بۆ خۆت بنووسەرەوە.

**تێبینینووسەکە:** بۆ، من بە دەنگی بەرزەوە دەرم بڕی؟ مەبەستم نەبوو، ببوورە. هەڵبەت دایکت خەڵکی "ئیپسۆم"ە.

**دایکەکە:** "دەچێتە نێوان کچەکە و تێبینینووسەکەوە"

چەندە بە دوای شتدا دەچیت. من لە "لارج لەیدی پارک" گەورە بوومە، لە نزیک "ئیپسۆم".

**تێبینینووسەکە:** "بە دەنگێکی بەرزەوە پێ دەکەنێت"

هاهاها، چەندە ناوێکی ناشیرینە! ببوورە.

"بۆ کچەکە"

تاکسیت پێویستە، وا نییە؟

**کچەکە:** بەم جورئەتەوە قسە لەگەڵ من مەکە!

**دایکەکە:** نا، کلارا، تکات لێ دەکەم.

"کچەکە بە تووڕەییەوە شانی هەڵدەتەکێنێت و وازی لێ دێنێت. بە قێزەوە خۆی دەکشێنێتەوە"

گەورەم، ئێمە زۆر سوپاست دەکەین ئەگەر تاکسییەکمان بۆ بدۆزیتەوە.

**تێبینینووسەکە:** "فیکەیەک دەکات"

**دایکەکە:** سوپاست دەکەم.

"دەچێتە لای کچەکەی"

**تێبینینووسەکە:** "فیکەیەکی بەهێزتر دەکات"

**پیاوە گاڵتەگێڕەکە:** سەیرکە! من زانیم ئەو پیاوە پۆلیسی نهێنییە.

**پیاوە نەناسەکە:** ئەمە فیکەی پۆلیس نییە، فیکەی وەرزشە.

**گوڵفرۆشەکە:** "هێشتا هەستبریندارببوونەکە بەری نەداوە"

ئەو مافی ئەوەی نییە ئابڕووم ببات. من وەکو هەر خانمێک بەئابڕووم.

**تێبینینووسەکە:** نازانم ئێوە سەرنجتان دا یان نا: نزیکەی دوو خولەک پێش ئێستا بارانەکە وەستا.

**پیاوە نەناسەکە:** ئەها، کەواتە وەستا. ئەی بۆ زووتر وات نەگوت؟ ئەو کاتەمان بەخۆڕایی بەفیڕۆ دا، کە گوێمان بۆ قسە بێ ماناکانی تۆ راگرت!

"بەرەو شەقامی "ستراند" دەڕوات"

**پیاوە گاڵتەگێڕەکە:** من دەزانم تۆ خەڵکی کوێیت. خەڵکی "ئانوێڵ"یت. بگەڕێوە بۆ ئەوێ.

**تێبینینووسەکە:** "بە سوودوەرگرتن لە قسەکەی ئەو"

"هانوێڵ"[٧].

**پیاوە گاڵتەگێڕەکە:** "جیاوازییەکی زۆر لە قسەکردن پێشان دەدات"

سپاس، مامۆستا. کوو کوو! ئەوەندە دوور![8]

"دەست بۆ شەپقەکەی دەبات بۆ پێشاندانی ڕێزلێنانێکی بەدرۆ و لەسەرەخۆ دەڕوات"

**گوڵفرۆشەکە:** بەم شێوەیە خەڵک دەترسێنێت! ئەی خۆی چۆنی لا خۆشە؟

**دایکەکە:** کلارا، ئێستا زۆر خۆشە. دەتوانین بە پێ بچین بۆ لای پاسەکە. با بڕۆین.

"تەنوورەکەی لەسەر ئەژنۆیدا ڕێک دەخات و بە خێراییەوە بەرەو شەقامی "ستراند" دەچێت".

**کچەکە:** ئەی تاکسییەکە...

"دایکی گوێی لێ نابێت"

ئۆی، چەندە ناخۆشە!

"بە تووڕەیییەوە دوای دایکی دەکەوێت"

"هەموو خەڵکەکە دەڕۆن تەنیا تێبینینووسەکە و جەنتڵمانەکە و گوڵفرۆشەکە دەمێننەوە"

**گوڵفرۆشەکە:** "دادەنیشێت و سەبەتە گوڵەکەی ڕێک دەخاتەوە. هێشتا لەژێر لێوەوە داخ بۆ خۆی دەخوات"

کچێکی داماو، زۆر زەحمەتە بتوانێت بژیت بێ ئەوەی کەسێک بێزاری بکات یا تەشقەڵەی پێ بکات.

**جەنتڵمانەکە:** "دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی لەلای چەپی تێبینینووسەکە"

ئەگەر ماوەم بدەن دەپرسم: چۆن کارەکەی خۆت دەکەیت؟

**تێبینینووسەکە:** تەنیا بە فۆنەتیک. بە زانستی دەنگ لە زمان. ئەمە

پیشە و هەروەها خولیای منە. ئەو کەسەی بژێویی خۆی لە ڕێگەی خولیاکانی خۆیەوە دابین دەکات، کەسێکی بەختەوەرە. تۆ دەتوانیت کەسێکی ئیرلەندی یا خەڵکی "یۆرکشایەر" لە ڕێگەی شێوەزارەکەیەوە دەستنیشان بکەیت؟ من دەتوانم. لە چوارچێوەی شەش میلەوە دەتوانم بزانم کەسەکە خەڵکی کوێیە. لە لەندەن لە چوارچێوەی دوو میلەوە دەستنیشانی شوێنەکەی دەکەم. خۆ هەندێک جار لە نێوان دوو شەقامدا دەزانم خەڵکی کامەیانە.

**کچە گوڵفرۆشەکە:** پێویستە شەرم لە خۆی بکاتەوە، ئەو ترسنۆکە ناپیاوە!

**جەنتڵمانەکە:** بەڵام ئاخۆ ئەمە بژێویی ژیانت دابین دەکات؟

**تێبینینووسەکە:** ئا، بەڵێ. زۆر بەبرەوە. ئەم سەردەمە سەردەمی ئەوانەیە، کە تازە دەوڵەمەند دەبن. خەڵک هەن لە "کێنتش" سالانە بە هەشتا پاوەند دەستیان پێ کرد. پاشان لە "پارک لەین" سالانەیان گەیشتە سەد هەزار. دەیانەوێت مۆرکی شاری "کێنتش" ببڕێننەوە، بەڵام هەر جارەی زار بکەنەوە، خۆیان ئاشکرا دەکەن. ئێستا دەتوانم فێریان بکەم...

**گوڵفرۆشەکە:** با ئاگەداری ئیشوکاری خۆی بێت و واز لە کچێکی هەژار بێنێت...

**تێبینینووسەکە:** "بە هەڵچوونەوە"

گوێ بگرە کچێ: فنگەفنگی ئەم گریانە قۆڕەت بوەستێنە، ئەگەرنا بڕۆ بۆ خۆت پەناگەیەکی تر بدۆزەرەوە، ڕێز و خۆشەویستیی تێدا بێت.

**گوڵفرۆشەکە:** "بە کەمێک بەرهەڵستکردنەوە"

من مافی ئەوەم هەیە لێرە بم ئەگەر خۆم بمەوێت، رێک وەکو تۆ.

**تێبینینووسەکە:** ئەو ژنەی، کە شێوەی دەربڕینی ئاخاوتنەکانی ئاوا قێزەون و ناخۆش بێت، مافی ئەوەی نییە لە هەموو شوێنێک بێت. بیرت نەچێت، تۆ مرۆڤیت و رۆحت هەیە هەروەها بەهرەیەکی خواییشت هەیە لە ئاخاوتن، کە زمانپاراوییە. زمانی یەکەمی تۆ زمانی شەکسپیر و میڵتنە. زمانی ئینجیلە: بۆیە لەوێ دامەنیشە، وەکو کەسێکی ساویلکەی تووڕە و تڕۆ بنووزێیتەوە.

**گوڵفرۆشەکە:** "زۆر پەرێشانە. سەیری تێبینینووسەکە دەکات بۆ ئەوەی زات بکات سەری هەڵبڕێت. سەیرکردنەکەی نارەزایی و سەرسامیی پێوە دیارە"

ئاه ئاه ئاه ئۆو ئۆو ئۆو وۆ!

**تێبینینووسەکە:** "دەفتەرەکەی دەردێنێت"

ئەی خوایە! ئەمە چ دەنگێکە!

"دەیانووسێتەوە. پاشان دەفتەرەکەی رادەگرێت و دەیانخوێنێتەوە. دەنگە بزوێنەکانی گوڵفرۆشەکە وەکو خۆیان دووبارە دەکاتەوە"

ئاه ئاه ئاه ئۆو ئۆو ئۆو وۆ!

**گوڵفرۆشەکە:** "لاساییکردنەوەکەی بە دڵە. سەرەڕای پەرێشانییەکەی، پێ دەکەنێت"

قسەی قۆڕ!

**تێبینینووسەکە:** سەیرکە ئەم بنیادەمە ئینگلیزییەکەی چەندە لەنگە:

هەتا لە ژیاندا مابێ، لە سایەی ئەم ئینگلیزییەیدا، هەر لە پەراوێزدا دەبێت. باشە، گەورەم، من لە ماوەی سێ مانگدا دەتوانم وا لەو کچە بکەم شیاوی ئەوە بێت لە ئاهەنگی ناو باخچەی باڵیۆزێکدا ببێت بە شازادە. خۆ دەتوانم پلەیەکی وەکو یاریدەری دوکانداریێک یا کەنیزەی خانمێکی بۆ مسۆگەر بکەم، کە پێویستیان بە ئینگلیزییەکی باش هەیە.

**گوڵفرۆشەکە:** ئەوە تۆ چی دەڵێیت؟

**تێبینینووسەکە:** بەڵێ، تۆ ئابڕووت نییە. تۆ لە بەرامبەر هونەری نایابی تەلارسازیی ئەم دینگانەدا مایەی شەرمەزاریت. تۆ نموونەیەکی زیندووی ریسواکردنی زمانی ئینگلیزیت. من دەمتوانی دوایی بەمانە بێنم و بتکەم بە شاژنی سەبەء[9].

"بۆ جەنتڵمانەکە"

تۆ بڕوام پێ دەکەیت؟

**جەنتڵمانەکە:** هەڵبەت بڕوات پێ دەکەم. من خۆم دیالێکتەکانی زمانی هیندی دەخوێنم و...

**تێبینینووسەکە:** "بە پەرۆشەوە"

بەڕاست؟ کۆڵۆنێڵ "پیکەرینگ" دەناسیت، کە کتێبی "ئاخاوتن بە سانسکریتی" نووسیوە؟

**جەنتڵمانەکە:** من کۆڵۆنێڵ پیکەرینگم. تۆ کێیت؟

**تێبینینووسەکە:** "هنری هیگینز" نووسیاری کتێبی "ئەلفوبێی جیهانیی هیگینز".

**پیکەرینگ:** "بە پەرۆشەوە"

من له هیندستانەوە هاتووم تا چاوم بە تۆ بکەوێت.

**هیگینز:** من نیازم وابوو بێم بۆ هیندستان بۆ بینینی تۆ.

**پیکەرینگ:** له کوێ دەژیت؟

**هیگینز:** شەقامی ویمپۆڵ ٢٧٤. بەیانی وەرە لەوێ بمبینە.

**پیکەرینگ:** من له "کارڵتۆن"م. ئێستا وەرە لەگەڵ من با بەیەکەوە نانی ئێوارە بخۆین و بۆ خۆمان قسە بکەین.

**هیگینز:** قسەکەت له جێگەی خۆیەتی.

**پیکەرینگ:** "بەلای گوڵفرۆشەکەدا تێ دەپەڕێت"

**گوڵفرۆشەکە:** "بۆ پیکەرینگ"

گوێ بگرە، جەنتڵمانی میهرەبان. کرێی خانووم لێ بڕاوە.

**پیکەرینگ:** من بەڕاستی پارەی وردەم لا نییە. ببوورە.

"دەڕوات"

**هیگینز:** "دڕۆی گوڵفرۆشەکە تووشی حەپەسانی دەکات"

دڕۆزن. تۆ گوتت دەتوانیت نیو کراون ورد بکەیتەوە.

**گوڵفرۆشەکە:** "بە نائومێدییەوە هەڵدەستێتە سەرپێ"

تۆ پێویستە هەموو گیانت بە دەرزی کوت بکرێت.

"بە توندییەوە بە پێ لە سەبەتەکە هەڵدەدات"

هەموو سەبەتە گوڵەکە بە شەش پەنس بۆ خۆت ببە.

"کاتژمێری کڵێساکە زەنگی یازدە و نیو لێ دەدات"

**هیگینز:** "هەست دەکات زەنگەکە دەنگی دێ و بە توندی گلەی لێ دەکات چونکە وەکو پێویست کارێکی چاکی لەگەڵ گوڵفرۆشەکە نەکردووە[١٠]"

ئەوە بیرم دێنێتەوە.

"شەپقەکەی بە شکۆوە بەرز دەکاتەوە. مشتێک پارە دەخاتە ناو سەبەتەکە و دوای "پیکەرینگ" دەکەوێت"

**گوڵفرۆشەکە**

"نیو کراون هەڵدەگرێت"

ئاه ئۆو ئۆۆه!

"دوو فلۆرین[11] هەڵدەگرێت"

ئاااه ـ ئۆو ـ ئۆۆه

"هەندێک پارەی وردە هەڵدەگرێت"

ئااااااااه ـ ئۆو ـ ئۆوه

"نیو سۆڤەرین[12] هەڵدەگرێت"

ئاااااااااااه ـ ئۆو ـ ئۆوه

**فرێدی:** "لە تاکسییەکە خۆی هەڵدەداتە خوارەوە"

دواجار یەکێکم دەست کەوت. ئەرێ!

"بۆ گوڵفرۆشەکە"

ئەرێ ئەو دوو خانمەی لێرە بوون، بۆ کوێ چوون؟

**گوڵفرۆشەکە:** کە بارانەکە وەستا، بۆ لای پاسەکە چوون.

**فرێدی:** من تاکسیم بۆ هێناون، ئەوانیش منیان بەجێ هێشت. دەک بە لەعنەت بن!

**گوڵفرۆشەکە:** "بە فیزێکەوە"

گوێ مەدەرێ کوڕی قۆز. من بە تاکسی دەچم بۆ ماڵەوە.

"خێرا بەرەو تاکسییەکە دەچێت. لێخوڕەکە دەستی بۆ

دەرگەکەی پشتەوە دەبات و بە توندی بە رووی گوڵفرۆشەکەدا دای دەخات. گوڵفرۆشەکە لە بێ متمانەییی ئەو تێ دەگات. بۆیە مشتێک پارەی پێشان دەدات"

کرێی تاکسی بۆ من مایەی نیگەرانی نییە، چارلی[١٣].

"زەردەخەنەیەک دای دەگرێت و دەرگەکە دەکاتەوە"

باشە، ئەی سەبەتەکە؟

**لێخوڕەکە:** بیهێنە ئێرە. دوو پەنسی زیادەیشم بدەرێ.

**لایزا:** نانا، نامەوێت هیچ کەسێک بیبینێت.

"نەختێک گرمۆڵەی دەکات و لەگەڵ خۆی دەیخاتە ناو تاکسییەکە. لە پەنجەرەکەوە لەگەڵ فرێدی قسەکانی تەواو دەکات"

ماڵئـــــــاوا، فرێدی.

**فرێدی:** "بەسەرلێشێواوییەوە شەپقەکەی بەرز دەکاتەوە"

ماڵئـــــاوا.

**لێخوڕەکە:** بۆ کوێ؟

**لایزا:** بۆ باکنام پێلز (بەکینگهام پەڵەس)

**لێخوڕەکە:** مەبەستت لە بەکنام پێلز، کوێیە؟

**لایزا:** نازانیت لە کوێیە؟ لە "گرین پارک"ە، ئەو شوێنەی، کە پاشا تێیدا دەژیێ. ماڵئـــاوا، فرێدی. با زۆر لەوێ نەوەستیت، ماڵئـــاوا.

**فرێدی:** ماڵئـــاوا.

"دەڕوات"

**لێخوڕەکە:** لەم کاتەدا؟

چی هەیە لە بەکنام پێلز؟ تۆ چ کارت لە بەکنام پێلز هەیە؟

**لایزا:** هەڵبەت هیچ کارم نییە، بەڵام نەمویست ئەو بزانێت. تۆ بمبەرە ماڵەوە.

**لێخوڕەکە:** ماڵت لە کوێیە؟

**لایزا:** لە "ئەنگڵ کـۆرت، درووری لەین"ە، نزیک دوکـانی روونگۆڕی "مایکڵ جۆنز"

**لێخوڕەکە:** هەر هەمان شتە، جوودی[١٤].

"بەڕێ دەکەوێت"

*"با ئێمەش لەگەڵ تاکسییەکە بچین هەتا دەروازەی "ئەنگڵ کـۆرت"، کە دەروازەیەکی تەسکی ژێر تاقێکە لە نێوان دوو دوکاندا. یەکێکیان دوکانی روونگۆڕی "مایکڵ جۆن"ە. تاکسییەکە لەوێ دەوەستێت. ئەلایزا دادەبەزێت و سەبەتە گوڵەکەیشی لەگەڵ خۆیدا دادەگرێت"*

**لایزا:** کرێکە دەکاتە چەند؟

**لێخوڕەکە:** "کرێژمێری تاکسییەکە پێشانی لیزا دەدات" نازانیت بیخوێنیتەوە؟ یەک شلنگ.

**لایزا:** یەک شلنگ بۆ دوو خولەک!

**لێخوڕەکە:** دوو خولەک بێت یان دە خولەک، هەر هەمان شتە.

**لایزا:** بەڕاستی من ئەمە بە راست نازانم.

**لێخوڕەکە:** پێشتر تاکسیت گرتووە؟

**لایزا:** "بە کەشوفشەوە"

سەدجار، هەزارجار، کوڕی باش.

**لێخوڕەکە:** "پێی پێ دەکەنێت"

ئێ، باشە، جوودی. ئەو شڵنگە بۆ خۆت هەڵگرە، ئازیزەکەم. ئەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستیم بۆ ماڵەوە هەیە. سەرکەوتوو بیت.

"لێ دەخوڕێت"

**لایزا:** "هەست بە تەریقبوونەوە دەکات"

کەللەڕەق!

"سەبەتەکەی هەڵدەگرێت و بە خۆبەکێشکردنەوە بە کۆڵانەکەدا دەڕوات بۆ ماڵەکەی خۆی: ژوورێکی بچووکە، هەندێک کۆنەکاغەز، کە لە دیوارەکاندا گیراون، بە شل و خاوییەوە لە شوێنە شێدارەکاندا بە دیوارەکاندا شۆڕ بوونەتەوە. مینا شکاوەکەی پەنجەرەکە کاغەزی تێ گیراوە. تابلۆی ئەکتەرێکی ناودار لەگەڵ وێنەیەکی جلوبەرگی نوێباوی ژنان، بە نارێکییەوە بە دەرزیی سەرخڕ بە دیوارەکەوە ڕاگیراون. قەفەسێکی باڵندە بە پەنجەرەکەوە هەڵواسراوە، بەڵام باڵندەکەی ناوی زەمانێکی دوور و درێژە مردووە. قەفەسەکە هەر بۆ یادگاری ماوەتەوە. هەندێک کەلوپەل، کە مرۆڤ لە ژیاندا پێویستی پێیانەوە نییە، بەرچاو دەکەون. ئەوانی تر کەمترین ئەو پێداویستییانەن، کە خەڵکی هەژار پێویستی پێیانە: شرە قەریۆلەک. چەندان پێخەفی لەسەر کەڵەکە کراوە. هەندێکیان تینی گەرمیان هەیە. سندووقێک بە قوماش داپۆشراوە. تەشتێک، مەسینەیەکی لەبەر دانراوە. ئاوێنەیەکی بچووکی بەسەرەوەیە. کورسییەک و مێزێک. پاشڕۆی مەتبەخێکی لادێیانە. کاتژمێرێکی زەنگداری ئەمەریکایی لەسەر ڕەفکەکە دانراوە، ڕێک لە ژوور کۆنە

ئاگـــردانەکــەدایە. هـەمــوو ژوورەکــە بە چرایەکی گـــاز رووناک بووەتەوە دوای ئـەوەی پەنسـێک خـراوەتە درزی مـەکـینـەکـەوە. کرێی ژوورەکە: چوار شڵنگە بۆ هەر هەفتەیەک".

*"ئەلایزا، ماندووە. بە رادەیەک شڵەژاوە، کە ناتوانێت بخەوێت. دادەنیشێت. پارەکەی دەژمێرێت. بیر دەکاتەوە. پلان دادەنێت، چۆن سەرفیان بکات. چراکە دەکوژێتەوە، ئینجا پەنسێکی تر دەخاتە درزی مەکینەکەوە بێ ئەوەی چاوی بە دوایەوە بێت. ئەم دڵفراوانییەی ئەو، ئارەزووی دەوڵەمەندبوونی بەو رادەیە دانامرکێنێتەوە، کە ماوەی پێ نەدات لەسەر جێگە بیر لە پلاندانان و خەونەکانی بکاتەوە، زیاتر لەوەی بەبێ ئاگر دانیشێت. بۆیە، تەنوورە و شاڵەکەیشی دەخاتە سەر پێخەفە هەمەڕەنگەکانیەوە. پاشان پێڵاوەکانی دادەکەنێت و وەک هەموو جارێک دەچێتە ناو جێگەکەی".*

## بەشی دووەم

"ڕۆژی دواتر. سەعات یازدەی پێش نیوەڕۆیە. شوێن: تاقیگەی هیگینزە لە شەقامی "ویمپۆڵ". ژوورێکە لە نهۆمی یەکەمەوە. دەڕوانێتە سەر شەقامەکە. ژوورەکە، ژووری میوانە. لە ناوەڕاستی دیواری پشتەوە، دەرگەیەکی دوودەری هەیە. خەڵک لەم دەرگە دوودەرییەوە دێنە ژوورەوە. لە سووچی لای ڕاست، دوو دۆڵابی درێژ، کە ژمارەیەک فایلیان تێدایە، لە شێوەی گۆشەیەکی وەستاو، لەگەڵ دیوارەکەوە جووت کراون. هەر لەم سووچەدا مێزێکی پانی نووسین دانراوە، کە فۆنۆگرافێک[15] و لەرینگۆسکۆپێک[16] و ریزێک سۆندەی لەسەرە، کە مووشەدەمەیان پێوەیە. هەروەها دەستەیەک لەمپای لەسەرە، فتیلەکانیان بەهۆی سۆندەیەکی لاستیکەوە بە پلاگی گازەکەوە بەستراونەتەوە، کە بەقەد دیوارەکەوەیە. هەر بەهۆی سۆندە گازەکەوە بڵێسەی فتیلەکان دەکەونە هەڵەکەسەما و ویزەویز. بێجگە لەمانەش، ژمارەیەک چەنگاڵی دووپەل بە قەوارەی جیاجیاوە، پەیکەری نیوە کەللەسەرێکی مرۆڤ بە قەوارەی ڕاستەقینەی خۆی، کە هەموو بەشێکی ئۆرگانی دەربڕینی دەنگە بزوێنەکانی لەسەر دەستنیشان کراوە، هەروەها سندووقێکیشی لەسەرە، کە کۆمەڵێک لوولەی لە مۆم دروستکراوی تێدایە بۆ فۆنۆگرافەکە.

لەلای خوارووی ژوورەکە و لە هەمان لاوە ئاگردانێک هەیە. لە نزیک چوارچێوەی ئاگردانەکەوە، بەلای دەرگەکەوە، کورسییەکی نەرمی

قـایشـدار لەگـەڵ دووکـەڵگەی ئـاگـردانـەکـە هەن. کـاتژمـێـرێک لەسـەر رەفکەی سـەر ئاگـردانـەکـەوە دانـراوە. لە نێـوان ئاگـردانەکـە و مـێـزی فۆنۆگرافەکەدا دۆلابێکی باریکی خانەخانە بۆ رۆژنامە دانراوە.

لەلایەکی تری دەرگـە سـەرەکـییـەکـەوە، بەلای چەپەوە، دۆلابێـک هـەیـە، کە هـەندێک چـەکـمـەجـەی پانی هـەیـە. تـەلەفـۆنێـک و دەفـتـەرێک بـە ژمـارەی تەلەفۆنەکـان لەسـەر دۆلابەکە دانـراون. سـووچەکەی ئەولا و زۆربەی لای دیوارەکـە بە پیـانۆیەکی گـەورە داگـیـر کـراوە. کلیلبـەندی پیـانۆکـە لە دەرگەکەوە دوورە. تەختەی دانیشتنی پیانۆژەن بە درێژاییی کلیلبەندی پیـانۆکـەیە. لەسـەر پیـانۆکە قـاپێک هـەیە، پڕە لە مـیـوە و شـیـرینی بە تایبەتیش چوکلێت.

ناوەڕاسـتی ژوورەکـە بەتـاڵە. جگە لە کـورسـیـیـە نەرم و رەحـەتەکـە و تەخـــتــەی دانـیــشــتـنی پیـــانـۆژەن و دوو کـورسـیـی تر لەبـەر مـێـزی فـۆنۆگرافـەکە، کورسییـەکی زیادەیش هەیە لە نزیک ئاگردانەکە. زۆر نەخـشـە و وێنەی هـەڵکەنراو بەسـەر دیوارەکـاندا دەبینرێت، لەوانە هـی "پیـرانسی"[١٧] و چەند تابلۆیەکی تر، کە نەخـشـی جۆرەوجـۆری لەسـەر هەڵکەنراوە. هیچ تابلۆیەکی بۆیەکراو بەسەر دیوارەکاندا نییە.

"پیکەرینگ" لەبەر مێـزەکەوە دانیشـتووە. چەنگاڵێکی دووپەل و چەند کارتێک، کە بەکاری دەهێنان، لەسـەر مێـزەکە دادەنێت. "هیگینز" لە نزیکەوە وەسـتاوە. دوو یان سێ چەکمەجە دادەخات، کە کێشـراونەتە دەرەوە. لەبەر رووناکـیی بەیانـیـیـەکـە وەکـو کـەسـێکی تێکسـمـڕاوی چوارشـــانە و چوست و چالاک و ســەرنج ڕاکـێش، کـە تـەمـــەنی لە دەوروبەری چل سـاڵ بێت، دەردەکەوێت. رۆبێکی رەشی لەبەردایە، کە لەگـەڵ پیـشـەکـەی دەگـونجـێت. یـاخـەی رۆبەکـەی کـەتانی سـپـیـیـە.

قەرەوێتـەیەکی رەشیشی بەسـتووە. هەر لە زانایەکی چوست و بەگوڕ و تین دەکات، کە بەوپـەڕی گەرمـوگوڕییەوە خولیـای هەموو شـتێک بێت، کـە ببـێتـە بابەتی لێکۆڵینـەوەیەکی زانسـتی بێ ئەوەی هـیچ بایەخـێک بەخۆی یا بە خەڵکی تر، بە تایبەتیش  بە هەست و شعووریان بدات. لە راسـتـیـدا، "هیگینز"، بەدەر لـە توانا و شـارەزاییـیـەکـانی، زیاتـر لە منداڵێکی هەڵەشـە دەکات سـەبارەت بەوەی، کە تێبینییـەکانی خـۆی بە دەنگی بەرز و بە گەرمـوگوڕییەوە تۆمـار دەکات، هەروەهـا پێویسـتی بە چاودێرییـەکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی لە هـەر کـێشـەیەک دوور بکـەوێتـەوە، کـە دێتـە سـەر رێگەی. هـەندێک جـار دڵخـۆشـە و رەفـتـاری باش و دۆسـتـانەیە. جـارجـاریش، کـە کـەمـوکـوورییـەک دەبینێت، توورە و نائاسـوودە دەبێت، بـەڵام زۆر قسـەلەڕووە. رق و کـینەی لە دڵدا نـییـە. تەنانـەت لە سـاتـەکـانی بیـرکـردنەوەیشـدا، هـەر بە رووخـۆشـیـیـەوە دەردەکەوێت.

**هیگینز:** "دوا چەکمەجە دادەخات"

جا، وابزانم ئێرە هەموو شوێنەکەیە.

**پیکەرینگ:** بەڕاسـتی سـەرنج ڕاکـێشـە ئەگـەرچی هێـشـتـا نـیـوەی شتەکانیشم بەسەر نەکردووەتەوە، خۆت دەزانیت.

**هیگینز:** حەز دەکەیت دووبارە بەسەریاندا بچیتەوە؟

**پیکەرینگ:** "لە شـوێنی خـۆی هەڵدەستێت و بەرەو ئاگردانەکە دەچێت. پشتی خۆی دەداتە ئاگردانەکە"

نا، سوپاس، ئێستا نا. ئەم بەیانییە زۆر ماندوو بووم.

**هیگینز:** "لە دوایەوە دەڕوات و لە تەکییەوە، لەلای چەپ دەوەستێت"

ماندوو بوویت، چونکە زۆر گوێت لە دەنگەکان گرت.

**پیکەرینگ:** بەڵێ. هەوڵ و کۆششێکی زۆری دەوێت. من لە خۆم بایی بووم، چونکە دەتوانم بیست و چوار دەنگی بزوێنی جیاجیا دەربڕم، بەڵام ئەو سەدوسییەی تۆ منی بەزاند. من کەمێکیش جیاوازییان لە نێواندا نابینم.

**هیگینز:** "لەبەر خۆیەوە پێ دەکەنێت. دەچێتە لای پیانۆکە و هەندێک شیرینی دەخوات"

ئەمە لە رێگەی مەشقکردنەوە جێبەجێ دەبێت. سەرەتا هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا نابینیت، بەڵام ئەگەر بەردەوام گوێ بگریت، ئەو کاتە بۆت دەردەکەوێت، کە جیاوازن وەک چۆن A جیاوازە لە B.

**خاتوو پیرس:** "سەیری ژوورەوە دەکات"

"خاتوو پیرس خزمەتکاری هیگینزە و ئیشوکاری ناوماڵی بۆ دەکات"

**هیگینز:** ها، چییە؟

**خاتوو پیرس:** "دوودڵە. حەپەساویی پێوە دیارە"

گەورەم، ژنێکی جحێڵ دەیەوێت چاوی پێتان بکەوێت.

**هیگینز:** ژنێکی جحێڵ! چی دەوێت؟

**خاتوو پیرس:** گەورەم، دەڵێت ئەگەر ئێوە چاوتان پێی بکەوێت، ئەو کاتە هۆکاری هاتنەکەی دەزانن و دڵخۆش دەبن. کچێکی ئاساییە، گەورەم. بەڕاستی زۆر ئاساییە. من ویستم بەڕێی بکەم، بەڵام بیرم لەوە کردەوە، کە رەنگە تۆ ویستبێتت بێت لەناو مەکینەکانت قسە بکات. هیوادارم کارێکی خراپم نەکردبێت. راستی، تۆ جارجار خەڵکی ئاوا سەیر دەبینیت. هەڵبەت لێم

دەبووریت. دڵنیام. گەورەم...

**هیگینز:** ئێ، زۆر باشـە، خـاتوو پیـرس. هەست دەکەیت لەنگییـەک لە شێوەزارەکەیدا هەبێت؟

**خاتوو پیرس:** ئۆه، گەورەم، بەڕاستی شـتێکی ناخۆشـە. من نازانم تۆ چۆن چێژ لە شتی ئاوا وەردەگریت.

**هیگینز:** "بۆ پیکەرینگ"

با بێت بۆ سەرەوە.

"بۆ خاتوو پیرس"

دەی خاتوو پیرس، بیهێنە بۆ سەرەوە.

"بە پەلە دەچێتە لاکەی تر بۆ لای مێزی کارکردنەکەی. لوولەیەک هەڵدەگرێت تا لەسەر فۆنۆگرافەکە بەکاری بێنێت"

**خاتوو پیرس:** "تا رادەیەک زۆر لە خۆی دەکات"

زۆر باشە، گەورەم. خۆت بڕیار دەدەیت.

"دەچێتە خوارەوە"

**هیگینز:** ئەمە مایەی بەختـەوەرییە. ئێستا پێشانت دەدەم چۆن کاری تۆمارکردن ئەنجام دەدەم. ئێستا وا دەکەین ئەو قسە بکات. من یەکەم جار بە "سیستەمی بێڵ"[١٨] قسەکانی تۆمار دەکەم. پاشان بە ئەلفوبێی رۆمانی[١٩] تۆماری دەکەم. ئەمە دەنگەکەی دەهێنێتە سـەر فـۆنۆگـرافـەکـە بۆ ئەوەی هەر جـارەی بتـەوێت گـوێی لێ بگریت. تۆماری دەنگەکانیشت لە بەردەمە.

**خاتوو پیرس:** "دەگەڕێتەوە"

گەورەم، ئەمە ژنە جحێڵەکەیە.

"گوڵفرۆشەکە بە کەشوفشەوە دێتە ژوورەوە. شەپقەیەکی لە سەر کردووە، سێ پەڕە تاوسی پێوەیە: نارنجی و شینی ئاسمانی و سوور. بەروانکەیەکی تا رادەیەک خاوێنی لەبەردایە. چاکەتە کۆنەکەی نەختێک رێکوپێکە. ئێش و ئازارەکانی ئەم مرۆڤە بەستەزمانە لەگەڵ کەشوفشە ساویلکەییەکەی و رەفتارە بەفیزەکانی هەستی پیکەرینگ دەبزوێنێت، کە بەر لە هاتنەوەی خاتوو پیرس خۆی رێک و راست دەکاتەوە. بەڵام بەگوێرەی هیگینز، تەنیا جیاوازییەک لە نێوان ژن و پیاو ئەوەیە، کە لە بەرامبەر هەندێ قۆڵبڕی هیچ و پووچدا نە دەترسێت و نە هاواریش بۆ خوا دەبات، کەچی مەرایی لەبەر ژن دەکات تا شتێکی لێ دەسکەوێت، وەکو چۆن منداڵ مەرایی لەبەر دایەنەکەی دەکات.

**هیگینز:** "بە رەقییەوە قسە دەکات. دەیناسێتەوە. نائومێدییەک دای دەگرێت، کە بە ئاشکرا پێیەوە دیارە. بۆیە، یەکسەر وەکو منداڵ دەست بە گلەیی دەکات"

خۆ ئەمە هەر ئەو کچەیە، کە دوێنێ ئێوارە قسەکانیم تۆمار کرد. بێ کەڵکە. هەموو شتێکم لێ تۆمار کرد، کە بۆ شێوەزاری گەڕەکی "لیسۆن گرۆڤ"[٢٠] پێویستمە. نامەوێت لوولەیەکی تر بەفیڕۆ بدەم.

"بۆ گوڵفرۆشەکە"

لە بەرچاوم ون بە. پێویستیم بە تۆ نییە.

**گوڵفرۆشەکە:** قسەت ئەوەندە رەق نەبێت. تۆ هێشتا نازانیت من بۆچی هاتووم.

"بۆ خـاتوو پیـرس، کـه له بەردەرگـەکـه وەسـتـاوه و چاوەڕوانی ڕێنوێنیی تر دەکات"

تۆ پێت گوت، که من به تاکسی هاتم بۆ ئێره؟

**خـاتوو پیـرس:** کـچێ، ئەمـه قـسـەیەکی بێ مـانایه. تۆ پێت وایه جەنتڵمانێکی وەکو بەڕێز هیگینز چ بایەخێک بەوه دەدات، که تۆ به چی هاتیت بۆ ئێره؟

**گوڵفرۆشەکە:** سەیرکه، ئێمه خۆمان خەڵکێکی سەربەرز و ڕێکوپێکین. کـاری ئەو وانەگـوتنەوەیه و هیـچی تر. خـۆم گـوێم لێ بوو وای گوت. من نەهاتووم تا داوای ڕێز و ستایش له ئێوه بکەم. ئەگەر پارەکەم بەش نەکات، دەچم بۆ شوێنێکی تر.

**هیگینز:** بەشی چی نەکات؟

**گوڵفرۆشـەکە:** بەشی "یه ـ ئۆۆ" نەکات. ئێسـتـا زانیت، وانییـه؟ من هـاتووم دەرسم پێ بدەیت. پارەی "تا ـ ئۆۆ"ت پێ دەدەم. هیـچ هەڵه ناکەم.

**هیگینز:** "حەپەساوه"

چی!!!

"به هەنسکێکەوه هەناسەی دێتەوه بەر"

چاوەڕوانی چی دەکەیت من پێت بڵێم؟

**گوڵفرۆشەکە:** بزانه، ئەگەر تۆ جەنتڵمـان بوویتایه، وابزانم داوات لێ دەکردم دابنیشم. ئەی من پێت ناڵێم کارم بۆ تۆ دۆزیوەتەوه؟

**هیگینز:** ڕێگه بەم ژنه چەقاوەسوه بدەین دانیشێت یا له پەنجەرەکەوه تووڕی هەڵدەین بۆ دەرەوه؟

**گوڵفرۆشەکە:** "لە ترساندا هەتا لای پیانۆکە رادەکات. لەوێ گیر دەخواتەوە"

ئاهـ ـ ئاهـ ـ ئۆهـ ـ ئۆو ـ ئۆو ـ ئۆو !

"هەستی بریندارە. دەنووزێتەوە"

نابێت پێم بڵێن چەقاوەسو، چونکە من وەکو هەر خانمێک پارەی خۆم دەدەم.

"دوو پیاوەکە، بێ ئەوەی جووڵەیەک بکەن، لەلاکەی تری ژوورەکەوە لە کچەکە رادەمێنن. حەپەساون"

**پیکەرینگ:** "بە نەرمییەوە"

باشە، تۆ پێویستیت بە چییە؟

**گوڵفرۆشەکە:** من دەمەوێ وەکو خانمێک لە دوکانی گوڵفرۆشی کار بکەم، لە سووچی شەقامی "تۆتنهام کۆرت"، بەڵام ئەوان کارم پێ نادەن هەتا جوانتر و باشتر قسە نەکەم. ئەو پێی گوتم، کە دەتوانێت فێرم بکات. ئەوەتا من ئامادەم و پارەی پێ دەدەم. هیچی ترم ناوێت، بەڵام ئەو وا دەزانێت کەسێکی بێ کەڵکم.

**خاتوو پیرس:** تۆ کچێکی هێندە بێ ئاگا و دەبەنگیت، وادەزانیت ئەوەندە پارەت هەیە، کە بتوانیت بیدەیت بە بەڕێز هیگینز؟

**گوڵفرۆشەکە:** بۆ نیمە؟ من وەکو تۆ دەزانم وانەگوتنەوە چەندە پارەی پێویستە. ئامادەشم پارە بدەم.

**هیگینز:** چەند؟

**گوڵفرۆشەکە:** "دێتەوە بۆ لای ئەو. خۆشحاڵە"

ئەوەتا خۆت گوتت! من وام زانی تۆ جارێکی تر هەڵە ناکەیت

کاتێک دەرفەتێکت بۆ بڕەخسێت بۆ ئەوەی ئەو بەزمەی دوێنێ ئێوارە بە منت کرد کاتێ لە کۆڵ خۆتت کردمەوە، ئاسایی بکەیتەوە.

"بە بڕوابەخۆبوونەوە"

ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو بوو، وانییە؟

**هیگینز:** "بە فیزەوە"

دانیشە.

**گوڵفرۆشەکە:** ئەگەر تۆ دەتەوێت بە کارێکی چاکی بزانیت...

**هیگینز:** "بە تووڕەییەوە"

دانیشە.

**خاتوو پیرس:** "بە توندییەوە"

دانیشە، کچێ. چیت پێ دەڵێن، وا بکە.

**گوڵفرۆشەکە:** ئاهـ ـ ئاهـ ـ ئاهـ ـ ئۆو ـ ئۆو ـ ئۆۆ !

"نەختێک سەرکێشی و نەختێکیش حەپەساویی پێوە دیارە"

**پیکەرینگ:** "زۆر ڕووخۆشە"

ناتەوێت دابنیشیت؟

"کورسییە زیادەکە لە نزیک مافوورە بچووکەکەی بەردەم ئاگردانەکە دادەنێت، لە نێوان خۆی و هیگینز"

**لایزا:** "بە شەرمەوە"

ئاساییە دانیشم.

"دادەنیشێت. پیکەرینگ دەگەڕێتەوە لای مافوورەکە"

**هیگینز:** ناوت چییە؟

**گوڵفرۆشەکە:** ئەلایزا دوولیتڵ.

**هیگینز:** "بۆ ئەوەی تەریقی بکاتەوە، هێرشی دەکاتە سەر"

ئەلایزا و ئەلیزابێس و بێستی و بێس

چوون بۆ دارستان هێلانە باڵندە بدۆزنەوە

**پیکەرینگ:** هێلانەیەکیان دۆزییەوە، چوار هێلکەی تێدا بوو.

**هیگینز:** هەریەکە و یەکێکی برد و سیانیان لەناویدا هێشتەوە

"لە دڵەوە بەم گاڵتەیە پێ دەکەنن"

**لایزا:** ئۆه، خۆت گەوج مەکە!

**خاتوو پیرس:** "دەچێتە پشت کورسییەکەی ئەلایزاوە"

تۆ نابێت لەگەڵ ئەم جەنتڵمانە بەم شێوەیە قسە بکەیت.

**لایزا:** باشە، ئەی بۆ ئەو رەفتاری نابەجێیە؟

**هیگینز:** دەبا باسی کارەکە بکەین. تۆ بە مەزەندەی خۆت چەندت بۆ وانەکان داناوە بیدەیت بە من؟

**لایزا:** من دەزانم چی راستە بیکەم. کچێکی هاورێم وانەی فرەنسایی پێ دەڵێن. بۆ هەر سەعاتێک هەژدە پەنس دەدات. مامۆستاکەشی جەنتڵمانێکی فرەنسایییە. هەڵبەت تۆ لە رووت نایە داوای هەمان برە پارە بکەیت، وەک ئەوەی بۆ زمانی فرەنسایی دەیکەیت، چونکە فێری زمانی خۆمم دەکەیت. بۆیە، من لە یەک شڵنگ زیاترت پێ نادەم. ئیتر خۆت سەرپشک بە.

**هیگینز:** "ئەمسەر و ئەوسەری ژوورەکە دەکات. شەقەشەق لە کلیل و پارە ئاسنەکانی ناو گیرفانەکانیەوە دێنێت"

خۆت دەزانیت، پیکەرینگ، ئەگەر تۆ بیر لە یەک شڵنگ بکەیتەوە

نەک وەک شڵنگێکی ئاسایی، بگرە وەکو ڕێژەی سەدیی داهاتی ئەم کچە، ڕێک لەگەڵ شەست یا حەفتا جونەی[21] ملیۆنێرێک یەکسانە.

**پیکەرینگ:** چۆن؟

**هیگینز:** لێکی بدەرەوە. ملیۆنێر ڕۆژانە سەدوپەنجا پاوەندی هەیە. ئەمیش ڕۆژانە نیو کراون..

**لایزا:** "بە فیزێکەوە"

کێ پێی گوتی من تەنیا...

**هیگینز:** "لەسەر قسەکانیدا بەردەوامە"

ئەم کچە دوو لە پێنجی داهاتەکەی خۆیم پێ دەدات بۆ هەر وانەیەک. دوو لە پێنجی ملیۆنێرێک لە یەک ڕۆژدا دەکاتە نزیکەی شەست پاوەند. پارەیەکی زۆرە. بە خوا پارەیەکی زۆرە. زیاترین بڕە پارەیە تا ئێستا پێم درابێت.

**لایزا:** "هەڵدەستێتە سەرپێ. ترسێک دای گرتووە"

شەست پاوەند! من لە کوێ شەست پاوەند...

**هیگینز:** زمانت بگرە.

**لایزا:** "دەگری"

ئاخر من شەست پاوەندم نییە. ئۆه –

**خاتوو پیرس:** مەگری، بێ مێشک. دانیشە. کەس دەست لە پارەی تۆ نادات.

**هیگینز:** ئەگەر ئەم فنگەفنگەت ڕانەگریت، بە یەکێک دەڵێم بە دەسکی گەسکەکە لێت بدات. دانیشە.

**لایزا:** "کەمێک بە گوێڕایەڵییەوە"

ئاھ ـ ئاھ ـ ئاھ ـ ئۆو ـ ئۆۆ ـ ۆ ! خـــەڵک وا دەزانن تۆ باوکی منیت.

**هیگینز:** ئەگەر بڕیار بدەم فێرت بکەم، لە دوو باوک زیاتر دەبم بۆ تۆ.

"دەسەسڕە ئاوریشمەکەی خۆی دەدات بە ئەلایزا"

**لایزا:** ئەمە بۆ چییە؟

**هیگینز:** هەتا فرمـێسکەکانتی پێ بسـڕیتــەوە. هەر شــوێنێکی دەموچاوت، کە هەست دەکەیت تەڕ بووە، پێی بسڕەوە. بیرت نەچێت، ئەمە دەسەسڕەکەتە و ئەمەیش سەرقۆڵەکەتە. یەکێکیان بە ئەوی تریان مەزانە. لە یەکیان جیا بکەرەوە ئەگەر دەتەوێت ببیت بە خانمی دوکانێک.

**لایزا:** "بە تەواوی حەپەساوە. بە زەبوونییەوە لە هیگینز رادەمێنێت"

**خاتوو پیرس:** بەڕێز هیگینز، ئەگەر بەم شێوەیە قسە لەگەڵ ئەم کچە بکەیت، هیچ سوودی نییە. ئەو لە تۆ ناگات. بێجگە لەمەش، تۆ بەهەڵەدا چوویت. ئەو بەو شێوەیەی، کە تۆ دەتەوێت، وا ناکات.

"دەسەسڕەکە هەڵدەگرێت"

**لایزا:** "لە دەستی دەفڕێنێت"

بوەستە! تۆ ئەو دەسەسڕەت پێ دام! ئەو پێی دام نەک تۆ.

**پیکەرینگ:** "پێ دەکەنێت"

راست دەکات. وابزانم ئێستا موڵکی خۆیەتی، خاتوو پیرس.

**خاتوو پیرس:** "بە ناچارییەوە رازی دەبێت"

بەڕێز هیگینز، راست دەکەیت.

**پیکەرینگ:** هیگینز، من دڵخۆشم. ئەی ئاهەنگەکەی باخچەی باڵیۆز چی بەسەر هات؟ ئەگەر تۆ جێبەجێی بکەیت، پێم وایە تۆ بەرزترین مامۆستایت، کە لە ژیاندا مابێت. من لەسەر بڕی تێچووی تاقیکردنەوەکە گرەوت لەگەڵ دەکەم. ئەگەر توانیت جێبەجێی بکەیت، من پارەی وانەکان دەدەم.

**لایزا:** ئۆه، بەڕاستی تۆ پیاوێکی باشیت. سوپاس، کاپتن.

**هیگینز:** "ئارەزووی دەجووڵێت. سەیرێکی دەکات"

کەواتە من هیچ قسەم نەما. ئەو کچە زۆر زۆر نزم و ناکەس بەچەیە، زۆر پیس و پۆخڵە.

**لایزا:** "بە توندی نارەزایی دەردەبڕێت"

ئاه ـ ئاه ـ ئاه ـ ئاه ـ ئۆو ـ ئۆۆ ـ ئۆۆ ـ ئۆۆ !!!

من پیس و پۆخڵ نیم. پێش ئەوەی بێم بۆ ئێرە، دەموچاوم شت. بەڕاستی شتم.

**پیکەرینگ:** هیگینز، هەڵبەت تۆ ناتەوێت بە ستایشکردن سەری لێ بشێوێنیت.

**خاتوو پیرس:** "نائاسوودەیە"

ئۆه، وا مەڵێ، گەورەم. مرۆڤ بە زیاتر لە ڕێگەیەک دەتوانێت سەر لە کچ بشێوێنێت. هیچ کەسێکیش لە هیگینز باشتر لەم کارە نازانێت ئەگەرچی ئەو هەموو کات ئەم نیازەی نییە. گەورەم، هیوادارم تۆ هانی نەدەیت هیچ کارێکی گەوجانە بکات.

**هیگینز:** "دڵخۆشە چونکە بیرۆکەکە وردە وردە دەچێت بە مێشکیدا"

ژیان چییە جگە لە زنجیرەیەک کاری گەوجانەی پڕ جموجۆڵ؟ بەڵام دۆزینەوەیان زەحمەتە. دەرفەت لەدەست خۆت مەدە.

هەمـوو كـات بۆت نارەخسـێت. من ئەم رەشـورووتـە دەكـەم بە شازادە.

**لایزا:** "بە توندی نارەزایی بەرامبەر بەم رایە دەردەبڕێت"

ئاه ـ ئاه ـ ئاه ـ ئۆو ـ ئۆو ـ ئۆو ـ ئۆو ـ ئۆۆ!

**هیگینز:** "بە جۆش و خرۆشەوە"

بەڵێ، لە ماوەی شەش مانگدا. خۆ ئەگەر گوێ بگریت و زمانی خێرا بكەوێتە گۆ، بە سێ مانگ. بۆ هەموو شوێنێک دەیبەم. وا دەكەم لە هەموو شتێک سەركەوتوو بێت. هەر ئەمرۆ دەست پێ دەكەین. ئێستا! لەم چركە ساتەوە! خاتوو پیرس، وەرە لێرە بیبە. خاوێنی بكەرەوە. ئەگەر خاوێن نەبووەوە، سابوونی "مۆنكی براند" بەكار بێنە. ئاگر لە مەتبەخەكە هەیە؟

**خاتوو پیرس:** "نارەزایی دەردەبڕێت"

ئا، بەڵام...

**هیگینز:** "توورەیە"

هەموو جلەكانی داكەنە و بیانسووتێنە. تەلەفۆن بۆ "وایتلی" یان یەكـێكی تر بكە با دەسـتـەجلێكی تازەی بۆ بێنن. هەتا جلەكانیشی دێن، بە كاغەزی قاوەیی دای پۆشە.

**لایزا:** تۆ جەنتڵمان نیت. نەخێر، جەنتڵمان نیت مادامەكی باسی ئەو شتانە دەكەیت. من كچێكی باش و رەوشتبەرزم، بەڵێ، هەروەها دەزانم مرۆڤی وەكو تۆ چۆنن. باش دەزانم.

**هیگینز:** كچێ، من رەوشت و ئاكارە بەرزەكانی "لیسۆن گرۆڤ"م لێرە ناوێت. تۆ پێویستە فێر بیت وەكو شازادە رەفتار بكەیت. دەی، خاتوو پیرس، بیبەرە ئەولا. ئەگەر هەر كێشەیەكی بۆ نایەتەوە،

تێی هەڵدە.

**لایزا:** "لە پرێکەوە بە گورجی رادەکات و دەچێتە نێوان پیکەرینگ و خاتوو پیرس بۆ خۆپاراستن"

نا، من هاوار بۆ پۆلیس دەبەم. بەڕاستی وا دەکەم.

**خاتوو پیرس:** بەڵام من شوێنێکم نییە تا ئەو کچەی تێدا دابنێم.

**هیگینز:** لەناو زبڵدانەکە دای بنێ.

**لایزا:** ئاه ـ ئاه ـ ئاه ـ ئۆو ـ ئۆو ـ ئۆو ـ ئۆو ـ ئۆو!

**پیکەرینگ:** وەرە وەرە، هیگینز! باش بیر بکەرەوە.

**خاتوو پیرس:** "بە سووربوونەوە"

بەڕێز هیگینز، پێویستە باش بیر بکەیتەوە. پێویستە بەڕاستی ژیر بیت. تۆ ناتوانیت هەموو کەسێک ئاوا سەرکوت بکەیت.

"دوای ئەوەی هیگینز سەرزەنشت کرا، وردە وردە هێمن دەبێتەوە. توندوتیژییەکە سەرسامییەکی گەشی بەدوادا دێت"

**هیگینز:** "بەرز و نزمییەکی ورد لە دەربڕینی دەنگ پێشان دەدات، کە شایستەی پیشەکەیەتی"

من هەموو کەسێک سەرکوت دەکەم! خاتوو پیرس، خاتوونی بەڕێز، بەڕێز پیکەرینگ، من هیچ کاتێک، تەنانەت بۆ کەمێکیش مەبەستم نەبووە هیچ کەسێک سەرکوت بکەم. ئەوەی من پێشنیازی دەکەم ئەوەیە، کە ئێمە پێویستە بەرامبەر بەم کچە هەژارە بەزەییمان هەبێت. پێویستە یارمەتیی بدەین تا خۆی ئامادە بکات بۆ دۆخێکی تازەی ژیان و خۆی لەگەڵیدا بگونجێنێت. ئەگەر من بۆچوونەکەی خۆمم بە روونی

دەرنەبڕیبێت، دیارە لەبەر ئەوە بووە، کە نەمویستووە هەستی ئەو یان هی ئێوە بریندار بکەم.

**لایزا:** "کە دڵنیا دەبێتەوە، بە هێمنییەوە دەگەڕێتەوە بۆ لای کورسییەکەی"

**خاتوو پیرس:** "بۆ پیکەرینگ"

باشە، تۆ پێشتر قسەی لەم جۆرەت بیستووە؟

**پیکەرینگ:** "پڕ بەدڵ پێ دەکەنێت"

نەخێر، هەرگیز، خاتوو پیرس، هەرگیز.

**هیگینز:** "بە ئارامییەوە"

مەسەلە چییە؟

**خاتوو پیرس:** بزانە، گەورەم، مەسەلەکە ئەوەیە، کە تۆ ناتوانیت کچێک بەم شێوەیە بەرز بکەیتەوە وەک چۆن وردە بەردێک لە کەناری دەریا بەرز دەکەیتەوە.

**هیگینز:** بۆ ناتوانم؟

**خاتوو پیرس:** بۆ ناتوانیت؟! ئاخر تۆ هیچ شتێک لەبارەی ئەوەوە نازانیت. چی لەبارەی دایک و باوکییەوە دەزانیت؟ دەشێت شووی کردبێت.

**لایزا:** لە خۆت هەڵدە.

**هیگینز:** سەیرکە، کچەکە بە راستی دەیڵێت. لە خۆت هەڵدە! بەڕاستی شووی کردووە! بۆ ئێوە نازانن، کە ژنێک سەر بەو چینە بێت، تەنیا ساڵێک دوای شووکردنی وەکو ژنێکی پەنجا ساڵە پەکی دەکەوێت؟

**لایزا:** کێ من دەخوازێت؟

**هیگینز:** "لە پڕێکدا بەرزی و نزمیی دەنگەکەی لەسەر ئاستێکی جوان و بە جۆشی نزم رادەگرێت و لە شێوەی وتاردانێکی زۆر باش بەردەوام دەبێت"

بە خوا، ئەلایزا، بەر لەوەی من کەڵکت لێ وەربگرم، شەقامەکان پڕ دەبن لە جەستەی ئەو کەسانەی لە پێناوی تۆدا خۆیان دەکوژن.

**خاتوو پیرس:** گەورەم، ئەمە قسەیەکی بێ مانایە. تۆ نابێت بەم شێوەیە قسەی لەگەڵ بکەیت.

**لایزا:** "هەڵدەستێتە سەرپێ و بە قیتی دەوەستێت"

من دەڕۆم. ئەمە مێشکی تێک چووە. من نامەوێت هیچ شێتۆکەیەک فێرم بکات.

**هیگینز:** "هەستی بریندارە بە هۆی بێباکیی ئەلایزا لە بەرامبەر شێوەی ئاخاوتنەکەی، بۆ روونکرنەوەی مەبەستەکەی بە وردی"

ئۆه، بەڕاست، من شێتم، من! زۆر باشە، خاتوو پیرس، پێویست ناکات جلوبەرگی تازەی بۆ داوا بکەیت. بیکەرە دەرەوە.

**لایزا:** "دەنووزێتەوە"

ناه ـ ئۆو. تۆ مافی ئەوەت نییە دەستم لێ بدەیت.

**خاتوو پیرس:** ئێستا دەزانیت چیت بەسەر دێت ئەگەر لە گەورەی خۆت هەڵگەڕێیتەوە؟

"ئاماژە بۆ دەرگەکە دەکات"

تکایە بەم لاوە.

**لایزا:** "خەریکە دەگری"

من هیچ جلوبەرگێکم نەویستووە. ئەگەر بیشتانهێنایە، هەر نەمدەویستن.

"دەسەسڕەکەی فڕێ دەدات"

خۆم دەتوانم جلوبەرگ بۆ خۆم بکڕم.

**هیگینز:** "بە لێزانییەوە دەسەسڕەکە وەردەگرێتەوە و ڕێگەی لێ دەگرێت کاتێ بە نادڵییەوە بەرەو دەرگەکە دەچێت"

تۆ کچێکی سپڵە و خراپیت. ئەمە چاکەیە پێم دەدەیتەوە لە بەرامبەر ئەوەی هەوڵ دەدەم لەژێر باری ژیانی ڕەشوڕووتییەوە دەرت بێنم و جلوبەرگی جوانت بکەمە بەر و بتکەم بە خانم.

**خاتوو پیرس:** بەسە، بەڕێز هیگینز. من ڕێگە بەمە نادەم. تۆ خۆت خراپیت. دەی کچێ، بڕۆ بۆ لای دایک و باوکت. پێیان بڵێ با باشتر چاویان لێت بێت.

**لایزا:** من دایک و باوکم نییە. پێیان گوتم تۆ گەورە بوویت و دەتوانیت بژێویی خۆت پەیدا بکەیت. بۆیە دەریان کردم.

**خاتوو پیرس:** دایکت لە کوێیە؟

**لایزا:**

من دایکم نییە. دایکم. ئەوەی منی دەرکرد، شەشەمین زڕدایکم بوو، بەڵام بەبێ ئەوان بەسەرم بردووە و کچێکی ڕەوشتبەرزم. بەڵێ، ئاوام.

**هیگینز:** زۆر باشە. کەواتە، توخوا، ئەم کێشمەکێشمەی بۆ چییە؟

کچەکە هیچ کەسێکی نییە. بۆیە بە کەڵکی کەس نایەت، تەنیا من نەبێت.

"دەچێتە لای خاتوو پیرس. مەرایی بۆ دەکات"

تۆ دەتوانیت بیگریتە خۆ، خاتوو پیرس. من دڵنیام کچەکە بۆ تۆش زۆر دڵخۆشکەر دەبێت. ئێستا چیی تر بۆڵەبۆڵ مەکە. بیبەرە خوارەوە و...

**خاتوو پیرس:** ئاخر ئەمە چی لێ دەردەچێت؟ پێویست دەکات هیچ شتێکی پێ بدەین؟ هۆشت بێنەرەوە سەر خۆت.

**هیگینز:** ئا، هەموو پێداویستییەکی پێ بدە. لە دەفتەری ئیشوکاری ماڵەوە تۆماریان بکە.

"بە نائاسوودەیییەوە"

ئەمە چ پێویستییەکی بە پارە هەیە؟ خواردن و جلوبەرگی بۆ دابین دەکرێت. ئەگەر پارەی بدەیتێ، تەنیا بادەی پێ دەنۆشێت.

**لایزا:** "لێی هەڵدەگەڕێتەوە"

ئۆه، تۆ بێ مێشکیت. ئەمە درۆیە: ئاخر هیچ کەسێک نیشانەیەکی سەرخۆشیی بە منەوە بینیوە؟

"بۆ پیکەرینگ"

ئۆه، گەورەم، تۆ جەنتڵمانیت. ماوە مەدە بەم شێوەیە باسی من بکات.

**پیکەرینگ:** "بە رووخۆشییەوە نارەزایی پێشان دەدات"

هیگینز. تۆ قەت بیرت لەوە کردووەتەوە، کە ئەم کچە هەست و سۆزی هەیە؟

**هیگینز:** "بە وردییەوە سەیری دەکات"

نانا، من پێم وانییە. هەست و سۆزی لەو جۆرەی نییە، کە مایەی نیگەرانی بێت بۆ ئێمە.

"بە رووخۆشییەوە"

وانییە، ئەلیزا؟

**لایزا:** من وەکو هەر کەسێکی تر هەست و سۆزم هەیە.

**هیگینز:** "بۆ پیکەرینگ، بەدەم بیرکردنەوە"

تۆ کێشەکە دەبینیت؟

**پیکەرینگ:** چی؟ کێشەی چی؟

**هیگینز:** وای لێ بکەیت بە ڕێزمانێکی دروست قسە بکات. شێوەی دەربڕینی دەنگەکان بە تەنیا، کارێکی ئاسانە.

**لایزا:** من نامەوێت بە ڕێزمانێکی دروست قسە بکەم. دەمەوێت وەکو خانمێک قسە بکەم، کە لە دوکانی گوڵفرۆشیدا کار بکات.

**خاتوو پیرس:** ببوورە، تۆ لە باسەکە لامەدە، بەڕێز هیگینز. من دەمەوێ بزانم ئەم کچە بەپێی چ هەلومەرجێکەوە لێرە دەمێنێتەوە؟ ڕۆژانە پارەی پێ دەدرێت؟ بە چی دەگات دوای ئەوەی تۆ لە وانەگوتنەوەکە تەواو دەبیت؟ تۆ پێویستە نەختێک دوور بڕوانیت.

**هیگینز:** "بە بێ ئارامییەوە"

ئەدی ئەگەر من لەژێر باری ڕەشوڕووتی و پیس و پۆخڵی جێی بێڵم، چی لێ دەردەچێت؟ پێم بڵێ، خاتوو پیرس.

**خاتوو پیرس:** بەڕێز هیگینز، ئەوە کاری تۆ نییە. پێوەندیی بە خۆیەوە هەیە.

**هیگینز:** ئێ، دوای ئەوەی من کەڵکی لێ وەردەگرم، دەتوانین تووڕی هەڵدەینەوە بۆ باری ڕەشوڕووتی و پیس و پۆخڵیی جاران. ئەو کاتە کەیفی خۆیەتی. ئیتر تەواو.

**لایزا:** تۆ هیچ سۆزت لە دڵدا نییە. لە خۆت بترازێت، گوێ بە هیچ شتێکی تر نادەیت.

"هەڵدەستێتەوە و بە سووربوونەوە قسە دەکات"

بزانە، من لەم قسانە بێزار بووم. دەڕۆم.

"بەرەو دەرگەکە دەچێت"

تۆ پێویستە شەرم لە خۆت بکەیت. دەبێ شەرم لە خۆت بکەیت.

**هیگینز:** "چوکلێتێک لەسەر پیانۆکە هەڵدەگرێت. لە پڕێکدا بە نیگەرانییەوە چاوەکانی دەترووکێنێت"

فەرموو، ئەلایزا چوکلێت بخۆ.

**لایزا:** "دوودڵە. ترسێک دای دەگرێت"

من چۆن بزانم ئەم چوکلێتانە هیچیان تێدا نییە؟ ئاخر بیستوومە تۆ زۆر کچت بە دەرمان بێهۆش کردووە.

**هیگینز:** "چەقۆ بچووکەکەی دەردێنێت. چوکلێتەکە دەکات بە دوو لەتەوە. لەتێکی دەخاتە دەمی خۆی و بە پەلە هەڵی دەلووشێت. لەتەکەی تریش دەدات بە ئەلایزا"

بەڵێنی پاکی و دڵسۆزییە. من نیوەی دەخۆم و نیوەکەی تریش دەدەم بە تۆ.

"ئەلایزا زاری دەکاتەوە تا وەڵامێکی رەقی بداتەوە. هیگینز نیوە چوکلێتەکە دەخاتە ناو دەمی ئەلایزا"

هەموو رۆژێک بە پاکەت، بە قوتوو چوکلێتت بۆ دێت. بۆ خۆت

لەسەر ئەمانە دەژیت، باشە؟

**لایزا:** "نیوە چوکلێتەکە دەخوات دوای ئەوەی لە قورگیدا دەمێنێت و هەناسەی لەبەر دەبڕێت"
من دەبوو بیخۆم تەنیا لە بەرئەوەی وەکو هەر خانمێک نابێت بیهێنمەوە دەرەوە"

**هیگینز:** گوێ بگرە، ئەلایزا، وابزانم هەروەک خۆت گوتت بە تاکسی هاتیت.

**لایزا:** جا ئەمە چی تێدایە؟ مافی رەوای خۆمە وەکو هەر یەکێک تاکسی بگرم.

**هیگینز:** بەڵێ بەڵێ. لە داهاتوودا ئەوەندەی حەز دەکەیت تاکسی بگرە. هەموو رۆژێ بە تاکسی ئەمسەر و ئەوسەری شار بکە. بیر لەمە بکەرەوە، ئەلایزا.

**خاتوو پیرس:** هیگینزی بەڕێز، تۆ کچەکە فریو دەدەیت. ئەمە راست نییە. پێویستە بیر لە داهاتوو بکاتەوە.

**هیگینز:** لەم تەمەنەدا! شتێکی بێ مانایە! ئەگەر تۆ هیچ داهاتوویەکت نەبێت بیری لێ بکەیتەوە، ئەوا دواتر کاتت زۆر دەبێت تا بیری لێ بکەیتەوە. نەخێر، ئەلایزا، ئەم خانمە چی دەکات، تۆش وا بکە. بیر لە داهاتووی خەڵکی تر بکەرەوە. بە هیچ شێوەیەک بیر لە داهاتووی خۆت مەکەرەوە. بیر لە چوکلێت و لە تاکسی و زێڕ و ئەڵماس بکەرەوە.

**لایزا:** نا، من نە زێڕ و نە ئەڵماسم ناوێت. من کچێکی رەوشتبەرزم، رەوشتبەرز.
"دادەنیشێتەوە. هەوڵ دەدات سەلاری و سەنگینی بنوێنێت"

**هیگینز:** تۆ ئاوا دەمێنیتەوە، ئەلایزا لەژێر چاودێریی خاتوو پیرس. پاشان شوو بە ئەفسەرێک دەکەیت لە هێزی پاسەوانان، کە سمێڵێکی جوانی هەیە. کوڕی مارکیزێک[٢٢]، کە سەرەتا حاشا لە کوڕەکەی دەکات، چونکە تۆی هێناوە، بەڵام کاتێ جوانی و رەوشتبەرزیی تۆ دەبینێت، دڵی نەرم دەبێت...

**پیکەرینگ:** ببوورە، هیگینز، بە ڕاستی من لێرەدا پێویستە خۆم تێ هەڵقورتێنم. خاتوو پیرس، تۆ راست دەکەیت. ئەگەر ئەم کچە بۆ ماوەی شەش مانگ بکەوێتە بەردەستی تۆ بۆ ئەوەی مامۆستایەتیی خۆتی پێ تاقی بکەیتەوە، پێویستە ئەو خۆی بزانێت چی بکات و چی نەکات.

**هیگینز:** ئەمە چۆن دەبێت؟ ئەو لە توانایدا نییە هیچ شتێک بزانێت. بێجگە لەمەش، ئاخۆ هیچ کام لە ئێمە دەزانێت چی دەکات؟ ئەگەر بزانین، ئاخۆ دەیکەین؟

**پیکەرینگ:** زۆر زیرەکیت، هیگینز، بەڵام نەک لەم مەسەلەیەدا.

"بۆ ئەلایزا"

خاتوو دوولیتڵ...

**لایزا:** "پەرێشانە"

ئاهـ - ئاهـ - ئۆو - ئۆۆ!

**هیگینز:** سەیرکە! ئەوەی تۆ لە ئەلایزا دەستت دەکەوێت، هەر ئەوەیە: ئاهـ - ئاهـ - ئۆو - ئۆۆ! تۆ وەکو شەڕوانێکی سوپا، پێویستە ئەمە بزانیت. فەرمانی پێ بدە. ئەمە بۆ ئەو بەسە. ئەلایزا، تۆ لە شەش مانگی داهاتوودا لێرە دەژیت. فێر دەبیت چۆن بە جوانی قسە بکەیت، وەکو خانمێک لە دوکانێکی گوڵفرۆشتن. ئەگەر

کچێکی باش بیت و هەرچیت پێ بگوترێت جێبەجێی بکەیت، ئەوا لە ژوورێکی زۆر خۆش دەخەویت. خواردنێکی زۆرت لە بەردەست دەبێت. پارەیەکی زۆرت دەبێ بۆ ئەوەی چوکلێتی پێ بکڕیت و بە تاکسی پیاسە بکەیت. ئەگەر تەمەڵ و لاسار و بێ شەرم بیت، ئەوا لە مەتبەخەکەی پشتەوە لەناو قاڵۆنچان دەخەویت و خاتوو پیرس بە دەسکی گەسکەکە تێت هەڵدەدات. لە کۆتاییی شەش مانگەکەدا، بە جلوبەرگێکی جوانەوە دەچیت بۆ کۆشکی "بەکینگهام". ئەگەر پاشا بۆی دەرکەوێت، کە تۆ خانم نیت، ئەوا پۆلیس دەتبات بۆ تاوەری لەندەن. لەوێ سەرت دەبڕن بۆ ئەوەی ببیت بە پەند بۆ هەموو کچە گوڵفرۆشێکی بێ شەرم، بەڵام ئەگەر دەرکەوێت، کە تۆ خانمیت، ئەو کاتە حەوت پاوەند و شەش پەنست پێ دەدرێت بۆ ئەوەی وەکو خانمێک لە دوکانی گوڵفرۆشی ژیان بەسەر بەریت. ئەگەر ئەم پێشنیازە ڕەت بکەیتەوە، ئەوا سپڵەترین و خراپترین کچیت و فریشتەکانیش بۆت دەگرین.

"بۆ پیکەرینگ"

ئێستا تۆ ڕازیت، پیکەرینگ؟

"بۆ خاتوو پیرس"

دەتوانم مەسەلەکە باشتر و ڕوونتر بخەمە ڕوو، خاتوو پیرس؟

**خاتوو پیرس:** "بە ئاسوودەییەوە"

وابزانم باشتر وایە ماوەم پێ بدەیت خۆم بە تەنیا بەڕاستی قسە لەگەڵ کچەکە بکەم. نازانم ئاخۆ دەتوانم بیگرمە خۆ یان نا. ڕێککەوتنەکە لە بنچینەدا بە پەسند دەزانم. هەڵبەت من

دەزانم تۆ نیـازت نیـیـە ئازاری ئەو کـچـە بدەیت، بەڵام کـاتێک ئەوەت دەست دەکەوێت، کە ناوی دەنێیت "خولیابوون لە شێوەی ئاخـاوتنـی خـەڵک"، ئیـتـر گـوێ بـەوە نادەیت چـی بەسـەر ئەو خەڵکەوە یان بەسەر خۆتەوە دێت. وەرە لەگەڵ من، ئەڵایزا.

**هیگینز:** زۆر باشە، سوپاس، خاتوو پیرس. بە پەلە بیبە بۆ حەمامەکە.

**لایزا:** بە نادڵی و گومانەوە هەڵدەستێتەوە"

تۆ کابرایەکی هەژارکوژیت. بەڵێ هەژارکوژیت. ئەگەر خۆم حەز نەکەم، لێرە نامێنم. من ماوە نادەم هیچ کەسێک تێم هەڵبدات. هیچ کاتێک داوام نەکردووە بچم بۆ کۆشکی "بەکنام"[٢٣]. نەخێر، داوام نەکـردووە. لە ژیانمدا لـەگـەڵ پۆلیس تووشی کـێـشـە نەهاتووم. نەخێر. من کچێکی ڕەوشتبەرزم.

**خـاتوو پیـرس:** کـچـێ ئاوا لە بەردەمـیـدا وەڵام مـەدەرەوە. تۆ لەم جەنتڵمانە ناگەیت. وەرە لەگەڵ من.

"لە پێشەوە بەرەو دەرگەکە دەڕوات و هەر بە کراوەیی بەجێی دێڵێت بۆ ئەڵایزا"

**لایزا:** "کە بۆ دەرەوە دەچێت"

سەیرکە، ئەوەی من دەیڵێم، ڕاستە. ئەگەر سەریشم پەل دەن، لە پاشـا نزیک نابمەوە. ئەگـەر بمزانیـبـا بۆچی دێم بۆ ئێـرە، نەدەهاتم. من هەردەم کـچـێکی باش و ڕەوشـتـبـەرز بوومـە. هەرگـیـز هـەوڵم نەداوە قـسـەیەکی خـراپی پێ بڵـێم. هیچ چاکەیەکیشی بەسەر منەوە نییە. بێ منەتیشم. قبووڵ ناکەم بە ناشیرینی ڕەفتارم لەگەڵدا بکەن. من وەکو هەر کەسێک هەست و شعوورم هەیە.

"خاتوو پیرس دەرگەکە دادەخات. بۆیە بۆڵەبۆڵی ئەلایزا چیی تر نابیستریت"

ئەلایزا دەبردریت بۆ نهۆمی سێیەم. زۆر سەرسامە، چونکە ئەو چاوەڕوانی دەکرد بیبەن بۆ ژووری قاپ و قاچاخ شتن. لەوێ خاتوو پیرس دەرگەیەک دەکاتەوە و دەیباتە ناو ژوورێکی یەدەگ.

**خاتوو پیرس:** من دەبێ تۆ لێرە دابنێم. ئێرە شوێنی خەوتنتە.

**لایزا:** ئۆ- ه، خانم، من ناتوانم لێرە بخەوم. ئێرە لەوە باشترە، کە هی وەک من تێیدا بخەوێت. دەترسم دەست لە هەر شتێک بدەم. من هێشتا نەبوومەتە میرەژن. خۆت دەزانیت.

**خاتوو پیرس:** تۆ پێویستە خۆت وەکو ئەم ژوورە پاک بکەیتەوە. ئەو کاتە ناترسیت دەست لە هەر شتێک بدەیت. پێویستە بە خاتوو پیرس بانگم بکەیت نەک خانم.

"دەرگەی ژووری خۆگۆڕین، کە تازە کراوە بە حەمام، دەخاتە سەر پشت"

**لایزا:** ئۆی! ئەمە چییە؟ ئێوە لەم شوێنە جل دەشۆن؟ من ناوی دەنێم جۆرێکی سەیر لە حەوزی مسین.

**خاتوو پیرس:** ئەمە حەوزی مسین نییە. ئێمە لێرە خۆمان دەشۆین، ئەلایزا. هەر لێرەیش تۆ دەشۆم.

**لایزا:** تۆ چاوەڕوان دەکەیت من بچمە ناو ئەمەوە و گشت گیانم تەڕ بکەم! نەخێر، من نایکەم. ئەگەر وا بکەم، دەبێ بمرم. دەزانم ژنێک هەموو شەوانی یەکشەم وای دەکرد و دواجار، لەبەر ئەمە گیانی دا.

**خاتوو پیرس:** بەڕێز هیگینز گەرماوی لە خوارەوە هەیە بۆ

جـەنتڵـمـانەکـان. ئەو هەمـوو بەیانیـیـەک بـە ئاوی سـارد خـۆی دەشوات.

**لایزا:** چی! ئەو پیاوە لە ئاسن دروست کراوە.

**خـاتوو پیـرس:** ئەگـەر تۆ لـەگـەڵ هـیگینـز و کـۆڵۆنێڵ دابـنیـشـیت بۆ وانەگـوتنەوە، پێـویسـتـە وەک ئـەوان بکەیت. ئەگـەر وا نەکـەیت، ئەوان بە بۆنی تۆ بێزار دەبن. بەڵام دەتوانیت بە ئارەزووی خۆت ئاوی گـەرم بەکـار بێنیت. دوو بالوعـەی تێـدایە، یـەکـێکیـان بۆ ئاوی گەرم و ئەوی تریان بۆ ئاوی سـارد.

**لایزا:** "دەگری"

نـاتوانم. ناوێرم. ئەمە شتێکی سـروشـتی نییە. دەمکوژێت. من لە ژیانمدا گـەرمـاوم نەکردووە، لەو گـەرمـاوەی، کە تۆ بە کـارێکی راستی دەزانیت.

**خـاتوو پیـرس:** باشـە، تۆ نـاتەوێت پاک و خـاوێن و رووخـۆش بیت و شـایسـتـەی رێز بیت؟ خـۆت دەزانیت، نـاتوانیت لـە دەروونەوە کچێکی باش بیت و لە رواڵەتیشدا پیس و پۆخڵ بیت.

**لایزا:** "دەگری"

ئەهوو ئەهوو ئەهوو!!!

**خاتوو پیرس:** ئێـسـتـا مـەگری. بچـۆرەوە نـاو ژوورەکـەت و جلەکـانت دابکەنە. پاشان خۆت بەمە داپۆشە و وەرەوە بۆ لام.

"رۆبێک لە سنگەکەوە دەکاتەوە و پێی دەدات"

من حەمامەکە ئامادە دەکەم.

**لایزا:** "زۆر دەگری"

ناتوانم. نامەوێت. من لەمە رانەهاتووم. لە ژیانمدا هەموو جلەکانم دانەکەندووە. ئەمە کارێکی راست نییە. رەفتارێکی باش نییە.

**خاتوو پیرس:** قسەی قۆڕ، کچەتیو. ئەی شەوانە دەچیتە سەر جێگە جلەکانت داناکەنیت؟

**لایزا:** "حەپەساوە"

نەخێر. بۆ دایان بکەنم؟ دەمرم. هەڵبەت تەنوورەکەم دادەکەنم.

**خاتوو پیرس:** مەبەستت ئەوەیە بەشەو هەر بە جلی ژێرەوە دەخەویت؟

**لایزا:** ئەی چیی ترم هەیە پێوەی بخەوم؟

**خاتوو پیرس:** هەتا لێرە بژیت، بە هیچ شێوەیەک نابێ شتی وا بکەیت. من جلێکی شەوانەی چاکت بۆ دێنم.

**لایزا:** تۆ دەتەوێ ئەو جلە ساردوسڕە بکەمە بەر، لێی پاڵ بکەوم و بە درێژاییی شەو هەر بە بێدارییەوە چۆقەچۆق بلەرزم؟ دەزانم، تۆ دەتەوێت بمکوژیت.

**خاتوو پیرس:** من دەمەوێ تۆ لە کچێکی چەقاوەسووی پیس و پۆخڵەوە بگۆڕم بۆ کچێکی بەڕێز، کە شایستەی ئەوە بێت لەگەڵ جەنتڵمانەکان لە ژووری خوێندنەوەدا دابنیشێت. دەتەوێ متمانەم پێ بکەیت و هەرچیت پێ بڵێم، بە قسەم بکەیت یان دەربکرێیت و بگەڕێیتەوە بۆ سەر کاری سەبەتە و گوڵەکانت؟

**لایزا:** ئاخر تۆ نازانیت سەرما بۆ من چییە. تۆ نازانیت من چەندە لە سەرما دەترسم.

**خاتوو پیرس:** شوێنی خەوتنت لێرە سارد نابێت. من بوتڵێک ئاوی

گەرمت بۆ دادەنێم.

"پاڵێکی پێوە دەنێت بۆ ژووری خەوتن"

برۆ بۆ ژوورەوە و جلەکانت داکەنە.

**لایزا:** ئۆهـ، ئەگەر بمزانیبا پاک و خاوێنبوون شتێکی ئاوا ترسناکە، هەرگیز نەدەهاتم بۆ ئێرە. ئەو کاتەی، کە لە بارودۆخێکی باشدا بووم، ئەوەم نەدەزانی. من...

" خاتوو پیرس لە دەرگەکەوە پاڵێکی پێوە دەنێت، بەڵام دەرگەکە نەختێک بە کراوەیی جێ دەهێڵێت نەوەک رابکات"

**خاتوو پیرس:**

"جووتێک سەرقۆڵی لاستیکی سپی دەکاتە قۆڵەکانیەوە. بانیۆکە پڕ ئاو دەکات. ئاوی گەرم و سارد تێکەڵ دەکات و ئەنجامەکەی بە گەرمیپێوی حەمامەکە تاقی دەکاتەوە. پاشان مشتێک خرۆکەی بۆنداری دەکاتە ناوی بۆ ئەوەی بۆنی خۆش بێت، ئینجا چنگێک خەرتەلی تێ دەکات. دوای ئەمە، بە شێوەیەکی سامناک سەیری فڵچە زبرە دەسکدرێژەکە دەکات و سابوونێکی بۆنداری پێدا دێنێت"

**لایزا:** "دەگەڕێتەوە. هیچی لەبەردا نییە تەنیا رۆبی حەمام نەبێت، کە بە توندی لە لەشی خۆی پێچاوەتەوە. ترسێکی گەورە، کە بەزەیی مرۆڤ دەورووژێنێت، سەر و سیمای داگرتووە"

**خاتوو پیرس:** ئێستا وەرە. ئەم شتە لەبەر خۆتدا داکەنە.

**لایزا:** ئۆهـ، ناتوانم، خاتوو پیرس. بەڕاستی ناتوانم. من هەرگیز شتی ئاوام نەکردووە.

**خاتوو پیرس:** قسەی پڕوپووچ. وەرە ئێرە، وەرە پێش و پێم بڵێ بزانم،

گەرمە یان نا.

**لایزا:** ئاهـ ـ ئۆو! ئاهـ ـ ئۆۆ! زۆر گەرمە.

**خـاتوو پیـرس:** "بە زانـاییـیــەوە رۆبەکـە لەبەر لیـزا دادەکـەنێت و لە سەرپشت درێژی دەکات"

ئازارت نادەم.

"فڵچە زبرەکەی لە جەستەیدا دەخشێنێت"

"هاوار و زریکەی لیزا جەرگی مرۆڤ دەبڕێت"

لەم کاتەدا، کۆڵۆنێل هێشتا لەگەڵ هیگینز ناکۆکە سەبارەت بە ئەلایزا.

**پیکەرینگ:** "لەلای ئاگردانەکەوە دێتە لای کورسییەکە و دادەنیشێت. قاچەکانی بڵاو دەکاتەوە و دەستەکانی دەبات بۆ دواوە بۆ ئەوەی بە وردی پرسیاری لێ بکات"

ببوورە، با پرسیارێکی بێ پێچوپەنا بکەم. هیگینز، تۆ رەفتار و کردارت بەرامبەر بە ژن باشە؟

**هیگینز:** "بە رووگرژییەوە"

لە ژیانتـدا تووشی پیـاوێک هـاتوویت رەفـتـار و کـردەوەی باش بووبێت کاتێ مەسەلەکە پێوەندیی بە ژنەوە هەبێت؟

**پیکەرینگ:** بەڵێ، زۆر.

**هیگینز:** "بێ ئەوەی هـیچ بەڵگەیەکی هەبێت سـوورە لەسـەر رایەکـەی. دەستەکانی لەسەر لێواری پیانۆکە دادەنێت و خۆی پێ دەگرێت و هەڵدەسـتـێـتـەوە، ئینجـا لەسـەر لێوارەکـە دادەنیـشـێت و قرچەیەکی لێوە دێنێت"

مـن تـووش نـەهاتـووم، بـەڵام وا دەبیـنـم، ئـەو کـــاتـەی رێگـە بـە هـاورێیەتیی ژن دەدەم، ئەو دڵی پیس دەبێت. خۆی گران دەکات. گـومـان پەیدا دەکـات، هـەروەهـا مـرۆڤ بێـزار دەکـات. من هـەر کـــاتێک رێگـە بـە خـــۆم بدەم ببـم بە هـاورێی ژنێک، دەبم بـە مـرۆڤێکی خـۆپەرست و زۆردار. ژن هـەمـوو شـتـێک تێک دەدەن. کـــــاتـێ تـۆ رێگـەیـان پـێ دەدەیت تـێکـەڵی ژیانـی تـۆ بـن، بـۆت دەردەکەوێت، کـە لە یەک مەسـەلەدا تۆ بەلایەکدا دای دەکێشـیت و ئەویش بەلایەکی تر.

**پیکەرینگ:** مەسەلەی وەکو چی، بۆ نموونە؟

**هیگینز:** "بە نائاسوودەییەوە لای پیانۆکە لادەچێت"

ئۆهـ، ئەوە خـوا دەیزانێت! من پێم وایە ژن دەیەوێت ژیانی خـۆی بژیت، هـەروەهـا پیـــاویش. هـەریـەکـــەیان دەیـەوێت ئـەوی تر بـە رێگـەیـەکی هـەڵەدا بەرێت. یەکـێکیـان حـەز دەکـات بەرەو باکـور بچـێت، ئەوی تریش بەرەو باشـوور. لە ئەنجـامـدا هـەردووکـیـان بـەرەو رۆژهـەڵات دەچن، هـەرچەندە هـەردووکـیـان رقـیـان لە "با"ی رۆژهـەڵاتە.

"لەسەر تەختە درێژەکەی بەردەم کلیلبەندی پیانۆکە دادەنیشێت"

بۆیە، ئەوەتا من خۆم راگرتووە. دوور نییە هەروا بمێنمەوە.

**پیکەرینگ:** "هـەڵدەسـتـێـتـەوە سـەرپـێ و بە شکۆوە بەسـەر سـەرییـەوە دەوەستێت"

وەرە، هیگینز! تۆ دەزانیت من مـەبەسـتم چییـە. ئەگـەر من ئەو کـارەی تۆم لە ئەسـتـۆ گـرتبـا، لەو کـچـە بەرپرسـیـار دەبووم. هیـوادارم لەوە گـەیشـتـبـیت، کـە بارودۆخـی ئەو بۆ سـوود و

بەرژەوەندیی خۆت بەکار نەهێنیت.

**هیگینز:** چی! بۆ ئەو شتە! لەمبارەیەوە مەترسە، پارێزراوە. من دڵنیات دەکەمەوە.

"هەڵدەستێتەوە سەرپێ تا قسەکەی روون بکاتەوە"

بزانە، ئەو کچە دەبێتە قوتابی. قوتابیش مەحاڵە فێر بێت ئەگەر ئاسوودەیی نەپارێزرێت. من ژمارەیەکی زۆر لە ژنە ملیۆنێرە ئەمەریکاییەکانم فێر کردووە چۆن بە ئینگلیزی قسە بکەن. جوانترین و دڵرفێنترین ژنی دنیا بوون. من مرۆڤێکی دنیادیتە و تێگەیشتووم. لای من ئەوانە وەکو تەختەدار وان. رەنگە من خۆم وەکو تەختەدار وابم. مەسەلەکە...

**خاتوو پیرس:** "دەرگەکە دەکاتەوە. شەپقەکەی ئەلایزای بەدەستەوەیە"

**پیکەرینگ:** "دەچێتەوە لای کورسییە نەرمەکە، لەلای ئاگردانەکەوە دادەنیشێت"

**هیگینز:** "بە پەرۆشەوە"

ئێ، خاتوو پیرس، کارەکە رێک کەوت؟

**خاتوو پیرس:** "لە بەردەرگەکەوە"

تەنیا دەمەوێ بە قسەیەک نارەحەتت بکەم، ئەگەر رێگە بدەیت. بەڕێز هیگینز.

**هیگینز:** بەڵێ، هەڵبەت. وەرە ژوورەوە.

**خاتوو پیرس:** "دێتە پێشەوە"

**هیگینز:** ئەمە مەسووتێنە. وەکو شتێکی سەیر هەڵی دەگرم.

"شەپقەکەی لێ وەردەگرێت"

**خاتوو پیرس:** گەورەم، تکایە بە وریاییەوە بیگرە. دەبوو پێی بڵێم، کە نایسووتێنم، بەڵام باشترە نەختێک بیخەمە ناو فڕنەکە.

**هیگینز:** "بە پەلە لەسەر پیانۆکە دای دەنێت"

ئۆه! سوپاس. باشە چیت هەیە پێم بڵێیت؟

**پیکەرینگ:** ئەگەر لەبەر من بێت، دەڕۆمە دەرەوە؟

**خاتوو پیرس:** نانا، گەورەم لەبەر تۆ نییە. بەڕێز هیگینز، دەتوانیت لە قسەکردندا لەگەڵ ئەو کچە زۆر وریا و تایبەت بیت؟

**هیگینز:** "بە مۆنییەوە"

هەڵبەت. من هەردەم لە قسەکردندا وریام. بۆ وا دەڵێیت؟

**خاتوو پیرس:** "بێ ئەوەی بجووڵێت"

نا گەورەم، تۆ هیچ وریا نیت کاتێ بە هەڵە شتەکان لە شوێنی خۆیان دادەنێیتەوە یان نەختێک بێ ئارام دەبیت. ئێستا بۆ من گرینگ نییە، چونکە من راهاتووم. بەڵام بەڕاستی لە بەردەم ئەو کچە نابێت سوێند بخۆیت.

**هیگینز:** "بە تووڕەیییەوە"

من سوێند دەخۆم!

"زۆر بە پێداگرییەوە"

من هەرگیز سوێند ناخۆم. من رقم لەم رەوشتەیە. باشە، دەک بەقوڕ گیرێت، پێم ناڵێیت تۆ مەبەستت چییە؟

**خاتوو پیرس:** "بە ساردییەوە"

مەبەستم ئەمەیە، گەورەم. تۆ زۆر سوێند دەخۆیت. من گوێ بە رەخنەگرتن و هێرشکردنی تۆ نادەم. تووڕە دەبیت، تووڕە

نابیت، بێزاریت نازانم چی...

**هیگینز:** خاتوو پیرس، ئەوە تۆیت ئەم قسانەت بەسەر زاریدا دێت! بە راستی تۆیت!

**خاتوو پیرس:** "بێ ئەوەی خۆی لە قسەکان بدزێتەوە"

ئاخر وشەیەکی دیاریکراو هەیە، پێویستە داوات لێ بکەم، کە بەکاری نەهێنیت. کچەکە بۆ خۆی بەکاری هێنا کاتێ چێژی لە گەرماوکردنەکە وەردەگرت. لەوە باشتر نازانێت. هەر لە منداڵییەوە فێر بووە، بەڵام نابێ لە زاری تۆوە ببیسێت.

**هیگینز:** "بە لەخۆباییبیەوە"

من بە هیچ شێوەیەک ئەو تاوانە ناخەمە پاڵ خۆمەوە. ئەو وشەیە بەکار ناهێنم، خاتوو پیرس.

"خاتوو پیرس بە بەردەوامی سەیری هیگینز دەکات. ئەمیش، کە دەست بەقسەکردن دەکاتەوە، بە خۆنوواندنێکی کەشوفشئامێزەوە نائاسوودەییی دەروونی دەشارێتەوە"

تەنیا، رەنگە ئەو کاتە نەبێت، کە هەڵچوونێکی رەوا لە ئەندازەبەدەر دام دەگرێت.

**خاتوو پیرس:** تەنیا ئەو بەیانییە، گەورەم، بۆ پووتەکانت، بۆ کەرە، بۆ نانەڕەشەکە بەکارت هێنا.

**هیگینز:** ئەها، ئەو قسەیە! تەنیا لەیەکچوون بوو، خاتوو پیرس، ئەمە شتێکی ئاساییە بۆ شاعیرێک.

**خاتوو پیرس:** باشە، گەورەم، تۆ بە هەرچییەک ناوی دەبەیت، بەڵام لەبەرچاوی کچەکە دووبارەی مەکەرەوە.

**هیگینز:** زۆر باشە، زۆر باشە. هەر ئەوەندە؟

**خـاتوو پیـرس:** مـەبەسـتم ئەوەیە، کـەمـتـەرخـەم مـەبە لەبارەی جلوبەرگییەوە یان لە بەرامبەر جێهێشتنی شتەکان بە شەپڕێوییەوە لە دوای خۆیدا.

**هیگینز:** "بە سەنگینییەوە دەچێت بۆ لای خاتوو پیرس"

چۆنی دەڵێیت، هەروا دەبێت. من خۆم ویستم سەرنجت بۆ ئەمە رابکێشم.

"بەلای پیکەرینگدا تێ دەپەڕێت، دیارە پیکەرینگ گفتوگۆکەی ئەمانی لا خۆشە"

ئەو شتە بچووکانەیە، کە گرینگن، پیکەرینگ. ئاگەداری فلس بە، دینار ئاگەداری خۆی دەبێت[٢٤]. ئەم قسەیە چەندە بەسەر پارەوە جێبەجێ دەبێت، ئەوەندەش بەسەر نەریتە کەسێنییەکان.

"دەچێتە لای کورسییە زیادەکەی سەر مافوورە بچووکەکەی بەردەم ئاگردانەکە. رووی پیاوێکی نەبەزیو دەنوێنێت"

**خاتوو پیرس:** بەڵێ، گەورەم، پاشان داوات لێ دەکەم بە رۆبەوە نەیەیت بۆ خوارەوە بۆ بەرچاییخواردن، بە هیچ جۆرێکیش رۆبەکەت وەکو دەسەسڕ بەکار مەهێنە بەو رادەیەی، کە راهاتوویت، گەورەم. خۆزگە وەکو پیاوێکی باش هەموو شتێک لەناو هەمان قاپ نەخۆیت و هەروەها بیرت بێت، مەنجەڵی شۆرباکە لەسەر چەرچەفی سەر مێزەکەوە دانەنێیت. ئەمە دەبێتە نموونەیەکی باشتر بۆ کچەکە. هەفتەی رابردوو خەریک بوو بەهۆی ئێسکە ماسییەکەوە، کە لە گەرووتدا گیر بوو، بخنکێیت.

**هیگینز:** "لەلای مافوورە بچووکەکەوە دەچێتە دواوە بۆ لای پیانۆکە"

من هەندێک جار ئەم شتانە لە بێئاگاییدا دەکەم، بەڵام بە دڵنیاییيەوە نایکەم بە خوو.

"بە تووڕەيييەوە"

ئەرێ بە راست، رۆبەکەم زۆر بۆنی بەنزینی لێ دێت.

**خاتوو پیرس:** هەڵبەت بۆنی بەنزینی لێ دێت، بەڵام ئەگەر پەنجەکانت وشک بکەیتەوە...

**هیگینز:** "بەسەریدا دەقیژێنێت"

ئێ زۆر باشە، زۆر باشە. لەوە بەدواوە بە قژم وشکیان دەکەمەوە.

**خاتوو پیرس:** هیوادارم دڵت نەڕەنجێت، بەڕێز هیگینز.

**هیگینز:** "حەپەساوە، چونکە هەڵوێستێکی رەقی پێشان دا"

گوێی مەدەرێ، گوێی مەدەرێ، تۆ راست دەکەیت، خاتوو پیرس. من لە بەردەم ئەو کچە زۆر وریا دەبم. باشە؟

**خاتوو پیرس:** نەخێر، گەورەم. دەکرێت هەندێک لەو جلوبەرگە ژاپۆنییەی، کە لە دەرەوە هێناوتانە، لەبەر بکات؟ من، بەڕاستی، نامەوێت جلە کۆنەکانی پێ لەبەر بکەمەوە.

**هیگینز:** هەڵبەت، چیت لا باشە وا بکە، باشە؟

"دەچێتە دەرەوە"

**هیگینز:** پیکەرینگ، دەزانیت ئەو ژنە سەیرترین بیروڕای بەرامبەر بە من هەیە. ئەوەتا من، مرۆڤێکی شەرمنی بەئابڕوو، هیچ کاتێک هەستم وەکو هەستی کوڕەکانی تر نییە، بەڕاستی گەورە و هەراش بوومە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ژنە، هەموو کات بیروڕای

وایە، کە من پیاوێکی بە سام و بە زەبر و خۆسەپێنم. من هیچ هۆکارێک بۆ ئەمە نابینم.

**خاتوو پیرس:** "دەگەڕێتەوە"

بە یارمەتیی خۆت گەورەم، کێشەکە دەستی پێ کرد. زبلڕێژێک لە خوارەوەیە، ئەلفرێد دوولیتڵ، دەیەوێت چاوی پێتان بکەوێت. دەڵێت ئێوە کچەکەی ئەوتان لەلایە، لێرە.

**پیکەرینگ:** "هەڵدەستێتەوە"

چی! بەڕاست!

**هیگینز:** "یەکسەر"

ئەو دەم پیسە بنێرە بۆ ئێرە.

**خاتوو پیرس:** ئێ، زۆر باشە، گەورەم.

"دەچێتە دەرەوە"

**پیکەرینگ:** لەوانەیە دەم پیس نەبێت، هیگینز.

**هیگینز:** قسەی بێ مانا، بە دڵنیاییەوە دەم پیسە.

**پیکەرینگ:** ئەگەر وا بێت یان نا، من دەترسم لەگەڵیدا تووشی هەندێک کێشە بین.

**هیگینز:** "بە دڵنیاییەوە"

نانا، پێم وانییە تووشی کێشە بین. ئەگەر هەر کێشەیەک بێتە پێشەوە، ئەو لەگەڵ من هەیەتی. من لەگەڵ ئەو هیچ کێشەیەکم نییە. دڵنیاشم هەندێک شتی سەرنج ڕاکێشمان لێ دەست دەکەوێت.

**پیکەرینگ:** لەبارەی کچەکەوە؟

**هیگینز:** نەخێر، مەبەستم شێوەزارەکەیەتی.

**پیکەرینگ:** ئەها!

**خاتوو پیرس:** "لە بەردەرگەکەوە"

گەورەم، دوولیتڵ.

"فەرمووی لێ دەکات و خۆی دەگەڕێتەوە دواوە"

"ئەلفرێد دوولیتڵ پیاوێکی بە تەمەنە، بەڵام زبلڕێژێکی چوست و چالاکە. جلوبەرگی پیشەکەی لەبەردایە، بە شەپقەکەیشەوە، کە لێواری پشتەوەی پشت مل و سەرشانەکانیشی داپۆشیوە. ڕوویێکی سەرنج ڕاکێشی هەیە و هیچ نیشانەیەکی ترس و ڕاڕاییی پێوە دیار نییە. هەرچییەکی لە دڵدا بێت دەری دەبڕێت بێ ئەوەی هیچ شتێکی تێدا بهێڵێتەوە. ئەمە لای ئەو بووە بە خوو. شێوەی خۆپێشاندانی ئێستای لە یەکێک دەکات ناوی زڕابێت و لەسەر بڕیاری خۆی سوور بێت"

**دوولیتڵ:** "لە بەردەرگەکەوە. دڵنیا نییە لەوەی کامەیان ئەو پیاوەیە، کە بۆی هاتووە"

پرۆفیسۆر ئیگینز؟[٢٥]

**هیگینز:** فەرموو، بەیانیت باش. دانیشە.

**دوولیتڵ:** باش، بەڕێز.

"بە کەشوفشەوە دادەنیشێت"

گەورەم، من بە کارێکی زۆر گرینگ هاتووم بۆ ئێرە.

**هیگینز:** "بۆ پیکەرینگ"

ئەمە لە "هاونسلۆ" گەورە بووە. دایکی خەڵکی "وێڵز"ە. من وا دەبینم.

**دوولیتڵ:** "لە حەپەساویدا دەمی دەکاتەوە"

**هیگینز:** "لەسەر قسەکانی بەردەوامە"

فەرموو دوولیتڵ، چیت دەوێ؟

**دوولیتڵ:** "بە هەڕەشەوە"

کچەکەی خۆمم دەوێت. هەر ئەوەم دەوێت، زانیت؟

**هیگینز:** هەڵبەت مافی خۆتە. تۆ باوکی ئەویت، وانییە؟ تۆ باوەڕ ناکەیت کەسێکی تر جگە لە خۆت بیەوێت، وانییە؟ من دڵخۆشم هێشتا نەختێک جۆش و خرۆشی خانەوادەکەت پێوە دیارە. کچەکەت لە نهۆمی سەرەوەیە. یەکسەر بیبەرەوە.

**دوولیتڵ:** "هەڵدەستێتە سەرپێ. بە ترسەوە بۆ دواوە دەگەڕێتەوە"

چی!

**هیگینز:** بیبەرەوە بۆ خۆت. وا دەزانی دەمەوێ کچەکەت لای خۆم بپارێزم؟

**دوولیتڵ:** "نارەزایی پێشان دەدات"

تۆ سەیرکە، بەڕێز، سەیرکە. پێت وایە ئەمە کارێکی ماقووڵە؟ ئەمە ویژدانە تۆ یەکێک بەم شێوەیە بۆ سوودی خۆت بەکار بێنیت؟ کچەکە کچی منە. تۆ بردووتە. من لە کوێ هاتمە ژوورەوە؟

"دادەنیشێتەوە"

**هیگینز:** کچەکەت بە رووقایمیی خۆی هاتە ماڵی من و داوای لێ کردم فێری بکەم چۆن بە راستی قسە بکات بۆ ئەوەی بتوانێت لە دوکانێکی گوڵفرۆشیدا کار بکات. من و ئەو پیاوە و

کارەکەرەکەیشم لێرە بووین.

"دەیترسێنێت"

تۆ چۆن جورئەت دەکەیت بێیت بۆ ئێرە و هەڕەشەی ئەوە بکەیت، کە من تاوانێکم کردووە و دەتەوێت ئاشکرای بکەیت؟ تۆ بە ئەنقەست کچەکەتت ناردووەتە بۆ ئێرە.

**دوولیتڵ:** "ناڕەزایی دەردەبڕێت"

نەخێر، گەورەم.

**هیگینز:** با، تۆ ناردووتە، ئەگەرنا تۆ چۆن زانیت، کە ئەو لێرەیە؟

**دوولیتڵ:** ئاوا لە مەسەلەکە مەگە، گەورەم.

**هیگینز:** دەبێ پۆلیس بە شوێنتدا بگەڕێت. ئەمە تەڵەیە، پیلانە ناوتەوە بۆ پارە لێ سەندن بە هەڕەشە. ئێستا تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکەم.

"بە سووربوونەوە دەچێتە لای تەلەفۆنەکە و دەفتەری تەلەفۆنەکە دەکاتەوە"

**دوولیتڵ:** داوای پارەی باوکایەتیم لێ کردوویت؟ با ئەو جەنتڵمانەی ئێرە بیڵێت. من قسەیەکم لەبارەی پارەوە کردووە؟

**هیگینز:** "دەفتەرەکە بە لایەکەوە فڕێ دەدات و بە پۆزلێدانەوە بەرەو رووی دوولیتڵ دەچێت"

ئەی ئەگەر بۆ ئەمە نەبێت، بۆچی هاتوویت؟

**دوولیتڵ:** "بە نەرمییەوە"

باشە، پیاو بۆ دێتە ئێرە؟ بیر بکەرەوە، گەورەم.

**هیگینز:** "رووی خۆش دەبێتەوە"

ئەلفرێد، تۆ ئەو کچەت بۆ کاری خراپ هان داوە؟

**دوولیتڵ:** باوەڕ بکە، گەورەم، من هەرگیز شتی وام نەکردووە. سوێند بە ئینجیل دەخۆم ئەوە دوو مانگە ئەو کچەم هەر نەدیوە.

**هیگینز:** ئەی چۆن زانیت لێرەیە؟

**دوولیتڵ:** "لەسەر یەک نەوا بە خەمبارییەوە"

ئێستا پێت دەڵێم، گەورەم، ئەگەر ماوەم بدەیت قسەیەک بکەم. من حەز دەکەم پێت بڵێم. من دەمەوێ پێت بڵێم. من چاوەڕوانم پێت بڵێم.

**هیگینز:** پیکەرینگ، ئەم پیاوە بەهرەیەکی سروشتی زمانپاراویی هەیە. سەرنج بدە، قسەکانی وەکو خوێندنی باڵندەی ناو دارستان، چەندە هاوئاوازن. "من حەز دەکەم پێت بڵێم. من دەمەوێ پێت بڵێم. من چاوەڕوانم پێت بڵێم". زمانپاراوییەکی ناسک! ئەمە تایبەتمەندێتیی "وێڵز"ییە لە قسەکانیدا. هۆکاری درۆزنی و ساختەچێتییەکەیشی بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە.

**پیکەرینگ:** ئۆه، هیگینز، تکا دەکەم، من خۆیشم خەڵکی وڵاتێکی رۆئاواییم.

"بۆ دوولیتڵ"

چۆن زانیت ئەو کچە لێرەیە ئەگەر خۆت نەتناردبێت بۆ ئێرە؟

**دوولیتڵ:** گەورەم، مەسەلەکە بەم شێوەیە بوو: کچەکە کوڕێکی برد بە تاکسی تا گەشتێکی کورتی پێ بکات. کوڕەکە، کوڕی خاوەن خانووە بەکرێیەکەی بوو. کوڕەکە نەختێک خۆی دواخست بەو هیوایەی کچەکە پیاسەیەکی تری پێ بکات هەتا لای ماڵەکەی. لەوێ، کچەکە کوڕەکەی نارد تا کەلوپەلەکەی بۆ بێنێت. لەو

کاتەدا تۆ داوات لە کچەکە کرد لێرە بوەستێت. من کوڕەکەم لە سووچی "لۆنگ ئاکر" و شەقامی "ئێندڵ" بینی.

**هیگینز:** ئا لە مەیخانەکە، ئێ؟

**دوولیتڵ:** یانەی خەڵکی هەژارە، گەورەم. من بۆ نەچم؟

**پیکەرینگ:** هیگینز، بێڵە با چیرۆکەکەی تەواو بکات.

**دوولیتڵ:** کوڕەکە، هەموو سەربردەکەی بۆ گێڕامەوە. ئێستا من لە تۆ دەپرسم، هەڵوێستی من، ئەرکی من وەکو باوک دەبوو چی بێت؟ من بە کوڕەکەم گوت، "تۆ کەلوپەلەکەیم بۆ بێنە". گوتم...

**پیکەرینگ:** ئەی بۆ خۆت نەچوویت کەلوپەلەکە بێنیت؟

**دوولیتڵ:** گەورەم، ژنەکە، مەبەستم خاوەن خانووەکەیە، متمانەی پێ نەدەکردم. ئەو، لەو جۆرە ژنانەیە. ئیتر خۆت دەزانیت. دەبوو یەک پەنس بدەم بە کوڕەکە پێش ئەوەی متمانەم پێ بکات، ئەو بێچووە بەرازە. ئێستا کەلوپەلەکەیم بۆ هێناوەتە ئێرە تەنیا بۆ ئەوەی دڵی تۆ رابگرم و خۆیشم ئاسوودە بکەم. ئەوە هەموو مەسەلەکەیە.

**هیگینز:** کەلوپەلەکەی چییە؟

**دوولیتڵ:** گەورەم، ئامێرێکی مۆسیقا، چەند وێنەیەک، نەختێک خشڵ لەگەڵ قەفەسێکی باڵندە. بە قسەی خۆی، جلوبەرگی ناوێت. من دەبوو بیر لە چی بکەمەوە، گەورەم؟ من، وەکو باوک، لە تۆ دەپرسم دەبوو بیر لە چی بکەمەوە؟

**هیگینز:** کەواتە تۆ هاتوویت لە شتێکی خراپتر لە مەرگ رزگاری بکەیت، وانییە؟

**دوولیتڵ:** "دڵخۆشە، کە بەباشی لێی تێگەیشتن. بەڕێزەوە"
ئینجا ئاوا بوو، گەورەم. ئەمە راستییەکەیە.

**پیکەرینگ:** بەڵام بۆ کەلوپەلەکەیت هێنا لە کاتێکدا دەتەوێ ئەو کچە ببەیتەوە؟

**دوولیتڵ:** من هیچ باسی بردنەوەی ئەوم کردووە؟ ئێستا باسم کرد؟

**هیگینز:** "بە سووربوونەوە"
تۆ دەتەوێ بیبەیتەوە، خێراکە.
"دەپەڕێتەوە بۆ لای ئاگردانەکە و زەنگەکە لێ دەدات"

**دوولیتڵ:** "هەڵدەستێتە سەرپێ"
نەخێر، گەورەم، وا مەڵێ. من ئەو پیاوە نیم لە رێگەی خۆشی و بەختەوەریی کچەکەم بوەستم. ئەو ئێستا دەرگەی رێبازێکی تازەی لە بەردەمدا کراوەتەوە بۆ ژیان هەروەک خۆت پێ دەچێت وا ببینیت و...

**خاتوو پیرس:** "دەرگەکە دەکاتەوە و چاوەڕوانی فەرمانەکان دەکات"

**هیگینز:** خاتوو پیرس، ئەمە باوکی ئەلایزایە. هاتووە لەگەڵ خۆی بیباتەوە. بیدەرێ با بیباتەوە.
"دەگەڕێتەوە لای پیانۆکە. خۆی وا پێشان دەدات، کە بە تەواوی دەستی لە مەسەلەکە شتووە"

**دوولیتڵ:** نەخێر، ئەمە لەیەک تێنەگەیشتنە. گوێ بگرە...

**خاتوو پیرس:** ناتوانێت بیباتەوە، بەڕێز هیگینز. چۆن دەتوانێت؟ ئاخر تۆ بە منت گوت جلەکانی بسووتێنم.

**دوولیتڵ:** وایە، من ناتوانم کچەکە وەکو مەیموونێکی بزێو بەناو

شەقامەکاندا هەڵگرم، وانییە؟ من ئەمە بۆ تۆ جێ دێڵم.

**هیگینز:** تۆ خۆت وا پێشان دا، کە کچەکەت دەوێتەوە. بیبەرەوە. ئەگەر جلوبەرگی نییە بیکاتە بەر، بۆی بکڕە.

**دوولیتڵ:** "بێئومێدە"

ئەی ئەو جلوبەرگەی، کە لەبەریدا بوو ئەو کاتەی هاتە ئێرە، کوانێ؟ من سووتاندمن یان کارەکەرەت لێرە سووتاندنی؟

**خاتوو پیرس:** بێ زەحمەت، من کەیبانووم. ناردوومە هەندێک جلوبەرگی بۆ بێنن. هەر کاتێک جلوبەرگەکان هاتن، دەتوانیت بیبەیتەوە. ئێستا لە مەتبەخەکە چاوەڕوان بکە. لێرەوە، بێ زەحمەت.

**دوولیتڵ:** "زۆر پەستە. هەتا لای دەرگەکە لەگەڵ خاتوو پیرس دەچێت. پاشان دوودڵییەک دای دەگرێت. دواتر بە دڵنیاییەوە روو لە هیگینز دەکات"

گوێ بگرە، گەورەم: من و تۆ دنیامان زۆر بینیوە، وانییە؟

**هیگینز:** ئەها، دنیامان زۆر بینیوە، وایە؟ خاتوو پیرس، باشتر وایە بڕۆیت.

**خاتوو پیرس:** گەورەم، بەڕاستی منیش وا دەبینم.

"بە خۆبادانەوە دەڕوات"

**پیکەرینگ:** دەتوانیت قسە بکەیت، جەنابی دوولیتڵ.

**دوولیتڵ:** "بۆ پیکەرینگ"

من سوپاست دەکەم، گەورەم.

"بۆ هیگینز، کە پاڵی بە تەختە درێژەکەی پیانۆکە داوە و بەم

نزیکبوونەوەیە لە میوانەکە نەختێک سەخڵەت دەبێت، چونکە دوولیتڵ، وەکو زبڵڕێژ، سروشتی پیشەکەی پێوە دیارە"

با پێت بڵێم، گەورەم، من بەڕاستی تۆم چووەتە دڵەوە. ئینجا ئەگەر تۆ کچەکەت دەوێت، من جارێکی تر نایبەمەوە بۆ ماڵ، بەڵام ئەوەی حەز دەکەم بە ڕاشکاوی قسەی لەبارەوە بکەم، ڕێککەوتنێکە. ئەگەر لە روانگەی ئەوەوە سەیری بکەین، کە کچێکی گەنجە، ئەوا بەڕاستی کچێکی جوان و خنجیلانەیە. وەکو کچ، شایستەی چاودێریکردن نییە. بۆیە من ڕووبەڕوو پێت دەڵێم. ئەوەی من داوای دەکەم مافی خۆمە وەکو باوک. وابزانم تۆش چاوەڕوانی ئەوە ناکەیت من بە ختوخۆڕا لە دەست خۆمی بدەم، چونکە من دەبینم تۆ مرۆڤێکی سەرڕاستیت، گەورەم. پاشان، پێنج پاوەند بۆ تۆ چییە؟ ئەی ئەلایزا بۆ من چییە؟

"دەچێتە لای کورسییەکەیەوە و بە کەشوفشەوە دادەنیشێت"

**پیکەرینگ:** پێم وایە تۆ پێویستە ئەوە بزانیت، دوولیتڵ، کە نیازەکانی بەڕێز هیگینز زۆر پاکن.

**دوولیتڵ:** هەڵبەت پاکن، گەورەم. ئەگەر بە پاکم نەزانیبان، داوای پەنجا پاوەندم دەکرد.

**هیگینز:** "پەستە"

ئاخۆ تۆ دەتەوێت کچەکەت بە پەنجا پاوەند بفرۆشیت؟

**دوولیتڵ:** بە شێوەیەکی گشتی نامەوێ وا بکەم، بەڵام بۆ ئەوەی یارمەتیی جەنتڵمانێکی وەکو تۆ بدەم، من دڵنیات دەکەم، کە ڕێککەوتنێکی باشت لەگەڵ ئەنجام دەدەم.

**پیکەرینگ:** کوڕە تۆ هیچ بەهایەکی ئەخلاقیت نییە؟

**دوولیتڵ:** "بە بێشەرمییەوە"

بۆ من دەست نادەن، گەورەم. ئەگەر تۆش وەکو من هەژار بایت، بۆ تۆش کەڵکی نەدەبوو. هەڵبەت من مەبەستم نییە زیانتان پێ بگەیەنم، بەڵام ئەگەر ئەڵایزا کەمێکی دەست کەوێت، بۆ منیش دەستم نەکەوێت؟

**هیگینز:** "هەر پەستە"

من نازانم چی بکەم، پیکەرینگ. گومان لەوەدا نییە، کە لە روانگەی بەها ئەخلاقییەکانەوە تاوانێکی روونە، ئەگەر باوکایەتی بەم پیاوە ببەخشیت. لەگەڵ ئەوەشدا، هەست دەکەم داخوازییەکەی رەوایە ئەگەرچی بێنەزاکەتیی تێدایە.

**دوولیتڵ:** ئاوایە، گەورەم. ئەوەی هەمبوو، گوتم. دڵی باوک چۆنە، ئاوا.

**پیکەرینگ:** بەڵێ، من هەست بەمە دەکەم، بەڵام بە ڕاستی کارێکی قۆڕە.

**دوولیتڵ:** وا مەڵێ، گەورەم. بەم شێوەیە سەیری مەسەلەکە مەکە. ئاخر من چیم، بەڕێزینە؟ من لە ئێوە دەپرسم، من چیم؟ یەکێکم لەو هەژارە ناشایستانەی، کە هیچی پێ رەوا نابینن[٢٦]. ئەمە پلە و پایەی منە. بیر کەرەوە، ئەمە بۆ مرۆڤ چی دەگەیەنێت. مانای ئەوەیە دەبێ هەردەم ڕووبەڕووی رێ و ڕەوشتی چینی ناوەندیی کۆمەڵ بێتەوە. ئەگەر هەر سوودێکی هەبێت و منیش داوای نەختێکم کرد، ئیتر هەمان چیرۆکم بۆ دووبارە دەکەیتەوە: "تۆ شایستەی ئەوە نیت. نابێ هیچت بەرکەوێت". لە کاتێکدا پێداویستییەکانی من، هێندەی پێداویستییەکانی بێوەژنێکی زۆر شایستە، گەورەیە، کە بە هۆی مردنی هەمان مێردەوە لە

هەفتەیەکدا پارەی لە شەش دەزگای خێرخوازییەوە دەست دەکەوێت. من لەوە کەمترم ناوێت، کە مرۆڤێکی شایستە پێی رەوا دەبینرێت، بگرە زیاترم دەوێت. من خواردنی خۆش لەو کەمتر ناخۆم و لەو زیاتر بادە دەنۆشم. نەختێک خۆشی و رابواردنم دەوێت، چونکە من پیاوێکم بیر دەکەمەوە. ئەو کاتەی، کە پەست و خەمبار دەبم پێویستیم بە ئاهەنگ و بەزم و رەزم و گۆرانی و مۆسیقا هەیە. ئاخر بۆ هەموو شتێک داوای پارەم لێ دەکەن، وەکو چۆن داوا لە کەسێکی شایستە دەکەن. پێم ناڵێیت رێ و رەوشتی چینی مامناوەندی چییە؟ تەنیا بیانووە بۆ ئەوەی هیچ شتێکم پێ نەدەن. بۆیە، بەرێزینە، من داواتان لێ دەکەم ئەم یارییە لەگەڵ مندا مەکەن. من لەگەڵ ئێوە بە بێ پێچوپەنا رەفتار دەکەم. خۆم وا پێشان نادەم، کە کەسێکی شایستەم. من کەسێکی ناشایستەم و نیازیشم وایە هەروا بەم پلە و پایەیەوە بەردەوام بم. وام پێ خۆشە. ئەمە راستییە. بەرێزینە، ئاخۆ ئێوە دەتانەوێت هەڵوێستی پیاوێک بۆ سوود و قازانجی خۆتان بەکار بێنن و لە پارەی کچەکەی بێبەشی بکەن، کە بە ئارەقەی نێوچەوانی بەخێوی کردووە و جلوبەرگی بۆ دابین کردووە تا پێ گەیشتووە و گەورە بووە بۆ ئەوەی ببێتە جێگەی سەرنجی ئێوە؟ ئاخۆ پێنج پاوەند ماقووڵ نییە؟ من ئەو پێشنیازەم خستە بەردەمی ئێوە و ئیتر بۆ ئێوە جێی دێڵم.

**هیگینز:** "هەڵدەستێتە سەرپێ و بەلای پیکەرینگدا دەچێت"

پیکەرینگ، ئەگەر ئێمە ئەم پیاوە بخەینە ژێر دەستی خۆمانەوە بۆ ماوەی سێ مانگ، ئەو کاتە یان کورسییەک لە ئەنجوومەنی

وەزیران هەڵدەبژێرێت یاخۆ پلەی قەشەیەکی بەناوبانگ لە وێڵز.

**پیکەرینگ:** تۆ رات بەمە چییە، دوولیتڵ؟

**دوولیتڵ:** من نا، گەورەم، پڕ بەدڵ سوپاست دەکەم. من گوێم لە هەموو قەشەکان و سەرەک وەزیرەکان بووە، چونکە من پیاوێکی ژیرم و بیر دەکەمەوە. گەمەی سیاسەت و ئاین و چاکسازیی کۆمەڵایەتی وەکو گاڵتەوگەپ و شتە سەیرەکانی تر وایە و من پێتان دەڵێم، کە هەر چۆن سەیری ئەم ژیانە بکەیت، ژیانێکی پڕ ئەشکەنجە و کولەمەرگییە. من مەمرە و مەژی بۆ خۆم دەژیم. بە رای من سەرکەوتن بۆ پلە و پایەیەکی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەدا تەنیا شتێکە، کە گوڕ و تین دەبەخشێتە ژیان.

**هیگینز:** من وا دەبینم پێنج پاوەندییەکی پێ بدەین.

**پیکەرینگ:** دەترسم بە شتی پڕوپووچ سەرفی بکات.

**دوولیتڵ:** من نا، گەورەم، لەوە مەترسە، کە پاشەکەوتی بکەم و پاشان بە فیڕۆی بدەم. هەتا دووشەم یەک پەنسم لا نامێنێت. من وەک ئەوەی هیچم وەرنەگرتبێت، بەردەوام دەبم لەسەر ئیشوکاری خۆم. دڵنیام بێ پارە و پوول نابم. تەنیا لە خۆشی و رابواردن سەرفی دەکەم بۆ خۆم و بۆ ئەو ژنە ئیشکەرە بۆ ئەوەی دڵی خۆمان خۆش بکەین و ئەوانی تریش پێوە خەریک بکەین، هەروەها تۆش لەوە دڵنیا بیت، کە پارەکە بەفیڕۆ نەدراوە. ناتوانیت لەمە باشتر سەرفی بکەیت.

**هیگینز:** "دەفتەرەکەی لەناو گیرفانی دەردێنێت و دەچێتە نێوان دوولیتڵ و پیانۆکە"

ئەمە کارێکی نایابە. با دە پاوەندی پێ بدەین.

"دوو پارچە پێنج پاوەندیی بە زبلڕێژەکە دەدات"

**دوولیتڵ:** نا، گەورەم. ئەو ژنە دڵی نایەت دە پاوەند سەرف بکات. منیش هەر وا. دە پاوەند پارەیەکی زۆرە. وا لە مرۆڤ دەکات دووربین بێت، دەست بە پارەوە بگرێت. پاشان ماڵئاوا بۆ بەختەوەری. ئەوەی من داوام کرد، تۆ پێت دام، گەورەم، نە پەنسێک کەم نە پەنسێک زیاد.

**پیکەرینگ:** بۆ ئەو ژنە ئیشکەرە بۆ خۆت ناخوازیت؟ من بەلامەوە باشترە سنوورێک بۆ هاندانی ئەم بەدڕەوشتییە دابنێم.

**دوولیتڵ:** دە ئاوای پێ بڵێ، گەورەم، ئاوای پێ بڵێ. من حەز دەکەم. زۆر ئازاری پێوە دەچێژم. هیچ دەسەڵاتم بەسەریەوە نییە. بە دڵی ئەو دەبم. جلوبەرگی بۆ دەکڕم، لەوانەی هەوەس دەبزوێنن. من گیرۆدەی ئەو ژنەم، گەورەم، هەر لەبەرئەوەی بە شێوەیەکی یاسایی مێردی ئەو نیم. خۆیشی ئەمە دەزانێت. رازی بکە با شووم پێ بکات! بە قسەم بکە، گەورەم، ئەلایزا بۆ خۆت بخوازە هەتا جحێڵە و نازانێت شتی باش و خراپ لەیەک جیا بکاتەوە. ئەگەر نەیخوازیت، پاشان پەشیمان دەبیتەوە. ئەگەر بیخوازیت، پاشان ئەو پەشیمان دەبێتەوە، باشتر وایە ئەو پەشیمان بێتەوە نەک تۆ، چونکە تۆ پیاویت و ئەویش ژنە و هیچی تر. دواجار، نازانێت بەختەوەری لە کوێدایە.

**هیگینز:** پیکەرینگ، ئەگەر چیی تر گوێ لەم پیاوە بگرین، هیچ شتێک نامێنێت، کە گوێی لێ بگرین.

"بۆ دوولیتڵ"

وابزانم گوتت پێنج پاوەند.

**دوولیتڵ:** سوپاس، گەورەم.

**هیگینز:** تۆ دڵنیایت دە پاوەند وەرناگریت؟

**دوولیتڵ:** ئێستا نا، لە کاتێکی تر، گەورەم.

**هیگینز:** "پێنج پاوەندییەکی پێ دەدات"

فەرموو.

**دوولیتڵ:** سوپاس، گەورەم. ماڵئاوا.

"بە پەلە بەرەو دەرگەکە دەچێت، بە پەرۆشە بۆ ئەوەی بە دەستکەوتەکەیەوە بڕواتە دەرەوە. کە دەرگەکە دەکاتەوە خاتوونێکی ژاپۆنیی ناسک و جوان و خنجیلانە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، کە کراسێکی شینی درێژ و نایابی لەبەردایە، هەندێک گوڵی یاسەمینی سپیی زۆر جوانی لەسەر چنراوە. خاتوو پیرسی لەگەڵدایە. دوولیتڵ بە داوای لێبووردنەوە و بەڕێزەوە ڕێگەکەی بۆ چۆڵ دەکات"

ببوورە، خانم.

**خاتوونە ژاپۆنییەکە:** سەیرە! تۆ کچی خۆت ناناسیتەوە؟

**دوولیتڵ و هیگینز و پیکەرینگ:** "بەیەکەوە سەرسام دەبن"

ئۆی!! خۆ ئەوە ئەلایزایە! ئەمە چییە؟ خۆیەتی! بەخوا!

**لایزا:** خۆتان گێل مەکەن؟

**هیگینز:** گێل؟

**خاتوو پیرس:** "لە بەردەرگەکەوە"

بەڕێز هیگینز، ئێستا هیچ شتێک مەڵێ وا لە کچەکە بکات لەخۆی بایی بێت.

**هیگینز:** "پڕ بەدڵەوە"

ئا! زۆر راستە، خاتوو پیرس.

"بۆ ئەلایزا"

بەڵێ، گێل و وێڵ.

**خاتوو پیرس:** گەورەم، تکایە.

**هیگینز:** "قسەکەی راست دەکاتەوە"

مەبەستم ئەوەیە، زۆر گێلیت.

**لایزا:** بە شەپقەکەوە رێک دەردەکەوم.

"شەپقەکە هەڵدەگرێت و دەیکاتە سەری. دەپەڕێتەوە بۆ لاکەی تری ژوورەکە، هەتا لای ئاگردانەکە. خۆی وەکو کەسێکی تەڕپۆش دەنوێنێت"

**هیگینز:** بە خوا ئەمە مۆدەیەکی تازەیە! ماقووڵ نییە!

**دوولیتڵ:** "بە شانازییەکی باوکانەوە"

دەزانی، بەڕێز، من هەرگیز نەمدەزانی ئاوا پاک دەبێتەوە و بەم شێوەیە جوان دەرکەوێت. ئەوە بۆ من جێگەی شانازییە، وا نییە؟

**لایزا:** دەزانیت، لێرە خۆپاککردنەوە زۆر ئاسانە. بۆرییەکە ئاوی گەرمی پێدا دەڕوات. هەتا بڵێی ئاوی گەرم زۆرە. خاولیی نەرمونۆڵ هەیە. شیشی خاولی هەڵواسین هێندە گەرمە، نەبێتەوە. پەنجەکانت دەسووتێنێت، هەروەها لیفکەی نەرم و خۆش بۆ خۆشتن. لەگەڵ سابوونی بۆندار، کە بۆنی گوڵەبەهارەی لێ دێت. ئێستا تێ دەگەم بۆ خانمەکان پاک و جوانن. ئەوان

خۆشتنیان لەلا شتێکی خۆشە. خۆزگە دەیانزانی بۆ من چی دەگەیەنێت!

**هیگینز:** دڵخۆشم، کە گەرماوەکەت بە دڵە.

**لایزا:** بە دڵم نییە، هەموویم بە دڵ نییە. گرینگ نییە کێ گوێی لەم قسەیەی من بێت. خاتوو پیرس دەزانێت.

**هیگینز:** چ کەموکووڕییەکی هەبوو، خاتوو پیرس؟

**خاتوو پیرس:** "بە هێمنییەوە"

نا، هیچ، گەورەم. گرینگ نییە.

**لایزا:** حەزم دەکرد بیشکێنم. نەمزانی سەیری کام لا بکەم، بەڵام کە خاولییەکەم بەسەر دادا، شکاندم.

**هیگینز:** بەسەر چی؟

**خاتوو پیرس:** گەورەم، بەسەر ئاوێنەکە.

**هیگینز:** دوولیتڵ، تۆ کچەکەت لەسەر توندوتیژی پەروەردە کردووە.

**دوولیتڵ:** من! من هەر پەروەردەم نەکردووە، تەنیا بۆ ئەوە نەبێت، کە جارجار بەر قامچیی بدەم. بەسەر منی ساغ مەکەرەوە، گەورەم. خۆت دەزانی ئەو لەم ژیانەدا رانەهاتووە. هەر ئەوەیە و هیچی تر، بەڵام بەرەبەرە بە رێگە ئاسان و بێ بەربەستەکانی تۆدا رادێت.

**لایزا:** من کچێکی بەڕەوشتم. بەڵێ بەڕەوشتم. ئەو رێگە ئاسان و بێ بەربەستانە ناگرمە بەر.

**هیگینز:** ئەلایزا، ئەگەر جارێکی تر بڵێیت، من کچێکی بەڕەوشتم، با باوکت بتباتەوە بۆ ماڵ.

**لایزا:** باوکم وا ناکات. تۆ باوکم ناناسیت. ئەو تەنیا بۆ ئەوە هاتووە نەختێک پارەت لێ بسەنێت تا خۆی پێ سەرخۆش بکات.

**دوولیتڵ:** ئەی بۆ ئەمە نەبێت، پارە بۆ چیی تر باشە؟ وابزانم دەتەوێت بیخەمە قاپی ناو کڵێساکان.

"زمانی لە باوکی دەردێنێت. دوولیتڵ بەمە زۆر تووڕە دەبێت. پیکەرینگ یەکسەر بەپێویستی دەزانێت بچێتە نێوانیانەوە"

بە هیچ شێوەیەک بە لووتبەرزییەوە وەڵامم مەدەرەوە. نامەوێت ببیستم بەو شێوەیەش لەگەڵ ئەم جەنتڵمانە رەفتار بکەیت، ئەگەرنا شتی تر لە منەوە دەبیستی سەبارەت بەمە، زانیت؟

**هیگینز:** هیچ ئامۆژگارییەکی ترت هەیە پێی بدەیت بەر لەوەی بڕۆیت، دوولیتڵ؟ بۆ نموونە، داوای خۆشی و شادیی بۆ بکەیت.

**دوولیتڵ:** نەخێر، گەورەم. من ئەوەندە نەزان نیم تا هەموو ئەوەی خۆم دەیزانم لە مێشکی منداڵەکانمی بئاخنم. زۆر سەختە ددان بە خۆتدا بگریت و دەریان نەبڕیت. ئەگەر تۆ دەتەوێ بیر و هۆشی ئەلایزا پێش بکەوێت، گەورەم، دەتوانیت قامچی بەکار بێنیت. ماڵئاوا بەڕێزینە.

"رووی خۆی وەردەگێڕێت و دەڕواتە دەرەوە"

**هیگینز:** "بە شێوەیەکی کاریگەر"

بوەستە. تۆ ناو بەناو وەرە بۆ بینینی کچەکەت. هەڵبەت ئەمە ئەرکی خۆتە. براکەم قەشەیە. دەتوانێت بۆ قسەکردن لەگەڵ کچەکەت یارمەتیت بدات.

**دوولیتڵ:** "بە پێچوپەناوە"

هەڵبەت دێم، گەورەم. بەڵام ئەم هەفتەیە ناتوانم، چونکە کارێکم

هەیە لە شوێنێکی دوور. پاشان دڵنیابە دێم. ماڵئاوا، بەڕێزینە. ماڵئاوا، خانم.

"سەیری خاتوو پیرس دەکات و بە مەبەستی سڵاو لێکردن دەست بۆ شەپقەکەی دەبات، بەڵام خاتوو پیرس بە سووکییەوە سڵاوەکەی وەردەگرێتەوە و دەچێتە دەرەوە. دوولیتڵ سەیری هیگینز دەکات و چاوی لێ دەنوقێنێت، چونکە پێی وایە ئەویش زۆر ئازاری بەدەست کەللەڕەقی و سەرگەرمیی ئەو چەشتووە و دوای دەکەوێت"

**لایزا:** باوەڕ بەو درۆزنە گەورەیە مەکە. ئەو لای باشترە سەگی تێ بەربدەیت نەک باسی قەشەی بۆ بکەیت. بە ئارەزووی خۆی بێت، جارێکی تر چاوت پێی ناکەوێتەوە.

**هیگینز:** من نامەوێت چاوم پێی بکەوێتەوە. ئەی تۆ، ئەلایزا؟

**لایزا:** منیش. من هەرگیز نامەوێت چاوم پێی بکەوێتەوە. بۆ من مایەی شەرمەزارییە خەریکی کۆکردنەوەی زبڵ و زاڵ بێت لە جیاتیی ئەوەی بە پیشەکەی خۆیەوە خەریک بێت.

**پیکەرینگ:** پیشەکەی خۆی چییە، ئەلایزا؟

**لایزا:** پارە لە خەڵک سەندن بە فڕوفێڵ. کرێکارێکی ناشایستەیە. جارجار هەر بۆ مەشق و ڕاهێنان کار دەکات. پارەیەکی باشی دەست دەکەوێت. هەڵبەت چیی تر بە خاتوو دوولیتڵ بانگم ناکەیت؟

**پیکەرینگ:** ببوورە، خاتوو دوولیتڵ. لە زارم دەرچوو.

**لایزا:** نا، گوێی مەدەرێ، بەڵام هەر ئاوا جوانە. من ئێستا دەمەوێ تاکسییەک بگرم تا بمباتە سووچەکەی "تۆتنهام کۆرت ڕۆد".

لەوێ دابەزم و تاکسییەکە چاوەڕوانم بکات هەتا بە کچەکان دەڵێم ئەوان لە چ پلە و پایەیەکی نزم دان. هەڵبەت نامەوێ قسەیان لەگەڵ بکەم.

**پیکەرینگ:** باشتر وایە چاوەڕوان بکەیت تا شتێکی تازەباوت بۆ دێنین.

**هیگینز:** بێجگە لەمەش، تۆ نابێت ئاوا بە سووکییەوە سەیری هاوڕێ کۆنەکانت بکەیت، چونکە ئێستا پلە و پایەت بەرز بووەتەوە. ئێمە بەمە دەڵێین لووتبەرزی.

**لایزا:** تۆ ئێستا ئەوان و هاوشێوەی ئەوان بەهاوڕێی من مەزانە. هەر کاتێ بواریان بۆ بڕەخسابا، بە گاڵتەپێکردن بێ تاقەتیان دەکردم. ئێستا من دەمەوێ نەختێک تۆڵەی خۆم بکەمەوە، بەڵام لەبەرئەوەی پێویستە جلوبەرگی تازەباو بکەمە بەر، بۆیە چاوەڕوان دەکەم. حەز دەکەم هەندێک جلوبەرگی ئاوا بکەمە بەر. خاتوو پیرس پێی گوتم گوایە تۆ هەندێک جلوبەرگی شەوانەم پێ دەدەیت، کە جیایە لەوانەی بە ڕۆژ دەیانکەمە بەر، بەڵام ئەمە پارە بە فیڕۆدانە کاتێک کە جلوبەرگمان هەبێت بۆ خۆدەرخستن. بێجگە لەمەش، من هەرگیز حەزم نەکردووە لە شەوانی زستان جلوبەرگی ساردوسڕ بکەمە بەر.

**خاتوو پیرس:** "دەگەڕێتەوە"

دەی ئەلایزا، جلوبەرگی تازەت بۆ هات. تاقیان بکەرەوە.

**لایزا:** ئاه ـ ئۆو ـ ئۆۆ ـ ئۆۆه !

"بەپەلە دەچێتە دەرەوە"

**خاتوو پیرس:** "بە دوایدا دەچێتە دەرەوە"

ئۆی، کچێ ئاوا ڕامەکە.

"دەرگەکە لە دوای ئەو دادەخات"

**هیگینز:** پیکەرینگ، ئێمە کارێکی سەختمان گرتووەتە ئەستۆ.

**پیکەرینگ:** "بە دڵنیاییەوە"

راست دەکەیت، هیگینز.

*دیارە مرۆڤ حەز دەکات بزانێت ئەو وانەیەی، کە هیگینز بۆ ئەلیزا دەیڵێتەوە، چۆنە. بەهەرحاڵ، ئەمە نموونەی یەکێکیانە: وانەی یەکەم. ئەلیزا بێنە بەرچاوت بە جلوبەرگی تازەوە. هەستێکی نامۆ، کە پێشتر پێی رانەهاتووە، لە کاتی نانخواردنی بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە دای دەگرێت. لە ژووری خوێندنەوە لەگەڵ هیگینز و پیکەرینگ دانیشتووە. هەست دەکات وەکو نەخۆشێک وایە، کە لە نەخۆشخانە چارەسەری بۆ بکرێت و یەکەم جارە پزیشکەکان دێن بۆ لای.*

*هیگینز، سەبارەت بە پێکهاتەی لەشیەوە، ناتوانێت بەبێ جووڵە دانیشێت. بۆیە ئاسوودەییەکەی ئەلیزا زیاتر دەشێوێنێت کاتێ، بێ ئەوەی بسرەوێت، قاچەکانی بەملا و بەولادا بڵاو دەکاتەوە. بەهەرحاڵ، بۆ دڵنیاکردنەوەی ئامادەیی خۆی و ئاسوودەیی هاوڕێکەی، کۆڵۆنێل، بەردەوام دەبێت، تەنانەت ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ "دوورای لەین".*

**هیگینز:** ئەلفوبێکان بڵێ.

**لایزا:** من ئەلفوبێی خۆم دەزانم. پێت وایە من هیچ نازانم؟ پێویست ناکات وەک منداڵ فێرم بکەیت. من منداڵ نیم.

**هیگینز:** "بە تووڕەییەوە"

ئەلفوبێی خۆت بڵێ.

**پیکەرینگ:** بیلـێ، خاتوو دوولیتڵ. تۆ تازە دەست پێ دەکەیت. چیت پێ دەڵێت، وا بکە. با بەشێوازی خۆی فێرت بکات.

**لایزا:** ئێ، باشە. ئەگەر تۆ ئاوات دەوێ ـ ئاهی ـ بەییی ـ سەییی ـ دەیی ـ[٢٧]

**هیگینز:** "وەکو شێرێکی بریندار دەنەڕێنێت"

بوەستە. گوێی لێ بگرە، پیکەرینگ. ئێمە لە قۆناغی سەرەتایی بۆ ئەم حـاڵەتە سـزای قـوتابی دەدەین. ئەم چوارپێـیـە دامـاوە ماوەی نۆ ساڵە لەسـەر حیسابی ئێمە لە قوتابخانە بەند کراوە تا فێری قسەکردن و نووسین بێت بە زمانی شـەکسپیر و میلتن. ئەنجامـەکـەیشی ئـەو ئاهی ـ بەییی ـ سـەییی ـ دەیی یـەیە، کـە بینیمان.

"بۆ ئەلایزا"

بڵـێ: ئێی، بی، سی، دی.

**لایزا:** "خەریکە دەگری"

بەلام من وا دەڵێم. ـ ئاهی ـ بەییی ـ سەییی ـ

**هیگینز:** بەسە. بڵـێ: a cup of tea

**لایزا:** A cappata-ee

**هیگینز:** زمـانت بۆ پێشەوە بێنە هەتا لە سەرووی ددانـەکانی خـوارەوە گیری دەکەیت. ئێستا بڵـێ: cup

**لایزا:** ک ـ ک ـ ک، ناتوانم، ک ـ کەپ.

**پیکەرینگ:** باشە. زۆر باشە، خاتوو دوولیتڵ.

**هیگینز:** بە خـوا، هـەر لە یەکـەم هـەوڵدا توانـی سـەرکـەوێت. پیـکەرینگ،

دەیکەین بە شازادە.

"بۆ ئەلایزا"

ئێستا پێت وایە دەتوانی بڵێیت: tea؟ نەک ta-ee. بزانە، ئەگەر چیی تر بڵێیت: ئاهی - بەییی - سەییی - دەیی، سێ جار بە قژەوە بەناو ئەم ژوورەدا ڕادەکێشرێیت.

"بە دەنگی بەرز"

T.T.T.T.

**لایزا:** "دەگریت"

من هیچ جیاوازییەک نابینم، تەنیا ئەوە نەبێت، کە ئەوەی تۆ دەیڵێیت، جوانترە.

**هیگینز:** باشە، ئەگەر تۆ ئەو جیاوازییە ببیسیت، ئەی پێم ناڵێیت بۆ دەگری؟ پیکەرینگ، هەندێک چوکلێتی بدەرێ.

**پیکەرینگ:** نا نا. ئەو گریانە کەمە گرینگ نییە، خاتوو دوولیتڵ، تۆ باش هەنگاو دەنێیت و وانەکان هیچ ئازارێکت پێ ناگەیەنن. من بەڵێنت پێ دەدەم ناهێڵم قژت بگرێت و بەناو ژوورەکەدا ئەمسەر و ئەوسەرت پێ بکات.

**هیگینز:** بڕۆ لێرە مەمێنە. بڕۆ بۆ لای خاتوو پیرس و ئاگەداری بکەرەوە. بیری لێ بکەرەوە. هەوڵ بدە خۆت ئەنجامی بدەیت. زمانت بەرێکوپێکی بۆ پێشەوە بەرە لە جیاتیی ئەوەی گرمۆڵەی بکەیت و هەڵی لووشیتەوە. وانەیەکی ترمان لە سەعات چوار و نیوی ئەم ئێوارەیە هەیە. دەبڕۆ دەی.

**لایزا:** "هێشتا بە کوڵ دەگری. لە دەرگەکە بە ڕاکردن دەچێتە دەرەوە"

*ئیتر ئەمە ئەو کارە سەختەیە، کە ئەلایزای بەستەزمان دەبوو بۆ*

ماوەی چەند مانگێک بچێتە ژێر باریەوە بەر لەوەی دیسان بۆ یەکەم جار لەنێو چینی پرۆفیشناڵ لە کۆمەڵگەی لەندەن دەرکەوێتەوە.

## بەشی سێیەم

" هیگینز خانم لە ماڵەوەیە. هێشتا هیچ کەسێک نەگەیشتووەتە لای ئەو. ژووری میوانەکەی، کە لە ئەپارتمانێکە لەسەر ڕێگەی پیادەڕۆی "چێلسی ئێمباکمێنت"ە[28]، سێ پەنجەرەی هەیە و دەڕواننە ڕووبارەکە. ساپیتەکەی ئەوەندە بەرز نییە، وەکو لە خانووە کۆنەکان بەرچاو دەکەوێت، کە هەمان شێوە و ڕواڵەتیان هەیە. پەنجەرەکان کراونەتەوە. مرۆڤ دەتوانێت لەوێوە بچێت بۆ هەیوانەکە، کە ژمارەیەکی زۆر گوڵدانی پڕ گوڵی تێدایە. ئەگەر لەوێ بوەستێت و ڕووت لە پەنجەرەکانەوە بێت، ئاگردانەکە دەکەوێتە لای چەپت و دەرگەکەش لە دیواری دەستی ڕاستە، نزیک ئەو سووچەیە، کە لە پەنجەرەکانەوە نزیکە.

هیگینز خانم لەناو دیکۆر و نەخشسازیی "مۆریس" و "بێرن جۆنس"[29] گەورە بووە و ژوورەکەی، کە بە پێچەوانەی ژووری کوڕەکەی لە شەقامی "ویمپۆڵ"، هێندە کەلوپەل و مێزی بچووک و وردە شتی ڕازاندنەوەی تێدا نییە. لە ناوەڕاستی ژوورەکە، قەنەفەیەکی بێ پشتی گەورە هەیە. ئەم قەنەفەیە لەگەڵ مافوورەکە و هەروەها نەخش و دیکۆری دیوار و پەردە نەخشێنراوەکەی دەستکردی "مۆریس" و بەرگە پڕ نەخش و نیگارەکەی قەنەفەکە و کۆشەکانی، دیمەنێکی هێندە ڕازاوە و جوان دەبەخشنە ژوورەکە، کە ناکرێت بە شتی وردکە و پرتکە بشاردرێنەوە. چەند تابلۆیەکی بۆیەی ڕۆن بە دیوارەکەوە هەڵواسراون،

که له پێشانگەکەی "گرۆسڤێنۆر گەلەری"[٣٠] بەر له سی ساڵ هێناونی.
پۆرترەیتی هیگینز خانمیش به دیوارەکەوە هەڵواسراوە. وێنەکە هی سەردەمی گەنجێتییەتی، ئەو کاتەی بەرهەڵستی مۆدەکاریی دەکرد. دەستەجلێکی به نەخش و نیگاری "رۆزێتی"[٣١] لەبەردایە، کە خەڵک له کاتی خۆیدا گاڵتەیان پێ دەکرد، چونکە تێی نەدەگەیشتن. له ئەنجامدا، ئیستاتیکای گشتی بووبوو به شتێکی بێ مانا.

له سووچی بەرامبەر دەرگەکەوە، کەمێک بەلارییەوە، خانمی هیگینز، کە ئێستا له سەرووی شەستەوەیە، به دەستەجلێکەوە، کە ئێستا مۆدەی نییە، لەبەر مێزێکی رێکوپێکی نووسین دانیشتووە و دوگمەی زەنگەکەیشی لێوە نزیکە. کورسییەکی "چیپێندالی"[٣٢] کۆن نەختێک له دواوەی ژوورەکەدا و له نێوان خۆی و پەنجەرەکەدایە زیاتر له خانمی هیگینز نزیکە. لەلاکەی تری ژوورەکە، نەختێک بۆ پێشەوە کورسییەکی سەردەمی ئەلیزابێسی دانراوە و نەخشەکانی به زبری لەسەر شێوازی "ئینیگۆ جۆنز"[٣٣] لەسەر هەڵکەنراوە. له هەمان لادا پیانۆیەک لەناو سندووقێکی رازاوەدایە. له سووچەکەی نێوان ئاگردانەکە و پەنجەرەکە قەنەفەیەکی پاڵپشتدار هەیە له شێوازی مۆریسیانە".

"ئێوارەیە. سەعات له نێوان چوار و پێنجە.

دەرگاکە به توندی دەکرێتەوە. هیگینز دێتە ژوورەوە. شەپقەکەی له سەرە"

**هیگینز خانم:** "به حەپەساوییەوە"

هنری!

"سەرزەنشتی دەکات"

ئەوە تۆ ئەمرۆ چی دەکەیت لێرە؟ من ئەمرۆ له ماڵەوەم. تۆ

بەڵێنت پێ دام نەیەیت بۆ ئێرە.

"هیگینز دەچەمێتەوە بۆ ئەوەی ماچی بکات، هیگینز خانم شەپقەکەی لەسەر سەری هیگینز لادەبات و پێشکێشی دەکات"

**هیگینز:** دەک بە لەعنەت بێت!

"شەپقەکەی فڕێ دەداتە سەر مێزەکە"

**هیگینز خانم:** یەکسەر بگەڕێوە بۆ ماڵەوە.

**هیگینز:** "ماچی دەکات"

دەزانم، دایە. من بە ئەنقەست هاتم.

**هیگینز خانم:** بەڵام دەبوو نەیەیت. من بە راست وا دەڵێم. تۆ هەموو هاوڕێکانم لێ زویر دەکەیت. ئەوان کاتێ دەزانن لێرە چاویان بە تۆ دەکەوێت، ئیتر نایەن بۆ ئێرە.

**هیگینز:** قسەی پڕوپووچ! من دەزانم هیچ قسەی بێ مانا ناکەم، بەڵام خەڵک بە دڵیان نییە.

"لەسەر قەنەفە پاڵپشتدارەکە دادەنیشێت"

**هیگینز خانم:** چی! قسەی پڕوپووچ نین! بەڕاستی قسەی پڕوپووچن! ئەی قسە زل زلەکانت؟ بە قوربان، بە راستی، نابێ لێرە بمێنیتەوە.

**هیگینز:** دەبێ بمێنمەوە. کارم بۆ هێناویت. کاری فۆنەتیک.

**هیگینز خانم:** سوودی نییە، جەرگم. ببوورە. من ناتوانم کێشەی دەنگە بزوێنەکانی تۆ چارەسەر بکەم. هەرچەندە حەز دەکەم هەندێک پۆستکارتی جوانم لە تۆوە دەست کەوێت، کە کورتە نووسینی بەشێوازی تازەی لەسەر بێت، بەڵام هەردەم پۆستکارتەکان بە

نووسینی ئاسایی دەخوێنمەوە، کە تۆ دوای بیرکردنەوەیەکی قووڵ دەیاننێریت بۆ من.

**هیگینز:** باشە، خۆ ئەمە کاری فۆنەتیک نییە.

**هیگینز خانم:** تۆ وات گوت.

**هیگینز:** ئەرکی تۆ لە فۆنەتیک وا نییە. کچێکم دۆزیوەتەوە.

**هیگینز خانم:** مەبەستت ئەوەیە کچێک تۆی دۆزیوەتەوە؟

**هیگینز:** نەخێر، هەرگیز. من مەبەستم مەسەلەی خۆشەویستی نییە.

**هیگینز خانم:** جێگەی داخە!

**هیگینز:** بۆ؟

**هیگینز خانم:** ئاخر تۆ لە ژیانتدا لەگەڵ یەکێک خۆشەویستی ناکەیت لە خوارووی چل و پێنج بێت. کەی تۆ لەوە دەگەیت، کە ئافرەتی جوان و جحێڵ لێرە و لەوێ دەست دەکەون؟

**هیگینز:** ئاخر من نامەوێ بەدەست ئافرەتی جوان و جحێڵەوە خۆم تووشی سەرئێشە بکەم. رای من بەرامبەر بە ئافرەتی رێکوپێک ئەوەیە، کە هەتا بکرێت وەکو تۆ بێت. من هەرگیز ناکەومە داوی خۆشەویستیی ئافرەتی جحێڵەوە. هەندێک نەریت هەن لە ناخمدا رۆچوونە و ناگۆڕێن.

"لە پڕ هەڵدەستێتە سەرپێ و بەناو ژوورەکەدا دێت و دەچێت. دەستەکانی لەنو گیرفانەکانیەتی و شەقەشەق لە کلیل و پارە وردەکەی ناو گیرفانیەوە دێنێت"

بێجگە لەمەش، هەموویان بێ مێشکن.

**هیگینز خانم:** دەزانی دەبێ چی بکەیت، ئەگەر بەڕاستی منت خۆش

دەوێت؟

**هیگینز:** دەک بەقوڕ گیرێت! چی؟ وابزانم، دەبێ ژن بێنم.

**هیگینز خانم:** نا، تۆ جارێ ئەم جرت و فرتەت بوەستێنە و دەستەکانت لە گیرفانەکانت دەربێنە.

" بە بێئومێدییەوە ملکەچی دەبێت و دیسان دادەنیشێتەوە"

کوڕی چاک ئاوایە. دە ئێستا باسی ئەو کچەم بۆ بکە.

**هیگینز:** ئێستا دێت تا چاوی پێت بکەوێت.

**هیگینز خانم:** بیرم نایەت داوام کردبێت.

**هیگینز:** تۆ داوات نەکردووە. من داوام کرد. ئەگەر ناسیبات، داوات نەدەکرد.

**هیگینز خانم:** بەڕاست! بۆ؟

**هیگینز:** ئاخر، مەسەلەکە بەم شێوەیەیە: ئەو کچە کچێکی گوڵفرۆشی ئاساییە. من لەسەر شەقام دۆزیمەوە.

**هیگینز خانم:** ئینجا دەیهێنیتە ژووری میوانەکەم!

**هیگینز:** "هەڵدەستێتە سەرپێ. دەچێت بۆ لای دایکی و مەرایی لەبەر دەکات"

وایە، تۆ ڕاست دەکەیت. من پێم گوتووە بە ڕێکوپێکی قسە بکات و هەڵسوکەوتیشی بەپێی هەندێک ڕێوشوێنی ورد بێت. پێویستە دوو شت لە بیر نەکات: ئاووهەوا و پرسیارکردن لە تەندروستیی خەڵکی تر ـ کاتێکی خۆش و؛ خۆشحاڵم بە ناسینتان. خۆت دەزانی، نابێت ڕێگە بە خۆی بدات بە گشتی بەلای شتەکاندا بچێت. ئەمە بێ مەترسییە.

**هیگینز خانم:** بێ مەترسییە! باسی تەندروستیی ئێمە بکرێت! باسی دیوی ناوەوەی ئێمە! دوور نییە باسی دەرەوەشمان بکرێت! تۆ چۆن ئەوەندە گەمژە دەبیت، هنری؟

**هیگینز:** "بە بێ ئارامییەوە"

ئاخر دەبێ باسی شتێک بکات.

"ددان بە خۆیدا دەگرێت و جارێکی تر دادەنیشێتەوە"

بەهەرحاڵ، خەمی لێ مەخۆ، باش دەبێت. پیکەرینگ هاوڕێیەتی. من گرەوم لەسەر کردووە، کە دەبێ پلە و پایەی بەرز بکەمەوە تا لە ماوەی شەش مانگ دەبێت بە شازادە. چەند مانگێکە لەگەڵیدا دەستم پێ کردووە. زۆر خێرا شت وەردەگرێت. لە قوتابییەکانی سەر بە چینی ناوەندیی خۆمان ئاسانتر فێر دەبێت، چونکە پێویستە لە سەرەتادا زمانێک فێر بێت. ئەو ئینگلیزییەی، کە ئەو قسەی پێ دەکات، رێک وەکو فرەنسییەکەی تۆ وایە.

**هیگینز خانم:** بەهەرحاڵ، ئەمە زۆر باشە.

**هیگینز:** ئا، باشە و باش نییە.

**هیگینز خانم:** مەبەستت چییە؟

**هیگینز:** بزانە، من دەربڕینی دەنگەکانیم راست کردووەتەوە، بەڵام تۆ نابێت تەنیا بیر لەمە بکەیتەوە، چۆن ئەو کچە دەنگەکان دەردەبڕێت، بگرە چ دەنگێک دەردەبڕێت. لێرەدا...

"کارەکەرە ژنەکەی ژووری میوان[٣٤] دێتە ژوورەوە و قسەکەیان پێ دەبڕێت. لە هاتنی هەندێک میوان ئاگەداریان دەکاتەوە"

**کارەکەری ژووری میوان:** ئاینسفۆرد هیڵ خانم و کچەکەیەتی.

"دەڕواتە دەرەوە"

**هیگینز:** ئەی خوا!

"هەڵدەستێتەوە. شەبقەکەی بە خێرایی لەسەر مێزەکە رادەکێشێت و بەرەو دەرگەکە دەچێت، بەڵام بەر لەوەی بگاتە لای دەرگەکە، دایکی بە میوانەکانی دەناسێنێت"

"ئاینسفۆرد هیلّ خانم و کچەکەی، هەر ئەو دایک و کچەن، کە لەبەر باران پەنایان بردبووە بەر "کۆڤێنت گاردن". دایکەکە ژنێکی رەفتار و رەوشتجوانە، هێمنە و نیگەرانییەکی ئاسایی بێدەرامەتی پێوە دیارە. کچەکە ڕوویێکی گەش و کراوەی لێ بەدی دەکرێت: لافلێدانە بە رەوشتبەرزیی هەژارانەوە"

**هیلّ خانم:** "بۆ هیگینز خانم"

ئەم کاتەتان باش.

"تەوقە لەگەڵ یەکتر دەکەن"

**کچەکەی ئاینسفۆرد هیلّ:** رۆژتان باش.

"سەری خۆی دەلەقێنێت"

**هیگینز خانم:** "کوڕەکەی پێیان دەناسێنێت"

ئەمە هنریی کوڕمە.

**هیلّ خانم:** کوڕە بەناوبانگەکەت! من زۆر بە پەرۆش بووم بتانبینم، پرۆفیسۆر هیگینز.

**هیگینز:** "بە رووگرژییەوە، هیچ جووڵەیەک بە ئاراستەی ئەو ناکات"

خۆشحاڵم.

"پاڵ بە پیانۆکەوە دەدات و بە ناشیرینییەوە دەچەمێتەوە"

**کچەکەی ئاینسفۆرد هیڵ:** "بە متمانە و سەربەستییەکی لە ڕادەبەدەرەوە دەچێت بۆ لای هیگینز"

ڕۆژباش.

**هیگینز:** "لێی مور دەبێتەوە"

من پێشتر لە شوێنێک تۆم بینیوە، بیرم نایەت ڕێک لە کوێ تۆم بینیوە، بەڵام دەنگت دەناسمەوە.

"بە شێوازێکی وشک و ناخۆشەوە"

گرینگ نییە. وا چاکە دانیشیت.

**هیگینز خانم:** ببوورن، دەڵێم کوڕە بەناوبانگەکەی من ڕەفتار و ڕەوشتی جوان نییە. نابێ لێی زویر بن.

**کچەکەی ئاینسفۆرد هیڵ:** "بە دڵخۆشییەوە"

نا، من زویر نابم.

"لەسەر کورسییە ئەلیزابێسییەکە دادەنیشێت"

**هیڵ خانم:** "کەمێک حەپەساوە"

نەخێر، هەرگیز.

"لەسەر قەنەفە بێ پشتەکە دادەنیشێت، لە نێوان کچەکەی و هیگینز خانم، کە کورسییەکەی خۆی لە مێزی نووسینەکە دوور کردووەتەوە"

**هیگینز:** بۆ، من قسەی خراپم کردووە؟ من مەبەستم نەبووە هیچ قسەیەکی خراپ بکەم.

"دەچێتە نزیک پەنجەرەکەی ناوەڕاست. پشتی لە میوانەکان دەکات و لە پەنجەرەکەوە لە ڕووبارەکە و گوڵ و گوڵزارەکەی

"پارکی باتەرسی"، کە دەکەوێتە ئەوبەری رووبارەکەوە، رادەمێنێت". هەر لە بیابانێکی شەختەبەند دەکات"

**کارەکەری ژووری میوان:** "دەگەڕێتەوە. لە پێش پیکەرینگ دەڕوات تا رێگەی هاتنە ژوورەوەی پێشان بدات"

کۆلۆنێل پیکەرینگ.

"دەگەڕێتەوە دواوە"

**پیکەرینگ:** رۆژباش، هیگینز خانم.

**هیگینز خانم:** زۆر دڵخۆشم بە هاتنت. ئاینسفۆرد هیڵ خانم و کچەکەی دەناسن؟

"بۆ یەکتر دەچەمێنەوە"

**پیکەرینگ:** "کورسییە "چیپاندێڵەکە" کەمێک دێنێتە پێشەوە لە نێوان هیڵ خانم و هیگینز خانم دادەنیشێت"

هنری بۆی باس کردوویت، ئێمە بۆ هاتووین بۆ ئێرە؟

**هیگینز:** "لە پشتەوە"

قسەکەیان پێ بڕین. لێیان بە زیاد نەبێت!

**هیگینز خانم:** هنری، ئەوە تۆ بە راست وا دەڵێیت!

**هیڵ خانم:** "دەیەوێت هەڵستێتە سەرپێ"

ئێمە بووینەتە کۆسپ؟

**هیگینز خانم:** "هەڵدەستێتە سەرپێ و هیڵ خانمیش دادەنیشێنێتەوە"

نا نا، لەوە باشتر نییە، کە ئێوە هاتن. حەز دەکەین بە هاوڕێیەکی خۆمانت بناسێنین.

**هیگینز:** "بە ئومێدەوە رووی وەردەگێڕێت"

ئا، بە خوا! ئێمە دوو یان سێ کەسمان پێویستە. ئێوەش وەکو هەر کەسێکی تر دەست دەدەن.

**کارەکەری ژووری میوان:** "دێتەوە ژوورەوە، فرێدی دێنێت بۆ ژوورەرە" مستەر ئاینسفۆرد هیڵ.

**هیگینز:** "بە دەنگی بەرزەوە بە ڕادەیەک مرۆڤ بێزار دەکات"

ئەی خوایە گیان! یەکێکی تریشیان هات.

**فرێدی:** "لەگەڵ هیگینز خانم تەوقە دەکات"

چۆنی؟

**هیگینز خانم**: زۆر چاکت کرد هاتیت.

"بە کۆڵۆنێلی دەناسێنێت"

ئەمە کۆڵۆنێڵ پیکەرینگە.

**فرێدی:** "دەچەمێتەوە"

چۆنی؟

**هیگینز خانم**: وابزانم کوڕەکەی من ناناسیت، پرۆفیسۆر هیگینز.

**فرێدی:** "بۆ لای هیگینز دەچێت"

چۆنی؟

**هیگینز:** "سەیری دەکات وەک ئەوەی گیرفانبڕ بێت"

دەتوانم سوێند بخۆم پێشتر تۆم لە شوێنێک بینیوە. لە کوێ؟

**فرێدی:** من پێم وانییە وابێت.

**هیگینز:** "بە ناچارییەوە"

گرینگ نییە. بەهەرحاڵ، دانیشە.

"بە شێوەیەک تەوقە لەگەڵ فرێدی دەکات، هەر ئەوە نییە هەڵی

داتە سەر قەنەفە بێ پشتەکە و ڕوویشی بخاتە لای پەنجەرەکە، بەڵام پاشان دەیهێنێتە لاکەی ترەوە"

**هیگینز:** بەهەرحاڵ، ئەوە لێرەین.

"لەسەر قەنەفە بێ پشتەکە دادەنیشێت، لە تەنیشت هیڵ خانم، لەلای چەپەوە"

باشە، ئێستا هەتا ئەلیزا دێت ئێمە باسی چی بکەین؟

**هیگینز خانم:** هنری، تۆ ڕۆح و وزەبەخشی کۆبوونەوەکانی "کۆمەڵەی ڕۆیاڵ"[٣٥]یت، بەڵام لە ڕاستیدا تا ڕادەیەک بۆنە وشک و بێ تامەکان تاقی دەکەیتەوە.

**هیگینز:** من! ببوورە.

"لە پڕ زەردەخەنەیەک دای دەگرێت"

وابزانم من، خۆت دەزانیت.

"بە دەنگی بەرزەوە پێ دەکەنێت"

ها ها ها!

**کچەکەی ئاینسفۆرد هیڵ:** "بیر لە ژیانی ژن و مێردایەتییەکی گونجاو دەکاتەوە لەگەڵ هیگینز"

من هاوڕام. من، بەشبەحاڵی خۆم، گوێم لە قسەی بێ مانا نەبووە. خۆزگە هەموو خەڵک هەرچی بە ڕاستی بیری لێ دەکەنەوە، بە ڕاشکاوی دەری بڕن!

**هیگینز:** "دیسان دڵتەنگی دای دەگرێتەوە"

خوایە نەهێڵێت!

**هیڵ خانم:** "بە تووڕەییەوە، بەو مەبەستەی قسەی کچەکەی ببڕێت"

بەڵام بۆ؟

**هیگینز:** پێویستە بزانن ئەوەی بیری لێ دەکەنەوە، خراپە. خوا دەزانێت، بەڵام ئەوەی ئەوان بەڕاستی بیری لێ دەکەنەوە، کۆتای بە دۆخەکە دێنێت. پێت وایە، بەڕاستی کارێکی باشە ئەگەر من ئەوە بخەمە ڕوو، کە بەڕاستی بیری لێ دەکەمەوە؟

**کچەکەی ئاینسفۆرد هیڵ:** "بە ڕوویەکی گەشەوە"

تۆ بڵێی نەبوونی متمانە بێت بە خەڵک؟

**هیگینز:** نەبوونی متمانە! توخوا کێ باسی نەبوونی متمانەی کردووە؟ من مەبەستم ئەوەیە کارێکی شایستە و گونجاو نییە.

**هیڵ خانم:** "بە بایەخەوە"

چی! من دڵنیام تۆ مەبەستت ئەوە نەبوو. بەڕێز هیگینز.

**هیگینز:** بزانە، ئێمە هەموومان، کەم تا زۆر، کێوی و هیچ نەزانین. پێویستە ببین بە مرۆڤی ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو. هەموو شتێک لەبارەی شیعر و فەلسەفە و هونەر و زانستەوە و... هتد بزانین. بەڵام ئاخۆ چەند کەس لە ئێمە تەنانەت مانای ئەم ناوانە دەزانێت؟

"بۆ کچەکەی ئاینسفۆرد هیڵ"

تۆ چی لەبارەی شیعرەوە دەزانیت؟

"بۆ هیڵ خانم"

تۆ چی لەبارەی زانستەوە دەزانیت؟

"ئاماژە بۆ فرێدی دەکات"

ئەمە چی دەزانێت لەبارەی هونەر یا زانستەوە یاخۆ هەر

شتێکی تر؟ ئەی باشە تۆ پێت وایە من چی لە فەلسەفە دەزانم؟

**هیگینز خانم:** "وەک ئاگاداری بکاتەوە"

یان دەربارەی رەوشتە جوانەکان، هنری؟

**خزمەتکاری ژووری میوان:** "دەرگەکە دەکاتەوە"

خاتوو دوولیتڵ.

"دەچێتەوە دەرەوە"

**هیگینز:** "بە خێرایی هەڵدەستێتە سەرپێ و دەچێتە لای هیگینز خانم"

ئەوەتا هات، دایە.

"لەسەر پەنجەی پێ دەوەستێت و لە پشت دایکییەوە بە هێما لە ئەلایزا دەگەیەنێت کامە خانم خانەخوێیەکەیەتی"

"ئەلایزا بە جلێکی ناسک و جوانەوە دێتە ژوورەوە. ڕوویێکی جوان و نایاب و جیاواز پێشانی خەڵکەکە دەدات، بە رادەیەک گشتیان هەڵدەستنە سەرپێ. زۆر دەشێوێن. ئەلایزا، بە پشتبەستن بە هێما بۆکردنەکانی هیگینز و بە لەنجەولارێکی ئەنقەستەوە، بۆ لای هیگینز خانم دەچێت"

**لایزا:** " شێوازی دەربرین و دەنگی وشەکان لە قسەکردندا زۆر بە جوانی و بە ڕاستی دەخاتە ڕوو، تا پێشانی بدات، کە فێریان بووە"

ڕۆژباش هیگینز خانم.

"کە دەیەوێت دڵنیا بێت لە دەربڕینی دەنگی یەکەمی ناوی "هیگینز" بە ڕاستی، نەختێک هەناسەی تەنگ دەبێت، بەڵام دواجار سەرکەوتوو دەبێت"

بەڕێز هیگینز داوای لێ کردم، کە بێم بۆ ئێرە.

**هیگینز خانم**: "بە گەرمییەوە"

راستە. من بەڕاستی دڵخۆشم، کە چاوم پێت دەکەوێت.

**پیکەرینگ**: ڕۆژباش خاتوو دوولیتڵ.

**لایزا**: "تەوقەی لەگەڵ دەکات"

کۆڵۆنێڵ پیکەرینگ، وانییە؟

**هیڵ خانم**: من دڵنیام ئێمە پێشتر یەکترمان بینیوە، خاتوو دوولیتڵ.

چاوەکانی تۆم بیر دێنەوە.

**لایزا**: رۆژتان باش.

"بە لەنجەولارەوە لەسەر قەنەفە بێ پشتەکە دادەنیشێت، رێک لە شوێنە بەتاڵەکەی هیگینز"

**هیڵ خانم**: "پێی دەناسێنێت"

ئەمە کلارای کچمە.

**لایزا**: رۆژباش.

**کلارا**: " بەهەڵەشەییەوە"

رۆژباش.

"لەسەر قەنەفەکە لە تەنیشت ئەلایزا دادەنیشێت. نیگای چاوەکانی لێ گیر دەکات"

**فرێدی**: "دێت بۆ لای ئەوان، لە نزیک قەنەفەکەوە"

من بەڕاستی دڵخۆشم.

**هیڵ خانم**: "پێی دەناسێنێت"

ئەمە فرێدی کوڕمە.

**لایزا**: رۆژباش.

**فریدی:** "دەچەمێتەوە و لەسەر کورسییە ئەلیزابێسییەکە دادەنیشێت.
دڵخۆش و بەجۆشە"

**هیگینز:** "لە پڕێکدا"

بە خوا، ئا، هەمووم بیر دێتەوە!

"گشتیان لە هیگینز رادەمێنن"

کۆڤێنت گاردن!

"وەک پێی ناخۆش بێت"

بە زیاد نەبێت!

**هیگینز خانم:** هنری، بێ زەحمەت!

**هیگینز:** "خەریکە لەسەر لێواری مێزەکە دانیشێت"

**هیگینز خانم:** لەسەر مێزەکەم دامەنیشە، دەیشکێنیت.

**هیگینز:** "بە مڕومۆنییەوە"

ببوورە.

" دەچێتە لای قەنەفە بێ پشتەکە. لە رێگە لە چوارچێوەی ئاگردانەکە و ماشەکە لەترێ دەبات. بە بۆڵەبۆڵ و نزای خراپەوە دەکشێتەوە و هێندە بە توندی خۆی فڕێ دەداتە سەر قەنەفەکە هەر ئەوەیە نایشکێنێت"

**هیگینز خانم:** "سەیری هیگینز دەکات، بەڵام ددان بە خۆیدا دەگرێت و هیچ ناڵێت"

"وچانێکی درێژ و وشک و ناخۆشی بەدوادا دێت"

**هیگینز خانم:** "دواجار بە قسە دێت"

ئاخۆ باران دەبارێت، پێتان وایە ببارێت؟

**لایزا:** دوور نییە ئەو پەستانە کەمەی هەوا لە رۆئاوای ئەو دوورگانەوە بەرەبەرە بۆ لای رۆهەلات بچێت. هیچ ئاماژەیەک نییە بۆ گۆڕینێکی گەورە لە پاڵەپەستۆی هەوا.

**فریدی:** ها! ها! ئەمە ئێجگار سەیرە!

**لایزا:** هیچ هەڵەی تێدایە کوڕی باش؟ من دڵنیام راستیم گوت.

**فریدی:** زۆر سەیرە!

**هیڵ خانم:** هیوادارم ئاووهەواکە سارد نەبێت. ئەنفلەوەنزا بڵاو دەبێتەوە. گشت بەهارێک ئەندامانی خێزانەکەمان بە بەردەوامی دەیگرنەوە.

**لایزا:** "بە دەنگێکی کزەوە"

من پوورم بە ئەنفلەوەنزا مرد. وایان پێ گوتم.

**هیڵ خانم:** "بە چوکەچوکەوە هاوسۆزیی خۆی دەردەبڕێت"!!!

**لایزا:** "بەهەمان دەنگی خەمئامێزەوە"

بەلام من پێم وایە ئەوان فتراقیان لەبەر ئەو پیرەژنە بڕی.

**هیگینز خانم:** "حەپەساوە"

فتراقیان لەبەر بڕی؟

**لایزا:** بە ــ ڵ ـ ێ، ئای خوا! ئاخر بۆ دەبێ بە ئەنفلەوەنزا بمرێت؟ ساڵێک بەر لە مردنی تووشی گرانەتا هات. من بەم چاوانەی خۆم بینیم، رەنگی شین هەڵگەڕابوو. هەموو لایان وابوو مردووە، بەلام باوکم بەردەوام بە چەمچە "جن"ی دەکرد بە گەروویدا هەتا لە دواجار تاسەکەی چۆڕبڕ کرد.

**هیڵ خانم:** "ڕادەچڵەکێت"

چی!

**لایزا:** "تاوانەکە بە گەورەتر پێشان دەدات"

چ شتێک وا لە ژنێک دەکات بەو هێز و توانایەی، کە هەیبوو، بە ئەنفلەوەنزا بمرێت؟ ئاخۆ شەپقە لە پووش دروستکراوەکەی، کە دەبوو بدرێت بە من، چی لێ هاتووە؟ دوور نییە هەندێ کەس تێکیان شکاندبێت. من دەڵێم ئەوانەی تێکیان شکاندووە، هەر ئەوان فتراقیان لەبەر بڕیوە.

**هیڵ خانم:** فتراقیان لەبەر بڕیوە، مانای چییە؟

**هیگینز:** "بە خێراییەوە"

ئەمە گفتوگۆیەکی بێ مانای تازەیە لەسەر شتی هیچ و پووچ. فتراق لەبەر بڕین بە مانای کوشتن دێت.

**هیڵ خانم:** "بۆ ئەلیزا، بە ترسێکی گەورەوە"

هەڵبەت تۆ پێت وانییە، کە پوورت کوژرا؟

**لایزا:** من پێم وانییە! ئەوانەی لەگەڵیدا دەژیان بۆ دەرزییەک دەیانکوشت، کە لە شەپقەکەی دەدا، نەخوازەڵا بۆ شەپقەکە.

**هیڵ خانم:** بەڵام کارێکی راست نەبوو باوکت بەم شێوەیە مەی بکات بە قورگیدا. دوور نییە هەر ئەوە کوشتبێتی.

**لایزا:** ئەمە نایکوژێت. جن بۆ دایکم وەکو شیری دایک وابوو. بێجگە لەمەش، باوکم خۆیشی ئەوەندە مەی بە گەرووی خۆیدا کردووە، زۆر باشی لێ زانیوە.

**هیڵ خانم:** مەبەستت ئەوەیە، کە خواردوویەتییەوە.

**لایزا:** خواردوویەتییەوە! ئەوە تۆ چی دەڵێیت! ئەمە شتێکە نابڕێتەوە.

**هیڵ خانم:** بۆ تۆ چەندە ناخۆش بووە!

**لایزا:** نا هیچ. وەکو من بینیم، باوکم هیچ ئازارێکی پێ نەگەیشت. پاشان، ئەو هەموو کات بەردەوام نەبوو لەسەری.

"بە دڵخۆشییەوە"

دەتوانم بڵێم جارجار ئەو کاتانەی، کە زۆر توورە دەبوو. لە سەردانە کورتەکانیدا زۆر ئاسایی بوو. لە کاتی بێکاریدا، دایکم چوار پەنسی پێ دەدا و پێی دەگوت نەیەتەوە بۆ ماڵەوە هەتا باش خۆی سەرخۆش نەکات و دڵ و دەروون و هەست و نەستی خۆی نەبووژێنێتەوە. زۆر ژن هەن دەیانەوێت مێردەکانیان سەرخۆش بن بۆ ئەوەی لەگەڵیاندا بگونجێن.

"ئێستا بە تەواوی ئاسوودەیە"

بزانە، مەسەلەکە ئاوایە: ئەگەر پیاو کەمێک ویژدانی هەبێت، ئەو کاتەی کە سەرخۆش نییە، ویژدانی وریای دەکاتەوە. ئەمەیش پەست و دڵتەنگی دەکات. فرێک لە مەی دڵتەنگییەکەی لادەبات و دڵی خۆش دەکات.

"بۆ فرێدی، کە پێکەنینێکی بەربەستنەکراو لەژێرەوە دای دەگرێت"

چییە! ئەوە لەژێرەوە بەچی پێ دەکەنیت؟

**فرێدی:** بەو گفتوگۆ بێ مانا تازەیە لەسەر شتی هیچ و پووچ. زۆر باشت ئەنجام دا.

**لایزا:** ئەی ئەگەر زۆر باشم ئەنجام دابێت، تۆ بەچی پێ دەکەنیت؟

"بۆ هیگینز"

هیچ شتێکم گوت، کە دەبوو نەیڵێم؟

**هیگینز خانم:** "قسەکەی پێ دەبڕێت"

نەخێر خاتوو دوولیتڵ.

**لایزا:** بەهەرحاڵ، ئەمە لێبووردەییە.

"بە ڕووخۆشییەوە"

ئەوەی من هەردەم دەیڵێم ئەوەیە، کە...

**هیگینز:** "هەڵدەستێتە سەرپێ و سەیری کاتژمێرەکەی دەکات"

ئحم!

**لایزا:** "سەیری هیگینز و دەوروبەرەکە دەکات. بەمە لە دۆخەکە دەگات.

هەڵدەستێتە سەرپێ"

باشە، من دەبێ بڕۆم.

"هەموویان هەڵدەستنە سەرپێ. فرێدی دەچێتە لای دەرگەکە"

دڵخۆش بووم، کە چاوم پێتان کەوت. ماڵئاوا.

"تەوقە لەگەڵ هیگینز دەکات"

**هیگینز:** ماڵئاوا.

**لایزا:** ماڵئاوا، کۆلۆنێل پیکەرینگ.

**پیکەرینگ:** ماڵئاوا خاتوو دوولیتڵ.

"تەوقە لەگەڵ یەکتر دەکەن"

**لایزا:** "سەر بۆ ئەوانی تر دەلەقێنێت"

ماڵئاوا.

**فرێدی:** "دەرگەکەی بۆ دەکاتەوە"

بە لای پارکەکەدا دەڕۆیت، خاتوو دوولیتڵ؟ ئەگەر بە لای...

**لایزا:** "زۆر بە ڕوونی قسە دەکات"

دەڕۆم! قسەی قۆڕ.

"هەست بە دۆخەکە دەکات"

من بە تاکسی دەچم.

"دەڕواتە دەرەوە"

**پیکەرینگ:** "هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەمژێت و دادەنیشێت"

**فریدی:** "دەچێت بۆ هەیوانەکە تا سەرنجێکی تری ئەلایزا بدات"

**هیڵ خانم:** "حەپەساوە"

من بەڕاستی ناتوانم لە شێوازی نوێ رابێم.

**کلارا:** "بە نادڵییەوە خۆی فڕێ دەداتە سەر کورسییە ئەلیزابێسییەکە"

ئێ، دایە، باشە باش. راستە. ئەگەر تۆ ئەوەندە کۆنباو بیت، خەڵک وا دەزانن ئێمە ناچین بۆ هیچ شوێنێک یان هیچ کەسێک نابینین.

**هیڵ خانم:** وابزانم من زۆر کۆنباوم، بەڵام هیوادارم تۆ هەرگیز ئەم دەستەواژەیە بەکار نەهێنیت. من راهاتووم گوێم لە تۆ بێت پیاو بە بەدڕەوشت و بۆگەن ناو ببەیت و هەموو شتێک بە ناشیرین و بێ کەڵک بزانیت، ئەگەرچی من پێم وایە ئەم قسەیە پەسند نییە و لە خانمان ناوەشێتەوە. بەهەرحاڵ، قسەی خانمانە بەڕاستی گرینگە، وانییە کۆڵۆنێل پیکەرینگ؟

**پیکەرینگ:** لە من مەپرسە. من چەند ساڵێک لە هیندستان بووم. نەریتە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەندە گۆڕاون، کە هەندێ جار نازانم ئاخۆ لەبەر مێزێکی نانخواردنی شیاو دانیشتووم یان لە ژووری حەوانەوەی کەشتیوانان.

**کلارا:** مەسەلەکە گشتیی داوونەریتە. راست و چەوتی تێدا نییە. هیچ

کەس بە مەبەست قسەی وا ناکات. قسەکە زۆر سەیرە و جەختکردنەوەیشە لەسەر ئەو شتانەی، کە زیرەکییان پێوە دیار نییە. من ئەو گفتوگۆیە بێ مانایە تازەیە لەسەر شتی هیچ و پووچ بە دڵخۆشکەر و بێ مەبەست دەزانم.

**هیڵ خانم:** "هەڵدەستێتە سەرپێ"

باشە، دوای ئەمە، ئیتر من پێم وایە کاتی ڕۆیشتنە.

"پیکەرینگ و هیگینز هەڵدەستنە سەرپێ"

**کلارا:** "هەڵدەستێتە سەرپێ"

بەڵێ، وایە. هێشتا سێ ژووری تری میوان ماوە بچین ماڵئاوا، هیگینز خانم. ماڵئاوا کۆلۆنێل پیکەرینگ. ماڵئاوا پرۆفیسۆر هیگینز.

**هیگینز:** "لە دیوەخانەکەوە بە مڕومۆنییەوە بەرەو کلارا دێت و هەتا لای دەرگەکە بەڕێی دەکات"

ماڵئاوا. دڵنیابە گفتوگۆی بێ مانای تازە لەسەر شتی هیچ و پووچ لە هەرسێ ژوورە میوانەکە تاقی دەکەیتەوە. پێی سەخڵەت مەبە. چاک خۆتی بۆ ئامادە بکە.

**کلارا:** "بە زەردەخەنەوە"

وا دەکەم. ماڵئاوا. ئەم خۆدەرخستنەت بە سەنگینی و بە ڕەوشتجوانیی ڤیکتۆریانەوە شتێکی هیچ و پووچ و بێ مانایە!

**هیگینز:** "هانی دەدات"

لەم قسە پڕوپووچانە!

**کلارا:** لەم قسە زۆر پڕوپووچانە!

**هیلّ خانم:** "بە توندی"

کلارا!

**کلارا:** ها! ها!

"بە پێکەنین و رووخۆشییەوە دەچێتە دەرەوە. هەست دەکات بە تەواوی نوێبــاوە. دەنگی تەپەتەپی پێـــیـــەکــانی و پێکەنینە نەرمەکەی دەبیستریت، کە لە پێپلیکانەکانەوە دەچێتە خوارەوە"

**فریدی:** "سەر بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە"

باشە، من لە تۆ دەپرسم...

"قسەکەی تەواو ناکات. دەچێت بۆ لای هیگینز خانم"

ماڵئاوا.

**هیگینز خانم:** "تەوقەی لەگەڵ دەکات"

مـاڵئـاوا. حــەز دەکـەیت جـارێکی تـر چاوت بە خـاتوو دوولیـتڵ بکەویتەوە؟

**فریدی:** "بە پەرۆشەوە"

بەڵێ، حەز دەکەم. زۆر حەز دەکەم.

**هیگینز:** باشە، تۆ شارەزای ژیانی منیت.

**فریدی:** بەڵێ، زۆر سوپاست دەکەم. ماڵئاوا.

"دەچێتە دەرەوە"

**هیلّ خانم:** ماڵئاوا، بەڕێز هیگینز.

**هیگینز:** ماڵئاوا، ماڵئاوا.

**هیلّ خانم:** "بۆ پیکەرینگ"

سـوودی نیـیـە. من هەرگـیـز ناتوانم خـۆم رابێنم لەسـەر بەکارهێنانی ئەو وشەیە.

**پیکەرینگ:** بەکـاری مـەهێنە. خـۆ دەزانیت، ئەمـە بەزۆر نییـە. تۆ بەبێ ئەمە بەباشی هەڵدەکەیت.

**هیلّ خانم:** کلارا ئابڕووم دەبات ئەگەر من تازەترین قـسـەی ناو بازاڕ بە رێک و رەوانی دەرنەبڕم. ماڵئاوا.

**پیکەرینگ:** ماڵئاوا.

"تەوقە لەگەڵ یەکتر دەکەن"

**هیلّ خانم:** "بۆ هیگینز خانم"

نابێ گوێ بە کلارا بدەیت.

**پیکەرینگ:** "لەبەرئەوەی هـیلّ خـانم قـسـەکە بە کـزی دەردەبڕێت، بۆیە پیکەرینگ وا پێـشـان دەدات، کـە قـسـەکـە بۆ ئەو نـیـیـە و بە ئەسپایی خۆی دەگەیەنێتە هیگینز لە بەرپەنجەرەکە"

**هیلّ خانم:** ئێمە زۆر هەژارین. کلارا زۆر کەم دەچێت بۆ ئاهەنگەکان. کچێکی بەستەزمانە! زۆرزان نییە.

**هیگینز خانم:** "کـە سـەرنجی چاوەکانی هـیلّ خـانم دەدات پڕ بوون لە فـرمـێـسـک، دڵی پێ دەسـووتێ و دەسـتی دەگـرێت هـەتا لای دەرگەکە بەرێی دەکات"

**هیلّ خانم:** بەڵام کوڕەکە، کوڕێکی چاکە، وانییە؟

**هیگینز خانم:** بەڵێ زۆر ڕێکوپێکە. من هەمـوو کات دڵخـۆش دەبم، کە دەیبینم.

**هیلّ خانم:** سوپاس، خانم. ماڵئاوا.

"دەچێتە دەرەوە"

**هیگینز:** "بە پەرۆشەوە"

ئەریّ؟ ئەلیزا جلوبەرگەکەی ئەوە دەهێنێت، کە خەڵک ببینێت؟

"پڕ بە دایکیدا دەکات و دەیبات بۆ لای قەنەفە بێ پشتەکە. لەوێ، هیگینز خانم لە شوێنی ئەلایزا دادەنیشێت و کوڕەکەیشی لە تەنیشتییەوە، لەلای چەپ دادەنیشێت"

**پیکەرینگ:** "دەگەڕێتەوە و لەسەر کورسییەکەی دادەنیشێت، لەلای ڕاستی هیگینز خانم"

**هیگینز خانم:** تۆ زۆر گەمژەیت. هەڵبەت ئەوە ناهێنێت، کە خەڵک ببینن. ئەو کچە سەرکەوتنێکە بۆ هونەری تۆ و بەرگدرووەکەی ئەو. بەڵام ئەگەر بۆ چرکەساتێکیش بێت، هەست بکەیت، کە لە هەر رستەیەکدا کە دەری دەبڕێت خۆی وا پێشان نادات، پێویستە بەتەواوی چارەسەری بکەیت.

**پیکەرینگ:** بەڵام پێت وانییە، دەکرێ شتێک بکرێت؟ مەبەستم ئەوەیە شتێک بکەیت بۆ لابردنی وشە و دەستەواژە توندوتیژەکان لە ئاخاوتنیدا.

**هیگینز خانم:** هەتا لە دەستی هنریدا بێت، نەخێر.

**هیگینز:** "خەمبارە"

مەبەستت ئەوەیە، کە زمانەکەی من ناتەواوە؟

**هیگینز خانم:** نەخێر گیانەکەم: زمانەکەی تۆ بۆ سەر بەلەمێکی گەورەی ناو کەنداوێک گونجاوترە. ئەگەر ئەو کچە لە ئاهەنگێکی ناو باخچەیەکدا ئەم زمانە بەکار بێنێت، گونجاو نییە.

**هیگینز:** "وەک بە قووڵی هەستی بریندار کرابێت"

باشە، من پێویستە...

**پیکەرینگ:** "قسەکەی پێ دەبڕێت"

سەیرکە هیگینز، تۆ پێویستە خۆت فێر بکەیت. لەو کاتەوە، بیست ساڵ لەمەوبەر، کە بە زمانی خۆبەخشەکانی هایدپارکدا دەچووینەوە، من گوێم لە زمانی وەکو هی تۆ نەبووە.

**هیگینز:** "بە مڕومۆنییەوە"

باشە، ئەگەر تۆ ئاوا بڵێیت، وابزانم من هەموو کاتێک وەکو قەشەیەک قسە ناکەم.

**هیگینز خانم:** "دەست بە پشتی هیگینزدا دێنێت و هێمنی دەکاتەوە"

کۆڵۆنێل پیکەرینگ، دەتوانیت پێم بڵێیت بارودۆخ لە شەقامی "ویمپۆل "[٣٦] چۆنە؟

**پیکەرینگ:** "بە رووخۆشییەوە وەک ئەوەی پرسیارەکە بابەتی قسەکردنەکەی پێشتری بەتەواوی گۆڕیبێت"

ئەها، من هاتم لەوێ لەگەڵ هنری بژیم. ئێمە بەیەکەوە کار لەسەر دیالێکتە هیندییەکان دەکەین و پێمان وایە زۆر لەبارترە...

**هیگینز خانم:** زۆر راستە. من ئەمانە هەموو دەزانم. رێککەوتنێکی زۆر چاکە، بەڵام ئەو کچە لە کوێ دەژیت؟

**هیگینز:** هەڵبەت لەگەڵ ئێمە. ئەی دەبێ لە کوێ بژیت؟

**هیگینز خانم:** ئاخر پاساو بۆ ئەمە چییە؟ خزمەتکارە؟ ئەگەرنا، ئەدی کاری چییە؟

**پیکەرینگ:** "بە دەنگێکی کزەوە"

وابزانم من لە مەبەستت دەگەم هیگینز خانم.

**هیگینز:** ئەگەر من کاری وا بکەم، دام پلۆسە. من پێویست بوو هەموو ڕۆژێک بۆ ماوەی چەند مانگێک لەگەڵ ئەو کچە کار بکەم بۆ ئەوەی بیگەیەنم بەم پلەیەی ئێستای. جگە لەمەش، ئەو کچە سوودبەخشە. دەزانێت شتەکانی من لە کوێن. وادە و کاتەکانی چاوپێکەوتنەکانم دەزانێت لەگەڵ زۆر شتی تر.

**هیگینز خانم:** ئەدی چۆن لەگەڵ کارەکەتدا هەڵدەکات؟

**هیگینز:** مەبەستت خاتوو پیرسە؟ ئەها، ئەو بەوە زۆر دڵخۆشە، کە یارمەتیی دەدات، چونکە پێش ئەوەی ئەلیزا بێت، دەبوو شتەکان بدۆزێتەوە و کاتەکانی چاوپێکەوتنەکانم بیر بێنێتەوە. ئێستا لەگەڵ ئەلیزا هەموو کات قسەیەک دووبارە دەکاتەوە. بەردەوام دەڵێت: "گەورەم وانییە". وانییە پیک[٣٧]؟

**پیکەرینگ:** بەڵێ، ئەمە دەستوورە. "گەورەم وانییە" ئەمە کۆتاییی گشت وتووێژێکە لەبارەی ئەلیزاوە.

**هیگینز:** وەک ئەوەی من چیی تر بیر لەو کچە و دەنگە بزوێن و نەبزوێنە شێوێندراوەکانی نەکەمەوە. من بەوەی، کە هێندە بیر لەو کچە دەکەمەوە و سەرنجی دەم و لێو و زمان و ددانەکانی دەدەم، زۆر ماندووم، نەخوازەڵا لە خۆی، کە یەکجار زۆر سەیرە.

**هیگینز خانم:** ئێوە بەڕاستی وەکو دوو منداڵی ساوان و یاری بە بووکەڵە زیندووەکەتان دەکەن.

**هیگینز:** یاری! ئەمە قورسترین کارە تا ئێستا کردبێتم. لەمەدا بەهەڵەدا مەچۆ، دایە. لەگەڵ ئەوەشدا تۆ نازانیت چەندە خۆشە

مرۆڤێک بگریت و بیگۆڕیت بۆ مرۆڤێک، کە بەتەواوی جیاواز بێت لە پێشتر لە ڕێگەی دروستکردنی شێوازێکی تازە بۆ قسەکردن. ئەمە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیەیە، کە چینێک لە چینێکی تر و مرۆڤێک لە مرۆڤێکی تر جیا دەکاتەوە.

**پیکەرینگ**: "کورسییەکەی دێنێتە نزیک هیگینز خانم. بە پەرۆشەوە لە بەردەمیدا دەچەمێتەوە"

بەڵێ، بەڕاستی زۆر خۆشە. من دڵنیات دەکەمەوە، هیگینز خانم، ئێمە لەگەڵ ئەو کچە بەهەموو دڵێکەوە کار دەکەین. گشت هەفتەیەک و نزیکەی هەموو ڕۆژێک، گۆڕانکارییەکی تازەی لێ بەدی دەکەین.

"لێی نزیکتر دەبێتەوە"

قۆناغەکان یەک یەک تۆمار دەکەین و هەڵی دەگرین ـ بە دەرزەن قەوانی گرامافۆن و وێنە و ـ

**هیگینز**: "بە خێراییەوە دەچێت بۆ لای گوێچکەکەی تری هیگینز خانم"

ئا، بە خوا. ئەزموونێکی ئێجگار زۆر سەرنج ڕاکێشە تا ئێستا پێیدا ڕۆیشتبم. ئەو کچە بە ڕێکوپێکی تێکەڵی ژیانی ئێمە بووە. وانییە، پیک؟

**پیکەرینگ**: ئێمە هەموو کاتێک ئەلایزا بە قسە دێنین.

**هیگینز**: فێری دەکەین.

**پیکەرینگ**: جلی لەبەر دەکەین.

**هیگینز خانم**: چی!

**هیگینز:** ئەلایزایەکی تازە دادەهێنین.

"لەم حیوارانەی خوارەوە هیگینز و پیکەرینگ لە یەک کاتدا و بەشێوەیەکی بەردەوام و بەبێ پچڕان هەریەکە و ئاخاوتنی خۆی ئەنجام دەدات"[٣٨]

**هیگینز:** بزانە، ئەو کچە توانایەکی ئێجگار سەیری هەیە لە بیستن و وەرگرتن: **پیکەرینگ:** من دڵنیات دەکەمەوە، هیگینز خانم، ئەو کچە -

**هیگینز:** رێک وەکو تووتی وایە. من هەموو جۆرە دەنگێکی لەگەڵدا تاقی دەکەمەوە -

**پیکەرینگ:** زۆر لێهاتووە. دەتوانێت پیانۆ زۆر بەجوانی بژەنێت.

**هیگینز:** کە مرۆڤ بتوانێت دەریان ببڕێت -

**پیکەرینگ:** بردمان بۆ هۆڵەکانی کۆنسێرتی مۆسیقای کلاسیکی.

**هیگینز:** زمانە ئەوروپاییەکان، زمانە ئەفریقیاییەکان، زمانی هۆتنتۆت[٣٩] –

**پیکەرینگ:** بۆ ئەو هەمان شتە. هەموو شتێک بەباشی دەردەبڕێت.

**هیگینز:** دەنگی پیتەکان، ئەو شتانەی، کە من دوای چەندان ساڵ بەرێکوپێکی کۆنترۆڵم کردن -

**پیکەرینگ:** لەماڵەوە گوێ بۆ هەموو شتێک رادەگرێت، ئینجا –

**هیگینز:** شتەکان هێندە خێرا وەردەگرێت، وەک ئەوەی بە درێژاییی ژیانی–

**پیکەرینگ:** بیتهۆڤن بێت، برامز[٤٠] بێت، لەیهار[٤١] بێت یان لیۆنێل مۆنکتۆن[٤٢]: **هیگینز:** هەر خەریکیان بووبێت.

**پیکەرینگ:** ئەگەرچی شەش مانگ بەر لە ئێستا لە ژیانیدا دەستی بە پیانۆ نەکەوتبوو۔

**هیگینز خانم:** "پەنجەکانی دەخاتە سەر گوێچکەکانی، چونکە ئەوان بەدەنگێکی هێندە بەرزەوە قسەکانیان دەکەن، کە دەیکەن بە هاتوهاوارێک، مرۆڤ بەرگەی ناگرێت"

شش ــ شش!

"هیگینز و پیکەرینگ بێدەنگ دەبن"

**پیکەرینگ:** ببوورە.

"هەر بە داوای لێبووردنەوە کورسییەکەی دەکشێنێتەوە دواوە"

**هیگینز:** ببوورە. کاتێ پیکەرینگ دەیکات بە هاتوهاوار، ئیتر کەس بواری نابێت دەم بکاتەوە.

**هیگینز خانم:** وس بن، هنری، کۆڵۆنێڵ پیکەرینگ: چما ئێوە نازانن کاتێ ئەلایزا رۆیشت بۆ شەقامی "ویمپۆڵ، کەسێکی گرینگ لەگەڵ ئەودا چوو بۆ ئەوێ؟

**پیکەرینگ:** باوکی بوو، بەڵام هنری هەر زوو لە کۆڵ خۆی کردەوە.

**هیگینز خانم:** ئەگەر دایکی با، بۆ مەسەلەکە زۆرتر دەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی دایکی نەیکرد، یەکێکی تر کردی.

**پیکەرینگ:** چی کرد؟

**هیگینز خانم:** "بێ ئەوەی هەست پێ بکات، قسەکانی دەیگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمێکی کۆنتر"

کێشە.

**پیکەرینگ:** ئەها، دەزانم. کێشەی چۆنیەتی کردنی بە خانم.

**هیگینز:** من ئەو کێشـەیە چارەسـەر دەکەم. تا ئێسـتا نزیکەی نیوەم چارەسـەر کردووە.

**هیگینز خانم:** نا، ئێوە هەردووکتان دوو ئادەمیـزادی نێرینەی زۆر بێ مێشکن: کێشـەی دواتر. دوای ئەمە چی لەو کچە دەکەیت.

**هیگینز:** من هیچ کێشـەیەک لەمـەدا نابینم. دەتوانێت بەو سـوودەی من پێم بەخشیوە، بەرێی خۆیدا بڕوات.

**هیگینز خانم:** ئەو سوودەی بەو ژنە ڕەشوڕووتەت بەخشیـوە، کە ئێستا لێـــرە بوو! ئەو ڕێ و ڕەوشـت و داوونەریتـــانەی، کـــە ڕێگە بـە خـــانمێکی لێـــهـــاتوو نادەن بژێویی خـــۆی بـەدەست بێنێت و داهاتێکی چاک بۆ ئەو خانمە دابین ناکەن! مەبەستت ئەمەیە؟

**پیکەرینگ:** "بە نەرمییەوە دوای ئەوەی بێ تاقەت دەبێت"

ئۆه، ئەمە چارەسـەر دەکرێت، هیگینز خانم.

"هەڵدەستێتە سەرپێ تا بڕوات"

**هیگینز:** "هاوکات لەگەڵ پیکەرینگ هەڵدەستێتە سەرپێ"

هەوڵ دەدەین کارێکی ئاسانی بۆ بدۆزینەوە.

**پیکەرینگ:** ئەو دڵی زۆر خۆشە. تۆ خەمی ئەوت نەبێت. ماڵئاوا.

"تەوقـــەی لـەگـــەڵ دەکـــات وەک ئەوەی منداڵێکی ترســـاو ئارام بکاتەوە. ئینجا بەرەو دەرگەکە دەڕوات"

**هیگینز:** بەهەرحاڵ، ئێستا ئەم خۆسەخڵەتکردنەی تۆ هیچ سـوودێکی نییە. کارەکە کراوە.. ماڵئاوا، دایە.

"ماچی دەکات و لە دوای پیکەرینگ دەچێتە دەرەوە"

**پیکەرینگ:** "بۆ دواجار دڵنەوایی دەکاتەوە"

دەرفەت لە بەردەمیدا زۆرە. ئێمە چی راست بێت، ئەوە دەکەین. ماڵئاوا.

**هیگینز:** "بۆ پیکەرینگ، کە بەیەکەوە دەچنە دەرەوە"

با بیبەین بۆ پێشانگەی شەکسپیر لە "ئێرل کۆرت"[٤٣].

**پیکەرینگ:** ئێ، زۆر باشە. سەرنجەکانی دڵخۆشکەر دەبن.

**هیگینز:** پاشان لەماڵەوە لاسایی هەموو خەڵکەکەمان بۆ دەکاتەوە.

**پیکەرینگ:** رەخنەیان لێ دەگرێت.

"کاتێ لە پێپلیکانەکانەوە دەچنە خوارەوە، دەنگی پێکەنینیان دێت"

**هیگینز خانم:** "بە بێ ئارامییەوە هەڵدەستێتە سەرپێ. دەگەڕێتەوە بۆ سەر کارەکەی خۆی لەبەر مێزی نووسینەوە. هەندێک کاغەزی تێکەڵ و پێکەڵ و بەکارهاتوو لە رێگەکەی خۆی لادەدات. پەڕە کاغەزێک لە سندووقی کەرەسەی نووسینەوە رادەکێشێت. بە بێ دوودڵییەوە هەوڵ دەدات شتێک بنووسێت. دوای سێ جار هەوڵدان، واز دێنێت. پێنووسەکە فڕێ دەدات. بە تووڕەییەوە چنگ لە مێزەکەوە دەگرێت و بە سەرسامییەوە هاوار دەکات"

ئۆه، پیاو! پیاو!! پیاو!!!

*دیارە ئەلیزا جارێ نابێت بە شازادە و هیگینزیش هێشتا گرەوەکەی نەبردووەتەوە، بەڵام شەش مانگەکە بەسەر نەچووە. رێک لەم کاتەدا ئەلیزا بۆی هەیە بەڕاستی ببێت بە شازادە. بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکی سەرپێیت لەبارەی ئەمەوە لەلا گەڵاڵە بێت، باڵیۆزخانەی لەندەن بێنە پێش چاوت لە ئێوارەیەکی هاوین، دوای ئەوەی دنیا تاریک دادێت. دەرگەی هۆڵەکە چەتری*

لەسەرە. مافوورێک بۆ پیادەڕۆ تا ئەوسەری هۆڵەکە ڕاخراوە، چونکە پێشوازیکردنی بە هەیت و هۆت بەردەوامە. کۆمەڵێک خەڵک بە ڕیز وەستاون بۆ بینینی میوانەکان.

ئۆتۆمۆبێلێکی ڕۆڵزڕایز بە خێراییەوە نزیک دەبێتەوە. پیکەرینگ بە دەستەجلێکی رەسمییەوە، هەندێک میدالیا و شتە داواکراوەکانی هەڵگرتوون، لە ئۆتۆمۆبێلەکە دادەبەزێت و دەستەجلێکی رەسمی، ئەڵماس، باوەشێنێک، چەند گوڵێک و هەندێک شتومەک و کەرەسەی پێویست بە ئەلایزا دەدا، کە ڕۆبێکی ئۆپێرای لەبەردایە. هیگینز لە دوایاندا دەڕوات. ئۆتۆمۆبێلەکە دەڕوات. هەرسێکیان لە پێپلیکانەکانی بەردەم هۆڵەکە سەردەکەون و دەچن بۆ ناو تەلارەکە. کە نزیک دەبنەوە دەرگەکەیان بۆ دەکرێتەوە.

لەناو تەلارەکەوە خۆیان لەناو هۆڵێکی گەورە و فراوان دەدۆزنەوە. لەناو هۆڵەکەوە ریزێک پێپلیکانی جوان و نایاب بۆ سەرەوە هەڵکشاون. لەلای چەپەوە شوێنێک ئامادە کراوە بۆ دانانی پاڵتۆ و ڕۆبی جەنتڵمانەکان. میوانەکان شەپقە و چاکەت و پاڵتۆکانیان لەوێ دادەنێن.

لەلای ڕاستەوە، دەرگەیەک هەیە، کە دەچێتە ژووری هەڵواسینی چاکەت و دەسماڵ و شەپقەی خانمەکان. خانمەکان دەچن بۆ ئەم ژوورە و شتەکانیان بۆ ماوەیەکی کاتی لەوێ دادەنێن و بە جوانی و شکۆوە دێنە دەرەوە. پیکەرینگ چرپەیەک بەگوێی ئەلایزادا دەکات و بە ئاماژە ژووری خانمانی پێشان دەدات. ئەویش دەچێتە ناو ژوورەکە. هیگینز و پیکەرینگ پاڵتۆکانیان

*دادەکەنن و پلیتەکان لە خزمەتکارەکان وەردەگرن، کە بۆیان ئامادە کراوە.*

*یەکێک لە میوانەکان هەمان شت دەکات و پشت لەوان دەکات. کە پلیتەکەی وەردەگرێت، خۆی وەکو پیاوێکی گەنجی بە رواڵەت بە پلە و پایە پێشان دەدات. دەموچاوێکی تووکنی زۆر سەیر و سمێڵێکی گەورەی هەیە، کە بۆ ناو مووی ریشە چڕوپڕەکەی درێژ بووەتەوە. چەند تۆپەڵێک لە قژە لوولەکەی بەسەر بڕۆکانیەوەن. قژی لە دواوە بە پوختی تاشراوە. سەبارەت بەو کرێمەی لێی داوە، دەبریسکێتەوە. لە هەموو روویەکی ترەوە، پۆشتە و پەرداخە. چەندان دروشم و نیشانەی پڕوپووچی بەخۆیەوە کردووە. بە ئاشکرا دیارە کەسێکی بێگانەیە. لە تۆ وایە پاندۆڕێکی[٤٤] دەموچاو تووکنی هەنگارییە، بەڵام سەرەڕای رواڵەتی دڕندانەی سمێڵەکەی، رووخۆش و بە گفت و لفت و بەڕێزە. کە هیگینز دەناسێتەوە، هەردوو باڵی بۆ دەکاتەوە و بە پەرۆشەوە لێی نزیکە دەبێتەوە.*

**پیاوە ریشدارەکە:** مایسترۆ، مایسترۆ

"باوەش بە هیگینز دەکات و هەردوو کوڵمەکانی ماچ دەکات"

دەمناسیتەوە؟

**هیگینز:** نەخێر. پێم بڵێ تۆ کێیت؟

**پیاوە ریشدارەکە:** من قوتابییەکی تۆم. یەکەم قوتابیی تۆم. باشترین و زیرەکترین قوتابیی تۆم. من نێپۆموکی بچکۆلانەم، کوڕە زیرەکەکە. من ناوی تۆم لە هەموو ئەوروپادا بڵاو کردەوە. تۆ منت فێری فۆنەتیک کرد. ناشێت منت بیر بچێتەوە.

**هیگینز:** بۆ ریشت ناتاشیت؟

**نێپۆموک:** من ئەو ڕووە بەشکۆیەی تۆم نییە، چەناگەت، برۆکانت. کە ریشم دەتاشم، کەس سەیرم ناکات. ئێستا ئاوا بەناوبانگم. خەڵک بە "دیک"ی دەموچاو تووکن[٤٥] دەمناسن.

**هیگینز:** ئەی، لێرە، لەناو ئەم تەڕپۆشانە چی دەکەیت؟

**نێپۆموک:** من وەرگێڕم. سی و دوو زمان دەزانم. ئەم ئاهەنگە نێودەوڵەتییانە بەبێ من هەڵناکەن. تۆ پسپۆڕێکی کۆکنیت[٤٦]. هەر کەسێک زار بکاتەوە، یەکسەر دەزانیت ئەو کەسە خەڵکی کام گەڕەکە لە لەندەن. من لەسەر ئاستی ئەوروپا دەزانم ئەو کەسە خەڵکی کوێیە.

"خزمەتکارێک بە پەلە لە پێپلیکانە جوانەکانەوە دێتە خوارەوە و دەچێت بۆ لای نێپۆموک"

**خزمەتکارەکە:** لە نهۆمی سەرەوە بانگت دەکەن. خانمی پایەدار لە جەنتڵمانە گریکییەکە ناگات.

**نێپۆموک:** سوپاس، بەڵێ هەر ئێستا دێم.

"خزمەتکارەکە دەڕوات و لەنێو قەرەباڵغیی خەڵکەکە ون دەبێت"

**نێپۆموک:** "بۆ هیگینز"

ئەم دیپلۆماتە گریکییە خۆی وا پێشان دەدات، کە نە دەتوانێت بە ئینگلیزی قسە بکات و نە لە ئینگلیزی تێ دەگات. ناتوانێ من فریو بدات. کوڕی "کلارکنوێل"ی سەعاتچییە. بە ئینگلیزییەکی هێندە خراپ دەدوێت، کە جورئەت ناکات وشەیەک دەربڕێت بێ ئەوەی ڕەچەڵەکی خۆی پێشان بدات. من یارمەتیی دەدەم خۆی وا دەرخات. وای لێ دەکەم ئازارێکی زۆر

به هۆی ئەمەوە بچێژێت. ها ها!

"بە پەلە دەچێتە نهۆمی سەرەوە"

**پیکەرینگ:** ئەو پیاوە بەڕاستی پسپۆڕە؟ دەتوانێ بە نهێنیی ئەلایزا بزانێت و بە هەڕەشە پارەی لێ بسەنێت؟

**هیگینز:** سەیر دەکەین. ئەگەر پێی بزانێت، من گرەوەکەی خۆم دەدۆڕێنم.

**لایزا:** "لە ژووری خانمان دێتە دەرەوە و دەچێتە لای هیگینز و پیکەرینگ"

**پیکەرینگ:** دەی ئەلایزا، ئێستا کاتی خۆیەتی، ئامادەیت؟

**لایزا:** دەترسیت، کۆلۆنێل؟

**پیکەرینگ:** زۆر. من هەمان ئەو هەستەم هەیە، کە بەر لە بەشداربوونم لە یەکەم شەڕدا هەستم پێ دەکرد. ئەوە یەکەم جارە دەترسم.

**لایزا:** بەڵام بۆ من ئەوە یەکەم جار نییە، کۆلۆنێل. من پەنجا جاری تر ئەو کارەم کردووە، بڵێ سەد جار بە داڵغە و خەیاڵ، لە تەویلە بچووکەکەی بەرازانم لە "ئەنجل کۆرت". من ئێستا لەناو خەون دام. بەڵێنم پێ بدە ماوە بە پرۆفیسۆر هیگینز نەدەیت ئاگەدارم بکاتەوە. ئەگەر وا بکات، من هەموو شتێکم لە بیر دەچێتەوە و بەو شێوەیە قسە دەکەم، کە لە "دروری لەین" پێی راهاتبووم.

**پیکەرینگ:** هیگینز، یەک قسە مەکە.

"بۆ ئەلایزا"

ئێستا ئامادەیت؟

**لایزا:** ئامادەم.

**پیکەرینگ:** برۆ.

"لە پێپلیکانەکانەوە سەردەکەون بۆ سەرەوە، هیگینز لە دواوەیە"

"پیکەرینگ شتێک بە گوێی ئەو کارەکەرەدا دەچرپێنێت، کە لە یەکەم تەختاییی سەر پێپلیکانەکاندا وەستاوە"

کارەکەرەکەی یەکەم تەختاییی سەر پێپلیکان

خاتوو دوولیتڵ، کۆڵۆنێل پیکەرینگ، پرۆفیسۆر هیگینز.

کارەکەرەکەی دووەم تەختاییی سەر پێپلیکان

خاتوو دوولیتڵ، کۆڵۆنێل پیکەرینگ، پرۆفیسۆر هیگینز.

"لە دوا تەختاییی سەر پێپلیکانەکاندا، جەنابی باڵیۆز و خێزانەکەی، کە زۆر لە نێپۆموکەوە نزیکە پێشوازییان لێ دەکەن"

**خێزانی باڵیۆز:** "دەستی ئەلایزا دەگرێت"

رۆژتان باش.

**باڵیۆز:** "بە هەمان شێوەی خێزانەکەی"

رۆژتان باش. رۆژتان باش[٤٧].

**لایزا:** "زۆر بە جوانی و بە گرینگییەوە خۆی پێشان دەدات، کە خێزانی باڵیۆزەکە سامی لێ دەنیشێت"

رۆژتان باش.

" دەچێت بۆ ژووری میوان"

**خێزانی باڵیۆز:** کۆڵۆنێل پیکەرینگ، ئەمە کچەکەتە، کە هەڵت گرتووەتەوە؟ سەرنجی گشت خەڵکەکە رادەکێشێت.

**پیکەرینگ:** ئەمە لە گەورەییی خۆتانە، کە ئەو کچەتان بانگهێشتن کردووە.

"تێ دەپەڕێت"

**خێزانی باڵیۆز:** "بۆ نێپۆموک"

هەوڵ بدە بە هەقیقەتی ئەو کچە بزانیت.

**نێپۆموک:** "دەچەمێتەوە"

بەڵێ، خاوەن شکۆ.

"بەناو قەرەباڵغییەکەدا دەڕوات"

**باڵیۆز:** رۆژباش هیگینز. ئەم شەو لێرە خەنیمێکت هەیە، خۆی وەکو قوتابییەکی تۆ ناساند. ئاخۆ لێهاتووە؟

**هیگینز:** دەتوانێت بە دوو هەفتە خەڵک فێری زمان بکات. بە دەرزەن زمان دەزانێت. ئەمە نیشانەیەکی مسۆگەری گەمژەییە. وەکو فۆنەتیکزانێک، هیچ لێهاتوو نییە.

**خێزانی باڵیۆز:** رۆژباش، پرۆفیسۆر؟

**هیگینز:** رۆژباش. ئەم جۆرە کەسانە بۆ تۆ وشک و بێ تامن. ببوورە من پێوەندیم بەمەوە نییە.

"دەڕوات"

"لە ژووری میوانان و ئەو ژوورانەی پێیەوە بەستراونەتەوە، پێشوازیکردنی خەڵک لەوپەڕی گەرموگوڕیدایە. ئەلایزا بەناو خەڵکەکەدا تێ دەپەڕێت. ئەوەندە سوورە لەسەر ئەم تاقیکردنەوە سەختە، هەر دەڵێی لە بیابانێکدا بەدەم خەوەوە دەڕوات نەک کچێکە و بۆ یەکەم جار دەچێتە ناو دنیای نوێباوی تایبەت بە چینە بەرزەکانی کۆمەڵ. لە پڕێکدا، خەڵکەکە لە قسەکردن دەوەستن بۆ ئەوەی سەیری ئەو بکەن. بە رێزەوە لە جلوبەرگ و خشڵ و هەروەها کەسایەتییە سەرنج ڕاکێشەکەی دەڕوانن. ژمارەیەک گەنج لە دواوە لەسەر کورسییەکانیان وەستاون بۆ

ئەوەی بیبینن.

باڵیـۆز و ژنەکـەی لە پێـپلیکانەکـانـەوە دێنە ژوورەوە و تێکەڵی مـیـوانەکـان دەبن. هیگینز، کـە رووگـرژە و بەقـێـزەوە سـەیری هەمـوو کـارەکە دەکـات، دەچێت بـۆ لای ئەو تاقـمـە کـەسـەی، کـە گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر دەکەن"

**خێزانی باڵیۆز:** ئەها، ئەوەتا پرۆفیسۆر هیگینز. ئێستا پێمان دەڵێت. دەی پرۆفـیـسـۆر باسـێکی ئەو کـچـە جـحـێڵ و خـانومـان و بێ هاوتایەمان بۆ بکە.

**هیگینز:** "تا ڕادەیەک بە مرومۆنییەوە"

چ کچێکی خانومان و بێ هاوتا؟

**خـێـزانی باڵیـۆز:** تۆ باش دەیناسـیت. پێـیـان گـوتم، لە دوای خـاتوو "لانگتـری"[٤٨]، کـە خـەڵک لەسـەر کـورسـیـیـەکـانیـان لە سـەرپێ دەوەسـتـان تا سـەیری بکەن، تا ئێسـتـا لە لەندەن کـچێکی ئاوا پەیدا نەبووە.

**نێپۆموک:** "خۆی دەگەیەنێتە هەمان ئەو تاقمە کەسە. زۆر هەواڵی لایە"

**خـێزانی باڵیـۆز:** ئەها، باش بـوو هاتیت، نێـپـۆمـوک. هەمـوو شـتـێکت لەبارەی خاتوو دوولیتڵەوە بۆ دەرکەوت؟

**نێپۆموک:** بەڵێ، هەموو شتێکم بۆ دەرکەوت. ئەو کچە ساختەچییە.

**خێزانی باڵیۆز:** ساختەچی! نا نا.

**نێـپـۆمـوک:** بەڵێ بـەڵێ. ناتوانێت من فریو بدات. ناوی خـۆی دوولیـتڵ نییە.

**هیگینز:** بۆ؟

**نێپۆموک:** چونکە دوولیتڵ ناوێکی ئینگلیزییە و ئەویش ئینگلیز نییە.

**خێزانی باڵیۆز:** نا، ئەمە قسەی پڕوپووچە! زۆر بەجوانی بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکات.

**نێپۆموک:** زۆر بەجوانی. دەتوانیت ژنێکی ئینگلیزم پێشان بدەیت، کە وەکو پێویست بە ئینگلیزی قسە بکات؟ تەنیا بیانییەکان، کە فێر کراون چۆن قسە بە ئینگلیزی بکەن، دەتوانن زۆر بەجوانی قسەی پێ بکەن.

**خێزانی باڵیۆز:** بەڕاستی منی سەرسام کرد کاتێک بەو شێوەیە پێی گوتم رۆژباش[٤٩]. من مامۆستایەکی ژنم هەبوو هەموو کات ئاوا قسەی دەکرد و زۆر لێی دەترسام. بەڵام ئەگەر ئینگلیز نەبێت، ئەدی چییە؟

**نێپۆموک:** هەنگارییە.

ئەوانی تر بەیەکەوە

هەنگارییە!

**نێپۆموک:** هەنگارییە و لە توخمی پاشایانە. من خۆم  هەنگاریم و پاش وەچەی پاشایانم.

**هیگینز:** تۆ بەزمانی هەنگاری قسەت لەگەڵ کرد؟

**نێپۆموک:** بەڵێ. زۆر زیرەک بوو. پێی گوتم "تکا دەکەم بە ئینگلیزی قسەم لەگەڵ بکە. من لە فرەنسی ناگەم" فرەنسی! خۆی وا پێشان دەدات، کە جیاوازی لە نێوان هەنگاری و فرەنسی نازانێت. ئەمە شتێکی مەحاڵە. هەردووکیان دەزانێت.

**هیگینز:** ئەدی توخمی پاشایانەی؟ ئەمەیانت چۆن دۆزییەوە؟

**نێپۆموک:** بە سەلیقە، مایسترۆ، بە سەلیقە. تەنیا ئەوانەی لە ڕەگەزی ماگیارین ٥٠، دەتوانن ئاوا دەرکەون و ئەم نیگا چەسپیو و قایمەیان هەبێت. ئەمەش مافێکی خواییی ئەوانە. ئەم کچە شازادەیە.

**باڵیۆز:** تۆ دەڵێیت چی، پرۆفیسۆر؟

**هیگینز:** من دەڵێم کچێکی ئاساییی لەندەنی ژێر باری بێدەرامەتی و ڕەشوڕووتییە، لەلایەن پسپۆڕێکەوە فێری قسەکردن کراوە. بە مەزەندەی من خەڵکی "درورى لەین"ە.

**نێپۆموک:** ها ها ها! ئۆۆ، مایسترۆ، مایسترۆ، تۆ زۆر خولیای شێوەزارە کۆکنییەکانیت. تۆ بەتەواوی لە بارودۆخی ژیانی نەبوونی و ڕەشوڕووتی شارەزایت.

**هیگینز:** "بۆ خێزانی باڵیۆز"

جەنابتان چی دەڵێن؟

**خێزانی باڵیۆز:** هەڵبەت من لەگەڵ ڕایەکەی نێپۆموک دام. ئەم کچە، لانی کەم، دەبێ شازادە بێت.

**باڵیۆز:** هەڵبەت مەرج نییە حەڵاڵزادە بێت. دەشێ ناڕەسەن[١٥] بێت. بە دڵنیاییەوە لەو جۆرە کەسانەیە.

**هیگینز:** من لەسەر ڕایەکەی خۆم سوورم.

**خێزانی باڵیۆز:** تۆ، تۆ نایەیتە سەر ڕێگەی ڕاست.

"گرووپەکە بڵاوەی پێ دەکەن. هیگینز بەتەنیا دەمێنێتەوە. پیکەرینگ دەچێتە لای"

**پیکەرینگ:** کوا ئەلایزا؟ پێویستە بەردەوام چاوێکمان لەسەر ئەو بێت.

**لایزا:**

"دێت بۆ لایان"

پێم وا نییە بتوانم چیی تر خۆم بۆ بگیرێت. خەڵکەکە بە شێوەیەکی زۆر سەیر سەرنجم دەدەن. ئێستا پیرەژنێک پێی گوتم، تۆ رێک وەکو ڤیکتۆریای شاژن قسە دەکەیت. داوای لێبووردن دەکەم ئەگەر گرەوەکەی تۆم دۆڕاندبێت. من هەموو هەوڵێکم خستە گەڕ، بەڵام هیچ شتێک من وەکو ئەم خەڵکە لێ ناکات.

**پیکەرینگ:** تۆ نەتدۆڕاندوە، ئازیزەکەم، تۆ دە ئەوەندەت بردووەتەوە.

**هیگینز:** با لێرە بچینە دەرەوە. من لە گفتوگۆی ئەو دەبەنگانە تێر بووم.

**پیکەرینگ:** ئەلایزا ماندووە، منیش برسیم. با برۆین بۆ شوێنێک و نانی ئێوارە بخۆین.

## بەشی چوارەم

"تاقیگەی شەقامی ویمپۆڵ. نیوەشەوە. هیچ کەسێک لە ژوورەوە نییە. کاتژمێرەکە، کە لەسەر لێواری ئاگردانەکەی ناو دیوارەکەدایە، زەنگی دوازدە لێ دەدات. ئاگرەکە دانەگیرساوە. شەوێکە لە شەوەکانی هاوین"

"ئێستا دەنگی هیگینز و پیکەرینگ دەبیسرێت لەسەر پێپلیکانەکانەوە"

**هیگینز:** "داوا لە پیکەرینگ دەکات"

دەڵێم دای خە، پیک، باشە؟ نیازم نییە بڕۆمە دەرەوە.

**پیکەرینگ:** باشە. خاتوو پیرس دەتوانێت بخەوێت؟ هیچمان پێویست نییە، وانییە؟

**هیگینز:** نەخێر، نا.

**لایزا:**

"دەرگەکە دەکاتەوە. لەسەر تەختاییە رووناکەکەی سەر پێپلیکانەکەدا دەبینرێت هەر بەو خشڵ و جلوبەرگە جوانەی بەرییەوە، کە گرەوەکەی بۆ هیگینز پێ بردەوە. دەچێتە لای ئاگردانەکە و گڵۆپەکان دادەگیرسێنێت. ماندووە. رەنگ و رووە زەردەکەی لەگەڵ چاو و قژە رەشەکانیەوە زۆر لە یەکتر جیاوازن. خەمێک دەموچاوی داگرتووە. رۆبەکەی دادەکەنێت. باوەشێن و پەنجەوانەکانی فڕێ دەداتە سەر پیانۆکە. خۆیشی لەسەر تەختەکە دادەنیشێت. بە بێدەنگییەوە دادەمێنێت"

**هیگینز:** "بە جلوبەرگە رەسمییەکە و پاڵتۆ و شەپقەوە دێتە ژوورەوە. چاکەتێکی تایبەت بە جگەرەکێشانی[52] بەدەستەوەیە، کە لە نهۆمی خوارەوە هێناویەتی. شەپقەکەی لە سەر دەکاتەوە و پاڵتۆکەی دادەکەنێت، بە بێبایەخییەوە فرێیان دەداتە سەر ریزە رەفکەکەی رۆژنامەکان. چاکەتەکەیشی بە هەمان شێوە دادەکەنێت. ئینجا چاکەتەکەی جگەرەکێشان دەکاتە بەر. بە بێ تاقەتییەوە خۆی فڕێ دەداتە ناو کورسییە نەرمەکەی بەردەم ئاگردانەکە"

**پیکەرینگ:** "بەهەمان شێوە جلوبەرگی پۆشیوە. دێتە ژوورەوە. ئەویش شەپقەکەی لە سەر دەکاتەوە و پاڵتۆکەی دادەکەنێت. دەیەوێت فرێیان بداتە سەر جلەکانی هیگینز، بەڵام دوودڵ دەبێت"

دەڵێم: ئەگەر ئێمە ئەو شتانە بەملا و بەولادا جێ بهێڵین لە ژووری میوانان، خاتوو پیرس سەرزەنشتمان دەکات.

**هیگینز:** ئەها، فڕێیان بدە سەر شیشی پێپلیکانەکانی ناو هۆڵەکە. ئەو خۆی بەیانی دەیانبینێت و لە شوێنی خۆیان دایان دەنێت. هەروا دەزانێت سەرخۆش بووین.

**پیکەرینگ:** خۆ نەختێک سەرخۆشین. ئەرێ هیچ نامە هەیە؟

**هیگینز:** سەیرم نەکردووە.

**پیکەرینگ:** "پاڵتۆ و شەپقەکەی هەڵدەگرێت و لە پێپلیکانەکانەوە دەچێتە خوارەوە"

**هیگینز:** "بەدەم باوێشکدانەوە، بە منگەمنگەوە کۆپلەیەک لە گۆرانیی ئۆپێرای "لافانشۆلا دۆ"[53] دەڵێت. لە پڕێکدا دەوەستێت و دەوروبەرەکە دەپشکنێت"

به لەعنەت بێت، سۆلەکانم(*) لە کوێن!

**لایزا**: "کەمێک سەیری دەکات. پاشان لە پڕێکدا هەڵدەستێتە سەرپێ و ژوورەکە بەجێ دێڵێت"

**هیگینز**: "دیسان باوێشک دەدات و گۆرانییەکە دەڵێتەوە"

**پیکەرینگ**: "دەگەڕێتەوە و هەرچی لەناو سندووقی نامەکاندا هەبوو لەگەڵ خۆی دەیانهێنێت"

تەنیا بلاوکراوەن و ئەم نامە دڵدارییە بە پلپلەیەش بۆ تۆیە.

"بلاوکراوەکان فڕێ دەداتە سەر چوارچێوەی ئاگردانەکە. لەسەر مافوورەکەی بەردەم ئاگردانەکە دادەنیشێت و پشتی لە ئاگرەکە دەکات"

**هیگینز**: "سەیرێکی نامەکە دەکات"

لە سووخۆرەکەوە هاتووە.

"هەر لە دوای بلاوکراوەکان، نامەکەیش فڕێ دەداتە سەر چوارچێوەی ئاگردانەکە"

**لایزا**: "دەگەڕێتەوە. جووتێک سۆلی گەورەی شڕ و کۆنی بە دەستەوەیە. لەسەر مافوورەکە و لە بەردەم هیگینز دایان دەنێت و خۆیشی وەکو پێشتر، بێ ئەوەی ورتەی لێوە بێت، دادەنیشێت"

**هیگینز**: "باوێشکێکی تر دەدات"

ئۆی! ئەمە چ ئێوارەیەک بوو! چ کۆمەڵە خەڵکێک بوون! چ گەوجێتییەکی بێ مانا بوو!

"پێڵاوەکەی بە دەستەوە دەگرێت تا قەیتانەکانی بکاتەوە. چاوی

(*) مەبەست لە "سۆل" ئەو پێلاوەیە، کە مرۆڤ لە ماڵەوە بەکاری دێنێت، واتە "نەعل".

به جووته سۆلەکە دەکەوێت. واز لە قەیتانەکان دێنێت و سەیری جووته سۆلەکە دەکات وەک ئەوەی لە خۆیانەوە لەوێ پەیدا بووبن"

ئەها، ئەوەتانەن، لێرەن، وانییە؟

**پیکەرینگ:** "پەل و باڵی خۆی رادەکێشێت"

باشە، من هەست دەکەم زۆر ماندووم. رۆژێکی دوور و درێژ بوو. ئاهەنگی باخچەکە و نانخواردنی ئێوارە و پێشوازیکردنی خەڵک! ماندووبوونێکی زۆری ویست، بەڵام تۆ گرەوەکەت بردەوە، هیگینز. ئەلایزا کارەکەی بەجێ گەیاند بە زیادەیش، وا نییە؟

**هیگینز:** "بە گەرموگوڕییەوە"

سوپاس بۆ خوا تەواو بوو!

**لایزا:** "بە خێراییەوە دەسڵەمێتەوە، بەڵام ئەوان هیچ بایەخێکی پێ نادەن. پاشان دەگەڕێتەوە دۆخی جاران و وەکو پێشتر بەبێدەنگییەوە دادەنیشێت"

**پیکەرینگ:** تۆ لە ئاهەنگی ناو باخەکە هەستت بە نیگەرانی کرد؟ من شڵەژام، بەڵام ئەلایزا هیچ نەشڵەژا.

**هیگینز:** ئا، ئەو هەر هیچ نەشڵەژا. من دەمزانێ ئەو زۆر باش دەبێت. نا، ئەوە ماندووبوونی ئەو چەند مانگەیە، کە ئەو کارەمان تێدا جێبەجێ کرد. لە سەرەتادا، ئەو کاتەی کە خەریکی فۆنەتیک بووین، زۆر خۆش بوو، بەڵام دوای ئەمە بەجارێ بێتاقەت بووم. ئەگەر گرەوم لەسەر نەکردبا، کە دەبێ هەر جێبەجێی بکەم، لەوانە بوو دوو مانگ بەر لە ئێستا هەموو کارەکەم لە کۆڵ خۆم

بکردایەوە. ئارەزووییەکی بێ مانا بوو. کارەکە هەمووی وشک و ناخۆش بوو.

**پیکەرینگ:** تۆ واز لەمە بێنە! ئاهەنگی باخەکە زۆر بەجۆش و خرۆش بوو. من دڵم هەر کوتەکوتی بوو.

**هیگینز:** وایە، تەنیا لە سێ دەقیقەی یەکەمدا. بەڵام کاتێ بینیم خەریکە بە ئاسانی گرەوەکە دەبەینەوە، وەکو ورچی ناو قەفەسم لێ هات، هەر دەهاتم و دەچووم بێ ئەوەی هیچ بکەم. خۆ کاتی نانخواردنەکە ناخۆشتر بوو. زیاتر لە سەعاتێک دانیشتین و زۆرمان خوارد بێ ئەوەی کەسێک هەبێت قسەی لەگەڵ بکەین جگە لە ژنێکی مۆدەباو و گەمژە نەبێت! نەخێر، پیکەرینگ، جارێکی تر شتی وا ناکەم. با بەس بێت شازادەی رووکەش. کارەکە تەنیا دۆزەخێکە بۆ پاککردنەوە[٥٤].

**پیکەرینگ:** تۆ تا ئێستا پەلکێشی ناو رۆتینە کۆمەڵایەتییەکان نەکراویت.

"لەپێش پیانۆکە دێت و دەچێت"

من حەز دەکەم جارجار خۆمی پێدا بکەم، چونکە وام لێ دەکات هەست بە بووژانەوە بکەم. بەهەرحاڵ، ئەمە سەرکەوتنێکی گەورە بوو، سەرکەوتنێکی بێ هاوتا بوو. من یەک دوو جار ترسم لێ نیشت، چونکە ئەلایزا کارەکەی زۆر باش جێبەجێ دەکرد. ئاخر زۆر خەڵکی راستەقینەش ناتوانن ئاوا بکەن. ئەوان هێندە دەبەنگن، هەر وا دەزانن ستایلی تازە شتێکی زگماکە و خەڵک، سەبارەت بە پلە و پایە کۆمەڵایەتییەکانیان، دەستیان دەکەوێت. بۆیە هەرگیز فێر نابن. بۆ ئەوەی کارێک بە

باشترین شێوە ئەنجام بدەیت، هەندێک شتی پرۆفیشناڵ هەیە، کە هەردەم دەبێ بیکەیت.

**هیگینز:** راستە، هەر ئەمەیە خەریکە شێتم دەکات. ئەو خەڵکە دەبەنگە ئیشوکارە هیچ و پووچەکانی خۆیان نازانن.

"هەڵدەستێتە سەرپێ"

بەهەرحاڵ، تەواو بوو و سوودمان لێ وەرگرت. ئێستا دەتوانم برۆم بخەوم بێ ئەوەی خەم بۆ بەیانی بخۆم.

"ڕووی جوانی ئەلایزا، نیشانەی بەدکاریی پێوە دیارە"

**پیکەرینگ:** وابزانم منیش دەچم دەخەوم. ئەم ڕووداوە، تا ئێستا، گەورەترین ڕووداو بووە. بۆ تۆ سەرکەوتن بوو. شەوتان شاد.

"دەڕوات"

**هیگینز:** "بە دوایدا دەڕوات"

شەوتان شاد.

"لە بەردەرگەکە، لە پشت پیکەرینگەوە"

گڵۆپەکان بکوژێنەوە و بە خاتوو پیرس بڵێ، با بەیانی قاوەم بۆ ئامادە نەکات. چا دەخۆمەوە.

"دەڕوات"

**لایزا:** "هەوڵ دەدات دان بە خۆیدا بگرێت. هەڵدەستێتە سەرپێ و بەلای ئاگردانەکەدا تێ دەپەڕێت تا گڵۆپەکان بکوژێنێتەوە. هەست بە بێبایەخیی خۆی دەکات. کاتێ دەگاتە شوێنەکە، خەریکە هاوار بکات. لەسەر کورسییەکەی هیگینز دادەنیشێت و بە توندی دەست بە دەسکەکانییەوە دەگرێت. دواجار دەڕووخێت و بە تووڕەیییەوە خۆی فڕێ دەداتە سەر عەرزەکە. شێت و شبر بووە"

**هیگینز:** "لە دەرەوە، بە تووڕەییەک، کە بێئومێدیی پێوە دیارە"

دەک بە لەعنەت بێت، من چیم لە سۆلەکانم کرد؟

"لە بەردەرگەکەوە دەردەکەوێت"

**لایزا:** "پڕ بە سۆلەکاندا دەکات و بە هەموو هێزێکییەوە یەک لە دوای یەک فڕێیان دەدات بۆ هیگینز"

ئەوەتانێ سۆلەکانت. بیانگرە. یاخوا هیچ خێریان لێ نەبینیت!

**هیگینز:** "حەپەساوە"

ئەمە چییە...!

"لێی نزیک دەبێتەوە"

چی بووە؟ هەڵسە.

"لە عەرزەکەوە بەرزی دەکاتەوە"

هیچ شتێک رووی داوە؟

**لایزا:** "هەناسەی سوارە"

سەبارەت بە تۆ هیچ شتێک رووی نەداوە. من گرەوەکەم بۆ تۆ بردەوە، وانییە؟ تۆ هەر ئەمەت مەبەست بوو. وابزانم ئیتر من گرینگ نیم.

**هیگینز:** تۆ گرەوت بۆ من بردەوە! تۆ! هیچ و پووچی بێ شەرم. من گرەوەکەم بردەوە، من. بۆ ئەو سۆلانەت بە رووی مندا هەڵدا؟

**لایزا:** چونکە ویستم دەموچاوت تێک بشکێنم. حەز دەکەم بتکوژم. خۆپەرستی دڕندە. بۆ وازت لە من نەهێنا کاتێ منت لەسەر شەقام دۆزییەوە؟ سوپاسی خوا دەکەیت، کە کارەکە تەواو بوو و ئێستاش دەتوانیت من بنێریتەوە سەر شەقام، وانییە؟

"بە پەلەپرووزکێ پەنجەکانی دەچەمێنێتەوە"

**هیگینز:** "بە سەرسامییەکی نەختێک شاراوەوە سەیری دەکات"

بەهەرحاڵ، ئەم ئادەمیزادە سەری لێ شێواوە.

**لایزا:** "قـیـژەی تـوورەییـیـەک لـە گـەروویدا دەخنکێت. لە خـۆیـەوە، بە خێراییەوە نینۆکەکانی بە روومەتیدا دەبات"

**هیگینز:** "مەچەکی ئەلایزا دەگرێت"

چییە! بۆ وا دەکەیت؟ خۆ پشیلە نیت چڕنووک لە خۆت دەگریت.

تۆ چۆن زات دەکەیت لە بەرامبەر مندا ئاوا خۆت توورە بکەیت؟

دانیشە و ئارام بەوە.

"بە توندییەوە بۆ سەر کورسییە نەرمەکە پاڵی پێوە دەنێت"

**لایزا:** "لەژێر ئەم هێز و قورساییە گەورەیەدا گرمۆڵە دەبێت"

چیم بەسەر هاتووە؟ چیم بەسەر هاتووە؟

**هیگینز:** من چۆن بزانم چیت بەسـەر هاتووە. جـا چی تێـدایە، هەر شتێکت بەسەر هاتبێت؟

**لایزا:** تۆ گوێی پێ نادەیت. دەزانم بۆ تۆ گرینگ نییە. ئەگەر بشمرم، بۆ تۆ گـرینگ نیـیـە. من بـۆ تۆ کـەسـێکی بێ بایەخم. هێندەی سۆڵەکانیشت بایەخم نییە.

**هیگینز:** "بە توورەیی و دەنگی بەرزەوە"

سۆڵەکان.

**لایزا:** "بە ملکەچییەکی زۆر ناخۆشەوە"

ئەو سـۆڵانە. من نەمـدەزانی هیـچ جیـاوازییـەک لە نێـوان من و سۆڵەکانتدا نییە.

"وچانێکی کورت. ئەلایزا بێئومێد و رووخاوە. هیگینز نەختێک ناڕەحەتە"

**هیگینز:** "بەوپەڕی لووتبەرزییەوە"

ئاخر بۆچی ئاوا رەفتار دەکەیت؟ دەکرێت بپرسم ئاخۆ گلەییت لە هەڵسوکەوتی کەسێک هەیە؟

**لایزا:** نەخێر.

**هیگینز:** کەسێک رەفتارێکی خراپی لەگەڵ تۆدا کردووە؟ کۆڵۆنێڵ پیکەرینگ؟ خاتوو پیرس؟ خزمەتکارێک؟

**لایزا:** نەخێر.

**هیگینز:** وابزانم ئەو درۆیەش ناکەیت، وا پێشان بدەیت، کە من هەڵسوکەوتم لەگەڵ تۆدا خراپ بووە؟

**لایزا:** نەخێر

**هیگینز:** خۆشحاڵم، کە ئەمە لە تۆوە دەبیسم.

"نەختێک بە هێمنتر قسە دەکات"

دەشێت ماندووبوونی رۆژەکە بێ تاقەتی کردبێت. پێکێک شەمپانیا دەخۆیتەوە؟

"بەرەو دەرگەکە دەچێت"

**لایزا:** نەخێر.

"بە شێوازی جاران قسە دەکات"

سوپاست دەکەم.

**هیگینز:** "رووی خۆش دەبێتەوە"

ئەوە چەند رۆژێکە ئاوات بەسەر هاتووە. پێم وایە شتێکی

سروشتی بوو پێش ئاهەنگی باخەکە تووشی پەشۆکاوی بێیت، بەهەرحاڵ، ئێستا ئاهەنگەکە تەواو بووە.

"بە نەرمییەوە دەست بە پشتیدا دێنێت. ئەلایزا هەست بە ئازاری تەریقبوونەوە دەکات"

ئیتر هیچ شتێک نییە خەمی بۆ بخۆیت.

**لایزا:** نەخێر، هیچ شتێک نەماوە تۆ خەمی بۆ بخۆیت.

"لە پڕێکدا هەڵدەستێتە سەرپێ و لێی دوور دەکەوێتەوە. دەچێتە لای تەختەی پیانۆکە. دادەنیشێت و دەموچاوی خۆی دەشارێتەوە"

ئەی خوا! خۆزگە مردبام.

**هیگینز:** "بە سەرسامییەکی بێ فرۆفێڵەوە سەیری دەکات"

بۆ؟ توخوا بۆ؟

"بەشێوەیەکی بەجێ و جوان دەچێتە لای"

گوێ بگرە، ئەلایزا. ئەم هەموو تووڕەبوونە شتێکی دەروونی خۆتە و هیچی تر.

**لایزا:** من تێ ناگەم. زۆر نەزانم.

**هیگینز:** ئەمە تەنیا خەیاڵە و دەیکەیت. بێتاقەتییە و هیچی تر. برۆ بۆ سەر جێگەکەت وەکو کچێکی باش و لە بیر خۆتی بەرەوە و بخەوە. کەمێک بگری و دوعا و نزا بکە، هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت.

**لایزا:** گوێم لە دوعا و نزای تۆ بوو."سوپاس بۆ خوا تەواو بوو"

**هیگینز:** "بە بێ ئارامییەوە"

تۆ سوپاسی خوا ناکەیت، کە تەواو بوویت؟ ئێستا تۆ ئازادی و هەرچییەکت بوێت، دەیکەیت.

**لآیزا:** "بە نائومێدییەوە هێز بە بەرخۆیەوە دێنێتەوە"

من بەکەڵکی چی دێم؟ تۆ چیت بۆ جێهێشتم تا بەکەڵکی بێم؟ بۆ کوێ بچم؟ چی بکەم؟ چیم بەسەر هات؟

**هیگینز:** "شتەکانی بۆ روون دەبێتەوە، بەڵام پێیەوە دیار نییە"

ئەها، تۆ لەبەر ئەمەیە نیگەرانیت، وانییە؟

"دەستەکانی دەخاتە ناو گیرفانەکانیەوە و وەکو هەموو جارێک بەناو ژوورەکەدا دێت و دەچێت، شەقەشەق بە شتەکانی ناو گیرفانیەوە دێنێت، وەک ئەوەی لە روانگەی بەزەیی پێداهاتنەوەدا خۆی هێنابێتە ئاستێکی نزم"

من لە شوێنی تۆ بام، هیچ خەمم لەمە نەدەخوارد. لە بەرچاومە تۆ دەتوانیت خۆت لە شوێنێک دابمەزرێنیت. لەمەوە زۆر تووشی کێشە نابیت ئەگەرچی من بەتەواوی نەمزانیوە تۆ نیازت وایە لێرە برۆیت.

"ئەلآیزا بە خێراییەوە سەیرێکی دەکات. هیگینز سەیری ناکات، بەڵام سەیری قاپەکەی سەر پیانۆکە دەکات و بڕیار دەدات سێوێک بخوات"

تۆ دەتوانیت شوو بکەیت. هەڵبەت ئەمە دەزانیت.

"قەپێک لە سێوەکە دەدات و پارچەیەکی گەورەی لێ دەکاتەوە. بە مڵچەمڵچەوە دەیخوات"

سەیرکە ئەلآیزا، هەموو پیاوێک وەکو من و کۆڵۆنێڵ خۆیان ساغ نەکردووەتەوە، کە هەموو کات هەر رەبەن بن. زۆربەی پیاو

لەوانەن، کە ژن دێنن ـ ئەو بەدبەخت و داماوانە! تۆش ڕوویێکی ناشیرینیت نییە. هەندێک جار مرۆڤ حەز دەکات سەیرت بکات، هەڵبەت ئێستا نا، چونکە دەگریت و دەنووزێیتەوە، وەکو شەیتان ناشیرینیت. بەڵام ئەو کاتەی لە بارێکی باش و تەندروستیی ئاساییدایت، دەتوانم بە دڵڕفێن وەسفت بکەم. هەڵبەت بۆ ئەو کەسانەی، کە نیازی ژن هێنانیان هەیە. تێ گەیشتیت؟ بچۆ بۆ سەر جێگەکەت و بخەوە. پشوویێکی باش بدە. دوای ئەمە، هەڵسە و لە ئاوێنەکەوە سەیری خۆت بکە. ئەو کاتە هەست دەکەیت، کە کەسێکی نزم نیت.

"ئەلایزا بێ ئەوەی قسەیەک بکات، سەیرێکی دەکات و لە شوێنی خۆی ناجووڵێت. سەیرکردنەکەی کار لە هیگینز ناکات. ئەو هەر خەریکی سێوخواردنە و ئاسوودەییەکی خۆش بە دەموچاویەوە دیارە"

**هیگینز:** "بیرێکی خۆشی بە مێشکدا دێت، بەڵام نەختێک بە درەنگەوە" پێم وایە دایکم دەتوانێت کوڕێک بدۆزێتەوە، کە لە ژیاندا سەرکەوتوو بێت.

**لایزا:** ئێمە، کە لە سووچی "تۆتنهام کۆرت" بووین، لەوە گەورەتر بووین.

**هیگینز:** "وریا دەبێتەوە"

مەبەستت چییە؟

**لایزا:** من گوڵم دەفرۆشت، خۆم نەفرۆشت. ئێستا، کە تۆ منت کرد بە خانم ئیتر ناکرێت هیچ شتێکی تر بفرۆشم. خۆزگە هەر لەو شوێنە جێت دەهێشتم، کە منت دۆزییەوە.

**هیگینز:** "ناوکە سێوەکە فڕێ دەداتە ناو ئاگردانەکە"

ئەمە قسەیەکی بێ مانایە، ئەلایزا. پێوەندییە مرۆڤایەتییەکان بەم زمانە تایبەتییەی کڕین و فرۆشتن سووک مەکە. تۆ پێویست ناکات مێرد بە یەکێک بکەیت ئەگەر خۆشت نەوێت.

**لایزا:** ئەدی چی بکەم؟

**هیگینز:** ئۆە، زۆر شت هەن، کە بیانکەیت. رات چییە بە بیرۆکەی پێشووت لەبارەی گوڵفرۆشییەوە؟ پیکەرینگ دەتوانێت لە دوکانێکی گوڵفرۆشیدا دات مەزرێنێت. پارەیەکی زۆری هەیە.

"لەبەر خۆیەوە، بە بێدەنگییەوە پێ دەکەنێت"

پارەی هەموو جلوبەرگەکەت بۆ دەدات، کە ئەمرۆ لەبەرت کردوون، پێکەوە لەگەڵ کرێی ئەو خشڵ و زێڕانە بە بڕی دووسەد پاوەند مەزەندە دەکرێت. خۆ شەش مانگ پێش ئێستا، پێت وابوو ئاسوودە و خۆشگوزەران دەبیت ئەگەر دوکانێکی خۆتت هەبێت بۆ گوڵفرۆشتن. تکایە! گوزەرانت خۆش دەبێت. من ئێستا دەبێ بچم بخەوم. لە خەوا لاکەی سەرم دێت. ئەرێ بەڕاست، من بۆ شتێک هاتم، چی بوو؟ بیرم چووەوە.

**لایزا:** سۆلەکانت.

**هیگینز:** ئا، راست دەکەیت. تۆ سۆلەکانت لە من گرت.

"هەڵیان دەگرێتەوە. دەیەوێت بچێتە دەرەوە، بەلام ئەلایزا هەڵدەستێتە سەرپێ و قسەی لەگەڵ دەکات"

**لایزا:** گەورەم، پێش ئەوەی بڕۆیت...

**هیگینز:** "کە ئەلایزا بە "گەورەم" بانگی دەکات سەری سوور دەمێنێت. بۆیە سۆلەکانی لە دەست بەردەبێتەوە"

چی؟

**لایزا:** جلەکانم هی منن یا هی پیکەرینگ؟

**هیگینز:** "دەگەڕێتەوە ژوورەوە وەک ئەوەی پرسیارەکە ڕەنگدانەوەی ئەوپەڕی بێ مێشکی ئەلایزا بێت"

پێم نالێیت چ سوودێکیان هەیە بۆ پیکەرینگ؟

**لایزا:** لەوانەیە بۆ کچێکی تر پێویستی پێیان بێت، کە تۆ دەیدۆزیتەوە بۆ ئەوەی تاقیکردنەوەی خۆتی لەسەر بکەیت.

**هیگینز:** "حەپەساوە و هەستی بریندارە"

ئەمە بیروڕای تۆیە لەبارەی ئێمەوە؟

**لایزا:** من نامەوێت شتی زیاترم لەبارەی ئەمەوە گوێ لێ بێت. من تەنیا دەمەوێت بزانم چ شتێک هی خۆمە و هیچی تر. جلەکانی خۆم سووتێنرا.

**هیگینز:** جا ئەمە چی تێدایە؟ بۆ بەم نیوەشەوە دەتەوێت خەم لەم شتانە بخۆیت؟

**لایزا:** من دەمەوێت بزانم ئاخۆ دەتوانم چی لەگەڵ خۆم ببەم. نامەوێت تاوانی دزیم بخەنە پاڵ.

**هیگینز:** "بە تەواوی هەستی بریندار بووە"

دزی! نەدەبوو قسەی ئاوا بکەیت، ئەلایزا. ئەمە نیشانەی تێنەگەیشتن و نەزانیتە.

**لایزا:** ببوورە، من کچێکی نەزانی ئاساییم و هیچیتر. پێویستە لە پلە و پایەی کۆمەلایەتیی خۆم زۆر وریا بم. لە نێوان خەڵکی هاوشێوەی من و تۆدا تێگەیشتن نییە. تکا دەکەم پێم بڵێ چی

هـی منه و ئەوانەیش، کە هـی من نین، کامانەن؟

**هیگینز:** "زۆر بە مڕومۆنییەوە"

ئەگەر حەز دەکەیت هەرچییەک لە ماڵەوە هەیە بۆ خۆتی بەرە، تەنیا خشڵەکان نەبێت، کە بەکرێ هێناومانن. رازیت؟

"لەسەر پاژنەی پێ رووی وەردەگێڕیت. خەریکە تووڕەییەکەی دەگاتە ئەوپەڕی"

**لایزا:** "هەڵچوونەکەی وەکو خواردنەوەیەکی خۆش ئاسوودەی دەکات. دەست بە پرتە و بۆڵە دەکات بۆ ئەوەی هیگینز زیاتر تووڕە بکات"

تکایە، بوەستە.

"خشڵەکان لە خۆی دەکاتەوە"

بە یارمەتیی خۆت، ئەم خشڵانە نابەیت بۆ ژوورەکەی خۆت و لە شوێنێکی باش هەڵیان بگریت؟ نامەوێت بەدەم مەترسیی ونبوونیان، خۆم تووشی کێشە بکەم.

**هیگینز:** "تووڕەیە"

بمدەرێ.

"خشڵەکان دەخاتە ناو دەستی هیگینز"

ئەگەر ئەو خشڵ و زێڕانە لە بریی زەڕەنگەرەکە هی من بان، گشتیانم بەزۆر دەخستە ناو گەرووە سپڵەکەت.

"بە بێباکییەوە دەیانخاتە ناو گیرفانەکانیەوە. لایەکی زنجیرە زێڕەکان لە گیرفانەکانیەوە بە دەرەوە دەمێننەوە، بێ ئەوەی ئاگای لێ بێت، دیمەنێکی رازاوەی پێ دەبەخشێت"

**لایزا:** "ئەڵقەکە لە پەنجەی دەکاتەوە"

ئەم ئەڵقەیە هی زەڕەنگەرەکە نییە. تۆ لە بریتۆن بۆ منت کڕی. ئێستا نامەوێت.

**هیگینز:** "بە توندییەوە ئەڵقەکە فڕێ دەداتە ناو ئاگردانەکە و بە شێوەیەکی زۆر هەڕەشەئامێزەوە هێرشی بۆ دەبات"

**لایزا:** "خۆی بەسەر پیانۆکەدا مت دەکات و هەردوو دەستەکانی دەخاتە سەر دەموچاویەوە. بە جۆشەوە هاوار دەکات"

لێم نەدەیت.

**هیگینز:** لە تۆ بدەم! هەی ناپەسند. تۆ چۆن زات دەکەیت ئەو تاوانە بخەیتە پاڵ من؟ ئەوە تۆ بوویت لە منت دا. تۆ دڵت بریندار کردم.

**لایزا:** "مچوورکی خۆشییەکی شاراوە بە لەشیدا دێت"

بەهەرحاڵ، من خۆشحاڵم نەختێک لە شتەکانی خۆمم دەست کەوتەوە.

**هیگینز:** "بە شکۆوە، کە زۆر شایستەی شێوازی پیشەکەیەتی"

تۆ وات کرد، کە هێمنیی خۆم لە دەست بدەم. پێشتر بە هیچ شێوەیەک شتی ئاوام بەسەر نەهاتووە. باشتر وایە ئەمشەو هیچ قسەیەکی تر نەکەم. دەمەوێت بچم بخەوم.

**لایزا:** "بە رووقایمییەوە"

باشتر وایە تێبینییەک بۆ خاتوو پیرس بنووسیت لەبارەی قاوەکەت، چونکە من پێی ناڵێم.

**هیگینز:** "بە رەسمییەوە"

لەعنەت لە خاتوو پیرس و قاوەکە و لە تۆش بێت.

"بە هەڵچوونەوە"
دەک بە لەعنەت بێت ئەو گەوجێتییەم، کە وای لێ کردم ئەو زانیارییانەی دوای ماندووبوونێکی زۆر دەستم کەوتوون، بەوپەڕی ڕێز و دۆستایەتییەوە لەگەڵ کەسێکی دڵڕەق و بەرەڵای سەر شەقام زیاد لە پێویست بەکار بێنم.
"هەر بە سەلارییە شکۆئامێزەکەوە دەڕواتە دەرەوە، بەڵام کە بە تووڕەیییەوە دەرگەکە دادەخات، تێکی دەدات"

**لایزا:** "لەسەر مافوورەکەی بەردەم ئاگردانەکەدا چۆک دەدات بۆ ئەوەی بە دوای ئەڵقەکەدا بگەڕێت. کە ئەڵقەکە دەدۆزێتەوە، کەمێک بیر لەوە دەکاتەوە کە چی لێ بکات. دواجار فرێی دەداتە ناو قاپی شیرینییەکان و بەوپەڕی تووڕەیییەوە دەڕوات بۆ نهۆمی سەرەوە"
"کەلوپەلی ژوورەکەی ئەلایزا زیاد کراوە. دۆلابێکی گەورە بۆ جلوبەرگ لەگەڵ مێزێکی جوان بۆ ئارایشتکردنی تێدا دانراوە. ئەلایزا دێتە ژوورەوە. گڵۆپەکان دادەگیرسێنێت. دەچێتە لای دۆلابەکە و دەیکاتەوە. دەستەجلێکی دەرەوە، شەپقەیەک لەگەڵ جووتێک پێڵاو دەردێنێت و فرێیان دەداتە سەر قەریۆلەکە. پاشان عەللاگەیەک، کە جلی تێ خراوە لە دۆلابەکە دەردێنێت و بە وریایییەوە لەگەڵ دەستەجلێکی شەوانە ڕێکیان دەخات و هەر لەناو دۆلابەکەدا هەڵیان دەواسێت. ئینجا دۆلابەکە دادەخات. جووتە پێڵاوەکە، کە تایبەتن بە ڕۆیشتن، دەکاتە پێ. دەستەجلەکە دەکاتە بەر و شەپقەکەی دەکاتە سەر. سەعاتەکەی دەستی، کە لەسەر مێزی ئارایشکردنەکەیە، هەڵدەگرێت و

دەیکاتە دەستی. دەستکێشەکە لە پەنجەکانی هەڵدەکێشێت. جانتای ئارایشتەکەی هەڵدەگرێت و سەیری ناوەوەی دەکات تا دڵنیا بێت، کە جزدانەکەی تێدایە بەر لەوەی بیکات بە شانیەوە. بەرەو دەرگەکە دەچێت. هەموو جووڵانەوەیەکی تووڕەییی پێوە دیارە. بۆ دواجار لە ئاوێنەکەدا سەیری خۆی دەکات. لە پڕێکدا بەدەم سەیرکردنی خۆیەوە، زمان لە خۆی دەردەکات. ئینجا ژوورەکە جێ دێڵێت. لە بەردەرگەکە گڵۆپەکە دەکوژێنێتەوە"

"لە هەمان کاتدا، لە دەرەوە لەسەر شەقامەکە، فرێدی ئایسنفۆرد هیلّی شێت و شەیدا، سەیری نهۆمی دووەم دەکات، کە یەکێک لە پەنجەرەکانی هێشتا رووناکە. گڵۆپەکە دەکوژێتەوە"

**فرێدی:** شەوت شاد گیانەکەم، گیانەکەم، گیانەکەم.

**لایزا:** "دێتە دەرەوە. شرخەیەکی گەورە لە دوای خۆیدا لە دەرگەکەوە دێنێت"

ئەوە تۆ چی دەکەیت لێرە؟

**فرێدی:** هیچ. بەشی زۆری شەوەکەم لێرە بەسەر برد. ئێرە تەنیا جێگەیەکە، کە دڵم پێی دەکرێتەوە. گاڵتەت پێ نەیەت، خاتوو دوولیتڵ.

**لایزا:** بە خاتوو دوولیتڵ بانگم مەکە، زانیت؟ باشترە بە ئەلایزا بانگم بکەیت.

"بە لادا دێت. پڕ بەشانی فرێدیدا دەکات"

فرێدی، تۆ من بە کەسێکی دڵڕەق و بەرەڵای سەر شەقام نازانیت، وانییە؟

**فریدی:** نانا، نا گیانەکەم، تۆ چۆن شتی ئاوات بە خەیاڵدا دێت؟ تۆ خۆشەویسترین و ئازیزترین...

"خۆی بۆ ناگیرێت و بە چەند ماچێک هەناسەبڕی دەکات. ئەلایزا، کە تینووی ئاسوودەییە، بە هەمان گوڕ و تین بە دەنگییەوە دێت. هەردووکیان باوەش لە یەکتر دەکەن. پۆلیسێکی نەختێک بەتەمەن دەگاتە لایان"

**پۆلیسەکە:** "واقی وڕمایە"

ها، چۆنن! چۆنن!! چۆنن!!!

"فریدی و ئەلایزا یەکتر بەردەدەن"

**فریدی:** ببوورە جەنابی باشچاوەش، ئێمە تازە مارەمان بڕاوە.

"هەردووکیان رادەکەن"

*پۆلیسەکە سەری دەلەقێنێت. بیر لە دڵداریی جارانی خۆی و هیوا و ئاواتە مرۆڤایەتییە ناکامەکان دەکاتەوە. لاکەی تر، پێچەوانەی فریدی و ئەلایزا، دەگرێتە بەر و لەسەرەخۆ هەنگاو دەنێت. دوو عاشقەکەش هەتا "کاڤندیش سکوێر" رادەکەن. لەوێ دەوەستن و بیر لە هەنگاوی داهاتوویان دەکەنەوە"*

**لایزا:** "هەناسەی سوارە"

ئەم پۆلیسە بە هیچ جۆرێک نەیترساندم، بەڵام تۆ زۆر باش وەڵامت دایەوە.

**فریدی:** هیوادارم تۆم لە رێگەی مەبەست لانەدابێت. نیازت وابوو بۆ کوێ بچیت؟

**لایزا:** بۆ سەر رووبارەکە.

**فریدی:** بۆ؟

**لایزا:** بۆ ئەوەی پێشانی بدەین، کە درۆ ناکەین.

**فریدی:** "رادەچڵەکێت"

ئەلایزا، گیانەکەم مەبەستت چییە؟

**لایزا:** گوێی مەدەرێ. ئێستا قەیناکا. ئەم دنیایە لە من و تۆ زیاتر کەسی تری تێدا نییە، وانییە؟

**فریدی:** بەڵێ وایە.

"جارێکی تر لە یەکتر دەئاڵێنەوە. لە پڕێکدا پۆلیسێکی گەنجتر دەگاتە سەریان"

**پۆلیسی دووەم:**

ئێوە چۆنن! ئەمە چییە؟ ئێوە وا دەزانن لە کوێن؟ دەی لاچۆن لێرە، لە خۆتان هەڵدەن!

**فریدی:** با بە قسەی تۆ بێت، گەورەم. لە خۆمان هەڵدەین.

"جارێکی تر بە ڕاکردن لەوێ دوور دەکەونەوە تا لە گۆڕەپانی "هانۆڤەر" جارێکی تر دەوەستنەوە و لەگەڵ یەکتر دەست دەکەنەوە بە گفتوگۆ "

**فریدی:** من نەمدەزانی پۆلیس ئاوا ڕەوشتجوان و بە ئابڕوون.

**لایزا:** ئاخر ئەرکی خۆیانە، بەدوای کچانی سەرشەقامدا بگەڕێن.

**فریدی:** با بچین بۆ شوێنێک. نابێت هەروا بە درێژاییی شەو لە شەقامەکاندا بسووڕێینەوە.

**لایزا:** بەڕاست؟ بەڕای من زۆر خۆشە هەتاهەتایە هەر بسووڕێینەوە.

**فریدی:** ئۆه، گیانەکەم.

"جارێکی تر، بێ ئاگا لەو تاکسییەی، کە بە هێواشی بۆ لایان دێت، باوەش بە یەکتر دەکەنەوە. تاکسییەکە دەوەستێت"

**لێخوڕی تاکسییەکە:** حەز دەکەیت تۆ و ئەو خانمە بگەیەنمە شوێنێک، گەورەم؟

"فرێدی و ئەلایزا یەکتر بەردەدەن"

**لایزا:** ئۆه، فرێدی، ئەوەی دەمانویست ئەمەیە.

**فرێدی:** بەلام بەداخەوە، هیچ پارەم پێ نییە.

**لایزا:** من زۆر پارەم لایە. کۆلۆنێل هەموو کات بیر لەوە دەکاتەوە، کە هەرگیز نابێت مرۆڤ بچێتە دەرەوە بێ ئەوەی لانی کەم دە پاوەندی لە گیرفاندا بێت. سەیرکە، ئەمشەو بەم تاکسییە دەسووڕێینەوە. بۆ بەیانیش دەچم سەرێکی هیگینز خانم دەدەم و داوای لێ دەکەم چی پێویستە بیکەم. پاشان لەناو تاکسییەکە هەموو شتێکت لەمبارەیەوە پێ دەڵێم. لەوێ پۆلیس توخنمان ناکەون.

**فرێدی:** ئافەرین، راستە! لە جێی خۆیەتی!

"بۆ لێخوڕی تاکسییەکە"

لێخوڕە بۆ ویمبلدن کۆمۆن٥٥.

"بە خێراییەوە بۆی دەردەچن"

## بەشی پێنجەم

"ژووری میوانی هیگینز خانم. هیگینز خانم لەبەر مێزی نووسینەکەی دانیشتووە. کارەکەرەکە دێتە ژوورەوە"

**کارەکەری ژووری میوان:** "لە بەردەرگەوە"

خانم، جەنابی هنری لەگەڵ کۆڵۆنێڵ پیکەرینگ لە خوارەوەن.

**هیگینز خانم:** باشە، بیانهێنە بۆ سەرەوە.

**کارەکەری ژووری میوان:** ئێستا خەریکی تەلەفۆن کردنن، خانم. وابزانم تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکەن.

**هیگینز خانم:** چی؟

**کارەکەری ژووری میوان:** "زیاتر لە هیگینز خانم نزیک دەبێتەوە و بەدەنگێکی نزمەوە قسە دەکات"

خانم، جەنابی هنری هێندە تووڕەیە ئاگر دەکاتەوە. بە باشم زانی ئاگەدارتان بکەمەوە.

**هیگینز خانم:** لەمە سەیرتر ئەوە بوو، کە پێت گوتبام جەنابیان زۆر تووڕە نییە. پێیان بڵێ هەر کاتێک تەلەفۆنیان بۆ پۆلیس تەواو کرد با بێن بۆ سەرەوە. وابزانم هیگینز شتێکی لێ ون بووە.

**کارەکەری ژووری میوان:** بەڵێ، خانم.

"دەڕوات"

**هیگینز خانم:** برۆ بۆ نهۆمی سەرەوە بە خاتوو دوولیتڵ بڵێ، کە

جەنابی هنری و کۆڵۆنێل لێرەن. پێی بڵێ نەیەتە خوارەوە هەتا
خۆم بە دوایدا دەنێرم.

**کارەکەری ژووری میوان:** بەڵێ، خانم.

**هیگینز:** "لە پڕ خۆی دەکات بە ژووردا. ڕێک وەکو کارەکەرەکە باسی کرد، زۆر تووڕەیە"

سەیرکە دایە: ئەمە شتێکی چەندە قۆڕە!

**هیگینز خانم:** ها، گیانەکەم، بەیانیت باش.

**هیگینز:** "دان بە خۆیدا دەگرێت و ماچی دەکات، لە کاتێکدا کارەکەرەکە دەچێتە دەرەوە"

**هیگینز خانم:** چی بووە؟

**هیگینز:** ئەلایزا ڕای کردووە.

**هیگینز خانم:** "بە هێمنییەوە لە نووسیندا بەردەوام دەبێت"

هەبێ و نەبێ ترساندووتە.

**هیگینز:** ترساندوومە! قسەی بێ مانا! دوێنێ شەو، وەکو هەموو جارێک بەجێمان هێشت. هەر مابوو گڵۆپەکان بکوژێنێتەوە و هیچی تر. ئەویش لە بریی ئەوەی بچێتە ناو جێگەکەی و بخەوێت، جلەکانی گۆڕیوە و یەکسەر ڕۆیشتووەتە دەرەوە. شەو لەسەر جێگەکەی خۆی نەخەوتووە. ئەم بەیانییە، پێش سەعات حەوت، بە ئۆتۆمۆبێلێک هات و شتەکانی خۆی برد. ئەو خاتوو پیرسە گەمژەیەش ڕێگەی پێ داوە بیانبات، بێ ئەوەی هیچ شتێک لەمبارەیەوە بە من بڵێت. ئیتر من چی بکەم؟

**هیگینز خانم:** ببوورە هنری، وازی لێ بێنە. کچەکە مافی تەواوی

خۆیەتی، ئەگەر خۆی بیەوێت، ئێرە بەجێ بێڵێت.

**هیگینز:** "بە سەرلێشێواوییەوە ئەمسەر و ئەوسەری ژوورەکە دەکات"

**پیکەرینگ:** "دێتە ژوورەوە"

**هیگینز خانم:** "پێنووسەکەی دادەنێت و لە مێزەکە دوور دەکەوێتەوە"

**پیکەرینگ:** تەوقەی لەگەڵ دەکات"

بەیانیت باش، هیگینز خانم، هنری پێی گوتیت؟

"لەسەر قەنەفە بێ پشتەکە دادەنیشێت"

**هیگینز:** ئەو ئەفسەرە پۆلیسە بێ مێشکە چی گوت؟ پێشنیازی خەڵاتی کرد؟

**هیگینز خانم:** "بەسەرسوڕمانێکی تووڕەئامێزەوە"

هەڵبەت مەبەستت ئەوە نییە، کە پۆلیست ئاگەدار کردووەتەوە تا ئەلایزا بدۆزنەوە؟

**هیگینز:** بەڵێ وام کردووە. ئەدی پۆلیس بۆچییە؟ ئەگەر وا نەکەم، چی بکەم؟

"لەسەر کورسییە ئەلیزابێسییەکە دادەنیشێت"

**پیکەرینگ:** ئەفسەرەکە کێشەی زۆری بۆ نایەنەوە. من هەست دەکەم بەڕاستی گومانی لا پەیدا بووە، کە هەندێک گومانی نابەجێمان هەیە.

**هیگینز خانم:** هەڵبەت گومانی لا پەیدا بووە. ئێوە بە چ هەقێکەوە دەچن بۆ لای پۆلیس و ناوی کچەکەی پێ دەدەن، وەک ئەوەی دز بێت یان چەترێکی ونبوو بێت یا هەر شتێکی لەم بابەتە بێت؟ بەڕاستتانە!

"دیسان دادەنیشێتەوە. ئێجگار تووڕەیە"

**هیگینز:** ئاخر ئێمە دەمانەوێت بیدۆزینەوە.

**پیکەرینگ:** ناتوانین وازی لێ بێنین ئاوا بڕوات، دەزانیت، هیگینز خانم. ئەدی باشە چیمان کردبا؟

**هیگینز خانم:** ئێوە ئەقڵ و ئاوەزتان لە ئەقڵ و ئاوەزی دوو منداڵ زیاتر نییە. بۆ...

**کارەکەری ژووری میوان:** "دێتە ژوورەوە و گفتوگۆکەیان دەبڕێت"

جەنابی هنری، جەنتڵمانێک دەیەوێت بە تایبەتی چاوی بە جەنابتان بکەوێت. دیارە لە "ویمپۆڵ ستریت"ەوە[٥٦] نێردراوە.

**هیگینز:** ئۆی، ئەمەیش سەرئێشەیەکی تر! من ئێستا ناتوانم هیچ کەسێک ببینم. کێیە؟

**کارەکەری ژووری میوان:** گەورەم، بەڕێز دوولیتڵە.

**پیکەرینگ:** دوولیتڵ! مەبەستت زبڵڕێژەکەیە؟

**کارەکەری ژووری میوان:** زبڵڕێژ! ئۆھ، نا، نەخێر گەورەم، جەنتڵمانە.

**هیگینز:** "بەجۆشەوە، لە پڕ هەڵدەستێتە سەرپێ"

دەتوانم سوێند بخۆم، پیک، ئەمە یەکێکە لە خزمەکانی ئەلایزا.

خۆی چووەتە لای. یەکێکە، ئێمە نایناسین.

"بۆ کارەکەرەکە"

بە پەلە بینێرە بۆ سەرەوە"

**کارەکەری ژووری میوان:** بەڵێ، گەورەم.

"دەڕواتە دەرەوە"

**هیگینز:** "بە پەرۆشەوە دەچێت بۆ لای دایکی"

یەکێکە لە خزمە ڕەوشتجوانەکانی! ئێستا گوێمان لە شتێک دەبێت.

"لەسەر کورسییە چیندالییەکە دادەنیشێت"

**هیگینز خانم:** تۆ هیچ کەسێک لە خزمەکانی ئەو دەناسیت؟

**پیکەرینگ:** هەر باوکی دەناسم. ئەو پیاوەی باسمان بۆ کردیت.

**کارەکەری ژووری میوان:** "جاڕ دەدات"

جەنابی دوولیتڵ.

**دوولیتڵ:** "دێتە ژوورەوە. جلوبەرگێکی جوان و نایابی لەبەر کردووە، وەک خۆی بۆ زەماوەندێکی تازەباو ئامادە کردبێت و خۆیشی زاوا بێت، وایە. گوڵێکی بە یەخەکەیەوە کردووە. شەپقەیەکی ئاوریشمی جوان و دڵڕفێنی لە سەر کردووە. جووتێک پێڵاوی قایشی تازەیشی لە پێیە، کە بە تەواوی بۆ بۆنەی ئاوا دەگونجێت. دیارە زۆر بە تەنگ ئەو کارەوەیە، کە بۆی هاتووە، بۆیە سەرنجی هیگینز خانم نادات. یەکسەر دەچێتە لای هیگینز و بەرۆکی دەگرێت و بە توندی سەرزەنشتی دەکات. کەسایەتییە ڕاستەقینەکەی خۆی دەردەخات"

سەیرکە! ئەمە دەبینیت؟ ئەمە تۆ وات کرد.

**هیگینز:** کوڕە چیم کردووە؟

**دوولیتڵ:** پێت دەڵێم، سەیرکە، سەیری ئەم شەپقەیە بکە. سەیری ئەم پاڵتۆیە بکە.

**پیکەرینگ:** ئەلایزا جلوبەرگی بۆ کڕیویت؟

**دوولیتڵ:** ئەلایزا! نەخێر، ئەو نا. بۆ ئەو جل بۆ من دەکڕێت؟

**هیگینز خانم**: بەیانیت باش، بەڕێز دوولیتڵ. فەرموو دانیشە!

**دوولیتڵ**: "دەشڵەژێت کاتێ بەئاگا دێتەوە، کە خاوەن ماڵی لە بیر کردووە"

داوای لێبووردن دەکەم، خانم.

"لە هیگینز خانم نزیک دەبێتەوە و دەستەکانی دەگوشێت، کە بۆی درێژ دەکات"

سوپاست دەکەم.

"لەسەر قەنەفە بێ پشتەکە دادەنیشێت، لە تەنیشت پیکەرینگ، بەلای راستەوە"

ئەوەی بەسەر مندا هاتووە، بە جارێ مێشکی ماندوو کردوومە. ناتوانم بیر لە هیچ شتێکی تر بکەمەوە"

**هیگینز**: بۆ؟ چیت بەسەر هاتووە؟

**دوولیتڵ**: ئەگەر تەنیا بەسەر من هاتبا، گوێم پێ نەدەدا. هەموو کەس شتێکی هەر بەسەر دێت، کە گلەیی لە کەس ناکات، لە خوا نەبێت. تۆش هەروا دەڵێیت، بەڵام ئەمە شتێکە تۆ بەسەر منت هێناوە، بەڵێ تۆ، ئنری ئیگنز.[٥٧]

**هیگینز**: تۆ ئەلایزات دۆزییەوە؟

**دوولیتڵ**: بۆ، چما بزرت کردووە؟

**هیگینز**: بەڵێ.

**دوولیتڵ**: بەختێکی گەورەت هەیە. بەڵێ تۆ بەختێکی گەورەت هەیە. من ئەلایزام نەدۆزیوەتەوە، بەڵام ئێستا ئەو خێرا من دەدۆزێتەوە دوای ئەو شتەی تۆ بەسەر مندا هێنات.

**هیگینز خانم:** ئاخر پێم ناڵێیت کوڕەکەم چی بەسەر تۆ هێناوە، بەڕێز دوولیتڵ؟

**دوولیتڵ:** چی بەسەر من هێناوە؟ منی فەوتاند. خۆشی و کامەرانیی لێ تێک دام. منی قۆڵبەست کرد و رادەستی رێ و رەوشتی چینی ناوەندیی کۆمەڵی کردم.

**هیگینز:** "بێ ئەوەی ددان بە خۆیدا بگرێت، هەڵدەستێتە سەرپێ و لەسەر سەری دوولیتڵ دەوەستێت"

تۆ وڕێنە دەکەیت. سەرخۆشیت. شێت بوویت. من پێنج پاوەندم بە تۆ دا. پاشان دووجار گفتوگۆم لەگەڵدا کردوویت. لەو کاتەوە تۆم نەبینیوە.

**دوولیتڵ:** چی! من سەرخۆشم؟ من شێتم؟ وام پێ بڵێ. تۆ بوویت یا تۆ نەبوویت نامەت بۆ ئەو پیرەمێردە بێ قیمەتەی ئەمەریکا نووسی، کە پێنج ملیۆنی بەخشیوە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی چاکسازیی رەوشت لە سەرتاسەری جیهان و داوای لە تۆ کردووە زمانێکی جیهانیی بۆ بدۆزیتەوە؟

**هیگینز:** چی؟ مەبەستت "ئەزرا. دی. وانەفێڵەر"ە! ئەوە مردووە.

"بێ ئەوەی هێندە بایەخ بە قسەکانی بدات، دادەنیشێتەوە"

**دوولیتڵ:** بەڵێ، ئەو مردووە و منیش فەوتاوم. ئێستا پێم بڵێ تۆ نامەت بۆ ئەو نووسیوە یان نا بۆ ئەوەی پێی بڵێیت، کە رەسەنترین مامۆستای رێ و رەوشتی چاک لەم سەردەمەدا، بەپێی باشترین زانیاریی تۆ، ئەلفرێد دوولیتڵە لە ئینگلتەرە. ئەو زبڵڕێژە ئاساییە.

**هیگینز:** ئەها، بیرمە، دوای یەکەم سەردانی تۆ، گاڵتەیەکی بێ مانای

لەم جۆرەم کرد.

**دوولیتڵ:** چی! تۆ دەشێ ناوی بنێیت گاڵتەیەکی بێ مانا، بەڵام ئەمە بەس بوو بۆ ئەوەی پەکی من بخات، بمفەوتێنێت. تۆ ئەو هەلەی بۆ دەرەخسێنیت، کە ئەو ویستوویەتی بۆ ئەوەی وا پێشان بدات، کە ئەمەریکاییەکان وەکو ئێمە نین: کە ئەوان ڕێز لە بەهاکانی ژیانی هەموو چینەکان دەگرن، بە کورتی، بێ فیزن. بەپێی وشە رازاوەکانی ناو وەسیەتنامەکە، لە سایەی گاڵتە بێ ماناکەی تۆ، هنری هیگینز، ئەو پیاوە برە پارەیەکی بۆ من جێ هێشتووە، کە ساڵانە بە سێ هەزار دەخەملێنرێت بە مەرجێک من لە کۆمەڵەکەی ئەو، کۆمەڵەی جیهانی وانەفێللەر بۆ چاکسازیی رەوشت، هەر کاتێک داوایان لێ کردم، ساڵانە هەتا شەش وانە بڵێمەوە.

**هیگینز:** قوڕمساغ، خۆ کردی! ئۆخەی!

"لە پڕ دڵی خۆش دەبێت"

چەندە خۆشە!

**پیکەرینگ:** ئەمە بۆ تۆ شتێکی بێ کێشەیە، دوولیتڵ، جارێکی تر داوات لێ ناکەنەوە.

**دوولیتڵ:** وانەگوتنەوە بەلامەوە گرینگ نییە. هەتا بێ تاقەت دەبم وانە دەڵێمەوە. بەڵێ دەڵێمەوە بێ ئەوەی تووڕە بم. بەڵام من دژی ئەوە دەوەستم بمکەن بە جەنتڵمان. کێ داوای لێ کرد، من بکات بە جەنتڵمان؟ من بەختیار بووم. ئازاد بووم. ئەگەر بمویستبا، پارەم لە هەموو کەسێک دەسەند، وەک چۆن لە تۆم سەند، ئنری ئیگنز. ئێستا تووشی خەم و خەفەت هاتووم.

دەست و پێم شکاوە. هەمــوو کــەس پارە لە من دەســەنێت. پارێزەرەکــەم پێم دەڵێت، تۆ ئـەمــەت بەدڵە. منیش پێی دەڵێم، بەڕاست؟ مـەبەسـتت ئەوەیە بە دڵی تۆیە. ئەو کاتەی پیـاوێکی هەژار بووم، پارێزەرێکم هەبوو، جــارێکیـــان عــەرەبانەیەکی مندالانیان لەناو عەرەبانەی زبڵەکە دۆزییەوە. ئەو لە کێشەکە رزگاری کردم. هەر خێرا منی لە کۆڵ خۆی کردەوە و خۆیشی لە من رزگار کرد. پزیشکەکانیش هەر وایان کرد: پێش ئەوەی بتـوانم لەســەر قاچەکانم بوەستم، لە نەخۆشخانە دەریان دەکردم. پارەیشم نەدەدا. ئێستا بۆیان دەردەکەوێت، کە من پیـاوێکی لەشــساغ نیم و ناتوانم بژیم ئەگەر رۆژانە دووجــار نەمـپـشکێن. لە مـاڵەوە ناهێـڵن دەست بۆ هیچ کارێک بەرم. یەکێکی تر کارەکە لە جێگەی من دەکات. ساڵێک پێش ئێستا لە هەمـوو دنیـا خزمـێکم نەبوو، یەک دووانێک نەبێت، کە قسەم لەگەڵ ناکەن. ئێستا پەنجا خزمم هەیە. یەکێکیان تێدا نییە باری ژیانی مامناوەندی بێت. من دەبێ بۆ خەڵکی تر بژیم نەک بۆ خۆم. ئەمەیە مۆڕالی چینی ناوەڕاست. تۆ باسی ونبوونی ئەلایزا دەکەیت. خـۆت نیگەران مــەکە. دڵنیـام ئێـسـتـا لە بەردەرگەکەم وەستاوە. ئەو دەیتوانی بە گوڵفرۆشی هەڵبکات ئەگەر من خراپ بام. ئەمجارە تۆ لێم پەیدا دەبیت، ئنری ئیگنز. پێویستـە من لە تۆوە فێـر بم بە زمانی چینی ناوەڕاست قسە بکەم، لە بریی ئەوەی بە ئینگلیـزییـەکی راست و رەوان بدوێم. ئەمە ئەو شتەیە تۆ دەتەوێ بیگەیتێ. منیش وابزانم تۆ کێشەت ناوەتەوە.

**هیگینز خانم:** بەڵام، بەڕێز دوولیتڵ، چاوەکەم، تۆ پێویست ناکات خۆت نیگەران بکەیت ئەگەر بە دڵت بێت. کەس ناچارت ناکات بەزۆر ئەم میراتە قبووڵ بکەیت. دەتوانیت وازی لێ بێنیت. وانییە، کۆڵۆنێڵ پیکەرینگ؟

**پیکەرینگ:** وابزانم وایە.

**دوولیتڵ:** "بۆ بەرگریکردن لە هیگینز خانم، وەک رەگەزی مێیینە، رەفتاری نەرم دەبێت"

تراجیدیایەکە لێرەدایە، خانم. ئاسانە وازی لێ بێنیت، بەڵام من جورئەت ناکەم. جا کێ لە ئێمە جورئەت دەکات وازی لێ بێنێت؟ ئێمە هەموومان لەژێر هەڕەشەداین. ترسمان نراوەتە بەر، خانم. ئێمە لە دۆخێکی ئاواداین. لەم تەمەنەدا چیم هەیە ئەگەر وازی لێ بێنم جگە لە پەنابردن بۆ هەژارخانە[٥٨]؟ پێویستە هەردەم قژم بۆیە بکەم بۆ ئەوەی پیشەکەم، کە زبڵڕێژییە، بپارێزم. ئەگەر من یەکێک بام لە "هەژارە شایستەکان"[٥٩] و نەختێکم پاشەکەوت کردبا، دەمتوانی وازی لێ بێنم. بەڵام ئاخر بۆ دەبێ وابکەم؟ خۆ هەژارە شایستەکانیش وەکو خەڵکی تر دەشێ ببن بە ملیۆنێر لە پێناوی ئەو بەختەوەرییەی، کە دوور نییە بەدەستی بێنن. ئەوان نازانن بەختەوەری چییە، بەڵام من، وەکو یەکێک لە هەژارە ناشایستەکان، هیچ کێشەیەکم لەگەڵ جلوبەرگی هەژاراندا نییە، کەچی ئەم سێ هەزارە لەعنەتییە ساڵانەیە بەبێ نەزاکەتییەوە دەمخاتە ناو چینی ناوەڕاست (ببوورە بەم شێوەیە دەری دەبڕم، دایە، تۆ خۆشت هەروا دەری دەبڕیت ئەگەر هەمان هۆکاری توورەیییەکەی منت هەبێت). هەر

ڕێگەیەکی بیگریتە بەر، لێت دەگرن. مەسەلەکە هەڵبژاردنە لە نێوان هەژارخانە و چینی ناوەڕاست. ئەملا بکەیت ئاو دەتبات، ئەولا بکەیت گورگ دەتخوات.[٦٠] منیش لە رووم نایە بچمە هەژارخانە. لەژێر هەڕەشەدام. ئەمە حاڵی منە. بێ پارە و پوولم. دەستبەسەرم. ئەوانەی لە من بەختەوەرترن پێویستیان بە پارەی من هەیە و پێوەندیم پێوە دەکەن بۆ ئامۆژگاری. منیش لە خەڵکە دەستەپاچەکە رادەمێنم و بەغیلیان پێ دەبەم. کوڕەکەی تۆش ئاوای بەسەر من هێنا.

"زۆر هەڵچووە"

**هیگینز خانم:** زۆر باشە، بەڕێز دوولیتڵ، من دڵخۆشم تۆ نیازت نییە هیچ کارێکی قۆڕ بکەیت، چونکە ئەمە کێشەی داهاتووی ئەلایزا چارەسەر دەکات. ئێستا دەتوانیت پێویستییەکانی بۆ دابین بکەیت.

**دوولیتڵ:** "بە دڵتەنگییەوە ملکەچ دەبێت"

بەڵێ خانم، من ئێستا لێم رادەبینرێت پێویستییەکانی هەموو کەسێک دابین بکەم لە رێگەی ئەو سێ هەزارەی ساڵانە دەستم دەکەوێت.

**هیگینز:** "رادەچڵەکێت"

قسەی قۆڕ! ناتوانێت پێویستییەکانی ئەلایزا دابین بکات. دابینیان ناکات. ئەلایزا هیچ پەیوەندییەکی بە دوولیتڵەوە نییە. من پێنج پاوەندم بە دوولیتڵ داوە لە بریی ئەلایزا. دوولیتڵ، تۆ یا ئەوەتا مرۆڤێکی پاک و رەوشتبەرزی یان کەسێکی ساویلکە و نەزانیت.

**دوولیتڵ:** "به لێبووردەییيەوە"

له هەریەکەیان نەختێک، هنری، وەکو هەموو ئەوانی تر، له هەریەکەیان نەختێک.

**هیگینز:** سەیرکه، تۆ له بریی کچەکه پارەت وەرگرت. مافی ئەوەت نییه ئەویش ببەیت.

**هیگینز خانم:** هنری، بێ ئەقڵ مەبه. ئەگەر دەتەوێ بزانیت، ئەلایزا له کوێیه، ئەوەتا له نهۆمی سەرەوەیه.

**هیگینز:** له سەرەوە!! کەواته بەبێ چەندوچوون دەچم دەیهێنمه خوارەوە.

"بەبێ دوودڵییەوە بەرەو دەرگەکه دەچێت"

**خاتوو هیگینز:** "هەڵدەستێته سەرپێ و دوای هیگینز دەکەوێت"

ئارام به، هنری! دانیشه!

**هیگینز:** من...

**خاتوو هیگینز:** دانیشه، گیانەکەم، گوێم لێ بگره.

**هیگینز:** ئێ، زۆر باشه، زۆر باشه، زۆر باشه.

"به رووترشییەوە خۆی هەڵدەداته سەر قەنەفه بێ پشتەکه و روویشی له پەنجەرەکەیه"

بەلام وابزانم تۆ هەر نیو سەعات پێش ئێستا ئەمەت پێ گوتین.

**خاتوو هیگینز:** ئەم بەیانییه ئەلایزا هات بۆ لام و باسی ئەو مامەڵه دڕندانەیەی بۆ کردم، که ئێوه هەردووکتان لەگەڵ ئەو کردووتانه.

**هیگینز:** "جارێکی تر ڕادەچڵەکێت"

چی!

**پیکەرینگ:** "ئەمیش هەڵدەستێتە سەرپێ"

گیانەکەم، خاتوو هیگینز، ئەمانە قسەی هەڵبەستراو بوون بە تۆی گوتن. ئێمە هیچ مامەڵەیەکی خراپمان لەگەڵ ئەو نەکردووە. لە گوڵ کاڵترمان پێ نەگوتووە. کە یەکترمان جێ هێشت، زۆر تەبا و کۆک بووین.

"رووی بۆ لای هیگینز وەردەگێڕیت"

هیگینز، دوێنێ دوای ئەوەی من چووم بخەوم، تۆ هیچ هەڕەشە و گوڕەشەت لەو کچە کردووە؟

**هیگینز:** رێک بە پێچەوانەوە. ئەو سۆلەکانی بە رووی مندا هەڵدا. بەوپەڕی تووڕەییەوە رەفتاری کرد. من لە گوڵ کاڵترم پێ نەگوت. هەرکە چووە ژوورەوە، سۆلەکان بە قایمی بە دەموچاوی مندا کەوت، بەر لەوەی من ورتەیەکم لێوە بێت. زمانێکی زۆر خراپی بەکار هێنا.

**پیکەرینگ:** "حەپەساوە"

ئاخر بۆ؟ ئێمە چیمان لێ کردووە؟

**خاتوو هیگینز:** وابزانم بە تەواوی تێگەیشتم ئێوە چیتان کردووە. هەڵبەت کچەکە تا رادەیەک هەستناسکە. من وا دەبینم، وانییە، بەڕێز دوولیتڵ؟

**دوولیتڵ:** دڵی زۆر ناسکە، دایە. لەمەوە لە من دەکات.

**خاتوو هیگینز:** ئا، وایە. زۆر خولیای ئێوە بووە. خۆی زۆر بۆ تۆ ماندوو کردووە، هنری. پێم وانییە تۆ لە سروشتی بیر و لێکدانەوەی کچێکی لە چینی ئەو بگەیت. وابزانم، کە رۆژە

چاوەڕوانکراوەکە هات و ئەویش ئەو هەموو کارە باشەی بۆ ئێوە کرد بێ ئەوەی هەڵەیەکیش بکات، ئێوە هەردووکتان لەوێ دانیشتن، بێ ئەوەی قسەیەکی لەگەڵ بکەن، بەڵام لەگەڵ یەکتر قسەتان کردووە. باسی ئەوەتان کردووە، کە چەندە دڵخۆشن، چونکە کارەکەتان هەموو تەواو بووە و چەندە ئەو کارە ماندوو و بێ تاقەتی کردوون. پاشان تۆ سەرت لەوە سوڕما، کە ئەلایزا نەعلەکانی تێ گرتوویت! ئەگەر من لە جێگەی ئەو بام، ئاسنی سوورەوەکراوەم تێ دەگرتیت.

**هیگینز:** هیچمان نەگوت. تەنیا گوتمان بێ تاقەتین و دەمانەوێ بخەوین، وانەبوو، پیک؟

**پیکەرینگ:** "شانەکانی هەڵدەتەکێنێت"

هەر ئەوە بوو.

**خاتوو هیگینز:** "بە تەوسەوە"

دڵنیان؟

**پیکەرینگ:** زۆر. بەڕاستی هەر ئەوە بوو.

**خاتوو هیگینز:** نە سوپاستان کرد، نە باوەشتان پێدا کرد و نە ڕێزتان گرت و نە پێتان گوت، کارەکەی چەندە جوان و نایاب بوو.

**هیگینز:** "ددان بە خۆیدا ناگرێت"

ئاخر ئەو خۆی هەموو ئەمانەی دەزانێ. ئێمەش قسەمان بۆ نەکرد، ئەگەر مەبەستت ئەمە بێت.

**پیکەرینگ:** "لە دەروونەوە دێتە جۆش"

ڕەنگە ئێمە وەکو پێویست دڵیمان ڕانەگرتبێت و بە تەنگ هەست

و شعووریەوە نەچووبین. زۆر تووڕەیە؟

**خاتوو هیگینز:** "دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی و لەبەر مێزی نووسینەکەی دادەنیشێتەوە"

بەهەرحاڵ، من دەترسم نەگەڕێتەوە بۆ "ویمپۆڵ ستریت"، بە تایبەتی، کە ئێستا بەڕێز دوولیتڵ دەتوانێت لەو کارە بەردەوام بێت، کە ئێوە بۆ ئەلایزا داتان ناوە. بەلام ئەلایزا زۆر حەز دەکات لە هەلومەرجێکی دۆستانەدا چاوی پێتان بکەوێت. ئەوەی چوو، چوو.

**هیگینز:** "تووڕەیە"

توخوا، بەڕاستتە؟ ها!

**خاتوو هیگینز:** ئەگەر بەڵێنم پێ بدەیت، کە بە جوانی هەڵسوکەوت بکەیت، هنری، پێی دەڵێم بێتە خوارەوە، ئەگەرنا بگەڕێوە بۆ ماڵەوە، چونکە هەموو کاتەکەی منت بەفیڕۆ دا.

**هیگینز:** ئێ باشە، زۆر باشە، پیک. بە جوانی هەڵسوکەوت بکە. با ڕەفتار و ڕەوشتێکی جوان پێشانی ئەو کچە بدەین، کە لە قوڕەوە دروستمان کردووە.

"بە رووگرژییەوەوە خۆی بۆ ناو کورسییە ئەلیزابێسییەکە فڕێ دەدات"

**دوولیتڵ:** "ناڕەزایی دەردەبڕێت"

ئێستا ئێستا، ئنری ئیگنز! وەکو پیاوێکی چینی ناوەڕاست کەمێک ڕێزت بۆ هەست و سۆزی من هەبێت.

**خاتوو هیگینز:** بەڵێنەکەت بیر نەچێت، هنری.

"دوگمەی ناوەڕاستی مێزەکە دادەگرێت"

جەنابی دوولیتڵ، بە ئەرک نەبێت، کەمێک ناچیتە باڵکۆنەکە. نامەوێت ئەلایزا بە هەواڵەکەی تۆ تووشی شۆک بێت هەتا بەتەواوی لەگەڵ ئەم دوو جەنتڵمانە ئاشت دەبێتەوە، خۆ لە بەردڵت گران نییە؟

**دوولیتڵ:** با بە ئارەزووی تۆ بێت. ئامادەم بۆ هەر شتێک، کە یارمەتیی هنری بدات ئەلایزا لە بەردەستی من دەربێنێت.

"لە پەنجەرەکەوە دەچێتە باڵکۆنەکە"

"خزمەتکاری ژووری میوان بە دەنگی زەنگەکە دێتە ژوورەوە. پیکەرینگ لە شوێنی دوولیتڵ دادەنیشێت"

**خاتوو هیگینز:** تکایە بە خاتوو ئەلایزا بڵێ با بێتە خوارەوە.

**خزمەتکاری ژووری میوان:** بەڵێ، دایە.

"دەڕواتە دەرەوە"

**خاتوو هیگینز:** هنری، ئێستا با رەفتارت جوان بێت.

**هیگینز:** من بە رێکوپێکییەوە هەڵسوکەوت دەکەم.

**پیکەرینگ:** خاتوو هیگینز، کوڕەکەت هەوڵ و تەقەلای خۆی دەدات.

"وچانێکی کورت"

**هیگینز:** "سەری بۆ دواوە دەبات و قاچەکانی درێژ دەکات. دەست بە فیکەفیک کێشان دەکات"

**خاتوو هیگینز:** هنری، گیانەکەم، تۆ لەم هەڵوێستەدا رێکوپێک نەبوویت.

**هیگینز:** "خۆی هێمن دەکاتەوە"

دایە، من هەوڵم نەدەدا رێکوپێک بم.

**خاتوو هیگینز:** گرینگ نییە، گیانەکەم، من هەر ویستم قسە بکەیت.

**هیگینز:** بۆ؟

**خاتوو هیگینز:** ئاخر تۆ ناتوانیت لە یەک کاتدا فیکە بکێشیت و قسە بکەیت.

**هیگینز:** "نووزەنووز دەکات"

وچانێکی تری کورت و ناخۆشی بە دوادا دێت"

**هیگینز:** " بە بێ ئارامییەوە بەدەم راچڵەکینەوە هەڵدەستێتە سەرپێ"

کوا، بە نەفرەت بێت، ئەو کچە لە کوێیە؟ ئاخۆ ئێمە هەتا ئێوارە هەر وا چاوەڕوان بین؟

**ئەلایزا:** "دێتە ژوورەوە. رووخۆشە. بە هێمنییەوە شێوازێکی سادەی هەڵسوکەوتێکی هێندە سروشتی دەنوێنێت، کە هیچ گومانێک نەورووژێنێت. سەبەتەیەکی دەرزی و داوی بەدەستەوەیە، وەک لە ماڵی خۆی بێت، وایە"

**پیکەرینگ:** "بە حەپەساوییەوە هەڵدەستێتە سەرپێ"

**لایزا:** ئەم کاتەت باش، پرۆفیسۆر هیگینز. باشیت؟

**هیگینز:** "قورگی دەگیرێت"

من...

"هیچی تری بۆ ناگوترێت"

**لایزا:** بەڵام تۆ هەڵبەت باشیت. تۆ هیچ نەخۆش نیت. خۆشحاڵم جارێکی تر چاوم پێت دەکەوێتەوە، کۆڵۆنێل پیکەرینگ.

**پیکەرینگ:** "بە خێراییەوە هەڵدەستێتە سەرپێ و تەوقە لەگەڵ ئەلایزا دەکات"

**لایزا:** ئەم بەیانییە زۆر ساردە، وانییە؟

"لەلای دەستەچەپی پیکەرینگ دادەنیشێت و ئەویش لە تەنیشتییەوە دادەنیشێت"

**هیگینز:** جورئەت نەکەیت ئەم گەمەیە بەسەر مندا تاقی بکەیتەوە. من خۆم فێرم کردوویت و بەسەر مندا تێ ناپەڕێت. هەڵسە وەرە بۆ ماڵەوە. بێ ئەقڵ مەبە.

**لایزا:** "لە سەبەتەکەیداشیش و خوری دەردێنێت و دەست دەکات بە چنین بێ ئەوەی هیچ بایەخێک بە هەڵچوونەکەی هیگینز بدات"

**خاتوو هیگینز:** زۆر بە لێزانییەوە دات ڕشتووە، هنری، بەڕاستی هیچ ئافرەتێک لە بەرامبەر داوای لەم جۆرەدا خۆی بۆ ناگیرێت.

**هیگینز:** دایە، تۆ وازی لێ بێنە. وازی لێ بێنە با خۆی باسی خۆی بکات. ئەو کاتە بۆت دەردەکەوێت ئاخۆ هیچ بیرۆکەیەکی بە مێشکیدا هاتووە، کە من نەمخستبێتە مێشکییەوە یان هیچ وشەیەکی بە زاردا دێت، کە من فێرم نەکردبێت. من پێم گوتی، من لە کچێکی بەڕەڵای سەرشەقام لە کۆڤێنت گاردن ئەم شتەم دروست کردووە.[61] ئێستاش خۆی لێمان کردووە بە خانمێکی چاک و بەڕەوشت.

**هیگینز خانم:** "بە ئاسوودەییەوە"

بەڵێ، گیانەکەم، بەڵام تۆ پێویستە دانیشیت، وانییە؟

**هیگینز:** " بە بێ نەزاکەتییەوە دادەنیشێتەوە"

**لایزا:** "بۆ پیکەرینگ بێ ئەوەی لە رواڵەتدا سەرنجی هیگینز بدات، زیرەکانە خەریکی کاری خۆیەتی"

کۆڵۆنێل پیکەرینگ، ئێستا تاقیکردنەوەکە تەواو بوو، دەتوانیت

بمگەیەنیت؟

**پیکەرینگ:** نا، وا مـــەڵێ، تۆ نـابێت بە تـاقــیکردنەوەی بـزانیت. هەر چۆنێک بێت، من بەمە پەست دەبم.

**لایزا:** ئێ ئاخر من کچێکی بێ شەرمی سەرشەقامم...

**پیکەرینگ:** "بەخێراییەوە"

نەخێر.

**لایزا:** "بە هێمنییەوە لەسەر قسەکانی بەردەوامە"

بەڵام من خـۆم زۆر بە قـەرزاری تۆ دەزانم، بە رادەیەک ئـەگـەر لە بیرم بکەیت، زۆر پێ دڵتەنگ دەبم.

**پیکەرینگ:** ئەوە لە چاکیی خۆتە وا دەڵێیت، خاتوو دوولیتڵ.

**لایزا:** هـەڵبەت لەبـەر ئەوە وا نـاڵێم، کە پارەی جلوبەرگەکانی منت داوە. دەزانم تۆ لە بەرامبەر هـەموو کەسێکەوە دەست و دڵ تێریت. من بەڕاستی لە تۆوە فێری هەموو رەوشت و ئاکارێکی جوان بووم. هـەر ئەوەیشـە، ئـافـرەت دەکات بە خـاتوون، وانـیـیـە؟ دەزانیت بۆ من زۆر نـاخۆش بوو. پرۆفیسۆر هیگینز وەکو نموونە هـەردەم لە بەرچـاوم بوو. من وا پەروەردە کـرام تـا کــتـومـت وەکــو ئەو بم: نەتـوانم ددان بە خــۆمــدا بـگرم، لە بـچــووکــتــرین هـەڵچــووندا زمـانـێکی زبر و خـراپ بەکـار بێنم. ئەگـەر تۆ لەوێ نەبوویتـایە، من نەمدەزانی، کە هەڵسوکەوتی خانمەکان و جەنتڵمانەکان بەم شێوەیە نەبووە.

**هیگینز:** چی!!

**پیکەرینگ:** ئەها، ئەمە هەر خۆی شێوازی وایە. هیچ مەبەستێکی نییە.

**لایزا:** ئێ منیش هیچ مەبەستێکم نەبوو. ئەو کاتەی گوڵفرۆش بووم، شێوازی منیش هەر وابوو، بەڵام وەکو دەبینی وازم لێ هێنا. ئەمەیە جیاوازییەکە.

**پیکەرینگ:** گومان لەوەدا نییە، بەڵام ئەو فێری کردوویت قسە بکەیت. دەزانی، من بام، وام نەدەکرد.

**لایزا:** "بە بێ بایەخییەوە"

هەڵبەت ئەمە پیشەی ئەوە.

**هیگینز:** دەک بە نەفرەت بێ!

**لایزا:** "بەردەوامە"

وەک ئەوە وایە بە شێوازێکی سەردەمییانە فێری سەماکردن بیت. لەوە زیاتر هیچ شتێکی تری تێدا نییە. بەڵام تۆ دەزانی سەرەتای فێربوونم چی بوو؟

**پیکەرینگ:** چی بوو؟

**لایزا:** "ساتێک دەست لە کارەکەی هەڵدەگرێت"

ئەو رۆژەی، کە بۆ یەکەم جار هاتم بۆ "ویمپۆڵ ستریت" و بە خاتوو دوولیتڵ بانگت کردم. ئەوە بۆ من سەرەتای رێزگرتن بوو لە خۆم.

"دووبارە دەست بە کارەکەی دەکاتەوە"

سەدان شتی بچووک بچووک هەیە، کە هیچ کاتێک بۆ تۆ نەبوونەتە مایەی سەرنجدان، چونکە بۆ تۆ رەفتاری سروشتین، وەکو هەستانە سەرپێ و شەپقە لە سەرکردن و دەرگەکردنەوە و...

**پیکەرینگ**: ئەها، ئەمانە هیچ نین.

**لایزا**: بەڵێ ئەو شتانەی ئەو بیرۆکەی لەلا گەڵاڵە کردیت و تۆی گەیاندە ئەو بڕوایە، کە من لە کارەکەری ژووری قاپ و قاچاخ شتن باشترم هەرچەندە، هەڵبەت، من دەزانم تۆ لە بەرامبەر کارەکەرێکی قاپشۆریش هەر هەمان هەڵوێستت دەبێت ئەگەر ڕێگەی پێ بدرێت بێت بۆ ژووری میوان. تۆ هەرگیز پووتەکانی خۆتت لە ژووری نانخواردن دانەدەکەند ئەگەر من لەوێ بووام.

**پیکەرینگ**: تۆ نابێت گوێ بەمە بدەیت. هیگینز لە هەموو شوێنێک پووتەکانی دادەکەنێت.

**لایزا**: دەزانم. من گلەیی لەو ناکەم. ئەمە شێوازی خۆیەتی، وانییە؟ بەڵام، دواجار، کە وا ناکەیت، بۆ من دەبێتە مایەی جیاوازیکردن. با پێت بڵێم، بەڕاستی و بەبێ پێچوپەنا، بەدەر لەو شتانەی، کە هەر کەسێک فێری دەبێت وەکو، جل لەبەرکردن و شێوازی ئاخاوتن و شتی تر، جیاوازی لە نێوان کچێکی گوڵفرۆش و خانمێک ئەوە نییە، چۆن ڕەفتار دەکات، بگرە چۆن ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرێت. من لە بەردەم پرۆفیسۆر هیگینز هەردەم کچە گوڵفرۆشەکەم، چونکە ئەو هەردەم وەک کچێکی گوڵفرۆش مامەڵەم لەگەڵ دەکات هەرواش دەمبینێت، بەڵام دەزانم دەتوانم لە تێڕوانینی تۆ ببم بە خانم، چونکە تۆ هەردەم وەک خانم سەیرم دەکەیت و هەرواش دەبیت.

**هیگینز خانم**: هنری، تکات لێ دەکەم ددانەکانت چیڕ مەکەرەوە.

**پیکەرینگ**: دیارە ئەمە لە چاکە و دڵسۆزیی خۆتە، خاتوو دوولیتڵ.

**لایزا**: پێم خۆشە ئێستا بە ئەلایزا بانگم بکەیت ئەگەر حەز بکەیت.

**پیکەرینگ:** هەڵبەت، حەز دەکەم، ئەلایزا.

**لایزا:** پێم خۆشە پرۆفیسۆر هیگینز بە خاتوو دوولیتڵ بانگم بکات.

**هیگینز:** یەکەم جار تۆ بە نەفرەت دەکەم.

**خاتوو هیگینز:** هنری! هنری!

**پیکەرینگ:** "پێ دەکەنێت"

بۆ بە قسەی ناشیرین وەڵامی نادەیتەوە؟ چاوی لێ مەپۆشە، چونکە ئەمە بۆ ئەو بەسوودە.

**لایزا:** ناتوانم. جاران دەمتوانی، بەڵام ئێستا ناتوانم بگەڕێمەوە سەری. بیرتە، تۆ خۆت پێت گوتم، کە منداڵێک دەبردرێتە وڵاتێکی بیانی، دوای چەند هەفتەیەک فێری زمانی ئەو وڵاتە دەبێت و هی خۆی بیر دەچێتەوە. منیش هەروام. منداڵم لە وڵاتی تۆدا. زمانی خۆمم بیر چووەتەوە و لە زمانی تۆ بەولاوە، هیچی تر نازانم. ئەمە پچڕانی تەواوی هەموو پێوەندییەکە بە "تۆتنهام کۆرت رۆد". بۆ ئەوەی "ویمپۆڵ ستریت" تەواوی بکات.

**پیکەرینگ:** "بە جارێ ترسی لێ دەنیشێت"

ئێ! خۆ تۆ دەگەڕێیتەوە بۆ "ویمپۆڵ ستریت"، وانییە؟ لە هیگینز دەبووریت؟

**هیگینز:** "هەڵدەستێتە سەرپێ"

لێبووردن! توخوا، ئەو! وازی لێ بێنە با بڕوات. وازی لێ بێنە با بزانێت بەبێ ئێمە چۆن دەتوانێت هەڵبکا. ئەگەر من لێیەوە نزیک نەبم، سێ هەفتەی تر نابات، دەگەڕێتەوە بۆ ژێر باری ڕەشوڕووتی و ڕێوڕەوشتی نزم.

**دوولیتڵ:** "لە ناوەڕاستی پەنجەرەکەوە دەردەکەوێت. بە ڕووێکی شکۆداری گلەییئامێزەوە سەیری هیگینز دەکات. لەسەرەخۆ بەبێدەنگییەوە بۆ لای کچەکەی دێت. ئەمیش پشتی لە پەنجەرەکەیە و ئاگای لەوە نییە، کە باوکی لێی نزیک دەبێتەوە"

**پیکەرینگ:** هیگینز نایەتە سەر ڕێی ڕاست، ئەلایزا. تۆ ناگەڕێیتەوە بۆ دۆخی جاران، وانییە؟

**لایزا:** نا، نەخێر. هەرگیز دووبارە نابێتەوە. من دەرسی خۆمم وەرگرت. پێم وایە ناتوانم یەکێک لەو دەنگانەی جاران دەرببڕم ئەگەر هەوڵیشی بۆ بدەم.

**دوولیتڵ:** "دەستی دەخاتە سەرشانی چەپی ئەلایزا. ئەویش کارەکەی دەوەستێنێت. هەرکە باوکی ئاوا پۆشتە و پەرداخ دەبینێت، هێمنیی خۆی بە تەواوی لە دەست دەدات"

**لایزا:** ئا- ئە - ئە - ئە - ئە - ئە - ئەهـ - ئۆو - ئۆو!

**هیگینز:** "بە خۆشیی سەرکەوتنەوە هاوار دەکات"

هێ! لە جێی خۆیەتی. ئا- ئە - ئە - ئە - ئە - ئە - ئەهاواووهـ ! ئا- ئە - ئە - ئە - ئە - ئە - ئەهاواووهـ ! ئا- ئە - ئە - ئە - ئە - ئە - ئەهاواووهـ ! ئا- ئە - ئە - ئە - ئە - ئە - ئەهاواووهـ ! سەرکەوتن! سەرکەوتن!

"بە توندی خۆی فڕێ دەداتە سەر قەنەفە پاڵپشتدارەکە و باسکەکانی دەنووشتێنێتەوە. بە فیزەوە قاچەکانی بڵاو دەکاتەوە"

**دوولیتڵ:** دەتوانی گلەیی لە کچەکە بکەیت؟ ئاوا سەیرم مەکە ئەلایزا. هەڵەی من نییە. هەندێک پارەم دەستکەوت.

**لایزا:** باوکە، هەبێ و نەبێ، ئەمجارە بوویتە ملیۆنێر.

**دوولیتڵ:** بەڵێ، بەڵام ئەمڕۆ جلوبەرگێکی تایبەتیم لەبەر کردووە. زڕدایکەکەت ئامادەیە شووم پێ بکات.

**لایزا:** "بە توورەیییەوە"

تۆ دەتەوێ خۆت بخەیتە ئاستێکی ئاوا نزم و هاوسەرکاریی لەگەڵ ئەو ژنە بێ ئەسڵ و فەسڵەدا بکەیت!

**پیکەرینگ:** "بە هێمنییەوە"

پێویستە وا بکات، ئەلایزا.

"بۆ دوولیتڵ"

ئەوە ئەلایزا بۆ رای خۆی گۆڕیوە؟

**دوولیتڵ:** "بە مەلوولییەوە"

هەڕەشەی لێ کراوە، گەورەم. ترساندوویانە. مۆڕاڵەکانی چینی ناوەڕاست شایستەی قوربانیدانە. ئەلایزا، شەپقەکەت ناکەیتە سەر و بێیت سەیرم بکەیت چۆن ڕێڕەوم گۆڕیوە؟

**لایزا:** ئەگەر کۆلۆنێل پێم بڵێت، پێویستە وا بکەم. من ـ من

"خەریکە بگری"

من خۆم سووک دەکەم. بەهۆی ئێش و ئازارەکانمەوە، خۆم بە تەواوی سووک دەکەم.

**دوولیتڵ:** مەترسە: ئەو ژنە هەرگیز بە توورەیییەوە قسە لەگەڵ کەس ناکات. بەستەزمان! هێندە بەڕێزە، هەموو پرەنسیپە جوانەکانی لێوە دەردەکەوێت.

**پیکەرینگ:** "بە نەرمییەوە ئانیشکی ئەلایزا دەگوشێت"

دڵت لە ئاستیاندا نەرم بێت، ئەلایزا. هەوڵ بدە خۆت لەگەڵ دۆخەکەدا رابێنیت.

**لایزا:** "لە گەرمەی ئەو پەستی و توورەییەدا بەحاڵ زەردەخەنەیەک دەنوێنێت"

ئێ باشە. هەر بۆ ئەوەی پێشانی بدەم رق و کینەم لە دڵدا نییە، هەر ئێستا دەگەڕێمەوە.

"دەڕواتە دەرەوە"

**دوولیتڵ:** "لە تەنیشت پیکەرینگ دادەنیشێت"

هەست دەکەم لەبەر ئاهەنگەکە ئێجگار زۆر شڵەژاوم، کۆڵۆنێل. خۆزگە دەهاتیت و هەتا دوایی لەلام دەبوویت.

**پیکەرینگ:** بەڵام، بەڕێزم، تۆ پێشتر بەم ئەزموونەدا تێپەڕ بوویت. پێشتر لەگەڵ دایکی ئەلایزا زەماوەندی کردووە.

**دوولیتڵ:** کێ ئەمەی پێ گوتیت، کۆڵۆنێل؟

**پیکەرینگ:** کەس پێی نەگوتم. من خۆم، لەخۆڕا، ئەو ئەنجامەم بەدەست هێناوە...

**دوولیتڵ:** نەخێر، ئەمە لەخۆڕا نازانرێت، کۆڵۆنێل. ئەمە شێوازی چینی ناوەڕاستە. شێوازی من هەردەم شێوازی ناشایستەکان بووە. بەڵام لای ئەلایزا باسی مەکە. ئەو نازانێت. من هەموو کاتێک هەستناسکیی ئەوم لە بەرچاو گرتووە.

**پیکەرینگ:** چاکت کردووە. با هەروا جێی بێڵین ئەگەر تۆ لە بەردڵت نەبێت.

**دوولیتڵ:** کۆڵۆنێل، خۆ تۆش دێیت بۆ کڵێسا هەتا تەدارەکەکە تەواو دەبێت؟

**پیکەرینگ:** بە خۆشحاڵییەوە، ئەوەندەی لە توانای کەسێکی ڕەبەندا بێت، درێخی ناکەم.

**هیگینز خانم:** منیش دەتوانم بێم، بەڕێز دوولیتڵ؟ ئەگەر ئاهەنگی زەماوەندی تۆم لە دەست بچێت، خەم دەخۆم.

**دوولیتڵ:** ئەم ڕەفتارە جوانەی تۆ سەربەرزم دەکات، دایە. هاوسەرە خۆشەویستەکەم ئەمە بە ڕێز و ستایشێکی زۆر دەزانێت. کە بیر لە ڕۆژگارە خۆشە بەسەرچووەکان دەکاتەوە، هەست بە بێزاری دەکات.

**هیگینز خانم:** "هەڵدەستێتە سەرپێ"

هەر ئێستا داوای ئۆتۆمۆبێلێک دەکەم و خۆم ئامادە دەکەم.

"پیاوەکان هەڵدەستنە سەرپێ تەنیا هیگینز نەبێت"

لە نیو سەعات زیاترم پێ ناچێت.

"کە دەگاتە لای دەرگەکە، ئەلایزا دێتە ژوورەوە. شەپقەی لە سەرە و دوگمەی دەستکێشەکانی دادەخات"

ئەلایزا، دەچم بۆ کڵێسا بۆ ئەوەی لە ئاهەنگی هاوسەرکاریی باوکت ئامادە بم. باشتر وایە تۆش بە ئۆتۆمۆبێل لەگەڵ من بێیت. کۆڵۆنێل پیکەرینگ دەتوانێت لەگەڵ زاوا بڕوات.

"هیگینز خانم دەڕواتە دەرەوە. ئەلایزا دێتە ناوەڕاستی ژوورەکە، نێوان پەنجەرەی ناوەڕاستی دیوارەکە و قەنەفە بێ پشتەکە. پیکەرینگ دەچێتە لای"

**دوولیتڵ:** زاوا! وشەیەکی چەندە جوانە! تا ڕادەیەک وا لە مرۆڤ دەکات شوێن و پێگەی خۆی بزانێت.

"شەپقەکەی خۆی هەڵدەگرێت و بەرەو دەرگەکە دەچێت"

**پیکەرینگ:** بەر لەوەی بڕۆین، ئەلایزا، دەبێ لە هیگینز ببووریت و بێیتەوە لامان.

**لایزا:** باوەڕ ناکەم باوکم ڕێگەم پێ بدات. باوکە، وانییە؟

**دوولیتڵ:** "خەمبارە بەلام بەخشندەیە"

ئەوان بە لێزانییەوە یارییان پێ کردیت، ئەلایزا، ئەم دوو یاریزانە. ئەگەر تەنیا یەکێکیان بوایە، تۆ دەتتوانی بەرزەفتی بکەیت، بەلام وەکو دەبینیت دوو بوون و یەکێکیان بۆ ئەوەکەی تری دادەپۆشێ.

"بۆ پیکەرینگ"

ئەمە زۆرزانیی تۆ بوو، کۆڵۆنێل، بەلام من هیچ رق و کینەم لە دڵدا هەڵنەگرتووە. منیش بام، هەر هەمان شتم دەکرد. لە هەموو ژیانمدا هەر بوومەتە قوربانیی ژن، یەک لە دوای یەک. من ئیرەییتان پێ نابەم، کە بەسەر ئەلایزادا زاڵ بوونە. دەست ناخەمە ناو ئەو کارەی ئێوەوە. کاتی ئەوەیە بڕۆین، کۆڵۆنێل. ماڵئاوا، هنری. ئەلایزا، لە کڵێسای سانت جۆرج دەتبینمەوە.

"دەڕواتە دەرەوە"

**پیکەرینگ:** "مەراییی بۆ دەکات"

ئەلایزا، تۆ دەبێ لەگەڵ ئێمە بمێنیتەوە

"دوای دوولیتڵ دەکەوێت"

"ئەلایزا دەچێتە دەرەوە بۆ باڵکۆنەکە بۆ ئەوەی لەگەڵ هیگینز بە تەنیا نەبێت. هیگینز هەڵدەستێت و لەوێ خۆی دەگەیەنێتە لای ئەو. ئەلایزا یەکسەر دەگەڕێتەوە بۆ ژوورەوە و بەرەو دەرگەکە دەچێت، بەلام هیگینز بە خێراییەوە لە باڵکۆنەکەوە دێتە

ژوورەوە و پشتی لە دەرگەکە دەکات بەر لەوەی ئەلایزا بگاتە ئەوێ"

**هیگینز:** بزانە ئەلایزا، تۆ سەبارەت بە هەندێک لە رەفتارە خراپەکانی خۆت، رەفتارت لەگەڵدا کرا. ئیتر با ئەوەندە بەس بێت. دەتەوێ ژیرانە بیر بکەیتەوە یان هێشتا بەردەوام بیت؟

**لایزا:** تۆ دەتەوێت من بگەڕێمەوە بۆ ئەوەی سۆلەکانت بۆ هەڵبگرمەوە، بەپێی سروشت و میزاجی تۆ هەڵبکەم و سۆلەکانت بۆ بێنم.

**هیگینز:** من هەرگیز نەمگوتووە، دەمەوێت تۆ بگەڕێیتەوە.

**لایزا:** ئێ، باشە، ئەی کەواتە تۆ باسی چی دەکەیت؟

**هیگینز:** باسی تۆ دەکەم نەک خۆم. ئەگەر تۆ بگەڕێیتەوە، من، وەکو چۆن پێشتر رەفتارم لەگەڵ کردوویت، هەر ئاوا رەفتارت لەگەڵ دەکەم. ناتوانم خۆم بگۆڕم و نیازیشم نییە لە داهاتوودا هەڵسوکەوتم بگۆڕم. هەڵوێست و هەڵسوکەوتی من رێک وەکو هی پیکەرینگ وایە.

**لایزا:** ئەمە راست نییە. پیکەرینگ مامەڵە لەگەڵ کچێکی گوڵفرۆش دەکات وەک ئەوەی شازادە بێت.

**هیگینز:** منیش مامەڵە لەگەڵ شازادەیەک دەکەم وەک ئەوەی کچێکی گوڵفرۆش بێت.

**لایزا:** دەزانم.

"بە هێمنییەوە دوور دەکەوێتەوە و لەسەر قەنەفە پاڵپشتدارەکە دادەنیشێت و روو لە پەنجەرەکە دەکات"

بەرامبەر بە هەموو کەس هەمان شتە.

**هیگینز:** ڕێک وایە.

**لایزا:** وەکو باوکم.

**هیگینز:** "بە زەردەخـەنەیەکی گـاڵتـەئامـێـزەوە، نەخـتـێک هەست بە ڕیسوابوون دەکات"

بێ ئەوەی بەراوردکردنەکە لە هەمـوو ئاسـتـێکدا پەسند بێت، ئەلایزا، ڕاستە باوکت کەسێکی لەخۆبایی و خۆبەزلزان نییە، بەڵام لە هەموو قۆناغێکی ژیان، کە چارەنووسە سەیرەکەی پێی دەگەیەنێت، بە تەواوی شارەزایە.

"بە دڵسۆزییەوە"

نهێنیی گەورە، ئەلایزا، لەوەدا نییە، کە مرۆڤ ڕەفتاری باش یا خراپ یا هەر شێوەیەکی تایبەتی تری لە هەڵسوکەوتدا هەبێت، بگرە لەوەدایە، کە هەمان هەڵسوکەوتی هەبێت بەرامبەر بە هەمـوو کەسـێک. بە کورتی، وەک ئەوە ڕەفتـار بکات، کە لە بەهەشت بێت، ئەو شوێنەی فارگۆنی پلە سێی تێدا نییە و مرۆڤەکان وەکو یەک ڕەوشتجوان و چاکن.

**لایزا:** خوا بە زارتدا بڕوانێت. تۆ هەر بە زگماک قەشەیت.

**هیگینز:** "تووڕەیە"

مەسەلەکە ئەوە نییە، من بە بێ نەزاکەتییەوە ڕەفتار لەگەڵ تۆدا دەکەم، بگرە مەسەلەکە ئەوەیە، ئاخۆ تۆ بیستووتە، من بە شێوازێکی باشتر ڕەفتارم لەگەڵ هەر کەسێکی تر کردبێت.

**لایزا:** "لە پڕ دڵسۆزی دەنوێنێت"

لای من گرینگ نییە تۆ چۆن ڕەفتار لەگەڵ من دەکەیت. من ئەو جنێوپێدانەی تۆ بە هەند هەڵناگرم. من گوێم بە ڕیسوابوون

نەدەدا. پێش ئەمە جارێکی تر چەشتوومە، بەڵام
"هەڵدەستێتە سەرپێ و لە بەرامبەریدا دەوەستێت"
نابێت بەلامدا تێ پەڕن و خۆتان لێم لادەن.[٦٢]

**هیگینز:** کەواتە لاچۆ لەسەر رێگەی من، چونکە من لەبەر تۆ ناوەستم. تۆ باسی من دەکەیت وەک ئەوەی من پاس بم.

**لایزا:** ئێ، تۆ پاسیت: هەر هەڵبەز و دابەز دەکەیت بێ ئەوەی نرخ بۆ هیچ کەسێک دابنێیت، بەڵام من دەتوانم بەبێ تۆ هەڵبکەم. وامەزانە ناتوانم.

**هیگینز:** دەزانم دەتوانیت. من پێم گوتی تۆ دەتوانیت.

**لایزا:** "هەستی بریندارە. لێی دوور دەکەوێتەوە و دەچێتە لاکەی تری قەنەفە پاڵپشتدارەکە. روو لە ئاگردانەکە دەکات"

دەزانم تۆ دەزانیت. تۆ دڕندەیت. تۆ ویستت خۆت لە من رزگار بکەیت.

**هیگینز:** درۆزنیت.

**لایزا:** سوپاس.

"بە خۆبادانەوە دادەنیشێت"

**هیگینز:** وابزانم هەرگیز لە خۆت نەپرسیوە ئاخۆ من دەتوانم بەبێ تۆ هەڵبکەم یان نا.

**لایزا:** "بە گرینگییەوە"

هەوڵ مەدە بە فڕوفێڵ رازیم بکەیت. تۆ دەبێ بەبێ من هەڵبکەیت.

**هیگینز:** "بە فیزەوە"

من دەتوانم بەبێ هەموو کەسێک هەڵبکەم. من بیر و هۆشی خۆمم هەیە. گڕ و تینی ئاگرێکی خواییم تێدایە، بەڵام
"لە پڕ ملکەچی پێشان دەدات"
بیرت دەکەم، ئەلآیزا.
"لە تەنیشتی دادەنیشێت، لەسەر قەنەفە پاڵپشتدارەکە"
من لە بیرورِا نابەجێ و بێ ماناکانی تۆ هەندێک شت فێر بووم. بە سوپاس و پێزانینەوە دانی پێدا دەنێم. هەروەها لە دەنگ و ڕووی تۆ راهاتم. نا، بگرە خۆشم دەوێن.

**لآیزا:** باشە، لەناو گرامافۆنەکە و لە ئەلبوومی وێنەکانتدا هەردووکیانت هەیە. هەر کاتێک بەبێ من هەستت بە تەنیایی کرد، دەتوانیت ئامێرەکە بخەیتە گەڕ. هەست و سۆزی نییە تا بریندار بێت.

**هیگینز:** ئاخر ناتوانم رۆحی تۆ بخەمە گەڕ. ئەو هەست و سۆزەم بۆ بەجێ بێڵە و دەتوانیت دەنگ و ڕووەکە ببەیت. ئەوانە هی تۆن.

**لآیزا:** ئۆه، تۆ شەیتانیت. تۆ دەتوانیت ئازاری دڵی کچێک بدەیت وەک چۆن هەندێ کەس بە ئاسانی قۆڵی کچێک بادەدەن تا ئازاری بدەن. خاتوو پیرس ئاگەداری کردمەوە: جارجار ویستوویەتی تۆ بەجێ بێڵێت، بەڵام تۆ لە دوا چرکەدا بە فڕوفێڵ رازیت کردووەتەوە. تۆ هیچ تۆسقاڵێک گوێ بە ئەو نادەیت. هێندە منیشت لا گرینگ نییە.

**هیگینز:** من ژیانم بەلاوە گرینگە. مرۆڤایەتیم بەلاوە گرینگە. تۆش، وەکو بەشێک لەمە، لێم پەیدا بوویت و تێکەڵی جێ و ڕێی ژیانم بوویت. چ پرسیارێکی تر هەیە، تۆ یا هەر کەسێکی تر بیەوێت

لێم بپرسێت؟

**لآیزا:** من ئەو کەسەم بەلاوە گرینگ نییە، کە هیچ گوێ بە من نەدات.

**هیگینز:** ئەمە لە پرەنسیپەکانی بازرگانیکردنە، ئەلآیزا، وەکو

"لێرەدا وشەکان بەوپەڕی لێزانییەوە بە شێوەزاری "کۆڤێنت گاردن" دەردەبڕێت"

"فرۆشتنی گوڵەوەنەشە"، وانییە؟[٦٣]

**لآیزا:** قەشمەریم پێ مەکە. عەیبە قەشمەریم پێ دەکەیت.

**هیگینز:** لە ژیانمدا قەشمەریم بە کەس نەکردووە. قەشمەری پێکردن بۆ مرۆڤ نە مایەی هەستبەرزییە و نە شکۆمەندی. من رقێکی رەوا دەردەبڕم بەرامبەر بە پرەنسیپەکانی بازرگانیکردن. من نامەوێت بازرگانی بە هەست و سۆزی خۆشەویستی بکەم. تۆ بە من دەڵێیت: دڕندە، چونکە تۆ مافی هێنانی سۆلەکان یا دۆزینەوەی چاویلکەکانی منت لێ قبووڵ نەکردم. تۆ بێ مێشک بوویت: من پێم وایە دیمەنێکی قێزەونە، ژنێک بچێت سۆل بۆ پیاوێک بێنێت. ئاخۆ من هیچ کاتێک رۆیشتووم سۆلەکانت بۆ بێنم؟ من کەمێک زیاتر بیر لە تۆ دەکەمەوە، کە سۆلەکانت بە رووی مندا هەڵدا. پێویست ناکات ببیت بە کۆیلە بۆ من و پاشان بێیت بڵێیت دەمەوێ پێویستییەکانم بۆ دابین بکەیت. کێ گوێ بە کۆیلە دەدات؟ ئەگەر دەتەوێت بگەڕێیتەوە، لە پێناوی دۆستایەتییەکی باش بگەڕێوە، چونکە لەوە زیاتر هیچی ترت دەست ناکەوێت. تۆ هەزار هێندە سوودت لە من وەرگرتووە، کە من لە تۆ وەرم گرتووە. ئەگەر جورئەت بکەیت فڕوفێڵە خراپەکانی هێنان و هەڵگرتنی سۆلەکانیش لە دژی ئەو ئەلآیزا

شـازادەیە بەکـار بێنیت، کـە خـۆم دروسـتـم کـردووە، ئەوا دەرگـە لەسـەر ئەو دەموچاوە ناشیرینەت دادەخەم.

**لایزا:** ئەدی ئـەگـەر تـۆ چ بـایەخـێـک بـە مـن نەدەیت، ئەم کـارەت لـە پـای چی کرد؟

**هیگینز:** "پڕ بە دڵەوە"

چۆن، ئەمە کاری خۆمە.

**لایزا:** تۆ هەرگیز بیرت لەوە نەکردووەتەوە چ کێشـەیەکم بۆ دەنێیتەوە.

**هیگینز:** باشـە، ئەم دنیـایە دروسـت دەبوو ئەگـەر ئەوەی دروسـتـی کـرد، لەوە بترسـابا چ کێشـەیەک دەنێتەوە؟ دروسـتکردنی ژیان مانای دروسـتکردنی کێشـەیە. تەنیـا یەک ڕێگە هەیە بۆ ڕزگـاربوون لە کـێـشـە، ئەویش برێتـیـیـە لـە کـوشـتنی شـتـەکـان. خـۆ دیوتە ترسنۆکـەکـان هـەردەم هـاوار دەکـەن، کـە دەبیـنن کـەسـێکی سەربەئاژاوە دەکوژرێت.

**لایزا:** من قـەشـە نیم. بەم شێوەیە سـەرنجی شـتـەکان نادەم. دەبینم تۆ سەرنجی من نادەیت.

**هیگینز:** "ڕادەچڵـەکـێت و بێ ئەوەی بسـرەوێت، ئەمـسـەر و ئەوسـەر دەکات"

ئەلایزا، تۆ دەبەنگیت. مـن بەهـا و جـوانیـیـەکـانی ئـەو مـێـشکە میـڵـتـۆنیـیەی خـۆمم بەفـیـڕۆ دا کـاتێ بـۆ تۆ خـسـتـمنە ڕوو. بۆ دواجـار تـێ بگە، کە مـن بە ڕێگەی خـۆمـدا دەڕۆم و کـاری خـۆم دەکەم بێ ئەوەی بە قـەد تاڵەمـووێک گـوێ بەوە بدەم چی بەسـەر هـەریـەک لە ئێـمـەدا دێت. مـن وەکـو بـاوک و بـاوەژنەکـەت لـەژێر ترس و هـەڕەشــەدا نـیم. بۆیە دەتـوانیت بگـەڕێـیـتـەوە یـان بڕۆ و

ملت بشکێنە. هەوەسی خۆتە.

**لایزا:** بۆچی من بگەڕێمەوە بۆ لات؟

**هیگینز:** "لە پڕێکدا لەسەر قەنەفە پاڵپشتدارەکە ڕادەچڵەکێت و بە ئاراستەی ئەلایزادا دەچەمێتەوە"

هەر بۆ خۆشی. من لەبەر ئەوە تۆم گرتە خۆم.

**لایزا:** "ڕووی وەرگێڕاوە"

ئینجا بەیانیش دەرم دەکەیت ئەگەر هەموو ئەو شتانە نەکەم، کە تۆ لە منت دەوێن؟

**هیگینز:** بەڵی. تۆش دەتوانیت بڕۆیت ئەگەر من هەر شتێکم نەکرد، کە تۆ لە منت دەوێ.

**لایزا:** ئینجا بچم لەگەڵ باوەژنەکەم بژیم؟

**هیگینز:** بەڵێ، یان گوڵ بفرۆشە.

**لایزا:** ئێ ئێ! خۆزگە بمتوانیبا بگەڕێمەوە بۆ لای سەبەتەی گوڵەکانم! من دەبێ خۆم لە تۆ و لە باوکم و لە هەموو دنیا ئازاد بکەم. تۆ بۆچی ئازادیم لێ زەوت دەکەیت؟ بۆ دەستبەرداری بم؟ ئێستا من کۆیلەم، سەرەڕای هەموو ئەو جلوبەرگە جوانانەی بەریشم.

**هیگینز:** نا بە هیچ شێوەیەک. من وەکو کچی خۆم دەتگرمە خۆ. پارەت پێ دەبەخشم ئەگەر خۆت حەز بکەیت، یان پێت باشە شوو بە پیکەرینگ بکەیت؟

**لایزا:** "بە تووڕەیییەوە سەیری دەکات"

ئەگەر تۆ داوات لێ کردبام شووت پێ بکەم، شووم پێ نەدەکردیت لە کاتێکدا تەمەنی من لە تەمەنی تۆ نزیکترە لەوەی ئەو هەیەتی[٦٤].

**هیگینز:** "بە نەرمییەوە"

مەڵێ "لەوەی ئەو هەیەتی" بڵێ "تا لە هی ئەو"

**لایزا:** "خۆی بۆ ناگیرێت. هەڵدەستێتە سەرپێ"

من چۆنم بوێت، ئاوا قسە دەکەم. تۆ ئێستا مامۆستای من نیت.

**هیگینز:** "بیر دەکاتەوە"

پێم وانییە پیکەرینگ بیەوێت. ئەویش وەکو من رەبەنێکی هەمیشەییە.

**لایزا:** ئەمە ئەوە نییە، کە من دەمەوێت. وا تێ مەگە. من تووشی زۆر کوڕ هاتووم بەو شێوەیە منیان دەوێت. فرێدی هیل رۆژانە دووجار یا سێ جار پەڕەکاغەز دوای پەڕەکاغەز بۆم دەنووسێت.

**هیگینز:** "بە رووگرژییەوە سەرسامە"

دەک بە نەفرەت بێت ئەو بێ شەرمییەی ئەو!

"دەستەڵەمێتەوە و کاتێک دەزانێت وا لەسەر پاژنەی پێ دانیشتووە"

**لایزا:** ئەو مافی هەیە ئەگەر بیەوێت. ئەو کوڕە بەستەزمانە. بەڕاستی منی خۆش دەوێت.

**هیگینز:** "لەسەر قەنەفەکە لادەچێت"

تۆ مافی ئەوەت نییە هانی بدەیت.

**لایزا:** هەموو کچێک مافی ئەوەی هەیە یەکێک خۆشی بوێت.

**هیگینز:** چی! ئینجا گەمژەیەکی وەک ئەو؟

**لایزا:** فرێدی گەمژە نییە. ئەگەر ئەو هەژار و بێکارە بێت و منی بوێت،

ڕەنگە من بەختەوەرتر بکات لەوانەی، کە پلە و پایەیان لە من بەرزترە و دەمترسێنن و منیان ناوێت.

**هیگینز:** دەتوانێت هیچ شتێکت لێ دروست بکات؟ ئەمە مەسەلەکەیە.

**لایزا:** ڕەنگە من بتوانم شتێکی لێ دروست بکەم. بەڵام من هەرگیز بیرم لەوە نەکردووەتەوە شتێک لە یەکتر دروست بکەین. تۆ بیر لە هیچ شتێکی تر ناکەیتەوە. من دەمەوێت سروشتی بم.

**هیگینز:** بە کورتی، دەتەوێ من وەکو فرێدی شەیدات بم، وانییە؟

**لایزا:** نەخێر نامەوێت. ئەمە ئەو هەست و سۆزە نییە، کە من لە تۆم دەوێت. ئەوەندە لە خۆشت دڵنیا مەبە سەبارەت بە من. من دەمتوانی ببم بە کچێکی خراپ ئەگەر ویستبام. من لە تۆ زیاتر هەندێک شت دەبینم. کچانی وەکو من بە ئاسانی دەتوانن جەنتڵمانەکان فریو بدەن تا شەوباخەڵیان لەگەڵدا بکەن. کەمێک دوای ئەمە هەردوولا خۆزگەی مردن بۆ یەکتر دەخوازن.

**هیگینز:** هەڵبەت خۆزگە دەخوازن. باشە، توخوا، ئێمە ئەم شەڕ و کووکەمان لەسەر چییە؟

**لایزا:** "زۆر پەستە"

من ڕووخۆشی و مامەڵەی نەرمم دەوێت. دەزانم من کچێکی ساویلکە و نەزانم و تۆش شارەزایی و زانیاریی خۆت لە کتێبەوە وەرگرتووە، بەڵام من تۆز و خۆڵی ژێر پێت نیم. ئەوەی من کردن

"شێوازی گوتنەکەی ڕاست دەکاتەوە"

ئەوەی من کردم، بۆ جلوبەرگ و تاکسی نەبوو. من ئەوەم کرد، چونکە ئێمە بەیەکەوە کەیفخۆش بووین، ئینجا من دێم ـ هاتم ـ

بۆ ئەوەی ئاگام لە تۆ بێت نەک بمەوێت تۆ شەوباخەڵیم لەگەڵدا بکەیت و ئەو جیاوازییەی نێوانمان لە بیر بکەم، بەڵکو وەکو هاورێ وابین.

**هیگینز:** ئێ، هەڵبەت. منیش هەر ئاوام دەوێت. پیکەرینگیش هەروای دەوێت. ئەلایزا تۆ بێ مێشکیت.

**لایزا:** ئەمە وەلامێکی راست نییە تۆ دەمدەیتێ.

"لەسەر کورسییەکەی بەر مێزەکەی نووسین دادەنیشێت و دەگری"

**هیگینز:** هەتا تۆ ئاوا گەوج و نەزان بیت، لەوە زیاترت دەست ناکەوێت. ئەگەر تۆ بتەوێت ببیت بە خانم، پێویستە ئەو بیرۆکەیە لە مێشکی خۆت دەربکەیت، کە فەرامۆش کراویت، هەر لەبەرئەوەی ئەو پیاوانەی تۆ دەیانناسیت نیوەی کاتەکانی خۆیان لەوە سەرف ناکەن بەسەر تۆوە نوورزەنووز بکەن و نیوەکەی تریش بە ریسواکردنت. ئەگەر تۆ ناتوانیت بەرگەی ئەو جۆرە ژیانەی من و ئەرکە قورسەکانی بگریت، بگەرێوە بۆ ژێر باری رەشووررووتی. کار بکە هەتا زیاتر لە درندە دەکەیت تا لە مرۆڤ. پاشان شەرِ و دەمەقاڵی بکە، یاری و دەستبازی بکە، بخۆرەوە هەتا خەو دەتباتەوە. ئۆی لەو ژیانە خۆشە، ژیانی رەشووررووتی. ژیانێکی راستەقینەیە. ژیانێکی گەرمە. ژیانێکی توندوتیژە. چەندە هەستت مردوو بێت و دەبەنگیش بیت، هەر هەستی پێ دەکەیت، بەبێ هیچ مەشق و کارکردنێک دەیچێژیت و بۆنی دەکەیت. وەکو زانست و ئەدەب و مۆسیقای کلاسیکی و فەلسەفە و هونەر نییە. تۆ من بە کەسێکی وشک و بێ هەست و

خۆپەرست دەزانیت، وانییە؟ زۆر باشە: لاچۆ لە بەرچاوم. برۆ بۆ لای ئەو خەڵکەی خۆشت دەوێن. شوو بە کەسێکی خۆپەرست و بەسۆز بکە یان بە یەکێکی پارەدار، کە دوو لێوی ئەستووری هەبێت بۆ ماچکردنت لەگەڵ جووتێک پووتی ئەستوور بۆ تێهەڵدانت. ئەگەر تۆ نەتوانیت چێژ لەوە وەربگریت، کە دەستت دەکەویت، باشتر وایە شتێکت دەست کەوێ، کە چێژی لێ وەربگریت.

**لایزا:** "بێئومێدە"

ئۆه، تۆ زاڵمێکی دڕندەیت. من ناتوانم قسە لەگەڵ تۆ بکەم: تۆ هەموو شتێک دەخەیتە ئەستۆی من. من هەردەم گوناهبارم. بەڵام هەموو کاتێک ئەوە بزانە، کە تۆ لە زۆردارێک زیاتر هیچی تر نیت. تۆ دەزانیت، من ناتوانم بگەڕێمەوە بۆ ژێر باری ڕەشووڕووتی، وەک خۆت ناوی دەنێیت، هەروەها بە قسەی تۆ، بێجگە لە تۆ و کۆڵۆنێل، من هیچ هاوڕێی ڕاستەقینەم لە دنیادا نییە. تۆ باش دەزانیت، کە من، لە دوای ئێوە هەردووکتان، ناتوانم لەگەڵ هیچ پیاوێکی ئاسایی بێ پلە و پایە بژیم، بەڵام بۆ ئێوەش ئەوپەڕی بێویژدانی و بەدڕەفتارییە بەوە ریسوام بکەن، کە من توانایەکی لەو جۆرەم پێشان داوە. تۆ پێت وایە من دەبێ بگەڕێمەوە بۆ ویمپۆڵ ستریت، چونکە هیچ شوێنێکی ترم نییە بۆی بچم جگە لە ماڵی باوکم نەبێت. بەهەرحاڵ، ئەوەندە لە خۆت دڵنیا مەبە، کە دەتوانی من بخەیتە ژێر پێتەوە تا مافەکانم پێشێل بکرێت و دەمکوت بکرێم. من شوو بە فرێدی دەکەم. شووی پێ دەکەم، هەر کاتێ بتوانم یارمەتیی بدەم.

**هیگینز:** "واقی وڕماوە"

فرێدی!!! ئەو گەنجە دەبەنگە! ئەو بەدبەختە داماوەی نەیتوانیوە کارێکی وەکو فەڕاشیش بۆ خۆی بدۆزێتەوە هەرچەندە ئەو شەرمی نەکردووە کاری وا تاقی بکاتەوە! ئافەرەت: تۆ تێ ناگەیت، من تۆم کردووەتە هاوسەری پاشا؟

**لایزا:** فرێدی منی خۆش دەوێت. ئەمەش بۆ ئەو بەسە بۆ ئەوەی بێت بە پاشا بۆ من. من نامەوێ ئەو کار بکات. ئەو، بە پێچەوانەی من، پەروەردە نەکراوە تا کار بکات. من هەوڵ دەدەم ببم بە مامۆستا.

**هیگینز:** توخوا پێم نالێیت دەتەوێ چ وانەیەک بلێیتەوە؟

**لایزا:** ئەوەی تۆ فێرت کردم. فۆنەتیک دەلێمەوە.

**هیگینز:** ها! ها! ها!

**لایزا:** خۆم وەکو یاریدەری ئەو هەنگارییە دەموچاو تووکنە پێشکێش دەکەم.

**هیگینز:** "بە تووڕەیییەوە هەڵدەستێتە سەرپێ"

چی! ئەو تەڵەکەبازە! ئەو ساختەچییە! ئەو کاسەلێسە گەوجە! فێری مێتۆدەکانی منی دەکەیت؟ فێری ئەو شتانەی دەکەیت، کە من دۆزیمنەوە؟ ئەگەر یەک هەنگاو بە ئاراستەی ئەو بنێیت، ملت دەردەکێشم.

"مستەکۆڵەیەکی پێدا دەکێشێت"

گوێت لێیە؟

**لایزا:** "وەک بەرەنگاربوونەوەیەک، خۆی لەبەر ڕەفتارەکەی هیگینز رادەگرێت"

دەری کێشە. من چ باکم بەمە هەیە؟ دەمزانی ڕۆژێ دادێت، تێم هەڵدەدەیت.

"وازی لێ دێنێت. لە تووڕەییدا بە پێ زەوی دەکوتێت. هێندە بە خێراییەوە دەسڵەمێتەوە، کە بۆ دواوە، بۆ شوێنەکەی لەسەر قەنەفەکە دەگەڕێتەوە، نووچ دەدات"

ئاه! ئێستا دەزانم چۆن ڕەفتارت لەگەڵدا دەکەم. چەندە بێ مێشک بووم، کە پێشتر بیرم لێ نەکردووەتەوە. دەتوانی ئەو زانیارییەی پێت دام بۆ خۆتی بەریتەوە. تۆ پێت ڕاگەیاندم، کە گوێم لە هی تۆ سووکتر و باشترە. بۆیە دەتوانم ببم بە کەسێکی ڕەوشتجوان و دڵنەرم لەگەڵ خەڵک. لەمەدا من لە تۆ بەتواناترم. ئاه!

"بە ئەنقەست دەنگی/h/ دەرنابڕێت بۆ ئەوەی تووڕەی بکات"[٦٥]

ئەمە پەکی خستوویت، ئنری ئیگنز، ئا. ئێستا من گوێ بەمە نادەم

"چەقەنە لێ دەدا"

لە ترسی هەڕەشە و فشەفشی تۆ. لە ڕۆژنامەکان بڵاوی دەکەمەوە، کە شازادەکەی تۆ هەر کچێکی گوڵفرۆش بووە و تۆ فێرت کردووە و ئیتر ئەویش دەتوانێت هەر کەسێک فێر بکات تا لە ماوەی شەش مانگدا ببێت بە شازادەیەکی وەک شازادەکەی تۆ بە هەزار جونەی. ئۆف، کە بیر لە خۆم دەکەمەوە چۆن لەبەرپێتدا بە داماوییەوە خۆم ئەدا بە زەویدا و دڵڕەقانە مافەکانم پێشێل دەکرا و جنێو و قسەی سووکم پێ دەگوترا و چۆن هەموو کات دەبوو پەنجەم بەرز بکەمەوە تا پێشانی بدەم

ڕێک وەک تۆ باش دەبم، قێزم لە خۆم دەبێتەوە.

**هیگینز:** "سەری لێ سوڕماوە"

دەک بە لەعنەت بیت، تۆ، بێ ئابڕووی چەقاوەسوو! خۆ لەوە باشترە نووزەنووز بکەیت، لەوە باشترە بچیت سۆڵەکان بێنیتەوە و چاویلکەکان بدۆزیتەوە، وانییە؟

"هەڵدەستێتە سەرپێ"

بەو خوایە، ئەلایزا، من گوتم تۆ دەکەم بە خانم. ئەم کارەیشم کرد. من دەمەوێت تۆ ئاوا بیت.

**لایزا:** بەڵێ، ئێستا، کە دەبینیت من لێت ناترسم و دەتوانم بەبێ تۆ هەڵبکەم، دەتوانیت هەڵوێستت بگۆڕیت و مەراییم لەبەر بکەیت.

**هیگینز:** هەڵبەت وا دەکەم، گەمژەی مێشک بچووک. پێنج دەقیقە پێش ئێستا تۆ سەربار بوویت بە کۆڵمەوە. ئێستا تۆ بوویتە گۆڵەگە و پاڵپشت: بە یاوەر و هاوکار. تۆ و من و پیکەرینگ دەبین بە سێ ڕەبەنی شارەزا لە بریی ئەوەی هەردوو پیاو و کچێکی ساویلکە بین.

"خاتوو هیگینز دەگەڕێتەوە. خۆی بۆ ئاهەنگی هاوسەرکارییەکە پۆشیوە. ئەلایزا یەکسەر هێمن دەبێتەوە و ڕەفتاری ڕێکوپێک دەکاتەوە"

**خاتوو هیگینز:** ئەلایزا، ئۆتۆمۆبێلەکە چاوەڕوانە، ئامادە بوویت؟

**لایزا:** بەڵێ. پرۆفیسۆریش دێت؟

**خاتوو هیگینز:** هەڵبەت نایەت. ئاخر ناتوانێت لە کڵێسا ڕەوشتی جوان بنوێنێت. ئەو ڕاهاتووە هەردەم سەرنج و تێبینییەکانی خۆی لەبارەی شێوازی دەربڕینی دەنگی وشەکانی قەشەکەوە،

به دەنگی بەرز دەردەبڕێت.

**لایزا:** کەواتە، پرۆفیسۆر، جارێکی تر ناتبینمەوە. ماڵئاوا.

"بەرەو دەرگەکە دەچێت"

**خاتوو هیگینز:** "دێتە لای هیگینز"

ماڵئاوا، گیانەکەم.

**هیگینز:** ماڵئاوا، دایە.

"خەریکە ماچی بکات، بەڵام شتێکی بیر دەکەوێتەوە"

ئۆه، بەڕاست ئەلایزا، گۆشتی رانی بەراز و پەنیری ستیلتۆنم[٦٦] بۆ بکڕە، هەروەها جووتێک دەستکێش، لە فەروەی ئاسکەکێوی دروست کرابێت. قەوارەکەی هەشت بێت لەگەڵ بۆینباغێک، کە بۆ قاتە تازەکەم بشێت. خۆت رەنگەکە هەڵبژێرە.

"شێوەی قسەکردنی بە رووخۆشی و بەو دەنگە بەهێز و بەو شێوازە بێباکانەیە، ئەوە پێشان دەدات، کە هیگینز ناخرێتە سەر رێگەی راست"

**لایزا:** "بە فیزەوە"

قەوارەی ژمارە هەشت بۆ تۆ بچووکە ئەگەر بتەوێت ناوەکەی خوریی تێ گیرابێت. سێ بۆینباغی تازەت هەیە، بیرت چووە، لەناو چەکمەجەکەی دەستشۆرەکەدایە. کۆڵۆنێل پیکەرینگ پەنیری گلۆسێستەری[٦٧] لا باشترە لە ستیلتۆن. تۆ سەرنجی ئەم جیاوازییەت نەداوە. من ئەم بەیانییە تەلەفۆنم لەگەڵ خاتوو پیرس کرد تا گۆشتی رانی بەرازی بیر نەچێت. من نازانم تۆ چیت بەبێ من.

"بە پەلە دەچێتە دەرەوە"

**خاتوو هیگینز:** دەترسم ئەو کچەت لە کەڵک خستبێت، هنری. ئەگەر کۆڵۆنێڵ پیکەرینگی کەمتر لە تۆ چووبایەتە دڵەوە، زۆر نارەحەت دەبووم سەبارەت بە تۆ و بە ئەلایزا.

**هیگینز:** پیکەرینگ! قسەی پڕوپووچ: ئەلایزا نیازی وایە شوو بە فرێدی بکات. ها! ها! فرێدی! فرێدی!! ها ها ها ها ها!!!!!

"کە شانۆنامەکە تەواو دەبێت، لە قاقای پێکەنین دەدات".

# پاشکۆیەک

بە پێنووسی: بێرناردشۆ

پێویست ناکات پاشماوەی چیرۆکەکە لە ڕێگەی نواندن پێشان بدرێت. ڕاستی هەر پێویست بە گێڕانەوەیش ناکات ئەگەر خەیاڵ و لێکدانەوەی ئێمە بەوە کز و بێهێز نەکرێت، کە تەمبەڵ ئاسا، پشت بەو بیرۆکە سواوە و ئامادەکراوانە ببەستێت، کە ڕووداوەکان بە بەختەوەری کۆتایی پێ دێنێت. دیارە ئەمە لە چیرۆکی دڵداریدا شتێکی ئاساییە و بەردەوام بەکار هاتووە، بەڵام لەگەڵ هەموو چیرۆکێک ناگونجێت.

ئەگەرچی چیرۆکی "ئەلایزا دوولیتڵ" بە "ڕۆمانس" ناو دەبرێت سەبارەت بە شێوەی ئەو گۆڕانکارییانەی، کە تۆماری دەکات و زۆر لەوە دوورن بچن بە مێشکدا، بەڵام چیرۆکەکە، دواجار، چیرۆکێکی ئاساییە. گۆڕانکاری لەم شێوەیە بەسەر سەدان ئافرەتدا هاتووە، لەوانەی سوور بوون لە گەیشتن بە خواستە بەرزەکانیان بە تایبەتی دوای ئەوەی "نێڵ گوین"ی[٦٨] ژنە ئەکتەر لەم بارەیەوە بوو بە نموونە کاتێ لە هۆڵی شانۆ، کە سەرەتا پرتەقاڵی تێدا دەفرۆشت، ڕۆڵی شاژنەکانی دەبینێ و پاشاکانی شەیدا دەکرد. بەهەرحاڵ، خەڵک لە هەموو لایەکەوە پێیان وابوو، کە "ئەلایزا" دەبوو هەر شوو بە کوڕە پاڵەوانەکە بکات. ئەگەر لەبەر هیچ هۆیەک نەبێت، لەبەرئەوەی، کە خۆی ـ واتە ئەلایزا ـ پاڵەوانە کچەکەی چیرۆکەکەیە. ئەمەیش

گریمانەیەکە وردبینیی تێدا نییە. بۆیە بۆچوونەکە شتێکی ناپەسندە، نەک هەر لەبەرئەوەی ئەگەر دراما کەمخایەنەکەی "ئەلایزا"، لەسەر ئەو گـریمانـەیە کـار بکات، دواجـار هەر دەبێ بشـێـوێندرێت، بگرە لەبەرئەوەی، کە ئاکامە راستەقینەکەی بۆ هەر کەسێک، کە بە گشتی لە سروشتی مرۆڤ و بە تایبەتیش لە غەریزەی مێیینە بگات، روون و ئاشکرایە.

کاتێ "ئەلایزا" بە "هیگینز" دەڵێت شووی پێ ناکات ئەگەر داوای لێ بکات، مەکر و نازی بەسەردا نەدەکرد، بگرە بڕیارێکی راگەیاند، کە زۆر باش بیـری لێ کـردبووەوە. کـاتێ کـەسـێکی رەبەن هـەوەسی دەجـوولێت و دەسـەلاتی دەبێت و قـەیرەکـچـێک فـێـر دەکـات، دەبێـتـە جـێگەی بایەخ و کـەسـێکی گـرینگ، رێک وەک ئەوەی لە "هـیگینز" و "ئەلایزا"دا دەیبینین. ئەگەر کـارەکتـەری کـچـەکـە بە رادەی پێـویست کـارەکتـەرێکی بەهێـز بێت و بتـوانێت بەسـەر دۆخـەکـەدا زاڵ بێت، هەرگـیـز بە راسـتی بیـر لەوە ناکـاتەوە ئاخـۆ هەوڵ بدات ببـێت بە هاوسەری ئەو رەبەنە یان نا بە تایبەتیش ئەگەر رەبەنەکە بە رادەیەکی هێندە کـەم بە تەنگ ژنهـێنانەوە بێت و چاوەڕوان بکات ژنێکی دڵسـۆز پێداگریی بکات بۆ ئەم مەبەستە و بتوانێ پیاوە رەبەنەکە گیرۆدەی خۆی بکات ئەگەر بە راستی پێ دابگرێت و هەنگاوی بۆ بنێت. لێرەدا بڕیاری کـچـەکـە بە رادەیەکی زۆر دەوەسـتـێـتـە سەر ئەوەی ئاخـۆ لە هەڵبـژاردنەکـەیدا ئازادە یان نا. ئەمـەیش دواجار دەوەسـتـێـتـە سـەر تەمەنی کچەکە و داهاتەکەی. ئەگەر قۆناغی گەنجێتیی بەسەر بردبێت و هیچ گەرەنتییەکی بۆ دابینکردنی بژێوی نەبێت، هەڵبەت مێردی پێ دەکات، چونکە پێویستە مێرد بە پیاوێک هەر بکات، کە گوزەران و بژێویی بۆ دابین بکات. بەلام کـچـێکی جـوان و قـەشـەنگ لە تەمـەنی

"ئەلایزا"دا ڕووبەڕووی ئەم پاڵەپەستۆیە نابێتەوە. ئەو لە هەڵبژاردنەکەیدا ئازادە. بۆیە ئەوەی لەم مەسەلەیەدا ئاراستەی دەکات، غەریزە مێیینەکەیەتی. ئەوە غەریزە مێیینەکەیەتی، کە بە "ئەلایزا" دەڵێت شوو بە "هیگینز" نەکات. پێی ناڵێت وازی لێ بێنێت، تەنانەت کەمترین گومانیش لەوەدا نییە، کە "هیگینز"، وەکو بەهێزترین کەسایەتی جێگەی خۆی لە ژیانی "ئەلایزا"دا کردووەتەوە. هەڵبەت ئەگەر شیمانەی ئەوە لە ئارادا بوایە، کە ئافرەتێکی تر جێگەی "ئەلایزا" بگرێتەوە لای "هیگینز" ئەوا بۆ "ئەلایزا" ئێجگار ناخۆش دەبێت، بەلام لەبەرئەوەی "ئەلایزا" لەمبارەیەوە لە "هیگینز" دڵنیایە و هیچ گومانی لەوەدا نییە، کە دۆخەکە بە ئاراستەیەکی تردا بچێت و ئافرەتێکی تر جێگەی ئەو بگرێتەوە، تەنانەت ئەگەر جیاوازیی بیست ساڵ تەمەنیش لە نێوانیاندا نەبوایە، کە بۆ ئافرەتێکی گەنج ئێجگار زۆرە.

دیارە ئێمە بەپێی سەلیقە و سروشتی خۆمان ئەم بەرەنجامەمان لەلا پەسند نییە. بۆیە، با بزانین ئاخۆ دەتوانین هیچ دیوێکی بەجێ یا لۆجیکێکی تێدا بدۆزینەوە. کاتێ "هیگینز" رای دەگەیەنێت، کە بایەخنەدانی بە ئافرەتە گەنجەکان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەوان لای دایکی دەبن بە ناحەزێکی بەهێزی ئەو، بەڵگەی ئەوە دەداتە دەست، کە رەبەنێتییەکە رەگی لە ناخیدا داکوتیوە. مەسەلەکە نائاساییە تەنا تا ئەو رادەیەی، کە دایکە ناودارەکان سەیر و نائاسایی بن. ئەگەر کوڕێکی زرنگ و خەیاڵفراوان دایکێکی دەوڵەمەندی هەبێت، کە خاوەن ئەقڵ و ئاوەزێکی ژیر و کەسایەتییەکی چاکەخواز و کارەکتەرێکی بەڕێز و شکۆدار بێت بێ ئەوەی هیچ توندوتیژییەک و بەدڕەفتارییەکی لێ بەدی بکرێت و بە رادەیەک

ئاگـەداری باشـتـرین هونەری سـەردەمـەکـەی خـۆی بێت، کـە لە جـوانکردنی مـاڵەکـەی خۆیدا ڕەنگ بداتەوە، هەڵبـەت پێـوەرێکی وا بۆ کوڕەکەی دادەنێت، کە کەم ئافرەت بتوانێت ڕکابەریی لە دژدا بکات. بێـجگە لەمـەش، کـوڕەکـە لە هـەمـوو مـەیل و خـۆشـەویسـتی، لە هەسـتکردن بە جـوانی، لە گـشت ئایدیالەکـانی خـۆی بە تایبـەتیش پاڵنەرە سێکسییەکان دوور دەخاتەوە. ئەمانە وا دەکەن، کە کوڕەکە ببـێت بە مـەتەڵێکی هـەمـیـشـەیی بۆ ژمـارەیەکی زۆر لە خـەڵکی ناڕۆشنبیر، کە لەناو کەشوهەوای ماڵە ناکۆک و پڕ کێشەکان لەلایەن دایک و باوکـە ناتەبا و کـۆنباوەکانەوە پەروەردە کراون و لە ئەنجـامی ئەمـەیشـدا، ئەدەب، هونـەر، نیگارکـێـشی، پەیکەرتاشی، مـۆسـیـقـا، هەروەها پێـوەندییـە کـەسـێنیـیـە جـوان و ناسکەکـانی وەکـو چەند شـێـوازێکی سـێکسی دێنە بەرچاو ئەگەر لە بنچینەدا هـەسـتیـان پێ بکەن. چەمکی حـەز و ئارەزوو هیچ مـانایەکی تری بۆ ئەمـانە نابێت. کاتێ "هیگینز" بە گوڕ و تینەوە ئارەزووی فۆنەتیک دەکات و لە جیاتیی "ئەلایزا" دایکی دەکـات بە نموونە و سـەرتەل، بۆ خـەڵکی ناڕۆشنبـیـر شـتـێکی ناسـروشـتی و بێ مـانایە. لەگـەڵ ئەوەشـدا، کـاتێ سـەیری دەوروبەر دەکەین، بە دەگمەن یەکێک دەدۆزینەوە – چ نێر چ مێ –، کە هێندە ناشـیـرین و بەدسـروشت بێت، نەتوانێت هـاوسـەرێک بۆ خـۆی بدۆزێتـەوە ئەگـەر خـۆی بیـەوێت. لە کاتێکدا زۆر لە قـەیرەکچ و پیـاوە ڕەبەنەکان لە باری کولتووری و پلە و پایەی کۆمەڵایەتیدا مامناوەندین، ناتوانین ئەو گومـانە لە دڵ دەربکەین، کـە جیـاکردنەوەی سـێکس لەو پێوەندییە کـۆمـەڵایەتییانەی، کە هەر بە هۆی سێکسـەوە شیـرازەیان تێک چووە، هەندێک جار لە ڕێگەی گیرۆدەبوون بـە دایک و باوکەوە یان پاڵپـشـتـیکردنی ئەوانەوە ڕوو دەدات. بەڵام ئـەم جیـاکـردنـەوەیە لەلای

خەڵکی بلیمەت و ئاقڵمەند لە ڕێگەی لێکدانەوە هزرییەکانەوە جێبەجێ دەبێت.

ئێستا ئەگەرچی "ئەلایزا" ناتوانێت شتەکان بەم شێوەیە بۆ خۆی لێک بداتەوە سەرەڕای توانا سەیر و ترسناکەکانی "هیگینز" لە خۆڕاگرتن لە بەرامبەر ئەو ڕوو و ڕەوشتە جوانەی، کە "فرێدی" لە یەکەم سەیرکرندا گیرۆدەی بوو، بەڵام هەر بە سەلیقە دەزانێت، کە لە توانایدا نییە بەسەر "هیگینز"دا زاڵ بێت یا لە دایکی دابڕێنێت (کە بۆ ژنی بەمێرد یەکێکە لە پێویستییەکان). بە کورتی، "ئەلایزا" دەیزانێ، کە "هیگینز" سەبارەت بە چەند هۆکارێکی نادیارەوە، ئەو خەسڵەت و نیشانانەی تێدا نییە، کە بۆ پیاوی ژندار پێویستن بەپێی تێگەیشتنی "ئەلایزا"، خۆی، لە چەمکی "مێرد"، وەکو کەسێک، کە "ئەلایزا" خۆی بە نزیکترین و خۆشەویستترین و بەسۆزترین کەسی ئەو بزانێت. خۆ ئەگەر دایکی "هیگینز" وەکو خەنیم، بوونی نەبوایە، هێشتا "ئەلایزا" ئەو بەرژەوەندییەی بۆ خۆی ڕەت دەکردەوە، کە بەرژەوەندییەکی هێندە گرینگ نییە. ئەگەر "خاتوو هیگینز" بمردبا، هێشتا "میلتن" و "ئەلفوبێی جیهانی" هەر دەمان. وتەکەی "لاندۆر"، کە دەڵێت، خۆشەویستی بۆ ئەوانەی، کە گەورەترین هێزی خۆشەویستییان لە ناخدایە، شتێکی سەرەکی نییە، وتەیەک نییە، "لاندۆر" بۆ کەسێکی وەکو "ئەلایزا" خستبێتییە ڕوو. ئەگەر ئەمە بخەینە پاڵ ئەو ناڕەزاییەی، کە "ئەلایزا" هەیبوو لە بەرامبەر خۆبەباشتر و گەورەتردانانی "هیگینز"، وەکو خەسڵەتێکی زاڵ لەو پیاوەدا، هەروەها بیخەینە پاڵ بێ بڕوایی "ئەلایزا" بە زۆرزانیی "هیگینز" لە مەراییکردن و خۆشیرینکردندا، کە بۆ ئەوەی بوو بتوانێت بە فڕوفێڵ بە دەوریدا بسووڕێتەوە بە مەبەستی خۆ ڕزگارکردن لە تووڕەیی و ناڕەزاییەکانی

ئەو، ئەو کاتەی، کە "هیگینز" ـ لە هەڕەشە و ترساندنی "ئەلایزا" زۆر پێی لێ هەڵدەبڕی، بۆمان دەردەکەوێت، کە سەلیقەکەی "ئەلایزا" بناغەیەکی بەجێی هەیە، چونکە هەر بەپێی ئەو سەلیقەیەیە، کە ڕەتی دەکاتەوە شوو بە پیگمالیەنەکەی بکات.

باشە، کەوا بێت، "ئەلایزا" شوو بە کێ بکات؟ ئەگەر چارەنووسی "هیگینز" وابێت، کە بۆ هەتاهەتایە هەر ڕەبەن بێت، ئەوە چارەنووسی "ئەلایزا" بە دڵنیاییەوە، ئەوە نییە، کە هەر قەیرەکچ بێت. دەکرێت ئەمە بە کورتی بەو کەسانە بگوترێت، کە لەو ئاماژانە نەگەیشتوون، کە "ئەلایزا" پێی داون.

"ئەلایزا" یەکسەر دوای ئەوەی دەچێتە ژێر باری ئەو بڕیارەی، کە بە خەیاڵیدا دێت سەبارەت بە شوونەکردن بە "هیگینز"، ئەو ڕاستییە دەردەبڕێت، کە مستەر "فرێدریک ئاینسفۆرد هیل" ڕۆژانە لە ڕێگەی پۆستەوە سۆز و خۆشەویستیی بۆ دەردەبڕێت. "فرێدی" کوڕێکی گەنجە. لە ڕاستیدا بیست ساڵ لە "هیگینز" بچووکترە. جەنتڵمانە یان وەکو "ئەلایزا" وەسفی دەکات، نوێباوە و وەکو جەنتڵمان قسە دەکات. پۆشتە و پەرداخە. کۆڵۆنێل، وەکو هاوشانی خۆی بێت، وا ڕەفتاری لەگەڵدا دەکات. "ئەلایزا"یشی بە دڵسۆزییەوە خۆش دەوێت. گەورە و دەستبالا نییە بەسەریەوە. شیمانەی ئەوەیش لە ئارادا نییە دەسەلاتی بەسەردا بسەپێنێت، سەرەڕای پلە و پایە کۆمەلایەتییەکەی. "ئەلایزا" هیچ سوودێک لەو نەریتە ڕۆمانتیکییە قۆڕە وەرناگرێت، کە ئافرەت لە سایەیدا بۆ ئەوە خۆشەویستی دەکات تا ژێردەستە بێت ئەگەر، لە ڕاستیدا، هەڕەشەی لێ نەکرێت یا لێیشی نەدرێت. "نیتشە" دەڵێت: کاتێ دەچیتە لای ژن، قامچییەکەت لەگەڵ خۆت بەرە. زۆردارە زۆرزانەکان ئەم ئاگەدارکردنەوەیە نابەستنەوە بە ژنەوە. ئەوان بە

قامچـیـیەکانیـان مـامـەڵە لەگـەڵ پیـاوان دەکـەن. ئەوە پیـاوەکـانن نەک ژنەکـان، بەندە ئاسـا، ئەو زۆردارانە دەکەن بە نمـوونە و دەسـتـەبژێری خۆیان لە کاتێکدا ئەوان قامچییەکانیان سرەواندووەتە ئەمانەوە. دیارە گومـان لەوەدا نییـە، کە ژنی کۆیلەش هەیە هەروەک چۆن پیـاوی کۆیلە هەیـە. ژنیش، وەکـو پیـاو، بەوانەوە سـەرسـام دەبن، کـە لە خـۆیان بەهێـزترن، بەڵام سـەرسـامـبوون بەو کـەسـایەتیـیـە بەهێـزانە و ژیان بەسـەربردن لەژێر چەپۆکی ئەوانەوە، دوو شـتی جیـاوازن. ڕەنگە مرۆڤـە لاوازەکان نەبن بە مایەی سەرسامبوون و وەکو قارەمان سەیر نەکرێن، بەڵام نابێت بە هیچ جۆرێک پەراوێز بکرێن یا ببن بە مایەی رق و کینە. لەوە ناچێت، ئەوان بچووکترین کێشـەشیـان لەوەدا هەبێت، کە ببن بە هاوسـەری کـەسـانێک، کـە رەفتـاریـان زۆر باش بێت لەگەڵیـاندا. دوور نیـیـە لە کـاتی تەنگانەدا نوشـووسـتی بێنن، بەڵام خـۆ ژیان دۆخـێکی تەنگانەیی بەردەوام نیـیـە، بگرە زیاتر بریتـیـیـە لە زنجـیـرەیەک هەلومەرج، کە هێز و توانایەکی لە ئەندازەبەدەری پێویست نییە. مرۆڤە لاوازەکانیش بەو هێـز و توانا سـادەیەی خۆیـانەوە، دەتوانن بەرەنگاری کـێـشـەکـانی ژیان ببنەوە ئەگـەر هاوسـەرێکی بەهێـزیان هـەبێت، کـە پشـتگیرییـان لێ بکەن. بۆیە، ڕاسـتییـەکی حاشـاهـەڵنەگرە، کە خـەڵکی بەهێـز، نێـر بن یا مێ، هاوسـەرکاری نەک هەر لەگـەڵ ئەوانەدا ناکـەن، کـە لە خـۆیان بەهێـزترن، بگرە حـەز و ئارەزووی خـۆیشـیـان لە هەڵبژاردنی هاورێکانیان پێشـانی ئەوان نادەن. کاتێک شێرێک تووشی شـێرێکی تر دێت، کە نەرەکەی لە هی ئەو بەهێـزتر بێت، شـێری یەکەم پێی وایە شێرەکەی تر مایەی سەرئێشەیە. ئەو پیاوەی یا ئەو ژنەی، کە هەست دەکات لە بەرامبـەرەکەی بەهێزترە، بەدوای خـەسـڵـەتێکی تردا دەگەڕێت لە هاوسـەرەکەی زیاتر لە خەسڵەتی هێز و توانا.

دیاره پێـــچـــەوانـەکـــەیشی هـەر راســتـــە. مـــرۆڤی لاواز دەیەوێت هاوســەرکاریی لەگـەڵ کەسـێکی بەهێـز بکات، کە زۆر نـایترسـێنێت. ئەمــەیش زۆرجـار دەبێت بـەهۆی ئەو هەڵەیەی، کـە ئێمـە بە قسـەیەکی نەسـتـەق ئاماژەی بـۆ دەکەین کاتـێ دەڵێین: "لە بەرەی خـۆی زیاتر پـێ رادەکێشێت"[٦٩].

ئەمــانە دەیانەوێت بە توانایەکی کــەمــەوە، زۆریان دەست کــەوێت. ئەگەر سـەوداکردنەکە بە رادەیەک نـارەوا بێت، کە مرۆڤ پێـی قبـووڵ نەکرێت، ئـەو کـاتە هاوسـەرکـارییـەکـە دەبێت بە شـتـێکی مـەحـاڵ و کۆتاییـیەکـەیشـی وا دەکـەوێتـەوە، کە گرووپی مرۆڤە لاوازەکان یا فت دەکرێن یاخۆ دەبن بە سـەربار. ئەمەیشیان خراپتر لە ئەوەکەی تر. ئەو کەسـانەی، کـە نەک هـەر لاوازن، بگرە گێل و نەفـامیـشن، هـەردەم بەدەم ئەو کێشانەوە دەناڵن.

ئـەگـــەر بارودۆخـی مـــرۆڤ ئاوا بێت، ئاخـــۆ ئـەوەی، کـــە "ئەلایزا" بەراسـتی لێی دڵنیایە بیکات، چییە؟ کـامـەیان باشـترە هەڵی بژێرێت، "فــرێدی" یان "هـیگینز"؟ ئاخـــۆ هـەر بـە تەمـــای ئەوە بێت بەدرێژاییی ژیانی بچـێت سـۆلەکان بۆ ئەو بێنێتـەوە؟ یان بە درێژاییی ژیانی هـەر "فــرێدی" ســۆلەکــان بۆ ئـەو بێنـێتــەوە؟ دیارە گــومــان لە وەڵامـی ئەم پرسیارەدا نییە تەنیا ئەگەر "فرێدی" لە باری بایۆلۆجییەوە بۆ "ئەلایزا" مایەی قێـز لێبـوونەوە بێت و "هیگینز"یش لە رووی بایۆلۆجـییـەوە بە رادەیەک سەرنج ڕاکێش بێت، کە سنووری گشت غـەریزەکانی "ئەلایزا" ببەزێنێت. ئەگەر لە بەرامبەر ئەو دوو ئەلتەرناتیڤەدا بێت، هەر شوو بە "فرێدی" دەکات.

ئەمە رێک ئەوە بوو، کـە "ئەلایزا" کردی. دوای ئەمـە، گیروگرفتەکان دەرکەوتن، بەڵام گیروگرفتی ئابووری بوون نەک رۆمـانسـی. "فرێدی" نە

هیچ پارە و پوولێکی هەبوو نە هیچ پیشەیەک. ئەو زەویوزارەی بە میرات بۆ دایکی مابووەوە لە "لارج لەیدی پارک"، وای لە دایکی کردبوو بەردەوام هەوڵ بدات ڕووی خان و بەگزادان بنوێنێت نەک بوارێک بۆ پەروەردە و فێرکردنێکی گرینگ بۆ منداڵەکانی بەدەست بێنێت، لانی کەم پیشەیەک بۆ کوڕەکەی دابین بکات. کارکردن وەکو فرۆشیار لە کۆگایەکدا، کە هەفتانەکەی سێ شلنگ بێت، لە پلە و پایەی "فرێدی" ناوەشێتەوە و بۆ ئەو ناشیرینە. "فرێدی" هیوای بەوە هەبوو، ئەگەر خۆی وەکو کەسێکی باش پێشان بدات و ڕواڵەتێکی پەسند بنوێنێت، کەسێکی لێ هەڵدەکەوێت، کە "شتێک"ی بۆ بکات. ئەم "شتێک"ە، کە هەر بە خەیاڵیدا دەهات بێ ئەوەی بەتەواوی گەڵاڵە بووبێت، برێتی بوو لە پیشەی سکرتارێتی یان بە شێوەیەک لە شێوەکان مووچەیەکی دەست بکەوێت بێ ئەوەی هیچ کارێک بکات. دایکی مەسەلەکەی وا لێک دەدایەوە، کە کوڕەکەی هاوسەرکاری لەگەڵ کچێکی دەوڵەمەند بکات، کە خۆی لە بەرامبەر ڕەفتاری جوان و ڕەوشتبەرزیی کوڕەکەیدا بۆ نەگیرێت. وێنای هەست و شعووری دایکی بکە، کە "فرێدی"ی کوڕی، کچێکی گوڵفرۆشی کردووە بە هاوسەری خۆی، کە لەژێر هەندێک هەلومەرجی نائاسایی، لە چینەکەی خۆی دابڕاوە.

ڕاستە بارودۆخی "ئەلایزا" بە گشتی لەوە ناچێت نالەبار بێت. پێشتر، باوکی زبڵڕێژ بووە و ئێستاش بە شێوەیەکی سەیر لە چینەکەی خۆی ترازاوە، بەڵام بووەتە کەسێکی زۆر ناودار لە کۆمەڵگەیەکی زیرەک و هۆشیار بەهۆی ئەو بەهرە کۆمەڵایەتییەی، کە بەسەر هەموو قین و دەمارگیری و کۆسپ و تەگەرەیەکدا زاڵ بووە. باوکی "ئەلایزا"، دوای ئەوەی چینی ناوەڕاست، کە خۆی رقی لێ دەبووەوە، لە ریزی خۆی دەری کرد، سنووری پێناسەکەی "نیتشە"ی بۆ

چەمکی چاکە و خراپە ترازاند و گەیشتە بەرزترین پایە لە تەک ژیری و پیشەی زبڵڕێژی، کە وەکو دروشم هەڵی گرتبوو. لە خوانە باشەکانی ئێواران، کە هەر لە هی میر و بەگزادەکان دەچوو، لەلای دەستەڕاستی شازادە دادەنیشت. لە خانووەکانی ناوشار، لە ژوورێکی بچووکی تەنیشت مەتبەخەکە جگەرەی دەکێشا. ئەو کاتەی لە ژووری نانخواردن نانی نەدەخوارد و لە ژوورێکی تایبەت وەزیرەکان راوێژیان لەگەڵدا دەکرد، رێزێکی لە ئەندازە بەدەری لێ دەنرا. بەڵام بۆ ئەو سەخت بوو سالانە بە چوار هەزار ئەم هەموو کارە بکات وەکو چۆن بۆ "هیل خانم"یش سەخت بوو لە کۆشکێکی شاهانەدا لەسەر داهاتێک بژیت، کە هێندە کەمە من لە رووم نایە ژمارە راستەقینەکەی ئاشکرا بکەم. بۆیە بە تەواوی رەتی کردەوە، کە یارمەتیی "ئەلایزا" بدات تا نەبێت بە سەربار بە کۆڵیەوە.

بەم شێوەیە "فرێدی" و "ئەلایزا"، کە ئێستا بوون بە "مستەر ئاینسفۆرد هیل" و "خاتوو ئاینسفۆرد هیل"، بەبێ پارە و پوول مانگی هەنگوینیان بەسەر دەبرد ئەگەر کۆلۆنێل پێنجسەد پاوەندی وەکو دیاری پێ نەدابان. "فرێدی" نەیزانێ چۆن پارەکە سەرف بکات. ئەو هەرگیز پارەی نەبووە تا سەرفی بکات. "ئەلایزا"یش، کە لە باری کۆمەلایەتییەوە لەلایەن دوو رەبەنەوە راهێنراوە، هەتا جلوبەرگەکەی بەرگەیان گرتبا و جوان بان، لەبەری دەکردن بێ ئەوەی تۆسقاڵێک گوێ بەوە بدات، کە چەند مانگێکە مۆدەیان بەسەرچووە. لەگەڵ ئەوەشدا دوو گەنج ناتوانن بۆ هەتاهەتایە بە پێنجسەد پاوەند بژین. ئەوانیش هەردووکیان بەم راستییەیان دەزانی و "ئەلایزا" بڕوای وابوو، کە ئەوان، دواجار، پێویستە خۆیان بگۆڕن. ئەو دەیتوانی خۆی لە "ویمپۆڵ ستریت" بحەوێنێتەوە. ئاخر ئەوێ هەردەمماڵی ئەو بووە،

بەڵام نابێت "فریدی" لەوێ بگێرسێنێتەوە، چونکە ئەگەر وابکات، بۆ کەسایەتیی "فریدی" شیاو نییە.

ڕەبەنەکانی "ویمپۆڵ ستریت" دژی ئەمە بوون. کاتێ "ئەلایزا" ڕاوێژی لەگەڵدا کردن، "هیگینز" نەیویست سەری خۆی بە کێشەی دۆزینەوەی خانوو بیەشێنێت کەچی چارەسەرەکەیش ئاسان بوو. "ئەلایزا" دەیویست لەگەڵ "فریدی" لە ماڵێکدا بژین. ئەمەیش لەوە گرینگتر نەبوو ئەگەر "ئەلایزا" ویستبای هەندێ کەلوپەلی تری وەکو تەختەی نووستن و کورسی و مێز بۆ ماڵەکە بێنێت. بەڵگە و بیانووەکان لەبارەی کارەکتەری "فریدی" یەوە و ئەو ئەرکە ئەخلاقییەی لەسەر شانیەتی بۆ دابینکردنی بژێویی ژیانی هیچ کاری لە "هیگینز" نەکرد. ئەو هەر ڕەتی کردەوە، کە "فریدی" هیچ کارەکتەر و کەسایەتییەکی هەبێت و ئەوەیشی ڕاگەیاند، ئەگەر "فریدی" هەوڵ بدات هەر کارێکی سوودگەیێن بکات، ئەوا هەندێک هەن هەوڵ دەدەن تێکی بدەن. ئەمەیش دەبوو بە زیانێکی مسۆگەر بۆ کۆمەڵگە و بۆ "فریدی"یش دەبوو بە مایەی بەدبەختی و کڵۆڵییەکی گەورە. دیاربوو "فریدی" هەر بە زگماک بۆ دڵخۆشکردنی "ئەلایزا" ئامادە کرابوو. ئەمەیش، وەکو "هیگینز" ڕای گەیاند، کارێکی بەسوودتر و پڕ شکۆتر بوو لە کارکردن لە شار. کاتێک "ئەلایزا" جارێکی تر باسی لەوە کرد، کە بە نیازە وانەی فۆنەتیک بڵێتەوە، "هیگینز" تۆسقاڵێک نەرمیی پێشان نەدا. پێی گوت، هێشتا ئەوەندە لێهاتوو نییە تا دەست لە بابەتێک وەربدات، کە پێی خۆشە. لەبەرئەوەی لەوە دەچوو، کە کۆلۆنێل لەگەڵ "هیگینز" هاوڕا بێت، بۆیە "ئەلایزا" هەستی کرد ناتوانێت لەم مەسەلە گرینگەدا ڕکابەریان بکات و مافی ئەوەیشی نییە بەبێ ڕەزامەندیی "هیگینز" ئەو زانیارییانە بەکار بێنێت، کە پێی داوە، چونکە پێی وابوو ئەو

زانیارییانە موڵکی تایبەتی "هیگینز"ن وەک چۆن کاتژمێرەکەی موڵکی خۆیەتی. "ئەلایزا" کۆمۆنیست نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، بەوپەڕی ساویلکەییی و بۆیان دڵسۆز بوو. دوای شووکردنیشی، ئەم دڵسۆزییەی هەر پێوە دیاربوو.

دواجار، کۆلۆنێل کێشەکەی چارەسەر کرد، بەڵام دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر قووڵ. ڕۆژێکیان تا رادەیەک بە شەرمەوە لە "ئەلایزا"ی پرسی ئاخۆ دەستبەرداری بیرۆکەی دوکانی گوڵفرۆشی بووە یان نا. "ئەلایزا" لە وەڵامدا پێی گوت، بیری لێ کردووەتەوە، بەڵام لە مێشکی خۆی دەرکردووە، چونکە ڕۆژێکیان کۆلۆنێل لەماڵی "هیگینز" پێی گوتووە، ئەم بیرۆکەیە جێبەجێ نابێت. کۆلۆنێل ددانی بەوە نا، کە ئەو کاتەی ئەم قسەیەی کردووە، هێشتا کاریگەرێتیی جوان و دڵڕفێنی ڕۆژی پێشتری بەسەرەوە مابوو. ئەو ئێوارەیە مەسەلەکەیان لای "هیگینز" وروژاند. تەنیا قسەیەک، کە بە بێزەوە بەسەر زاری ئەودا هات، خەریک بوو شەڕێکی گەورەی لەگەڵ "ئەلایزا"دا لێ بکەوێتەوە. قسەکەیش بەو مەبەستە بوو، کە "ئەلایزا" دەتوانێت "فرێدی" بکات بە شاگرد.

"فرێدی" خۆیشی قسەی لەسەر ئەم مەسەلەیە کرد. ئەو گوتی خۆیشی بیری لە دوکان کردووەتەوە هەرچەندە دوکانەکە، لەبەر بێ پارە و پوولییەوە، دەبوو لە شوێنێکی بچووک بێت، کە "ئەلایزا" لەبەر مێزێک دابنیشێت و جگەرە بفرۆشێت، لە بەرامبەریشیەوە، "فرێدی"، خۆی، لەبەر مێزێکەوە دابنیشێت و ڕۆژنامە بفرۆشێت. بەڵام "فرێدی" پێی وابوو، شتێکی یەکجار خۆش دەبێت ئەگەر بەیانییان زوو لەگەڵ "ئەلایزا" بچێت بۆ "کۆڤێنت گاردن" و گوڵ بکڕێت لە شوێنی یەکەم دیداریان. "فرێدی" بەم بۆچوونەی چەند ماچێکی لە ژنەکەیەوە بەدەست

هێنا. "فریدی" ئەوەیشی ڕاگەیاند، کە ئەو هەردەم دوودڵ بووە لەوەی هەر پێشنیازێکی لەم جۆرە بکات، چونکە لەوە ترساوە "کلارا" بیکات بە شەڕ و دەمەقاڵێ لەسەر ئەو هەنگاوەی، کە بواری شووکردنی پێ لە دەست دەدات و دایکیشی چاوەڕێی ئەوەی لێ نەدەکرا، حەز لەم بیرۆکەیە بکات، دوای ئەوەی چەندان ساڵ وابەستەی ئەو پلە و پایە کۆمەڵایەتییە بوو، کە کاری وردەفرۆشیی لێ ناوەشێتەوە.

ڕووداوێک، کە دایکی "فریدی" بە هیچ شێوەیەک چاوەڕوانی نەکردبوو، کێشەکەی لابرد. "کلارا"، لە کاتی خۆ تێوەگلاندن لە گفتوگۆ هونەرییەکاندا، کە بۆ ئەو بەرزترین ئاست بوون بیانگاتێ، بۆی دەرکەوت، کە دوور نییە پاشخانی لێهاتووییەکەی خۆی لە گفتوگۆکردندا لە ڕۆمانەکانی "ئێچ. گی. وێڵز. "H. G. Wells بدۆزێتەوە. بۆیە بە پەرۆشەوە لە زۆر لاوە ڕۆمانەکانی خواست و لە ماوەی دوو مانگدا گشتیانی خوێندەوە و تێیان گەیشت. ئەنجامەکەی گۆڕانێک بوو، کە ئەمڕۆ زۆر باوە.

"کلارا"ی بەستەزمان، کە "هیگینز" و دایکی بە کەسێکی ناپەسند و هیچ و پووچیان دەزانی و لە بەرچاوی دایکی خۆیشی، لە هەندێ ڕووەوە کە روون نییە، لە بواری کۆمەڵایەتیدا سەرکەوتوو نەبوو، هەرگیز خۆی لە چوارچێوەی هیچ کام لەم دوو بۆچوونەدا نەدەدۆزییەوە، چونکە، هەرچەندە ئەویش، وەکو هەر کەسێک لە "وێست کێنسینگتۆن" گاڵتەی پێ دەکرا و تا ڕادەیەکیش بۆ سووککردن لاساییش دەکرایەوە، بەڵام وەکو کەسێکی ژیر و ئاسایی یان ڕەنگە بتوانین بڵێین جۆرێک لە مرۆڤ، کە بوونی جێگەی گومان نەبێت، پەسند دەکرا. لە خراپترین حاڵەتدا بە حەشیشفرۆش ناویان دەبرد، بەڵام ئەوان بیریان نایەت و نەیانزانیوە کاری وای کردبێت. سەرەڕای

ئەمــەش، هەر بەختــەوەر نەبوو. تا دەهات بێـئـومـێدتر دەبوو. تەنیـا سـەرمـايـەی ئەوە بوو، کە دايکی، وەکو سـەوزەفرۆشـەکـەی "ئیـپسـۆم" ناوی نـابوو، بە "خـانمی نـاو ئۆتۆمـۆبێلەکـە" ناسـرابوو. ئەمـەيش لە رواڵـەتدا، هـيـچ بـەهايـەكی نەبوو. لـەســـەرێکەوە رێگر بـوو لە بـەردەم خـوێندن و فـێرکردنی، چونکە هـەر هێندەی کـچی سـەوزەفرۆشـەکـەی "ئیــرلسکۆرت" توانـای پارەدانـی هـەبـوو بۆ خــوێندن و فــێــرکــردن. لەسـەرێکی تريشـەوە، وای لێ کـرد بەلای هـاودەم و هـاوڕێيـانی چينە پايەدارەکەی دايکیدا بچێت. ئەو چينەيش بە ئاشکرا نايگرێتە خۆی، چونکە لە سـەوزەفـرۆشـەکـە هەژارتر بوو. پارەی نـەبوو کـارەکـەرێکی تايبـەت بۆ ئیشـوکـاری ناو مـاڵ بگرێت. بۆيـە ناچار بوو بە کـولەمـەرگی لەگـەڵ خـزمـەتکارێکی بیـرتەسکی رەمـەکی بەسـەری ببـات. لەژێر ئەو هـەلومـەرجـەدا، بە هیچ شێوەيەک ئەو هـەستەی لەلا دروست نەدەبوو، کە دەبێت بە کـەسـێکی پـوختــە و رەســەنی "لارج لەيدی پـارک". لەگـەڵ ئەمەشدا، نەريتی ئەو شوێنە وای لێ کـرد، کە هـاوسـەرکاری لەگەڵ هـەر کـەسـێک، کە بـتوانێت بیـهێنێتـە دی، بـە ريسـوابوونێکی لە وزەبەدەر بزانێت. بۆ ئەو خەڵکی رەشۆکی و خەڵکی پیشەوەر خەڵکێکی ناشيرين بوون، بۆيە هـەر دوای وێنـەکێش و رۆمـاننووسـەکان کـەوت، بەڵام نەبوو بە مـايەی دڵخـۆشکردن بۆ ئەوان. هـەوڵە بەردەوامـەکانی بۆ فـێربوون و خۆڕاهێنان لەسـەر گفتوگۆ هونەری و ئەدەبييەکان، ئەمانی پەست کرد. بە کـورتی، ئەوپـەڕی نوشـووستـی هێنا، نەزان بـوو، نەشـارەزا بوو، بە کـەشــوفش بوو، نەدەچوو بـە دڵەوە، بێ پارە و پـوول بوو، بێ پلـە و پايە بوو. هـەرچـەندە خـۆی ددانی بەم خـەسـڵـەتە نەشـيـاوانە نەنا (چـونکە مـرۆڤ هـەرگـيـز خـۆی تووشی ئەو راسـتـيـە نـاخـۆشـانە ناکـات هـەتا دەرگـــەيـەکی رزگـــاربوونی بۆ نـەبێـــتـــەوە) بەڵام هـەســـتـی کـــرد

کاریگەرێتییەکانی هێندە بەتین، لەگەڵ بار و هەڵوێستی ئەو هاوتەریب نین.

"کلارا" لە پڕێکدا بە جۆش و پەرۆشیی کچێکی هاوتەمەنی خۆی زانی و بوو بە مایەی سەرسوڕمان و پڕ بەدڵ حەزی کرد بیکات بە نموونە بۆ خۆی و هەوڵی بەدەستهێنانی دۆستایەتی و ئاشنایەتی بدات. بۆیە، بەشێوەیەکی زۆر سەیر بەرچاوی روون بووەوە کاتێ بۆی دەرکەوت، کە ئەو هەستە جوان و ناسکەی زادەی هەلومەرجی بێدەرامەتی و رەشورووتییە لە ماوەی چەند مانگێکدا. ئەوەی بەجارێ تووشی شۆکی کرد، ئەوە بوو، کاتێ شێوازی نووسینی بەهێزی "ئێچ. گی. وێڵز H. G. Wells" خستییە ئەو گۆشەنیگایەوە، کە لە روانگەیەوە ژیانی خۆی و پێوەندییە راستەقینەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی، کە وابەستەی بووبوو، بە پێداویستییە راستەقینە مرۆڤایەتییەکان و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکەوە ببینێت، ئیتر "کلارا" گۆڕانێکی بەسەردا هات و تاوانەکانی بۆ ساغ بووەوە. ئەم گۆڕانە وەک رەفتاری ئازایەنەی "جەنەراڵ بووث"[٧٠] و "گیپسی سمیث"[٧١] وابوو. لێرەدا خۆبەگەورەزانینی "کلارا" گۆڕ و تینی سەند. لە پڕێکدا ژیان رەهەندێکی جموجۆڵئامێزی وەرگرت. بێ ئەوەی بزانێت چۆن یا لەبەرچی، دۆست و دوژمنی بۆ خۆی پەیدا کرد. هەندێک لە ناسیاوەکانی، کە "کلارا"یان بە مایەی بێزاری یا خەم و خەفەت یاخۆ بە کەمتەرخەم دەزانی، وازیان لێ هێنا. ئەوانی تریش دۆستانە و گەرموگوڕتر بوون. "ئەلایزا" تووشی حەپەسان بوو کاتێ بۆی دەرکەوت، کە هەندێ خەڵکی زۆر چاک مێشکیان پڕ بوو لە بیرۆکەکانی "وێڵز" و رەوشتجوانی و رێکوپێکیی ئەوانیش هەر سەبارەت بە گەیشتن بوو بەم بیرۆکانە. ئەو خەڵکانەی، کە ئەو پێی وابوو زۆر

ئاینپەروەرن و هەوڵیان داوە وا لە دڵی ئەو بچێنن، کە ئەو ڕێبازە تازەیە کارەساتئامێزە، لە پرێکدا خولیای ئەو بوون و ڕکابەریی خۆیان بەرامبەر بەو ئاینە کۆنباوە پێشان دا، کە "کلارا" هیچ کاتێک نەیبینیوە تەنیا لەناو هەندێک خەڵکی بێئومێد نەبێت. ئەوان وایان لێ کرد "گالسوێرسی"[٧٢] بخوێنێتەوە و "گالسوێرسی"یش بێ بایەخیی "لارج لەیدی پارک"ی روون کردەوە و زۆر شتی بۆ "کلارا" ڕاست کردەوە. کە بیری لەوە دەکردەوە ئەو زیندانەی چەندان ساڵی پڕ لە مەینەتییە تێدا خەفەتی بۆ خواردووە، کراوە بووە، پەست دەبوو. ئەو پاڵنەرانەی، کە هەیبوون لە پێناوی هەوڵدان بۆ بەردەوامبوون لەگەڵ کۆمەڵگە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک، ڕێک ئەوانە بوون، کە هانیان دا بچێتە ناو هەر جۆرێک لە پێوەندییە مرۆڤایەتییە ڕاستەقینە و بێ فڕوفێڵەکان. لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیارییە تازانە و هەراوهۆریای پەرچەکردارەکانیان، "کلارا"، وەکو گێل، ئازادانە و بە روون و ئاشکرا ڕەفتاری دەکرد، ڕێک وەک ئەو کاتەی، کە بە سەرکێشییەوە قسە ناشیرینەکانی "ئەلایزا"ی وەرگرت لە ژووری میوانی "مستەر هیگینز". "کلارا"، کە تازە هەواداری "وێڵز" بوو، ڕەفتارەکانی وەکو ڕەفتاری منداڵ بێ مانا بوون، بەڵام دیارە هیچ کەسێک ڕقی لە منداڵ نابێتەوە لەبەرئەوەی ڕەفتارەکانی بێ مانان. یا پێی وانییە، کە منداڵ خراپە لەبەرئەوەی هەوڵ دەدات دەنکە شخاتەیەک بخاتە زاریەوە. "کلارا" بەم ڕەفتارە گەوجانەی هیچ هاوڕێیەکی لە دەست نەدا. ئەمجارە بەئاشکرا پێی پێ دەکەنین و ئەویش بەرگریی لە خۆی دەکرد و هەتا بیتوانیبا شەڕی لەگەڵ دەکردن.

کاتێ "فرێدی" سەردانی "ئێڵسکۆرت"ی کرد (کە پێشتر هەتا بۆی کرابا کاری وای نەدەکرد) بۆ ئەوەی ئەو بانگەشەیە پووچەڵ بکاتەوە،

کـە گـوایە ئەو لەگـەڵ "ئـەڵایزا" بیـریان لە ناوزڕاندنی "لارج لـەیدی" کـردووەتەوە، بۆیە دوکـانێک لەوێ دەکـەنەوە، ئاگەدارییەکـیان لەسـەر خـانووە بچـووکەکە بینی، کە پێشـتر لەلایەن "کـلارا"وە هەڵواسـرابوو. بەپێی ئاگەدارییەکە، "کلارا"یش نیـازی وابووە لە کۆگەیەک لە شـەقامی "دۆڤـەر" کـار بـکات، کە کـەلوپەلی نـاومـاڵی دەفرۆشت. کۆگـەکەش هـی هەوادارێکی "وێلـز" بوو. بەهەرحـاڵ، "کـلارا" لە دیاریکردنی ئەم کـارەدا قـەرزاری زیرەکی و لێهـاتوویی گرووپە کـۆمـەڵایەتییە کـۆنەکەی خـۆی بوو. بڕیاری دا، بە هـەر شـێوەیەکی بێت، راسـتـەوخـۆ چاوی بە "وێلـز" بکەوێت. ئەم مەبەسـتەی خـۆیشی لە ئاهەنگێکی ناو باخـچـەیەکدا بەجێ گەیاند. بەختی لەوە باشتر بوو، کە بۆ کارێکی ئاوا پێویستی پێی بێت. وەک چۆن چاوەڕوان بوو، ئاوا "مـسـتـەر وێلـز"ی بینی. تەمـەن سـیـسـی نەکـردبوو. داوونـەریتـەکـان نەیانتـوانی بوو شـێـواز و هەڵکەوتەی ئەو بگۆڕن. پتـەوی و تـەڕپۆشـییـە دڵگیـرەکـەی، دەسـت و قـاچـە ووردەکـانی، مێشـکە کـراوە و زیندووەکەی، هـەسـت تیـژییـەکـەی، کـە خـەسـڵـەتێکی هەستیاریی پێ بەخشیبوو هەر لە تۆقەڵەی سەریەوە تا بنی پێی، جوان و دڵڕفـێن بـوو. "کـلارا" دوای ئەمـە بە چـەندە هەفـتـەیەک باسی هـیـچ شـتـێکی تری نەکـرد. کـاتێ بە رێککەوت قسـەی لەگـەڵ خـانمی کـۆگـەی فرۆشتنی کەلوپەلی ناوماڵ کـرد و ئەو خانمەیش، لە پێش هەمـوو شـتێک ئارەزووی کـرد "مسـتـەر وێلـز" بناسـێت و شـتـێکی پێ بفـرۆشـێت، کـاری دا بە "کلارا" بە هیوای ئەوەی لە رێگەی ئەوەوە ئارەزووەکەی بێتە دی.

ئیـــتـر ئـەوە بوو "ئەڵایزا" بەخـتـی یار بـوو و ئەو دژایەتیـیــەی، کـە چاوەڕوان دەکـرا بۆ دوکـانی گـوڵفـرۆشی بکرێت، نەمـا. دوکـانەکـە لە ڕارەوێکی تاقداری وێستگەی شـەمەندەفـەر بوو، هێندە لە مـۆزەخـانەی "ڤیکتـۆریـا" و "ئەلبـێرت" دوور نەبوو. ئەگـەر تۆ لـەو دەوروبـەرە ژیابایت،

هەر رۆژێک ویستبات، دەچوویت گوڵێکی یاخەت لە "ئەلایزا" دەکڕی.

ئێستا دوایین بوارە بۆ ڕۆمانسییەت. حەز ناکەیت لەوە دڵنیا بیت، کە دوکانەکە سەبارەت بە جوانیی ڕەوشت و ڕووی "ئەلایزا"و ئەزموونی پێشتری لە "کۆڤێنت گاردن" سەرکەوتنێکی گەورە بوو؟ بەداخەوە، ڕاستی هەر ڕاستییە. دوکانەکە تا ماوەیەکی دوور و درێژ سوودی نەبوو تەنیا لەبەرئەوەی "ئەلایزا" و "فرێدی" نەیانزانی چۆن ڕای بگرن. ڕاستە، "ئەلایزا" نەدەبوو هەر لە سەرەتاوە دەست پێ بکات. ئاخر ئەو ناوی گوڵەکان و نرخی گوڵە هەرزانەکانی دەزانی. دڵخۆشییەکەی سنووری بۆ نەبوو کاتێ بۆی دەرکەوت، کە "فرێدی"، وەکو هەموو گەنجەکانی تر، کە لە قوتابخانە هەرزان و سەقەتەکاندا خوێندوویەتی، نەختێک فێری لاتینی بووبوو. لاتینییەکەی زۆر کەم بوو، بەڵام بەشی ئەوە دەکات لە بەرچاوی "ئەلایزا" ببێت بە "پۆرسۆن" یا "بێنتلی"[٧٣] و وای لێ بکات لە ناولێنانی ڕووەکەکان دڵنیا بێت. لە بێبەختیی خۆی، هیچ شتێکی تری نەدەزانی. "ئەلایزا"یش، ئەگەرچی دەیتوانی پارە هەتا هەژدە بژمێرێت یا زیاتر، هەروەها تا رادەیەک ئاشنایەتیی لەگەڵ زمانی "میڵتن" هەبوو سەبارەت بەو هەوڵ و تەقەلایەی لە چوارچێوەی خۆئامادەکردن بۆ بردنەوەی گرەوەکەی "هیگینز" دای بوو، بەڵام نەیدەتوانی لیستەی شتومەکی کڕاو و نرخەکانیان بنووسێت بێ ئەوەی ببێتە مایەی شەرمەزاری بۆ دوکانەکە. توانای "فرێدی" لە ڕوونکردنەوە بە لاتینی لەبارەی "بەڵبۆس"ەوە[٧٤] کە گوایە دیواری دروست کرد، هەروەها لەبارەی "گەوڵ"ەوە[٧٥]، کە گوایە لە سێ بەش پێک هاتووە، کەمترین زانیاریی لەخۆ گرتبوو سەبارەت بە ئیشوکار. کۆڵۆنێل "پیکەرینگ" دەبوو بۆی ڕوون بکاتەوە دەفتەری شیک یا مانای حیسابی بانق چییە. فێرکردنی هەردووکیان کارێکی ئاسان نەبوو. کاتێ

"ئەڵایزا" ئەو بۆچوونەی بە توندی ڕەت کردەوە، کە دەتوانن پارە پاشەکەوت بکەن لە ڕێگەی خۆخەریککردن بە حیساباتی کاروباری بازرگانییەوە، کە هەندێک زانیارییان لەبارەیەوە هەبوو، "فریدی" پشتگیریی لێ کرد. چۆن دەتوانن پارە پاشەکەوت بکەن ئەگەر زیاتر سەرف بکەن و پارەکەش ئەوەندە نەبێ، کە بەشی ئەوان بکات؟ ئاوا گفتوگۆیان لەسەر کرد. دوای ئەوەی کۆڵۆنێل چەند جار وای کرد بەشیان بکات، بەنەرمییەوە پێداگریی لەسەر کرد. "ئەڵایزا"، کە زۆر لێی پاڕایەوە و لە قرەقرِ و گاڵتەپێکردنی "هیگینز"، کە پێی وابوو سەرکەوتنی "فریدی" لە هەر شتێکدا گاڵتەیەکە و ناشاردرێتەوە، گێژوویژ بووبوو، دواجار، لەو ڕاستییە گەیشت، کە مرۆڤ پێویستە، وەک چۆن فێری فۆنەتیک دەبێت، ئاوا پێویستە فێری ئیشوکار بێت. با زۆر لەسەر دیمەنی ئەم ژن و مێردە نەڕۆین، کە جێی بەزەیی پێداهاتنەوە بوو، کاتێ ئێواران دەچوون بۆ ئەو قوتابخانانەی تێدا فێری نووسینی خێرا و کورتکراوە دەبوون و لەو وانانە ئامادە دەبوون، کە هەموو ڕشتەیەکی زانستی و پیشەییی تێدا دەگوترایەوە و لەگەڵ ئەو نووسیارە ژن و پیاوانەی، کە تازە دەستیان پێ کردبوو، فێری حیساباتی کاروباری بازرگانی و تایپکردن دەبوون. تەنانەت لە "قوتابخانەی لەندەن بۆ زانستە ئابوورییەکان"یش ئەو جۆرە وانانە دەگوترانەوە و بەڕێوەبەری ئەم دەزگایە لەسەر داوایەکی کەسێنیی هاکەزایی کۆرسێکی خوێندنی پێوەست بە ئیشوکاری گوڵفرۆشیی بۆ تەرخان دەکرد. بەڕێوەبەر، کە مرۆڤێکی قۆشمەچی بوو، ڕێبازی ئەزموونی ناوداریی "دیکنز" لەبارەی میتافیزیکی چینییەوە بۆ روون کردنەوە، کە جەنتڵمانێک نووسیبووی دوای ئەوەی نووسینێکی لەسەر چین و یەکێکی تریشی لەسەر میتافیزیک خوێندبووەوە و پاشان

زانیارییەکانی هەردووکیانی لێک دابوو. ئەو جەنتڵمانە پێشنیازی کردبوو "قوتابخانەی لەندەن" بە "کیو گاردن"[٧٦] ببەسترێتەوە. "ئەلایزا"، کە ڕێبازی ئەم جەنتڵمانە "دیکینز"ییەی بە راست زانی (لە راستیشدا هەر وابوو)، بەوپەڕی گرینگییەوە ڕێنوێنییەکانی وەرگرت. بەڵام ئەو هەوڵەی، کە نرخەکەی ریسوابوونێکی زۆر بوو، تکایەک بوو لە "هیگینز" کردی تا فێری نووسینی بکات، چونکە خۆشترین ئارەزووی "هیگینز"، جگە لە شیعرەکانی "میڵتن"، خۆشنووسی بوو، هەروەها بە جوانترین دەسخەت ئیتالّی دەنووسیّ. "هیگینز" پێی گوت، کە ئەو هەر بەزگماک توانای دروستکردنی یەک پیتی نییە شایستەی وشەیەکی "میڵتن" بێت، بەلام "ئەلایزا" کۆڵی نەدا و ئەویش دووبارە لە پڕێکدا ئەرکی فێرکردنی ئەمی گرتەوە ئەستۆ بەوپەڕی جۆش و خرۆشی و ددان بەخۆداگرتنەوە، کە جارجار مشتومڕێکی خۆش و دوور و درێژی لیّ دەکەوتەوە لەبارەی جوانی و رەسەنێتییەوە و هەروەها چارەنووس و پەیامی پیرۆزی دەسخەتی مرۆڤ. "ئەلایزا"، دواجار، دەسخەتێکی زۆر هونەریی بەدەست هێنا، کە هێندەی تر جوانیی خستە سەر جوانییە کەسێنییەکەی و سیّ ئەوەندەی هەر کەسێکی تر کەرەسەی نووسینی بەکار دەبرد، چونکە نەیدەتوانی دەستبەرداری هەندیّ شێوە و جۆری تایبەت بێت لە کاغەز. "ئەلایزا" تەنانەت نەیتوانی ناونیشان لەسەر زەرفێکەوە بە شێوازی ئاسایی بنووسێت، چونکە لێوارەکەی بە لاری دەردەکەوت.

ڕۆژگارەکانی خوێندنیان لەو قوتابخانانەی، کە مەبەستیان تەنیا قازانج و پارە بوو نەک کوالیتی، ڕۆژگاری شەرمەزاری و بێئومێدی بوون بۆ ئەو دوو گەنجە. هیچ شتێک لەبارەی گوڵفرۆشییەوە فێر نەبوون. دواجار بێئومێد بوون و وازیان لەو قوتابخانانە هێنا، کە تێدا

فـێـری نووسـینی خـێـرا و کـورتکراوە دەبوون و رشـتـە زانسـتی و پیـشـەییـیـەکـانی تێدا دەگـوترایەوە، هـەروەها وازیـان لە "قـوتابخـانەی لەندەن بۆ زانستە ئابوورییەکان" هێنا. سـەرەڕای ئەمەش، ئیشوکاریان بە شــێــوەیەکی نادیار رێچکەی خــۆی وەرگــرت. تا رادەیەکــیش ناڕەزاییــیـان ســەبارەت بە بەکـارهێنانی خـەڵکی تر لە بیـر کـرد. لە ئەنجامدا گەیشتنە ئەو بڕیارەی، کە رێبازی خۆیان باشترین رێبازە و بەهرەکەی خۆیان بۆ ئیشوکار، بەهرەیەکی نـایابە. "کۆڵۆنێڵ"، کە لێ بڕا بۆ مــاوەی چەند ســاڵێک پارەیەکی باش بـخـاتە بانقــەوە بۆ ئەوەی قـەرەبووی ئەو پارەیەیان بۆ بکات، کە کـورتیی هێنابوو، دواجـار، بۆی دەرکەوت، کە ئەم پارەبەخشـینە چیی تر پێویست نییە. ئەو دوو گەنجە بەرەبـەرە گـەشــەیان کـرد. پێش کـەوتن. راســتــە، لە ئیـشــوکـاردا، مـامـەڵەیەکی بە ویژدانانە لە نێـوان ئەمـان و ڕکابەرەکانیـاندا نەبوو. لە پشـووەکـانی کـۆتاییی هەفتـە، پارەیان سـەرف نەدەکرد و پارەی ژەمی سەرەکیی رۆژانی یەکشەمووانیان بۆ دەگەڕایەوە، چونکە ئۆتۆمۆبێلەکە هی کــۆڵۆنیڵ بـوو، "هیگینز" پـارەی هۆتێلی بۆ دەدان. "مــســتــەر ف. هیڵ"ی گـوڵفـرۆش و سـەوزەفـرۆش، شـێـوەیەکی هەبوو لـە هەڵسـان و دانیشتن، کە مۆرکی ئاستێکی بەرز و نایابی دەبەخشییە کارەکەی. لە ژیانی تایبەتی خۆیشیدا، هەر "فریدریک ئاینسفۆرد هیڵ، ئێسکوایەر" بوو. هـیچ کــەشــوفـشــێکی نەبوو. جگە لە "ئەلایزا" هـیچ کــەسـی تر نەیدەزانی، کـە یەکەم جـار "فرێدریک چاڵۆنەر" بوو. "ئەلایزا" خـۆیشی کەشوفشی نەبوو.

ئیــتـر تەواو. کـارەکــە ئاوا کـەوتـەوە. شـتـێکی سـەیرە، "ئەلایزا" تا ئێسـتـاش دەست لە کاروباری نـاومـاڵ وەردەدات لە "ویمپۆڵ سـتـریت" سـەرەڕای دوکان و خێـزانی تایبـەتی خۆی، هەروەها شـتێکی روون و

ئاشکرایە، کە هەرچەندە "ئەلایزا" هەرگیز بۆڵەبۆڵ لەگەڵ مێردەکەی ناکات و بە ئاشکراش کۆڵۆنێلی خۆش دەوێت، وەک ئەوەی کچێکی زۆر خۆشەویستی ئەو بێت، بەلام بە هیچ جۆرێک وازی لە بۆڵەبۆڵکردن لەگەڵ "هیگینز" نەهێناوە، کە هەر لەو شەوە چارەنووسسازەی گرەوەکەی بۆ بردەوە بە دواوە، کردبووی بە خوو. هەر بە ئاستەم تووڕە با یا تووڕەیش نەبا، قسەی زۆر توندوتیژی لەگەڵ دەکا. "هیگینز" چیی تر جورئەتی نییە گاڵتەی پێ بکات و بڵێت، ئەقڵ و ئاوەزی "فرێدی" بە بەراورد لەگەڵ هی خۆی لە ئاستێکی یەکجار نزم و خراپدایە. "هیگینز" گاڵتەی پێ دەکات، دەیترسێنێت، هێرشی دەکاتە سەر، بەلام ئەو هێندە بە دڵڕەقییەوە لە روویدا دەوەستێت، کە کۆڵۆنێل ناچار دەبێت جارجار داوای لێ بکات نەختێک نەرم بێت لەگەڵ "هیگینز". ئەو داواکارییەی کۆڵۆنێل تەنیا داواکارییەکە، کە وا دەکات دەموچاوی "ئەلایزا" ڕووی کەسێکی سەرسەخت بنوێنێت. تەنیا هەندێک حاڵەتی کتوپڕ یا کارەساتی گەورە وای دەکرد ئەو شتانە لە بیر بکەن کە بە دڵیان بوون یان بە دڵیان نەبوون و دەیگەڕاندنەوە بۆ حاڵەتە مرۆڤایەتییە ئاساییەکە. "ئەلایزا دەیزانێ، کە "هیگینز" پێویستی بە ئەو نییە وەک چۆن ئەویش پێویستی بە باوکی خۆی نییە. ئەو قسەیەی، کە "هیگینز" ئەو رۆژە بە وردیی پێی گوت، کە ئەو لەوە راهاتووە ببینێت لە هەموو جۆرە خزمەتگوزارییەک پشت بە خۆی ببەستێت و هەروەها ئەگەر لێی دوور بکەوێتەوە، بیری دەکات (هیچ رووی نەداوە، "فرێدی" یا کۆڵۆنێل قسەیەکی لەم جۆرە بکەن) زیاتر دڵنیای دەکات، کە ئەم بۆ "هیگینز" لە جووتە سۆلەکانی زیاتر نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەست دەکات کەمتەرخەمیی "هیگینز" لە شێت و شەیداییی کەسێکی رەشۆکی قوولترە. "ئەلایزا" زۆر خولیای ئەوە،

تەنانەت لە هەندێ چرکەساتی نهێنیدا خۆزگە دەخوازێت لەگەڵیدا بە تەنیا بێت، لە دوورگەیەکی ناو بیابانێک، دوور لە هەموو پێوەندییەک و بێ ئەوەی بیر لە هیچ کەسێکی تر بکاتەوە لە دنیادا. ئینجا لەو شکۆمەندی و پایە بەرزەوە دای گرێتە خوارەوە و ببینێت وەکو هەر کەسێکی رەشۆکی شەوباخەڵی دەکات. ئێمە هەموومان ئەو شێوە خەیاڵکردنەمان هەیە، بەڵام کاتێ پێوەندیی بە ئیشوکار و بەو ژیانەوە هەیە، کە "ئەلایزا" لە واقیعدا بەسەری دەبات و جیایە لە ژیانی ناو خەون و خەیاڵ، "فرێدی"ی خۆش دەوێت، کۆڵۆنێلی خۆش دەوێت، بەڵام حەز لە "هیگینز" و "مستەر دوولیتڵ" ناکات. "گالاتێ" هەرگیز حەز لە "پیگماڵیەن" ناکات. پێوەندیی "پیگماڵیەن" بە ئەو هێندە خواییە، کە جێگەی پەسندکردن نییە.

# پەراوێزی شانۆنامەکە

١. بۆ زیاتر روونکردنەوە، بە پێویستی دەزانم دەقی ئاخاوتنەکەی "کچە گوڵفرۆشەکە" وەکو چۆن بە زمانێکی لەنگەوە دەری دەبڕێت لەگەڵ هەمان ئاخاوتن بە ئینگلیزییەکی رێک و رەوان بخەمە روو. کچە گوڵفرۆشەکە ئاوا دەری دەبڕێت: Ow, eez, ya-ooa san, is e? Wal, fewd dan y'd-ooty bawmz a mather should, eed now bettern to spawl a pore gel's flahezn than ran away athaht pyin. Will ye-oo py me f'them?

لە کاتێکدا ئاخاوتنەکە بە ئینگلیزییەکی رێک و رەوان بەم شێوەیەیە: Oh, he's your son, is he? Well, if you'd done your duty by him as a mother should, he'd know better than to spoil a poor girl's flowers and then run away without paying. Will you pay me for them?

دەشێت دەرهێنەری کورد ئاخاوتنەکە لە رووی زمانەوانییەوە بۆ شێوەی ئاخاوتنێکی ناتەواوی بازاڕی بگۆڕێت.

٢. پارەیەکی ئینگلیزییە.

٣. ئەم رستەیە لە دەقە ئینگلیزییەکە بەم شێوەیە دەربڕاوە: "Cheer ap, keptin; n'baw ya flahr orf a pore gel."

بۆیە دەکرێت دەرهێنەری کوردیش بە شێوەزارێکی جیا لە شێوەی نووسین دەری ببڕێت، کە زیاتر شێوەی ئاخاوتنی ناو خەڵک بێت. بۆ نموونە دەکرێت بەم شێوەیە بێت: "دری خۆت خۆش کە و گورەکی لە کیژەکی فەقیر بکڕە"

٤. "پارک لەین" شوێنێکە دەوڵەمەندەکان تێیدا دەژیان. پیاوە گاڵتەگێڕەکە لە وەڵامی جەنتڵمانەکەدا بە تەوسەوە ئاماژە بەم شوێنە دەکات.

٥. رەنگە مەبەستی تێبینیی نووسەکە بێت و قسەکە ئاراستەی جەنتڵمانەکە بکات. "وەرگێڕ"

٦. کچەکە وشەکە بە "نۆماونیا" ـ pneumownia دەردەبڕێت لە کاتێکدا وشەکە "نۆمۆنیا"یە ـ pneumonia ـ و بە مانای "هەوکردنی سییەکان" دێت.

٧. لەبەرئەوەی شانۆنامەکە کار لەسەر زمان دەکات بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی، پێویستە خوێنەر سەرنجی گۆڕینی شێوازی دەربڕینەکە بدات لەلایەن تێبینیی نووسەکەوە.

٨. پیاوە گاڵتەگێڕەکە، لە بریی ئەوەی بڵێت: thank you دەڵێ: thenk you. بۆیە منیش لە جیاتیی وشەی سوپاس، وشەی "سپاس"م بەکار هێنا. هەروەها ئەم کارەکتەرە وشەی haw haw لە جیاتیی how how بەکار دێنێت، کە شێوەی راستەقینەی وشەکە. بۆیە منیش شێوەزاری هەولێری "کوو کوو"م بەکار هێنا.

٩. مەبەست لە شاژنی شاری "سەبەء"ی وڵاتی یەمەنە لە مێژووی کۆندا.

١٠. نووسیار لەم روونکردنەوەیەدا وشەی pharisaic بەکار دێنێت. وشەکە ئاماژەیە بۆ بیروباوەڕی فەریسیزم. پەیڕەوکەرانی ئەم بیروباوەڕە، لێکدانەوەیەکی توندوتیژ و کوێرانەیان بۆ فەرمانی مووسایی و ئاینی جوولەکە هەیە. وشەکە بە کینایە بۆ کەسێک بەکار دێت، کە ئاینپەروەر و دڵسۆز دەرکەوێت و لەژێرەوەش سەرچەوت و دووڕوو بێت.

١١. "فلۆرین" پارەیەکی کۆنی زیوی ئینگلیزییە.

١٢. "سۆڤەرین" پارەیەکی زێڕی ئینگلیزییە. نرخەکەی یەک پاوەندە.

١٣. "چارلی" وشەیەکە لە کاتی قسەکردن لەگەڵ یەکێکی نەناسدا بەکار دێت.

١٤. "جوودی" وشەیەکە بۆ بانگکردنی ژن بەکار دێت، وەکو وشەی "کچێ"ی کوردی. وشەکە زیاتر وشەیەکی سەرشەقامە.

١٥. مەبەست لە سندووقی قەوانی گۆرانییە.

١٦. "لەرینگسکۆپ" ئامێرێکی پزیشکییە بۆ پشکنینی قوڕگ.

١٧. ئاماژەیە بۆ هونەرمەندی نەخشسازی ئیتاڵیایی "جیۆڤانی باتیستا پیرانسی"(١٧٢٠- ١٧٧٨) کە بە هەڵکەندنی کلێشە یا نەخشە لەسەر تەبەقی کانزا یا شووشە بەناوبانگ بوو. وێنەکانی زیاتر گوزارشتیان لە رۆما دەکرد.

١٨. ئەم سیستەمە لەلایەن "ئەلەکساندەر ماڵڤیل بێڵ"ەوە هاتەوە دۆزین. سیستەمەکە برێتییە لە چەند هێمایەک، کە گوزارشت لە شێوەی جووڵانەوەی زمان و قورگ و لێوەکان دەکات لە کاتی دەربڕینی دەنگەکانی زمان. سیستەمەکە جۆرێکە لە هێماکانی فۆنەتیک و لە بنچینەدا بۆ کەڕەکان دانرا تا لە ئاخاوتن بگەن.

١٩. ئەلفـوبێی رۆمی: جـۆرێکە لـە ئەلفـوبێـی تایبــەت بە دەنگ. "هـنری ســویت" (١٨٤٥– ١٩١٢) دای هێنا. ئەلفوبێی فۆنەتیکی جیـهـانی لەمـەوە وەرگیـراوە. بەپێی ئەم سیستـەمە هـەر دەنگێک هێمایەکی تایبـەتی هـەیە. هـەر هێمـایەکیش گوزارشت لە یەک دەنگ دەکات و پیتی گەورەشی تێدا نییە. دەنگە بزوێنەکـان دوو جـۆرن: کورت و درێژ. بزوێنـە کورتەکـان یەک هێـمـایان هـەیە. بۆ نموونە، وشـەی full بەپێی ئـەم سـیسـتـەمـە بە ful دەنووسـرێت، بەڵام وشـەی fool کە بزوێنەکەی درێژە، دوو هێمای بۆ بەکار دێت بەم شێوەیە: fuul

٢٠. "لیسـۆن گرۆڤ" دەکـەوێتـە رۆئاوای لەندەن. کارەکتـەری "ئـەلیزا دوولیـتڵ" لەم شانۆنامەیەدا، لەم گەڕەکە لەدایک بووە و پەروەردە بووە.

٢١. جۆرە پارەیەکی ئینگلیزییە.

٢٢. نازناوی بەگزادەیە لە هەندێ وڵاتی ئەوروپاییدا.

٢٣. گرینگە خـوێنەر ئاگـەداری ئەم دەربڕینە چەوتـەی وشـەی "بەکنام" بێت لەلایەن ئەلیــزاوە، چونکـە ئەوانی تر بـە شـێـوە راسـتــەقـینـەکـەی دەری دەبڕن، کـە "بەکینگهام"ە.

٢٤. ئەمە پەنـدێکی کوردییە و لە جیاتیی هـەمـان پەندی ئینگلیزی بەکارم هێناوە و نووسـیـار لێرەدا بەکـاری دێنێت. پەندەکـە بە ئینگلیـزی وشـەی "پـەنس" و "پاوەند" بەکار دێنێت. واتـە دەڵێت: ئاگەداری پەنس بە پاوەند ئاگـەداری خـۆی دەبێت.

٢٥. "دوولیتڵ" لێرەدا ناوی "هیگینز" بە "ئیگینز" دەردەبڕێت.

٢٦. نووسـیــار لە بەکـارهـێنانی دەسـتــەواژەی "هـەژاری نـاشـایسـتــە"، کـە بە ئینگلیزییەک "undeserving poor"ە، ئاماژە بۆ چینی هـەژار دەکات، کە بەهۆی هـەژاربـوونیــەوە هیـچ پلەوپایە و ســامــان و داهـاتێکی پێ رەوا نـابینن لـەلایەن چینی سـەرووی کۆمـەڵەوە. بە پێچـەوانەیشـەوە "کەسی شـایستـە" ئەو کەسـەیە، کە مـافی خۆیەتی هـەموو شـتێکی پێ رەوا ببیندرێت، چونکە لە چینی سـەرووی کۆمـەڵە.

٢٧. لێـرەدا مـن شـێـوەی دەربڕینـەکـەم نووسـیـوە، بـەڵام بە ئینگلیـزییــەکـەی بەم شێوەیەیە: Ahyee, bayee, cayee, dayee

٢٨. "چێلسی ئێمباکمێنت" شوێنێکە لەسەر کەناری باکوری رووباری "تایمز" لە ناوەڕاستی لەندەن.
٢٩. "مۆریس" و "بێرن جۆنس" دوو نیگارکێش و دیکۆرکێشی ئینگلیزی بوون.
٣٠. " گرۆسڤێنۆر گەلەری" گەلەرییەک بوو بۆ پێشاندانی بەرهەمی هونەرمەندان و لە ساڵی ١٨٧٧ دامەزرا.
٣١. ئاماژەیە بۆ هونەرمەندی ئینگلیزی "دانتی گابریل رۆزێتی" کە نیگارکێشێکی بەناوبانگ بوو، خاوەنی چەندان پۆرترەیتی بەناوبانگە.
٣٢. جۆرە کورسییەکی کۆنە. شێوازی دروستکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دارتاشی ئینگلیزی بەناوبانگ "تۆماس چیندەڵ"
٣٣. "ئینیگۆ جۆنز" دیکۆرکێشێکی بەناوبانگی ئینگلیزی بوو.
٣٤. مەبەست لەو کارەکەرەیە، کە ئەرکی تەنیا لە چوارچێوەی ژووری پێشوازیکردن و دەرگە کردنەوە بۆ میوانان و خزمەتکردنی ئەوان و ڕێکخستنی مێزی نانخواردن بوو لە ماڵە بەگزادە و چینی بۆرژواکان.
٣٥. کۆمەڵەی رۆیاڵ -Royal Society - ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٦٦٠ لە لەندەن دامەزرا. لەم کۆمەڵەیەدا گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتی گرینگ دەکرا و پاشان بوو بە ئەکادیمیای زانستی بەریتانیا.
٣٦. شەقامی "ویمپۆڵ" شەقامێکی بەناوبانگە لە لەندەن.
٣٧. "پیک" کورتکراوەی ناوی "پیکەرینگ"ە.
٣٨. خوێنەر هەروەها دەرهێنەر لەم دیمەنەی شانۆنامەکەدا دەبێ زۆر ورد بێت، چونکە هەریەک لە هیگینز و پیکەرینگ لە یەک کاتدا قسەکان بۆ هیگینز خانم دەکەن، بێ ئەوەی هیچ کامیان چاوەڕوانی ئەوەی تر بکات تا لە قسەکانی دەبێتەوە. قسەکانیان هێندە بە پەلە و لەسەر یەک دەکەن، کە هیگینز خانم وڕ و کاس دەکەن. نووسیار لە بنچینەدا ئاخاوتنی هەریەکێکیانی بەسەر یەکەوە نەنووسیوە، بەڵام لە نواندندا هەریەکە و بەسەر یەکەوە حیواری خۆی دەکات.
٣٩. زمانی "هۆتنتۆت"، ئەو زمانەیە، کە ئێستا لە خوارووی ئەفریقیا بە زمانی "کوی کوی" ناسراوە.
٤٠. ئاماژەیە بۆ "یۆهانس برامز" (١٨٣٣– ١٨٩٧) پیانۆژەن و ئاوازدانەرێکی مۆسیقیی بەناوبانگی ئەڵمانیایی بوو.

٤١. ئاماژەیە بۆ "فرانس لەیهار"، کە لە بواری ئۆپێرا و مۆسیقا بەناوبانگ بوو.

٤٢. "لیۆنێل مۆنکتۆن" (١٨٦١– ١٩٢٤) یەکێکە لە مۆسیقاژەن و ئاوازدانەرە بەناوبانگەکانی ئینگلیز.

٤٣. "ئێرل کۆرت" دەکەوێتە رۆئاوای لەندەن. لەم شوێنەدا چەندان نمایش و کۆنسێرت دێتە ئەنجامدان.

٤٤. "پاندۆر- Pandour" ئاماژەیە بۆ شاخنشینە دەموچاو تووکنەکانی هەنگارییەکان، کە بە دڕندەیی ناسرا بوون. دواتر چوونە ریزی سوپا و هەر بەو ناوە ناسران. "پاندۆر" لە بنچینەدا ناوی ئەو شارەیە، کە ئەمان لێیەوە هاتوون.

٤٥. "دیک"ی دەموچاو تووکن یەکێکە لە کارەکتەرەکانی ئەفسانەی "هامیلتۆن تای"، کە لەلایەن قەشەیەکی کڵێسای ئینگلیزی بەناوی "ریچار هاریس بارهام" لە ساڵی ١٨٣٠ نووسراوە. ئەم پیاوە شاعیر و رۆماننووس بوو. ژمارەیەکی زۆر ئەفسانەی بە شیعر هۆنیوەتەوە.

٤٦. وشەی "کۆکنی" ئاماژەیە بۆ خەڵکی گەڕەکی رۆهەڵاتی لەندەن، کە بە شێوازێک قسە دەکەن هەر بە شێوازی کۆکنی ناسراوە.

٤٧. لەبەرئەوەی شانۆنامەکە پەیامە سەرەکییەکەی خۆی لە رێگەی شێوازی بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزییەوە لەلایەن هەندێک لە کارەکتەرەکانیەوە دەگەیەنێت، بۆیە بەشێک لە تایبەتمەندێتییەکانی ئەو زمانەی لە خۆ گرتووە ئینجا لە باری فۆنەتیک بێت یاخۆ رێزمان، کە هەندێک لە کارەکتەرەکانی وەکو ئەلایزا و باوکی و باڵیۆز و ژنەکەی و هەندێکی تر بەکاری دێنن، کە لێرە و لەوێ بە شێوەی جیاجیا ئاماژەم پێ داون. دەشێت ئەم تایبەتمەندێتییە لە وەگێڕاندا دەرنەکەوێت. بۆیە بە پێویستی دەزانم لە پەراوێزەکاندا ئاماژەیان بۆ بکەم. هەریەک لە باڵیۆز و ژنەکەی دەستەواژەی How do you do? کە بە مانای "رۆژباش" یان خۆشحاڵم بە ناسینتان" دێت بە ئینگلیزییەکی خراپ دەردەبڕن، کە بەم شێوەیە: How d'ye do? کەچی ئەلیزا بە جوانی دەری دەبڕێت بەم شێوەیە: How do you do?.

٤٨. ئاماژەیە بۆ کچە ئەکتەری ئینگلیزی زۆر جوان "لیلی لانگتری" (١٨٥٣ – ١٩٢٩)، کە سەبارەت بە جوانییە بێ وێنەکەی، ژمایەکی زۆر دڵداری هەبوو.

زۆریان کەسانێکی ناودار بوون وەکو ئەدواردی حەوتەم، کە پاشای ئینگلیز بوو.

٤٩. ئەم قسەیەی خێزانی باڵیۆز جەختکردنە لەسەر جیاوازی لە شێوازی قسەکردنی "خاتوو دوولیتڵ" لەگەڵ خێزانی باڵیۆز خۆی وەک لە پەراوێزی ژمارە ٤٧ ئاماژەمان بۆ کرد.

٥٠. ماگیاری گرووپێکی ئەتنیکی بوون. بەپێی ئینساکلۆپیدیای "ویکیپێدیا" هەنگارییەکان بە رەچەڵەک دەگەڕێنەوە سەر ئەم گرووپە ئەتنیکییە.

٥١. لە ئینگلیزییەکە وشەی Morganatic بەکار هاتووە. ئەم وشەیە بەمانای کەسێک دێت، کە لە باوکێکی سەر بەچینی سەرووی کۆمەڵ و دایکێکی سەر بەچینی هەژار و خوارووی کۆمەڵەوە بێت. لە ئەنجامدا، نە ژنە بنەچە نزمەکە نازناوی مێردەکەی وەردەگرێت و نە ئەو وەچەیەی لەم هاوسەرکارییە دەبێتەوە پلە بەرزە کۆمەڵایەتییەکە وەردەگرێت.

٥٢. چاکەتێکی تایبەتییە، مرۆڤ لە کاتی جگەرەکێشاندا دەیکاتە بەری بۆ ئەوەی جلەکانی بۆنی دووکەڵەکە نەگرن.

٥٣. ئۆپێرای"لافانشۆلا دۆ" لەلایەن"جیاکۆمۆ پۆچینی" لەسەر شانۆنامەیەکی شانۆنووسی ئەمەریکایی "داڤید بێلاسکۆ" بنیات نراوە.

٥٤. نووسیار وشەی purgatory بەکار دێنێت، کە بەپێی ئاینی کاسۆلیکی، ئاماژەیە بۆ شوێنێک لە نێوان دۆزەخ و بەهەشتدا، گیانی مردووی تێدا پاک دەکرێتەوە لە گوناه پێش ئەوەی بچێت بۆ بەهەشت.

٥٥. شوێنێکە لە خوارووی رۆئاوای لەندەن.

٥٦. دیارە "ویمپۆڵ ستریت" ئەو شوێنەیە، کە تاقیگەکەی "هیگینز"ی تێدایە وەک لە بەشی دووەمی شانۆنامەکە روون کراوەتەوە.

٥٧. لێرەدا دوولیتڵ ناوی "هینری هیگینز" بە "ئنری ئیگنز" دەردەبڕێت.

٥٨. وشەی "هەژارخانە"م لە بەرامبەر وشەی workhouseی ئینگلیزی بەکار هێناوە. دیارە ئەمەیش بەپێی فەرهەنگەکانی زمانی ئینگلیزی ئەو شوێنە بوو، کە جاران خەڵکی هەژاریان تێدا دەحەواندەوە و خۆراکیان پێ دەدان لە بەرامبەر کارکردندا، چونکە ئەو خەڵکە هێشتا توانای کارکردنیان مابوو، بەڵام کاریان دەست نەدەکەوت. ئەگەر بەتەمەنیش بان، دەخرانە تەمبەڵخانە.

٥٩. بەپێی یاسـای ئینگلیـزی بۆ پۆلێنکردنی هـەژاران، وەکـو لە مـاڵپـەڕی http:// www. elizabethan-era. org.uk/ the-poor-law.htm دا هاتووە، هـەر لە کۆنەوە، هـەژارەکـان بەسـەر سێ جـۆردا دابـەش دەکران: ١. هـەژارە شـایسـتـەکـان The Deserving Poor کـە ئـەو هـەژارانـە بـوون بەهـۆی نـەخـۆشـیـیـەوە یا تەمـەنی گـەورەیـان توانـای کـارکـردنیـان نـەبوو، بۆیـە بڕێک پـارەیان پێ دەدرا وەکـو یارمەتی.

٢. هـەژارە ناشـایسـتـەکـان The Undeserving Poor واتە ئەو هـەژارانەی، کـە بەهـۆی پەنـابردنیـان بۆ سـواڵکردن، سـزای قـورسـیـان بەسـەردا جێـبـەجێ دەکرا.

٣. هەژارە شایستە بێکارەکان The Deserving Unemployed واتە ئەوانەی، کە توانای کارکردنیـان هەیە، بەڵام کاریان دەست ناکـەوێت. بۆیە بەتەمەنـەکان دەخـرانە هەژارخـانەکـانەوە و گـەنجـەکـانیش بۆ راهێنان و فـێـرکـردن دەنێردران بۆ کارگە و شوێنەکانی کارکردن.

٦٠. "بێرناردشۆ" لێرەدا وشەی Skilly دەخاتە پاڵ هەژارخانە و وشەی -Char By- dis دەخاتە پاڵ چینی ناوەڕاست. هەردوو وشەکەش بەپێی ئینساکلۆپیدیای "وێکیپێدیا"، بە مانای "دەعبا" دێن. سەرچاوەی ئەم دوو وشەیە بریتین لە -Scyl- la هەروەها Charybdis. بەپێی میتۆلۆجیای گریکی، ئەمانە دوو دەعبای ناو دەریا بوون. هی یەکـەم، Scylla ئەو دەریاوانانەی دەخـوارد، کـە بەلایدا تێ دەپەڕین، بەڵام هی دووەم، Charybdis ئاوی دەریای هەڵدەلووشی تا گێژاوێکی خـەتەرناکی دروست دەکرد. ئەم دوو دەعبـایە بە رادەیەک لە یەکـتـرەوە نزیک بوون، کـە دەریاوانـەکـان هیچ رێگەچارەیەکیـان نەبوو جگە لـەوەی، کـە ئەم یا ئەوی تریان هەڵبژێرن. دیارە ئەمـەیش مـەرگێکی مـسـۆگـەر بوو. بـەکارهێنانی ئەم دەستـەواژەیە ئاماژەیە بۆ دۆخێکی ناخۆش، کە مرۆڤ خۆی لە بەردەم دوو ئەلتـەرناتیـڤی ترسناکدا دەدۆزێتـەوە و خـۆی لە هـەریەکێکیـان رزگـار بکات لە ئەوەی تر نزیک دەبێتەوە. "دوولیـتڵ" بەم قسـەیە ئاماژە بـەوە دەکات، کە مرۆڤ ناتوانێت لە کۆمەڵگە بەدەر بێت. پێویستە لە نێوان چینی کرێکار و ڕەشوڕووت و چینی ناوەڕاست یەکـێکیـان هـەڵبـژێرێت. دیارە من بەپێی لێکدانەوەکـەی "دوولیتڵ" بۆ دۆخەکە، ئەو پەندە کوردییەم بەکار هێناوە.

٦١. لێرەدا "هیگینز" بە وشەی thing واتە "شت" ئاماژە بە "ئەلایزا" دەکات. دەشێ بۆ ئەوە بێت تا پێشانی بدات، کە "ئەلایزا" وەکو کەرەسەیەکی خاو وابوو.

٦٢. لە بنچینەدا، "ئەلایزا" مەبەستی گوێ پێنەدان و حیساب بۆ نەکردنی ئەوە، بەلام وشەکە لە ئینگلیزییەکە بە مانای تێپەڕینی ئۆتۆمۆبێل یا پاسێکیش دێت بەلای یەکێک و خۆ لێ بواردنی یا خۆ لێ لادانی. دیارە "بێرناردشۆ" بە مانای دووەم وەری دەگرێت، چونکە لە حیوارەکەی دواتر بە روونی دەردەکەوێت.

٦٣. لێرەدا هیگینز رستەی "فرۆشتنی گوڵەوەنەوشە" بە ئینگلیزییەکی خراپ دەردەبڕێت وەک ئاماژەیەک بە شێوازی "کۆڤێنت گاردن"، کە شێوازی "ئەلایزا"یە. رستەکە لە ئینگلیزییەکەدا بەم شێوەیەیە: " s'yolling voylets" لە کاتێکدا راستییەکەی بەم شێوەیەیە: "selling violets". دەرهێنەری کورد دەتوانێت هەر شێوازێک بەکار بێنێت بۆ ئەوەی ئەکتەر لەسەر تەختەی شانۆ بە شێوەیەکی بازاڕیی لەنگ رستەکە دەرببڕێت ئەگەر هەر بە ئینگلیزییەکە دەری نەبڕێت.

٦٤. "ئەلایزا" بەشی کۆتاییی رستەکە بە نادرێکی دەردەبڕێت. بۆیە "هیگینز" دواتر بۆی راست دەکاتەوە. لەبەرئەوەیە منیش بە کوردییەکی نادرێک نووسیومە.

٦٥. مەبەست دەرنەبڕینی دەنگی {هـ} ە لە ناوی "هنری هیگینز"

٦٦. جۆرە پەنیرێکی ئینگلیزیی بەناوبانگە و ناوەکەیشی بەناوی ئەو شوێنەیە، کە لێی دروست دەکرێت.

٦٧. جۆرێکە لە پەنیری ئینگلیزی. نەختێک نەرمە و هەر بەناوی ئەو شوێنەیە، کە لێی دروست دەکرێت.

٦٨. نێڵ گوین Nell Gwynne (١٦٥٠– ١٦٨٧) دوای گەڕانەوەی رژێمی پاشایەتی بۆ ئینگلتەرە لە ساڵی ١٦٦٠. کە بە پاشایەتیی چارلسی دووەم دەستی پێ کرد، یەکەم ژنە ئەکتەری ئینگلیزی بوو لە شانۆی ئەوسادا. پێشتر رۆڵی ئافرەت لەلایەن پیاوەوە دەبینرا. بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ خانمی "چارلسی دووەم" پاشای ئینگلیزەکان بوو. دوو منداڵی لێ هەبوو. "گوین" خاوەنی روویێکی جوان و دەنگێکی بەهێز بوو. لە چەندان شانۆگەریی بەناوبانگی ئەو کاتە رۆڵی بینیوە بە تایبەتی شانۆگەرییە کۆمیدیاییەکان.

٦٩. ئەو پەندە کوردییەم لە جێگەی ئەو پەندە ئینگلیزییە بەکار هێناوە، کە دەڵێت:

Biting off more than they can chew واتە زیاتر قەپ لێ دەدەن لەوەی بیجاون. پەندەکە کینایەیە لە خۆتووشکردن بە سەرئێشە.

٧٠. "ویلیام بووث" (١٨٢٩– ١٩١٢) قەشە و مێتۆدیستێکی ئینگلیزی بوو، کە لەشکری رزگاری Salvation Army دامەزراند و خۆیشی تێدا بوو بە جەنەراڵ. ئەم رێکخراوە بۆ بڵاوکردنەوەی ئاین و یارمەتیدانی هەژاران بوو.

٧١. "گیپسی سمیث" (١٨٦٠– ١٩٤٧) کابرایەکی قەرەج بوو. لە ژیانیدا نەچووەتە قوتابخانە، بەڵام کاریگەریی بەسەر ملیۆنان کەس هەبووە لە رێگەی وتارە بەهێزەکانیەوە. "گیپسی" لەگەڵ "ویلیام بووث"(سەیری پەراوێزی پێشوو بکە) لە رێکخراوی "لەشکری رزگاری" پێکەوە کاریان کردووە.

٧٢. مەبەست لە "جۆن گالسوێرسی (١٨٦٧– ١٩٣٣)"یە John Galsworthy، کە رۆماننووس و شانۆنووسێکی ئینگلیزی بەناوبانگ بوو. لە ساڵی ١٩٣٢ خەڵاتی نۆبڵی پێ بەخشرا.

٧٣. "پۆرسۆن" تایپچنێکی بەناوبانگ بوو لە تایپکردن بە ئەلفوبێی گریکی و چاپخانەکانی "کامبێرج" پشتیان پێ بەستووە. "بێنتلی" خاوەن گەورەترین کارگەی ئۆتۆمۆبێل بوو لە بەریتانیا.

٧٤. "بەڵبوس" فەرماندەیەکی کۆنی رۆمانی بوو، شانۆی "بەڵبوس"ی دروست کرد.

٧٥. "گەول" لە سەردەمی کۆندا، ئاماژە بوو بۆ رۆئاوای ئەوروپا، کە بە گشتی لە دوو بەش پێک هاتبوو و ئەمرۆ فرەنسا و باکوری ئیتاڵیا و بەلجیکا و هەندێک ناوچەی تر دەگرێتەوە.

٧٦. "کیو گاردن" ئەو باخچانەن، کە دەکەونە خوارووی رۆئاوای لەندەن و رووبەرەکەی ١٢١ هیکتارە و نزیکەی ٧٠٠ کارمەندی هەیە. لە ساڵی ١٧٥٩ دروست کراوە و تا ئێستاش لەسەر ئاستی دنیا مەڵبەندێکی دەوڵەمەندە بۆ لێکۆڵینەوە لە رووەک و گوڵە جۆرەوجۆرەکان.